# جەڵتە لە پارێزگاری سلێمانی دەدات



**ڕووداو-سلێمانی**

دانا ئەحمەد مەجید، جەڵتەی دڵ لێیداوەو بەمەبەستی چارەسەركردن گەیێنرایە ئوردن. كاوە عەبدوڵڵا، سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەفتەی ڕابردوو، كاك دانا ڕەوشی تەندروستی زۆر خراپ بوو، بۆیە سەردانی ئوردنی كرد بە مەبەستی چارەسەری". بەپێی گوتەی كاوە عەبدوڵڵا، پارێزگاری سلێمانی دوای نەخۆش كەوتنی 24 كاژێر لە نەخۆشخانە لەسلێمانی مایەوە پێش ئەوەی بچێتە ئوردن، هەروەها گوتی "پێشتریش 3 باڵۆن و 2شەبەكەی بۆ دانراوەو دكتۆر ئامۆژگاری كردبوو مانگێك پشوو بدات". كاوە عەبدوڵڵا گوتیشی "كاك دانا دووچاری ڤایرۆسێك بووە، پەیوەندی بە لێدانی دڵەوە هەیە، جەڵتەیەك لێیداوە، بەڵام جەڵتەكە سووك بووەو ئێستاش باری تەندروستی باشە".

# ژنانی كوردستان پێشوازییەكی گەرم لە نمایشی مۆدە دەكەن



**ڕووداو-هەولێر**

لە ماوەی دووهەفتەدا، دوو نمایشی مۆدە لە هەولێر سازدەكرێن.ئێوارەی 2009/5/14 لە شارۆچكەی عەنكاوەی سەربە هەولێر نمایشێكی جلوبەرگی ژنان بەڕێوەچوو كە جیاواز لەو 2 نمایشەی لە كۆتایی مانگی ڕابردوو لە هەولێرسازكران، ژمارەیەكی زۆری ژنان تێیدا ئامادەبوون. لویزە دەرمۆ كە ژنێكی لوبنانی-ئەمەریكییە و ڕێكخەری نمایشەكە بوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند پێشبینی ئەوەی دەكرد ئەو خەڵكە زۆرە ئامادە بن "چونكە خەڵكی كوردستان حەزییان لە شتی تازە ونوێیە".

13 »

# یەكگرتوو سیاسەتێكی كراوەی نییە



**تایبەت بە ڕووداو**

د. دەیڤد ڕۆمانۆ، كە یاریدەدەری پرۆفیسۆرە لە بواری لێكۆڵینەوە نێودەوڵەتییەكان لە زانكۆی ڕۆدز لە ئەمریكا، شارەزای كێشەی كوردەو لێكۆڵینەوەیەكی لەبارەی حیزبە ئیسلامییەكانی كوردستانەوە هەیە، سەبارەت بە یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان دەڵێ سەكردەكانی یەكگرتوو خەڵكێكی زۆرباشن بەڵام "سیاسەتەكانیان كراوەو لیبرال نییە". سەبارەت بە تێڕوانینیشی بۆ هەڵبژاردنەكانی كوردستان گوتی "سیستەمی لیستی داخراو، بەردەوام ڕەخنەی توندی لێدەگیرێت"، گوتیشی بە یەك لیست دابەزینی پارتی و یەكێتی بواری هەڵبژاردن و دەستنیشانكردن كەمدەكاتەوە "بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنەكە بە ڕێكوپێكی بەڕێوەچوو و ئەنجامەكەشی ڕێزی لێگیرا، ئەوە هێمایەكی دیكە دەبێت بۆ سەركەوتوویی خۆ بەڕێوەبردنی كورد".

6 »


ژمارە (56)
دووشەممە 2009/5/18
28ی گوڵان 2709
(750) دینار
www.rudaw.net
Rûdaw
ڕووداو


# دوایین هەوڵی كۆسرەت ڕەسول بۆ گەڕاندنەوەی نەوشیروان مستەفا بە بنبەست گەیشت

## كۆسرەت ڕەسول:

# ئەگەر گەندەڵی لەناو یەكێتی هەبێت نەوشیروانیش لێی بەرپرسە

**تایبەت بە ڕووداو**

بەپێی چەند سەرچاوەیەك، دوایین هەوڵی كۆسرەت ڕەسول بە گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، بەهۆی ناڕازیبوونی كۆسرەت ڕەسول گەیشتە بنبەست، لەلایەكی دیكەشەوە پێشنیازەكانی بۆ لاچوونی ئەندامەكانی سەرووی 50 ساڵی لە سەركردایەتی یەكێتی قبوڵنەكران، بەڵام مام جەلال بەڵێنیداوە چاكسازییە داواكراوەكانی دیكەی جێبەجێبكات.

سەرچاوەیەكی ئاگادار لە لێدوانێكدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەفتەی ڕابردوو كۆسرەت ڕەسوڵ، دەستپێشخەرییەكی دیكەی كرد بۆ ئاشتكردنەوەی نەوشیروان مستەفا و گەڕانەوەی بۆ ناو یەكێتی نیشتمانی كوردستان و ئەنجامدانی چاكسازی لەنێوخۆی یەكێتی دا، چونكە كۆسرەت ڕەسول ئێستاش پێیوایە پێویستە نەوشیروان مستەفا لەنێوخۆی یەكێتی دا كار بۆ چاكسازیكردنی یەكێتی و دەسەڵات بكات، بەپێی لێدوانی ئەو سەرچاوەیە " كاك كۆسرەت لەڕێگەی چەند كەسێكەوە لەو هەوڵدانەدابوو، بەڵام نەوشیروان مستەفا ئامادەنەبوو بگەڕێتەوە، بۆیەش ئەو دوایین هەوڵەی كاك كۆسرەت گەیشتە بنبەست".

لەلایەكی دیكەوە كۆسرەت ڕەسول، لە هەڤپەیڤینێكدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی چاپی لەندەن دا، سەبارەت بە نەوشیروان مستەفا دەڵێ " دەستی لە یەكێتی نەكێشاوەتەوەو پەیوەندیش لەگەڵی بەردەوامە، بەڵام هیچ ئەنجامێكی نەبووە"، سەبارەت بە لیست دروستكردنەكەیشی دەڵێ ". نەوشیروان وەك ئەندامێكی یەكێتی مافی ئەوەی نییە بە لیستێكی سەربەخۆ خۆی بپاڵێوێت، بەڵام تا ئێستا یەكێتی هیچ ڕێوشوێنێكی دژی نەگرتووەتەبەر". لەلایەكی دیكەوە سەبارەت بە ڕەخنەكانی نەوشیروانیش دەربارەی گەندەڵی لەناو یەكێتی و دەسەڵاتی كوردستان دا، كۆسرەت ڕەسول دەڵێ " نەوشیروان سەركردەیەكی گرنگ بوو لەناو یەكێتی وهەندێك جار ئەو كەسی یەكەم بوو و لەدامەزرێنەرەكانی یەكێتیشە، ئەگەر گەندەڵی هەبێت ئەوە نەوشیروان بەپێی پۆست و بەرپرسیارێتییەكەی، بەشێكی بەرپرسیارێتی ئەو گەندەڵییەی دەكەوێتە ئەستۆ".



كۆسرەت ڕەسول لەو بڕوایەدایە لیستی گۆڕانی نەوشیروان مستەفا، نەبووەتە مەترسییەكی ڕاستەقینە بۆ لیستی كوردستانیی پارتی و یەكێتی. بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەك بۆ (ڕووداو)، كۆسرەت ڕەسول بەشداریی لە هەڵمەتی ڕاگەیاندنی لیستی كوردستانیدا دەكات " هێرشناكاتە سەر هیچ لیستێك، بەڵام هانی جەماوەری یەكێتی و خەڵك دەدات بەگشتیی دەنگ بدەنە لیستی كوردستانی، بەبێ ئەوەی هێرشبكاتە سەر هیچ لیستێك"، ئەوەش لەكاتێكدایە كە لە میدیای كوردی وابڵاوكرابووەوە كە بەشداری لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا ناكات.

### مام جەلال تا دووساڵی دیكە و سەركردە 50 ساڵییەكانیش لەدوای كۆنگرە نامێنن

سەرچاوەیەكی ئاگادار، لە لێدوانێكدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند، كۆسرەت ڕەسوڵ لە چوارچێوەی هەوڵەكانیدا بۆ ڕێكخستنەوەو نوێكردنەوەی یەكێتی پێشنیازی بۆ مام جەلال كردووە، كە لە كۆنگرەی سێیەمی یەكێتی دا، هەر ئەندامێكی سەركردایەتی و مەكتەبی سیاسی تەمەنی لەسەرووی 50 ساڵەوە بێت، جگە لەد.بەرهەم و عیماد ئەحمەد لابچن بە خۆیشیەوە، كادیری گەنجیش بێنە شوێنیان. سەبارەت بە سكرتێری گشتیی یەكێتیش مەرجی تەمەنی دانەناوە، بەڵام پێشنیازی كردووە مام جەلال تەنیا تا دوو ساڵی دیكە لەو پۆستەدا بمێنێتەوە، دواتر د.بەرهەم ساڵح یاخود نەوشیروان مستەفا بكرێتە سكرتێری گشتیی یەكێتی. بەڵام مام جەلال، ئەو پێشنیازانەی ڕەتكردووەتەوە.بەڵام لە بەرامبەردا، مام جەلال بەڵێنی پێداوە كاربكات بۆ جێبەجێكردنی ئەو چاكسازیانەی پێشتر لە 11خاڵدا كۆسرەت ڕەسول لە بەغدا، وەك یاداشتێك پێشكێشی كردبوون.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكێتی، لەلێدوانێكدا بۆ (ڕووداو) مانەوەی تاڵەبانی و كۆسرەت ڕەسوڵ بۆ یەكێتی بەپێویست دەزانێت و دەڵێ "بەدڵنیاییەوە بۆ ئەم قۆناخەی یەكێتی مام جەلال و كاك كۆسرەت پێویستن، بەتایبەت لەم قۆناخەدا كە تابلۆی سیاسی هێشتا لە جووڵەدایەو هەرێمی كوردستان هێشتا لەخەم دەرنەچووە". هەروەها گوتیشی" ئەو پێشنیازە لە ڕەوشێكی ئاساییدا دەبێت، بەڵام ئەمڕۆ ڕەوشێكی نائاساییە، بەڵام كاك كۆسرەت هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە لە سەركردایەتی یەكێتی كچ و كوڕی گەنج چانسی ئەوەیان بدرێتێ بێنە پێشەوە، چونكە نابێت تاوەكو قیامەت گەنج چاوەڕێبێت" .سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتیشی بەگشتی ئەو بابەتانە هەروا مەسەلەی ئاسان نین و هێشتا ماوەو و دەكەونە پاش هەڵبژاردن.

### كۆسرەت ڕەسول پشكی خۆی دەبێت

لەلایەكی دیكەوە سەرچاوەیەكی ئاگادار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند كۆسرەت ڕەسول بەشی خۆی دەبێت لەبەشی یەكێتی بۆدانانی ئەندامانی لیستی كوردستانی، واتە ژمارەیەك لە پاڵێوراوانی لیستی كوردستانی لەلایەن ئەوەوە دەستنیشاندەكرێن.

3 »

## ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی یەكگرتوو:

# ئەمینداری یەكگرتوو پێی باش بوو بە لیستێكی سەربەخۆ دابەزین

**تایبەت بەڕووداو**

مەولود باوە مراد، ئەندامی مەكتەبی سیاسی ڕایگەیاند كە پێی باشبووە چوار حیزبەكە لەگەڵ پارتی و یەكێتی بە یەك لیست دابەزن، گوتیشی ئەمینداری گشتی یەكگرتووی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدابوو یەكگرتوو بەلیستێكی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بكات، نەك لەچوارچێوەی لیستی چوار حیزبەكەدا.

مەولود باوە موراد، كە ناوی خۆی لە لیستی كاندیدكراوانی لیستی چوار حیزبەكەدا بۆ پەرلەمانی كوردستان كێشاوەتەوە، لە هەڤپەیڤینێكدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی "پێم باشبوو هەر چوار حیزبەكە ببنە هاوپەیمانی لیستی پارتی و یەكێتی، لەسەر بنەمای هەندێك بنەمای نیشتمانی بۆ پاراستنی كوردستان و چاكسازی نێوخۆیی". سەبارەت بە بۆچوونی ئەمینداری گشتی یەكگرتووش كە پێی باشبووە یەكگرتوو بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بكات، مەولود باوە موراد گوتی"مامۆستا سەلاحەددین بۆیە حەزی دەكرد یەكگرتوو بە یەك لیست دابەزێ، چونكە هەندێك گرفت بۆ زەحمەتكێشان دروستبوو، ئەو ترسی هەبوو هەمان گرفت بۆ حیزبەكانی دیكەش دروستببێ، بۆیە پێی باشبوو بە لیستێكی سەربەخۆ دابەزین".



محەممەدی حاجی مەحمود سكرتێری حیزبی سۆسیالیست، لە لێدوانێكی پێشووتری بۆ (ڕووداو) پێشبینی كردبوو، كە لیستی چوار حیزبەكە 35-40 كورسی بێنێ، بەڵام مەولود باوە موراد پێشبینی دەكات لیستەكەیان تەنیا 25 كورسی بێنێ "پێموایە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە لە دۆخێكی ئازاد و ئارامدا بەڕێوە بچێت ڕەنگە ئەو چوار حیزبە 25 كورسی بێنن". هەروەها سەبارەت بە پێشبینییەكەی بۆ ئەنجامەكانی لیستی هاوبەشی پارتی و یەكێتی گوتی " هەمان ژمارەی پێشوو ناهێنن، بەڵام زۆر كەمیش ناكات"، كە بە ئاسانی دەتوانن حكومەت دروستبكەن.

7 »

## كۆمسیۆن داوای سولفە لە حكومەتی كوردستان دەكات

# بەغدا پارەی هەڵبژاردنەكانی كوردستان نادات

**ڕووداو-بەغدا**

دوای ماوەیەكی زۆر چاوەڕوانی و بێ ئومێد بوون لە نووری مالیكی، فەرج حەیدەری سەرۆكی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عێراق گوتی "نامەیەكم بۆ سەرۆكی حكومەتی كوردستان نووسی و داوام لێكرد سولفەیەكمان بداتێ و ئەویش مەبدەئییەن ڕەزامەندی داوە". كۆمسیۆنی باڵا دەڵێ 37 ملیۆن دۆلاری پێویستە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی كوردستان.

فەرەج حەیدەری، سەرۆكی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراق لە لێدوانێكدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند "سەرۆك وەزیرانی عێراقی ڕەزامەندی نواند لەسەر تەرخانكردنی پارە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكانی كوردستان و نووسراوی بۆ وەزارەتی دارایی عێراق كردبوو، بەڵام ڕاوێژكارانی دارایی گشتی لە ئەنجوومەنی وەزیران و ڕاوێژكارانی دارایی لە وەزارەتی دارایی گوتوویانە ئەو پارەیە دەبێ لە 17%ی پشكی هەرێمی كوردستان خەرجبكرێ".

فەرەج حەیدەری، ڕاشیگەیاند جارێكی دیكە نامەی بۆ نووری مالیكی ناردووەو پێیگوتووە ئەوان پەیوەندییان بەوەوە نییە پارەكە لەپشكی كورد یان حكومەتی بەغدا خەرجدەكرێ"پەیوەندی ئێمە لەگەڵ حكومەتی ناوەندی و پەرلەمانی عێراقدایە، پاشان سەرۆكی پەرلەمانی عێراقم ئاگادار كردەوە و ئەویش بە نووری مالیكی ڕاگەیاندبوو، مالیكی پێش هەفتەیەك كە لە بەریتانیا بوو گوتبووی پارەكە دەنێرم، بەڵام تاوەكو ئێستا پارەكە نەگەیشتووە".

فازڵ نەبی، بریكاری وەزیری دارایی عێراق لە لێدوانێكدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیكردەوە مالیكی داوای لەوەزارەتی دارایی عێراق كردبێت پارە بۆ هەڵبژاردنەكانی كوردستان تەرخان بكات "تاوەكو ئێستا هیچ نووسراوێكمان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ نەهاتووە بۆ خەرجكردنی پارە بۆ هەڵبژاردنەكانی كوردستان".

كۆمسیۆنی باڵا دەڵێ ئەگەر بەزوویی پارەی بۆ پەیدا نەبێت، ناچارە وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆكی هەرێمی كوردستان، كە بڕیاردراوە ڕۆژی 2009/7/25 ئەنجامبدرێ، دوابخات.

## سەفیە سوهێل، ئەندامی پەرلەمانی عێراق:

# مالیكی ئێسكی كورد ناشكێنێ

**تایبەت بە ڕووداو**

سەفیە سوهێل، ئەندامی پەرلەمانی عێراق بەدووری زانی مالیكی پشت لە كورد بكات و ئێسكی كورد بشكێنێ "چونكە دەزانێ شكاندنی كورد واتە شكاندنی خۆی".

ناوبراو لە هەڤپەیڤینێكدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕەخنەی لە كاری هەندێك لە پەرلەمانتارانی كورد گرت لە بەغدا و گوتی "وەك فەرمانبەر مامەڵە دەكەن نەك وەك خاوەن مەسەلەیەك"، گوتیشی ئەوانە گۆشەگیرن و ناتوانن پەیوەندی دروستبكەن، لەمبارەیەوە پێشنیاز دەكات بۆ سەركردایەتی كورد"بەگشتی پێموایە لەمەسەلەی نوێنەرایەتی كورددا لەبەغدا دەبێ چاوپێداخشاندنەوەیەك هەبێ". هەروەها داواشیكرد ئەو كێشەیەی هەموو عێراقی گرتووەتەوە، كورد دەستی بەچارەسەركردنی بكات و گوتیشی "دەبێ سەركردایەتی كورد لای خۆیەوە وازلەو تێڕوانینە بێنێ، كە پێیوایە فەڕاشێكی حیزبی باشترە لە بەڕێوەبەرێكی بەتوانای ناحیزبی".

نووری مالیكی، سەرۆك وەزیرانی عێراق لەنوێترین هەڤپەیڤینیدا كە لەگەڵ كەناڵی (الحره)دا ئەنجامیداوە، ڕایگەیاند لەپێناو پێشخستنی سیستەمی حوكم لەعێراق، پێویستە بنەمای تەوافوق وەلابنرێ و زۆرینە حوكم بكات.عەرەبە سووننەكان و كورد هەستدەكەن ئەوە دژی ئەوانە و، پێچەوانەی دەستووری عێراقە كە دەڵێ سیستەمی حوكمی عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق پێكهاتووەو بەڕێوە دەچێت.



سەفیە سوهێل لەبارەی هەڵوێستی مالیكی سەبارەت بە هەرێمی كوردستان، كە ماوەی دوو ساڵە چەند كێشەیەك لە نێوان هەردوولادا هەن و لایەنی كوردی بە هەڵواسراوی هێشتنەوەیان دەخاتە ئەستۆی مالیكی، سەفیە سوهێل، كە ئەندامێكی سەربەخۆی پەرلەمانی عێراق و چالاكڤانێكی دیاری بواری مافە مەدەنی و مرۆییەكانە، دەڵێ مالیكی هەستدەكات پەیوەندییەكی ستراتیژی لەگەڵ كورد هەیەو گوتیشی " "ڕەنگە بەشێوەیەكی نامەقبول هەندێ ڕەفتاری كردبێ،بەڵام وەختێك مەسەلەكان دەگەنە جددیەت، مالیكی لەو جۆرە كەسانە نییە ئێسكی كورد بشكێنێ، چونكە دەزانێ شكاندنی كورد واتە شكاندنی خۆی".

4 »

## راپۆرتە هەواڵ

### بەرامبەر رۆکسانا 4 گیراوەکەی ئێران لە هەولێر ئازاد دەکرێن



رووداو-ئەڵمانیا

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی Debka fileی ئیسرائیلی، بەرپرسانی ئەمریکا و ئێرانی دڵنیان لەوەی کە بەزووترین کات ئەو چوار دیپلۆماتکارە ئێرانییە ئێران ئازاد دەکرێن، کە ئەمریکا بەتۆمەتی کاری سیخوری،دوو ساڵ لەمەوبەر لە نوێنەرایەتی ئێران لە هەولێر دەستگیریکردن. ماڵپەڕەکە لە درێژەی هەواڵەکەیدا دەڵێ ئازادکردنی رۆکسانا سابیری رۆژنامەنووسی ئەمریکی کە باوکی ئێرانییە، لە چوارچێوەی ئەو رێککەوتندایە کە لەنێوان کاربەدەستانی ئەمریکا و ئێراندا کراوە، کە رۆکسانا بەرامبەر ئەو چوار ئێرانییە ئازاد بکات.

### جێگری لە کار لادراوی دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق:

# سەرۆکی پێشووی دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق گوێبڕی بەعس بوو

**رووداو- هەولێر**

جێگری پێشووی سەرۆکی دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق بێبەشبوونی زیندانیانی سیاسی کوردستان لەو ماف و ئیمتیازانەی بۆ زیندانیانی سیاسی عێراق دیاریکراوە، دەخاتە ئەستۆی د.بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و، سەرۆکی لەکار لادراوی دامەزراوەکەش کە لەلایەن پارتییەوە دانرابوو "بەگوێبڕی سەردەمی بەعس" ناودەبات و، دەڵێت "ئەوەی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان ئێستا دەیکاتە دەستکەوتی خۆی، بەرهەمی کارەکانی ئێمە بووە لەبەغدا".

عەبدولئیلا محەممەد عەبدوللەتیف، کە مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو لەگەڵ سەرۆک و 12 ئەندامی ئەنجوومەنی چاودێری دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق بەبڕیارێکی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران لەکارەکەیان دوورخرانەوەوئەنجوومەنێکی نوێ خرایە جێگەیان، ئەو بڕیارە بە "ناعادیلانە" ناودەبات و، دەڵێت "لە دادگا سکاڵامان لەسەر د.نوری مالیکی تۆمارکردووەو دەبێ مالیکی پارێزەری خۆی بنێرێتە دادگا، چونکە ئەو مافەی نییە بڕیاری لەوجۆرە لەسەر ئێمە بدات".

هەرچەندە نەجمەدین حەمەسەعید کارگێڕی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان لەهەڤپەیڤینێکی پێشتریدا لەگەڵ (رووداو) هۆکاری لابردنی ئەو ستافەی پێشوو بۆ تێوەگلانیان لەمەسەلەی گەندەڵی دەگێڕێتەوە، بەڵام عەبدولیلا محەممەد دەڵێت "ئەوە بێ ئینسافییە بەرامبەر ئێمە دەکرێت"، گوتیشی "مالیکی بەبێ ئەوەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبێنێ، لەخۆیەوەو بێ هیچ هۆیەک ئەنجوومەنەکەی هەڵوەشاندەوە، لەکاتێکدا هەموومان فەرمانبەری پلە تایبەت بووین وەک وەزیرو بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی".

دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق کە راستەوخۆ سەر بەئەنجوومەنی وەزیرانە، بەپێی یاسای دامەزراوەکە، سەرۆکەکەی لەپلەی وەزیردایەو بودجەی ساڵانەی دامەزراوەکەش کە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیندانیانی سیاسی لەسەرانسەری عێراق تەرخانکراوە، 150 ملیار دینارە. لەگەڵ ئەوەی زیندانیانی سیاسی لەعێراق، لەمانگی شوباتی 2008وە لەزۆر لەو ئیمتیازانە سوودمەندبوون کە بۆ زیندانیان بڕیاردراوە، وەک مووچەیەکی 500 هەزار دیناری و پارچە زەوی و پێشینەی خانووبەرەو ئیمتیازی دیکە، بەڵام تائێستا یەک زیندانی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بەو مافانە نەگەیشتووەو لەنێوان ئەو مشتومڕەدا گیریان خواردووە کە ئاخۆ بەشی ئەوان لەبودجەی 17%ی کوردستانە یان لەبودجەی سیادی.

نەجمەدین حەمەسەعید، کارگێڕی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان بەشێکی بەرپرسیارێتی ئەو کێشەیە دەخاتە ئەستۆی سەرۆک و جێگری سەرۆکی پێشووی دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکان لەعێراق کە هەردووکیان کورد بوون، لەوبارەوە دەڵێت "کێشەکە سەلاح سلیڤانی سەرۆکی پێشووی دامەزراوەکە و عەبدولیللای جێگری دروستیانکرد کە هەردووکیان کورد بوون، کۆمکاری زیندانیانی سیاسی کوردستان بەهیچ شێوەیەک ئاگادار نەبووە لە دانانی ئەو کەسانەو نازانین نوێنەرانی کوردستان لەبەغدا چۆن ئەوانەیان داناوە، تەنانەت وەک زیندانی سیاسی نەمانناسیون و ئێستاش وا دەبیستین کە زیندانی سیاسی نەبوونەو گوتوویانە زیندانی سیاسی بووین. دواجاریش لەگەندەڵییەوە گلاون و دەزگای نەزاهە بەرەورووی لێپرسینەوەی کردوونەتەوە". ئەو هۆکاری پەیدابوونی کێشەکە بۆ کاربەدەستانی پێشووی ئەو دامەزراوەیە دەگێڕێتەوە کە هەوڵیان نەداوە بودجەی دامەزراوەکە بخەنە سەر بودجەی سیادی و بودجەکەیان لەبەشی 83%ی حکومەتی عێراق دەرکردووە، بۆیە دەڵێت "بەرپرسانی بەغدا مافی خۆیان بووە بەشی زیندانیانی سیاسی کوردستان نەدەن و داوابکەن لەبەشی 17%ی کوردستان بدرێ".

بەڵام عەبدولیلا محەممەد ئەو قسانە رەتدەکاتەوەو بەشێکی بەرپرسیارێتییەکە دەخاتە ئەستۆی د.بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و دەڵێت "چەندین جار بە د.بەرهەم ساڵحم گوت کە نوێنەری کوردە، گوتم دکتۆر ئەو کێشەیەی ئێمە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران چارەسەر بکە، بەڵام پشتگوێی خست و هەر وەڵامیشی نەدامەوە". هەرچەندە کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان پاش سەردانی بەغداو گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی ئەوێ رایانگەیاند کە کێشەکەیان چارەسەر کردووە، بەڵام عەبدولیلا محەممەد دەڵێت "ئەوەی ئێستا ئەو برادەرانە کردوویانەتە دەستکەوتی خۆیان، تەواوکەری ئەو کارانەیە کە ئێمە لەوێ کردوومانن، ئەوەی ئەوان لەبەغدا کردیان ئێمە بەچەند رۆژێک دەمانتوانی تەواوی بکەین، ئەگەر نوری مالیکی بە بڕیارێکی ناعادیلانە هەموو ئەنجوومەنەکەی نەگۆڕیبا".

عەبدولیلا دەربارەی ئەوەی کە دەگوترێ ئەوان زیندانیی سیاسی نەبوونەو نازانرێ چۆن وەک نوێنەری کورد لەو دامەزراوەیە دانراون، دەڵێت "راستە سەلاح سلیڤانی زیندانی سیاسی نەبووە، بەڵام من زیندانیی بوومەو شاهێدم هەیە، ئەو برادەرانەی کۆمکار هێشتا لەدایک نەببوون کە من گیراوم و سیاسەتم کردووە". بەقسەی عەبدولئیلا، سەلاح سلیڤانی نەک هەر زیندانی سیاسی نەبووە بەڵکو کۆنەبەعسیش بووە "سەلاح سلیڤانی کۆنە بەعسی و کۆنە گوێبڕی سەردەمی سەددام بوو، ژنەکەی لە (تصنیع العسکری) کەسێکی نزیکی حوسێن کامل بووە، پاش ماوەیەک دارودەستەی حوسێن کاملی هەموو هێنایە ناو دامەزراوەکەو لەگەڵ من کەوتە ململانێ". دەربارەی چۆنێتی دانانی ئەو کەسەش لەو شوێنە، دەڵێت "لەئەنجوومەنی چاودێری رێککەوتین کە حاتەم مەیاحی سەرۆکی پێشووی دامەزراوەکە لەشوێنی خۆی لابدەین و من بچمە شوێنەکەی تا ئەوکاتەی وەزیرێکی بۆ دەستنیشان دەکرێ، ئێمە نووسراوێکمان بەئیمزای هەموو ئەندامەکان دایە دەست سەلاح سلیڤانی چونکە کارتی گرینزۆنی هەبوو دەیتوانی بگاتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام سەلاح بەهۆی پەیوەندییەکانی خۆی کەوتە واستەکردن و لەڕێی کەسێکی کورد بەناوی فەرهاد نیعمەتوڵلا کە کاتی خۆی گۆرانی بۆ سەددام حوسێن گوتووەو ئێستا جێگری ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانە لەبەغدا، خۆی کردە سەرۆکی دامەزراوەکە"، عەبدولئیلا هەروەها دەڵێت "لەبەغدا هەموو شتێک بەپەیوەندی تایبەتی دەکرێ و کوردیش لەوێ زۆر سەرقاڵن، کەس ئاگای لەوە نەماوە کێ دڵسۆزەو کێ چی بۆ کورد کردووەو کێ بەعسی بووە".

عەبدولئیلائەوە روووندەکاتەوە کە دانانی ئەندامانی ئەنجوومەنی چاودێریی دامەزراوەکە بەپێی تەوافوق بووەو 2 نوێنەری کوردی تێدابووە کە لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە دانراون، "سەرکردایەتی سیاسی کورد ئێمەی لەوێ دانا".



## تیمێکی سەربازیی ئەمریکی سەردانی دەوروبەری قەندیل دەکات

### نیشتنەوەی هەلیکۆپتەرێکی ئەمریکی لە حاجی ئۆمەران ئێران نیگەران دەکات

**رووداو-هەولێر**

هەفتەی رابردوو، بۆ دوو رۆژ لەسەر یەک دوو تیمی سەربازی ئەمریکی چەند ناوچەیەکی دەوربەری قەندیل و مەرزی حاجی ئۆمەرانیان بەسەر کردەوە.

ئەو دوو تیمە کە چەند بەرپرسێکی سەربازی وەزارەتی بەرگری عێراقیشیان لەگەڵدا بوو، سەردانی ئەو ناوچە چۆڵکراوانەشیان کرد، کە بەهۆی تۆپبارانی ئێرانەوە چۆڵکراون.

لیوا ئەحمەد فەزڵەدین، فەرماندەی پاسەوانی سنووری ناوچەی یەک لە وەزارەتی بەرگری عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند کە "هەفتەی رابردوو دووتیمی هاوبەشی سەربازی ئەمریکی-عێراقی سەردانی مەرزی حاجی ئۆمەرانیان کرد، کە بۆ دوو مەبەستی جیاواز ئەو ناوچانەیان بەسەرکردەوە".

وەک ئەو فەرماندە سەربازییە ئاماژەی پێدا، تیمی یەکەم لە هێزیBBT پێکهاتبوو بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ لارسن، تیمەکە ناوچە تۆپبارانکراوەکانی بەسەرکردەوە،کە لە ناوچەی قەڵادزێش سەردانی ناوچە بۆمبارانکراوەکانی کرد، تیمەکە ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر ئەو هێرشانە خستەڕوو. لەمبارەیەوە لیوا ئەحمەد گوتی" ناڕەزایی ئەوان بەهۆی گرێدانەوەی ئەو تۆپبارانەیە بە بوونی هێزەکانی پژاک وPKK لەم ناوچەیە، لەکاتێکدایە ئەو ناوچانە دوورن لە شوێنی ئەو هێزەوە و، هێزەکانیPKK و پژاک لە ناوچەی قەندیلن، لەرووی سەربازییشەوە قەندیل ناوچەیەکی سەختە بۆ کۆنترۆڵکردن، هیچ هێزێکی سەربازی نەیتوانیوە بەسەریدا زاڵ بێت، هەر ئەم لایەنەش وایکردووە کە هەریەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق نیگەرانی خۆیان بەرامبەر تۆپبارانەکە بخەنەڕوو".

لەبارەی سەردانی تیمی دووەمیش، کە بە هەلیکۆپتەر لە مەرزی حاجی ئۆمەران نیشتونەتەوە، فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور روونیکردەوە" تیمەکە لە جەنەراڵ وۆکەر جێگری گشتی تیمی یارمەتیدان لە هێزی هاوپەیمانان و کۆلۆنێل راسڵ لە هێزی BBT و عەمید کامل لە فەرماندەیی دەروازەکانی سنووری عێراق لە وەزارەتی بەرگری و فەرماندەی پاسەوانی سنوور پێکهاتبوو، سەردانی لیوای 2ی ئازادییان کرد لە حاجی ئۆمەران، لە پێداویستییەکانی ئەو هێزەیان کۆڵییەوە".

لیوا ئەحمەد، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو تیمە بەڵێنی دابینکردنی ئامێرێکی تیشکی Xیان دا بۆ خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران بۆئاشکراکردنی مادە بێهۆشکەرەکان و تەقەمەنی. جگە لە دابینکردنی 50 ئۆتومبێل بۆ هەرسێ خاڵی سنوری حاجی ئۆمەران و ئیبراهیم خەلیل و باشماخ.

هەروەها روونیکردەوە کە بۆ باشتر کۆنترۆڵکردنی ئەو دەروازانە 260کەسی دیکەش وەک پاسەوانی سنوور دادەمەزرێندرێن.

بە پێی لێدوانی سەرچاوەیەک، لە نزیک ناحیەی قەسرێ تەقە لە هەلیکۆپتەرەکە کراوە، لە بارەی ئەم رووداوەش لیوا ئەحمەد گوتی" تا ئێستا بۆمان روون نەبووەتەوە کە ئاخۆ ئەو تەقەیە کراوە یان نا، ناتوانین هیچ شتێک لەبارەی ئەم رووداوە بڵێین و هیچ لایەنێک تاوانبار بکەین". لەبارەی ئەگەری نیگەرانبوونی هێزەکانی ئێرانیش بە نیشتنەوەی هەلیکۆپتەرێکی ئەمریکی لە حاجی ئۆمەران، کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا یەکەمین جارە روودەدات، فەرماندەی پاسەوانی سنوور گوتی" هێزەکانی ئێران نەک هەر بە هەلیکۆپتەر، بەڵکو بە بینینی هەر سەربازێکی ئەمریکاییش لە نزیک سنورەکان نیگەران دەبن، بەڵام سەردانی ئەو تیمەی کە بە هەلیکۆپتەر چووەتە حاجی ئۆمەران بەشێوەیەکی تەواو بۆ مەبەستی تەکنیکی و دابینکردنی پێداویستییەکان بووە، هیچ مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە نەبووە".



**فەرماندەی پاسەوانی سنووری ناوچەی یەک، دەڵێ تا ئێستا روووننەبووەتەوە تەقە لە هەلیکۆپتەری ئەمریکا کراوە یان نا**

### یەک لەسەر سێی سەرکردایەتی یەکێتی دەگۆڕێت

# یەکێتی یەکەمین پلینیۆمی بێ نەوشیروان دەبەستێت

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**

ساڵی رابردوو، کە هێشتا کێشەکانی ئێستای یەکێتی بەو رۆژگارە نەگەیشتبوون، حامیدی حاجی غالی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەدیمانەیەکی (رووداو)دا گوتی "هەموو کێشەکانی یەکێتی بە یەک دانیشتنی مام جەلال و کاک نەوشیروان چارەسەر دەبن". بەڵام سەرباری چەندین دیداری راستەوخۆ و ناراستەوخۆی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان، کێشەکانی یەکێتی درێژەیان هەیە و نامەیەکی تاڵەبانیش تا ئێستا لای نەوشیروان بەبێ وەڵام ماوەتەوە.

یەکێتی بڕیاریدا لە 2009/6/1 کە ساڵیادی دامەزراندنییەتی کۆنگرە ببەستێت، دواجار بڕیاری کۆنگرە گۆڕا بۆ پلینیۆم و تا ئێستاش وادەی بەستنی ئەو پلینیۆمە دیار نییە، کە یەکێتی بەبێ نەوشیروان و هاوڕێکانی دەیبەستێت.

بەبڕوای چاودێرانی سیاسی، یەکێتی هەوڵدەدات لەو پلینیۆمەدا هەندێک گۆڕانکاری لە رووخساری سەرکردایەتییەکەی خۆیدا بکات و، لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەرییەکانی نەوشیروان لەسەر یەکێتی کەمبکاتەوە، تا لە هەڵبژاردندا قورساییەکی باشتری هەبێت بەسەر رێکخستنەکانی خۆیەوە.

### نەوشیروان شەڕی بێدەنگی دەکات

یەکێک لەو پرسیارانەی کە خەڵک لەکاتی سەردانی گردەکەدا رووبەرووی هاوکارەکانی نەوشیروانی دەکەنەوە، ئەوەیە بۆچی تا ئێستا نەوشیروان مستەفا تەنها دەستبەرداری پۆستەکەی بووەو ئامادە نییە واز لە ئەندامێتی یەکێتی بێنێت. لەدیمانەیەکی پێشتریدا لەگەڵ (الشرق الاوسط) دا، نەوشیروان مستەفا یەکێتی بوونی خۆی رەتنەکردەوە. بە رپرسێکی نزیک لە نەوشیروان مستەفا، بۆخۆشی دەستبەرداری پۆستەکەی بووە لەناو یەکێتی بۆ (رووداو) گوتی "کاک نەوشیروان خۆی لە هەموو ئەوانە بەیەکێتیتر دەزانێت کە ئێستا دەسەڵاتی بڕیاردانیان لەناو یەکێتی هەیە، هەروەها منیش، بۆچی وازبێنم کە یەکێکم لە دامەزرێنەرانی یەکێتی و دونیایەک رەنج و ماندبوونم لەگەڵ داوە". سالار عەزیز، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە کە پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە گوتی "ئێمە کە زیاتر لە30ساڵ لەناو ئەو حیزبە خەباتمان کردووە بۆ وازی لێبێنین".

بەرای مستەفای سەید قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەست لەکارکێشاوەی یەکێتی، چوونە دەرەوەی ئەوان و کاک نەوشیروان و هاوڕێکانیشی، مانای وازهێنان نییە لە یەکێتی "ئێمە کێشەمان لەگەڵ یەکێتی نەبووە تاوازی لێبێنین، بەڵکو هەموو ئەو برادەرانە رای جیاوازیان هەبووە".

### جیاواز لەهەر پلینیۆمێکی دیکە

هەڵوێست و لێدوانی سەرکردەکانی پارتی لەبارەی کێشەکانی یەکێتییەوە ئەو خوێندنەوەیان لای چاودێرانی سیاسی دروستکردووە، کە نێوانی ئەو دوو حیزبە رێککەوتننامەی ستراتیژیشی تێپەڕاندووە، چونکە پارتیش زۆر بەتەنگ سەرکەوتنی پلینیۆمەکەی یەکێتییەوەیە. سەرچاوەیەکی نزیک لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ، پارتی و یەکێتی حسابی ئەوەشیان کردووە کە ئەگەر نەوشیروان مستەفا بیەوێت لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە بگەڕێتەوە ناو یەکێتی. وەک ئەو سەرچاوەیە باسیکرد، یەکێک لەئامانجەکانی نەوشیروان لەو هەڵبژاردنە خستنەڕووی سەنگ و قورسایی خۆیەتی بۆ سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی.

شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ دڵنیام پێش هەڵبژاردن پلینیۆم دەبەسترێت و یەک لەسەر سێی ئەندامانی سەرکردایەتیش دەگۆڕێن. شێخ جەعفەر کە هاوکات وەزیری پێشمەرگەیە سەبارەت بەپشتیوانی زۆری پارتی لەو پلینیۆمە گوتی "پارتی هەست بەبەرپرسیارێتی دەکات لەبەرامبەر خەڵک و دەزانێ سەرکەوتنی یەکێتی لە پلینیۆم سەرکەوتنی دەسەڵاتی سیاسی کوردیشە، بۆیە حەزدەکات ئەو پلینیۆمە سەرکەوتووبێت".

هەرچەندە دەگوترێ یەکێک لە ئامانجەکانی پلینیۆم یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی لایەنگرانی نەوشیروان مستەفایە لەناو یەکێتی دا، بەڵام پلینیۆم دەسەڵاتی دەرکردنی کەسی نییە. شێخ جەعفەر مستەفا لەو بارەیەوە گوتی "ئامانجی پلینیۆم دەرکردن نییە، بەڵکو گۆڕانکارییە". سالار عەزیز، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە، دەربارەی هەڵوێستی خۆیان لەبەرامبەر پلینیۆم دەڵێ "گوێمان لێ نییە چی دەکەن و بڕیار لەسەر چی دەدەن، چونکە ئێمە کاری گرنگترمان بەدەستەوەیە، کە هەڵبژاردن و مەسەلەی دیموکراسییە".

ئەوەی کە بۆ نەوشیروان و باڵی دەسەڵاتداری نێو یەکێتیش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، دوابڕیاری چوار ئەندامی مەکتەب سیاسییە دەست لەکارکێشاوەکەیە، چونکە ئەگەر ئەوانە بچنە گردەکەی ریعایە، بێگومان تەرازووی نەوشیروان زیاتر لەئێستا قورس دەکەن و هاوکات بەرچاو روونی زیاتر دەدەنە یەکێتی تا لەپلینیۆمەکەی بڕیاری دڵنیاکەرەوە بدات.

مستەفا سەید قادر، لەبارەی دوا بڕیاری خۆیانەوە، کە ئایا دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی یان پەیوەندی بە نەوشیروانەوە دەکەن، گوتی "تا ئێستا بڕیاری کۆتاییمان نەداوەو لەو رۆژانە کۆدەبینەوەو دوا بڕیاری خۆمان دەدەین".

سەرچاوەیەکی نزیک لەو چوار ئەندام مەکتەب سیاسییە گەڕانەوەی ئەوانی بۆ نێو یەکێتی بە "زۆرمەحاڵ" نێوبرد، لەبەرئەوەی هەر دوای وازهێنانیان یەکێتی هەوڵی پڕکردنەوەی شوێنی دووانیانی داوە. لە رۆژی 2009/3/10دا مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بۆ پڕکردنەوەی شوێنی عومەری سەید عەلی و جەلال جەوهەر بە هەریەک لە سەعدی ئەحمەد پیرەو عارف روشدی.

### تاڵەبانی لەبەغدا دەمێنێتەوە

لەدانیشتنەکانی نێوان پارتی و یەکێتیدا باس لە پۆستی تاڵەبانی کراوە لە بەغدا، سەرچاوەیەک بە (رووداو)ی گوت وەک چۆن بارزانی پاڵێوراوی یەکێتیش دەبێت بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروا تاڵەبانی پاڵێوراوی پارتیش دەبێت بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار. لەماوەی رابردووش دوابەدوای بڵاوبونەوەی هەواڵی خۆ خانەنشینکردنی تاڵەبانی، هەندێک لەسەرکردەکانی بەغدا داوایان لەتاڵەبانی کرد جارێ ئەو بڕیارە نەدات.

بەشێک لەسەرکردەو لایەنگرانی یەکێتی لەکاتی گەرمبوونی کێشەکانی نێوخۆی یەکێتیدا گەورەبونی ئەو کێشانەیان بۆ دووری تاڵەبانی دەگێڕایەوەو پێیانوابوو نەدەبوو تاڵەبانی پۆستی سکرتێری گشتی و هەموودەسەڵاتەکانی ئەو حیزبە لەگەڵ خۆی بباتە بەغدا.

هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد، کە ئەویش یەک لەوانەیە لە یەکێتی جیابویەوەو پارتێکی کوردی دامەزراند، لەوبارەیەوە گوتی "گەورەترین هەڵەی بەرێز مام جەلال ئەوەبوو کە بووە سەرۆک کۆمار، چونکە دەبوو بیگوتبا یەکێتی منی گەیاندە ئەم پۆستەو ئیتر من دەبێت ئەو سکرتێریە لەگەڵ خۆم نەبەمە بەغدا، ئەگەر دەستبەرداری پۆستە حیزبیەکەی ببوایە، ئەوکات وەک مەرجەعێکی لێدەهات بۆ یەکێتی و گەلی کورد، بەڵام ئێستا مام جەلال بۆ خۆی بووەتە بەشێک لەکێشەکان، بۆیە ناتوانرێ کێشەکان چارەسەر بکرێن".

### سەرکردەکان روو لەشەرقولئەوسەت دەکەن

ماوەیەکە بەشێک لەسەرکردەکانی یەکێتی، بەنەوشیروانیشەوە لە رۆژنامەی ( (الشرق الاوسط) دەردەکەون بۆ خستنەڕووی ناکۆکی و کێشەکانیان، سەرچاوەیەک گوتی دیدارەکەی نەوشیروان لەگەڵ ئەو رۆژنامەیە کە تێیدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە "مەجلیسی قیادەی سەورە" چواند، سەرکردەکانی دیکەی نێو یەکێتی جوڵاند بۆ دیداری ئەو رۆژنامەیەو دوای ئەویش هەریەک لەد.بەرهەم و مەلا بەختیار و کۆسرەت رەسول دیداریان لەو رۆژنامەیە بڵاوبووەوە. د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بەشەرقولئەوسەتی راگەیاند "ئێمە نامانەوێت وەک بزووتنەوەی فەتح یان بەرەی رزگاری جەزائیرمان لێبێت و دەمانەوێ خۆمان نوێ بکەینەوە".



## ڕاپۆرت

مستەفا سەیدقادر: پێش هەڵبژاردن هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیێنین



تایبەت بە ڕووداو

تاوەکو ئێستا چوار ئەندامە دەست لەکارکێشاوەکەی مەکتەبی سیاسی هەڵوێستیان بۆ لایەنێکی دیاریکراو لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا ڕانەگەیاندووە، مستەفای سەید قادر لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند، پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیێنین. وا بڕیاربوو ئەو چوار ئەندامە (عومەری سەید عەلی، مستەفای سەید قادر، عوسمانی حاجی مەحمود و جەلال جەوهەر) کۆببنەوەو هەڵوێستی خۆیان لەبارەی هەڵبژاردنەکانی کوردستانەوە ڕابگەیێنن، بەڵام تاوەکو ئێستا کۆنەبوونەتەوە. مستەفای سەید قادر، لەوبارەوە گوتی "دەبێت کۆببینەوەو هەڵوێستێکمان هەبێت، پێش هەڵبژاردن هەڵوێستمان دەبێ و هەموو شتێک ڕووندەبێتەوە".

# کۆسرەت ڕەسول: پۆستی سەرۆکی حکومەتی داهاتوو مافی یەکێتییە و لەناو یەکێتی د.بەرهەم باشترین چانسی هەیە



**مەعد فەییاز**
**الشرق الاوسط- سلێمانی**

جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆسرەت ڕەسول عەلی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) لەنووسینگەکەی لەسلێمانی گوتی "هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان موفاجەئە و شتی چاوەڕواننەکراوی تێدا ڕوودەدات کە نازانین چۆن دەبێت، ململانێ لە نێوان حیزبەکان هەیە و زۆر لیستی ململانێکەریش هەن، ئێمە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە یەک لیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردن دەکەین بەناوی لیستی کوردستانی".

دەربارەی لیستی گۆڕان بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی ڕوونیکردەوە "تا ئێستا لیستی نەوشیروان مستەفا مەترسییەکی ڕاستەقینە وململانێکەری لیستی کوردستانی نییە". ئاماژەشی بەوەدا کە نەوشیروان " دەستی لە یەکێتی نەکێشاوەتەوەو پەیوەندیش لەگەڵی بەردەوامە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە. نەوشیروان وەک ئەندامێکی یەکێتی مافی ئەوەی نییە بە لیستێکی سەربەخۆ خۆی بپاڵێوێت، بەڵام تا ئێستا یەکێتی هیچ ڕێوشوێنێکی دژی نەگرتووەتەبەر". سەرۆک تاڵەبانی پێشتر بە (الشرق الاوسط)ی ڕاگەیاندبوو کە لیستی نەوشیروان هیچ کار لە لیستی کوردستانی ناکات و نەوشیروانیش ناتوانێ کار لە جەماوەرێتی یەکێتی بکات.

کۆسرەت ڕەسول بەڕاشکاوی باسی لە کێشەکانی حیزبەکەی کردو گوتی " یەکێتی نیشتمانی لە ساڵی 2001ەوە کۆنگرەیەکی سیاسی نەبەستووە، لەوکاتەشەوە زۆر گۆڕانکاری سیاسی ڕوویانداوە، دیارترینیان ڕووخانی ڕژێمی عێراق و ڕووداوەکانی دوای ڕووخاندنەکەن. گۆڕانکاری لە پێکهاتەی نێوخۆی یەکێتی و لەسەر ئاستی سیاسی عێراقی ڕوویانداوە، بۆیە زۆر شت بەسەر یەکەوە کەڵەکە بوون. لە کۆتایی ئەمساڵ کۆنگرەی یەکێتی دەبەسترێت و ژمارەیەکی زۆر گەنج، لە هەردوو ڕەگەز دێنینە نێو سەرکردایەتی یەکێتی، هەروەها دەموچاوی تازە دێنە نێو پەرلەمان و ڕێژەی بەشداری لاوانمان لە پەرلەمانی کوردستان بەرزکردەوە بۆ 30% و ئاستی تەمەنی ئەندامێتی پەرلەمانیشمان دابەزاند بۆ 25 ساڵ بۆ ئەوەی دەرفەتێکی زیاتر لەبەردەم بەشداری لاوان لە پرۆسەی دیموکراسی وسیاسی بکرێتەوە".

دەربارەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، کۆسرەت ڕەسول ئاماژە بەوە دەکات کە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خوولی پەرلەمانی داهاتوو مافی یەکێتییە "سەرۆکایەتی حکومەت مافی یەکێتییە، بەڵام تا ئێستا هیچ بڕیارێک لەمبارەیەوە نەدراوە کە ئایا سەرۆکایەتییەکە دەدرێتەوە کاک نێچیرڤان یان نا، ئێمە لەمبارەیەوە بڕیارێک دەردەکەین، بەڵام بێگومان بنکەکانی یەکێتی ڕازی نابن لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی حکومەت و داوای مافی یەکێتی دەکەن لە سەرۆکایەتیکردنی حکومەتدا. بەڵام تائێستا لەنێو سەرکردایەتی یەکێتی باسی پاڵێوراوی ئێمە نەکراوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی کوردستان، بەڵام ئەو پاڵێوراوەی باشترین چانسی هەیە لەنێو یەکێتی بۆ سەرۆکایەتیکردنی حکومەت د.بەرهەم ساڵحە". کۆسرەت ڕەسول لە هەمانکاتدا ستایشی دەسکەوتەکانی سەرۆکی حکومەت و حکومەتەکەی کرد وگوتی " حکومەتی نێچیرڤان بارزانی زۆر دەسکەوتی بەدەستهێناوەو هەنگاوی زۆر گرنگی بڕیوە، لەبەرامبەریشدا هەندێک شتی نێگەتیڤی هەیە وەک ئەنجامنەدانی هەندێک پرۆژە لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا، ئەمەش یان بەهۆی کەمتەرخەمی ئەو کۆمپانیایانەیە کە کۆنتراکتەیان بەستووە یان بەهۆی توونده‌بوونە لە چاودێری بەڕێوەبردن دا".

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە " هیچ گۆڕانکارییەک لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا نییە و کاک مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە". ئاماژەشی بەوەدا کە " پرسی خانەنشینبوونی سەرۆک تاڵەبانی پەیوەندی بەخۆیەوە هەیەو، ئەوەش ڕایەکی کەسییە، بەڵام هەندێک داواکاری لەلایەن گەلی عێراق و پێکهاتە سیاسی و پەرلەمانییەکان هەیە لەسەر پێویستی بەردەوامبوونی تاڵەبانی وەک سەرۆک کۆمار. ئێمەش وەک سەرکردایەتی و بنکەی جەماوەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان پشتگیریی مانەوەی دەکەین، جگە لە سەرۆک تاڵەبانی کەس ناتوانێت ئەو پۆستە بەڕێوەببات، بەتایبەتیش چونکە مام جەلال کەسێکە لێهاتووەو کەسایەتییەکی دەگمەنە لە بیرکردنەوەو سەرکردایەتی بەڕێوەبردن دا و کەسێکی زۆر گرنگیشە بۆ عێراق وناوچەکە بەگشتی".

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوکاری نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە "سروشتی" نێودەبات و دەڵێ " پێویستە هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەپێی دەستووری عێراقی کە گەل دەنگی بۆ داوە چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. هەوڵەکانی خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ماددەی 140 لەلایەن حکومەتی فیدرالی و هەندێ پەرلەمانتاری عێراقی و نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ستیفان دیمستورا سەرناگرێت، چونکە ئێمە پشت بە دەستوور دەبەستین و ماددەیەکی دەستووری ڕوونیش لەو بارەیەوە هەیە. ئێمە بە پشتبەستن بە دەستوور واز لە مافی کوردو لە ناسنامەی کەرکووک ناهێنین"، هەروەها دەڵێ " ماددەی 140 زۆر ڕوونەو بەندێکی تێدایە کە پەیوەندی بە ڕاپرسی جەماوەری کەرکووکەوە هەیە. ئەگەر خەڵکی کەرکووک ویستیان کەرکووک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان کە ئەوە مافێکی دیموکراتی ورەوای خۆیانە ئەوە داواکەیان بە شێوەیەکی دەستووری جێبەجێ دەبێ، ئەگەر نەشیانویست ئەوە ئازادن و ئێمە ڕێز لەڕای گەل دەگرین. بەڵام مافخواردنێک لەلایەن حکومەتی فیدرالییەوە هەیە بەرامبەر بە کورد وەک بەشدار لە دەسەڵاتدا، بەتایبەتی لە بوارە ئەمنی وسەربازی وئابوورییەکاندا. وەزارەتەکانی بەرگری و نێوخۆ و نەوت و دارایی هەموویان بەدەست لایەنەکەی دیکەن".

جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی لەبارەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراقەوە گوتی " بەڕای من و لەپێناو بەرژەوەندی عێراق و گەلی عێراق، بەباشی دەزانم لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی داهاتووی عێراق کە لەکۆتایی ئەمساڵ ئەنجامدەدرێت بەشداریکردنەکە بە لیستێکی دیموکراتی نیشتمانی کە هاوپەیمانیەتیەکی کوردی -عەرەبی بێت، ئەوە باشترە لەوەی تەنها وەک لیستێکی کوردی بەشداری بکەین".

دەربارەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕیش لە هەرێمی کوردستان، کۆسرەت ڕەسول گوتی " بەڵێ لەسەر جادە قسە لە گەندەڵی دارایی وکارگێڕی لە هەرێم دەکرێ، ئێمە لیژنەیەکی چاودێری دارایی و نەزاهەمان پێکهێنا کە هەموو دۆسییەکانی خرایە بەردەست، بەڵام ئەو گەندەڵییەی نەدۆزیەوە کە خەڵک و ڕاگەیاندن باسیدەکەن".

## لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا شتی چاوەڕواننەکراو ڕوودەدات

سەبارەت بە هەڵگرتنی دروشمی چاکسازی و تۆمەتبارکردنی یەکێتی بە گەندەڵی لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە، کۆسرەت ڕەسول گوتی " بەپێی ڕای تایبەتی خۆم، پێویست بوو نەوشیروان لەناو یەکێتی کار بۆ گۆڕانکاری بکات نەک لە دەرەوەی یەکێتی. دەربارەی تۆمەتەکانی گەندەڵیش لەناو یەکێتی، نەوشیروان سەرکردەیەکی گرنگ بوو لەناو یەکێتی وهەندێک جار ئەو کەسی یەکەم بوو و لەدامەزرێنەرەکانی یەکێتیشە، ئەگەر گەندەڵی هەبێت ئەوە نەوشیروان بەپێی پۆست و بەرپرسیارێتییەکەی، بەشێکی بەرپرسیارێتی ئەو گەندەڵیەی دەکەوێتە ئەستۆ".

کۆسرەت ڕەسول گەشبینی خۆی بەرامبەر پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ پارتی نیشانداو گوتی " من گەشبینم بە پرۆسەی سیاسی لە هەرێم و پەیوەندیشمان لەگەڵ پارتی پێویستەو ستراتیژییە لەپێناو کوردستان و دوارۆژی کورد". هەروەها گوتی " پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا وئێران و وڵاتە عەرەبییەکان، بەتایبەتی عەرەبستانی سعودی ومیسرو ئیمارات باشن".

### عەلی دەباغ، وتەبێژی حکومەتی عێراق بۆ (ڕووداو):

# کێشەی موسڵ دەبێ بە ڕەزامەندی هەمووان چارەسەربکرێت

**ڕووداو- بەغدا**

عەلی دەباغ،وتەبێژی حکومەتی عێراق لەبارەی کێشەی پارێزگای مووسڵ بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند"ڕای حکومەتی ناوەندی ئەوەیە،لە پێناو پاراستنی ئاسایش و ئارامی لە موسڵ،پێویستە هەموو لایەک بگەنە چارەسەری گونجاو کە هەموو لایەک پێی ڕازیبن، ئەوە ڕای حکومەتی ناوەندییە".بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی دەبێ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش ڕەچاو بکرێ.

عەلی دەباغ،لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)دا گوتی" دەبێ ڕێز لە زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ بگیرێت و سەرۆکی حکومەتیش لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەیە".

کێشەی ئیدارەی موسڵ لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ دروستبوو، کە تێیدا لیستی حەدبا بەسەرۆکایەتی ئەسیل نجێفی زۆرینەی کورسییەکانی بەدەستهێنا و، ئیدارەی موسڵی بەبێ بەشداریی لیستی برایەتی کوردی پێکهێنا کە 12 کورسی هێناوە. عەلی دەباغ،لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)دا، هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی لەبارەی ئەو کێشەوە ڕایگەیاند " پێویستە ئیدارەی پارێزگا هیچ لایەک ڕەتنەکاتەوەو هەموو لایەک قبوڵ بکات و هەموو هێزە سیاسییەکانی پارێزگا لەباوەش بگرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەڵبژاردنێکی تازە کراوەو ئەنجوومەنی پارێزگا زۆرینەیەکی تێدایە".

سەبارەت بە ڕۆڵی حکومەتیش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، دەباغ گوتی" دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی لە دەستوەردان لە کاروباری ئەنجوومەنی پارێزگاکان سنووردارە، ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئازادی و دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە بەپێی بۆچوونی خۆیان بڕیار بدەن، یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە کاری ئەنجوومەنی پارێزگاکان ڕێکدەخات، دەسەڵاتێکی فرەوانی داوەتە ئەنجوومەنی پارێزگاکان". بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی"ڕای حکومەتی ناوەندی ئەوەیە،لە پێناو پاراستنی ئاسایش و ئارامی لە موسڵ،پێویستە هەموو لایەک بگەنە چارەسەری گونجاو کە هەموو لایەک پێی ڕازیبن، ئەوە ڕای حکومەتی ناوەندییە".

کاتێک لە 2004/11/14 هەموو بنکەکانی پۆلیس و زۆربەی فەرمانگەکانی حکومەت لە موسڵ چوونە پاڵ ڕێکخراوی قاعیدە، بەغدا و ئەمریکا داوای چوونی پێشمەرگەیان کرد بۆ موسڵ، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ دا دەرکردنی ئەو فەوجانەی لە هێزی پێشمەرگە پێکهێندراون لە موسڵ دروشمێکی سەرەکی لیستی حەدبا بوو، کە عەرەبەکانی موسڵی لە دەور کۆکردەوە، ئێستاش ئەسیل نجێفی داوای دەرکردنی ئەو هێزە دەکات.

عەلی دەباغ لەوبارەوە دەڵێ " یاسایەک هەیەو دەبێ هەموو پێیەوە پابەند بن، بەپێی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان، دەسەڵاتی ئیداری پێداوە، کاروبارە ئەمنییەکان لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی دان".

هەروەها زیاتر باسی باری ئەمنی موسڵی کرد و گوتی " باری ئەمنی موسڵ وەک ئەوەیە لەباری نائاسایی (حالة طوارئ و)دا بێت، لەبەر ئەوەش ڕای حکومەت زۆر گرنگە لەو بوارەدا"، گوتی جا بۆیەش حکومەت داوا لە هەموو لایەنەکان دەکات بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش "بەڵام بەرادەیەک کە مافی زۆرینەی سیاسی بپارێزێ"، وەک ئاماژەیەک بۆ زۆرینەی لیستی حەدبا. دەباغ گوتی ئەگەر ئەوە نەکرێ " بارودۆخەکە زۆر مەترسیدار دەبێ لە موسڵ".

بەڵام هەروەک لە قسەکانی د.عەلی دەباغی وتەبێژی حکومەتی بەغداوە دەردەکەوێ، حکومەتی عێراق بە بڕیاری بایکۆتکردنی ئیدارەی تازەی پارێزگای مووسڵ لەلایەن قەزاکانی مەخمور و شێخان و شەنگال ڕازی نین، لەپێناو پاشگەزکردنەوەی لیستی حەدبا لە بڕیاری بەتەنیا بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگای موسڵ.

لەمبارەیەوە بارزان سەید کاکە قایمقامی قەزای مەخموور گوتی" ئەو ناوچانە بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر دانراون و تا ئێستا لە ژێر لێکۆڵینەوەن و، تائێستا کێشەکەیان یەکلایی نەکراوەتەوە، هەربۆیەش ئەو یەکە ئیدارییانە هەر لەسەر ئەو پارێزگایانە دەمێننەوە، هەر بۆیەش سیفەتی ئەوەی کە ئەو قەزایانە ناوچەی ناکۆکی لەسەرن ئەو مافەیان پێنادات، هیچ مەرجەعیەتێکی ئیدارییان هەبێ جگە لەو پارێزگایانەی کە لە ڕووی ئیدارییەوە لەسەرین".

بەڵام بارزان سەید کاکە قایمقامی قەزای مەخموور بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " ئەم قسەیەی د.عەلی دەباغ هەڵوێستێکی سیاسییە و هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە، دەبێ ئەو تەوافوقەی لە کەرکووک ڕەچاو کراوە لە مووسڵیش لەبەرچاو بگیرێت".

ئەگەرچی عەلی دەباغ داوا دەکات ئیدارەی شاری مووسڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی گۆڕەپانی سیاسی مووسڵ بگرێتەخۆ، بەڵام پێداگری لەسەر ڕەچاوکردنی زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگا کرد و گوتی" ئەم هەڵوێستە بیروبۆچوونی سەرۆکی حکومەتە".

قایمقامی قەزای مەخموور پێیوایە پاشگەزبوونەوەیەک لە پرەنسیپی تەوافوقی سیاسی هەیە، کە لە دەستووری عێراق دا هاتووە و گوتی "نابێ دەنگی یەک ملیۆن کەس پشتگوێ بخرێت، کە دەنگیان بە لیستی برایەتی داوە".



## نەوشیروان سێ بەشی یاداشتەکانی لادان

### محەممەد تۆفیق ڕەحیم:

# یاداشتەکان خوێندنەوەی هەڵەیان بۆ کرا، بۆیە ڕایگرت

**ڕووداو-هەولێر**

لەپاش بڵاوکردنەوەی سێ بەش لە یاداشتەکانی شەڕی ناوخۆ لەسایتی سبەی، نەوشیروان مستەفا بڕیاری ڕاگرتنی بڵاوکردنەوەی ئەو یاداشتانەی دا، ئەو سێ بەشەیشی لە سایتەکە لادان. محەممەد تۆفیق ڕەحیم هۆکاری ئەو بڕیارەی نەوشیروان مستەفای بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە خوێندنەوەی هەڵەی بۆ کراوە، بۆیە لە سایتەکە لابران، ڕەتیشیکردەوە ئامانج لەبڵاوکردنەوەی ئەو یاداشتانە هەڵمەتی هەڵبژاردن بێت.

(خەون یان مۆتەکە)، ناونیشانی یاداشتەکانی نەوشیروان مستەفایە کە پەیوەندی بە دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق 1992-2002 هەیە، بەتایبەتیش هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و هەوڵەکانی ڕاگرتنی ئەو شەڕە. کە تەنیا 3 بەشی لە سایتی سبەی بڵاوکرایەوە، کە دوایین بەشی تایبەت بوو بە ڕێککەوتننامەی پاریسی نێوان یەکێتی و پارتی بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە.

نەوشیروان مستەفا، جگە لە خەون یان مۆتەکە، پێشتریش یاداشتەکانی لە دوو توێی سێ بەرگ کتێبدا (لەکەناری دانوبەوەوە تا خڕی ناوزەنگ، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن،خولانەوە بەدەوری بازنەدا) بڵاوکردنەوە. لە خەون یان مۆتەکەدا، کە پێشکێشی ئەوانەی کردووە کە بە ئەندازیاری شەڕی براکوژی دایدەنێن، چەند دیکۆمێنتێکی لەبارەی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆو هەوڵەکانی ڕاگرتنی شەڕەکە بڵاوکردووەتەوە، کەتێیدا هەڵگیرسانی شەڕەکە و نەوەستاندنی دەخاتە ئەستۆی پارتی.

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە، وەک کەسێکی نزیک لە نەوشیروان مستەفاوە، لەبارەی بڵاوکردنەوەی ئەو یاداشتانە ڕایگەیاند "کاک نەوشیروان سەرەتا بەنیاز بوو بەڵگەنامەکان بڵاویکاتەوەو پاشان شیکردنەوەی خۆی لەبارەی بەڵگەنامەکان بنووسێت، بەڵام گوتی جارێ پێویست ناکات بینووسم".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆمپانیای وشە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بەڵگەنامانە لەبنەڕەتدا بە شێکن لە کتێبێک بەناوی (خەون یان مۆتەکە) کە 650 لاپەڕە دەبێت و کاک نەوشیروان لای خۆی تەواوی کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیاری نەداوە هەمووی بڵاوبکاتەوە، ئەمە تەنیا ئاگادارکردنەوەیەکی ناڕاستەوخۆی ڕاگەیاندنی یەکێتی و پارتییە کە ئەگەر هێرش بکەنە سەر لیستی گۆڕان ئەوا بەو کتێبە وەڵام دەدرێنەوە".

فەرید ئەسەسەرد، هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەم یاداشتانە لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە بۆ چەند مەبەستێک دەگەڕێنێتەوە "کاردانەوەیەک بووە بۆ ئەو قسەی کە بڵاوکرایەوە گوایە نەوشیروان مستەفا دەستێکی باڵای لەشەڕی ناوخۆدا هەبووە، وەکو بەشێک بۆ بەرگری لەخۆکردن ئەو یاداشتانەی بڵاوکردەوە". ئەسەسەرد، پێشیوایە بڵاوکردنەوەی ئەم یاداشتانە پەیوەندی بەهەڵبژاردنەکانی کوردستانیشەوە هەیە "بەشێکە لەریکلامکردن بۆ ئەو گرووپەی یاداشتەکانی بڵاوکردووەتەوەو بەشێکە لەهەڵمەتی هێرشکردن بۆسەر ئەو لایەنەی کە کێبڕکێی دەکات".

پاش بڵاوکردنەوەی سێ بەشی یاداشتەکانی لە سایتی سبەی، ڕۆژی 2009/5/13، ئەو سێ بەشەشی کە بڵاوکرایەوە لەسایتەکە لابران، هەرچەندە وا بڵاوکرایەوە کە لابردنەکە لەسەر داوای مام جەلال تاڵەبانی بووە، بەڵام محەممەد تۆفیق، ئەو دەنگۆیەی ڕەتکردەوەو گوتی "خودی کاک نەوشیروان ئەو بڕیارەی داوە".

هەروەها گوتیشی "کاک نەوشیروان خۆی بڕیاری ڕاگرتنیدا، کاتی خۆی ویستی هەمووی بنووسێت و بەشێکی لێنووسی، بەڵام هەر بەبڕیاری خۆی وەستاندنی". محەممەد تۆفیق ڕەحیم، هۆکاری وەستاندنەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە "پاش بڵاوکردنەوەی یاداشتەکان خوێندنەوەی هەڵەی بۆکرا بۆیە پێی باشبوو ڕاییبگرێت".

چاودێران پێیانوایە کە کۆمەڵێگ پاڵنەر لەپشت بڵاوکردنەوەی ئەو یاداشتانەی نەوشیروان مستەفاوەن و مەبەستی نەوشیروان ئەوەبووە کە وانیشانبدات بێتاوانە لە هەڵگیرسان و درێژەدانی شەڕی براکوژی دا. هەندێک کەسیش پێیانوایە بڵاوکردنەوەی لە چوارچێوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن دایە. بەڵام محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ڕەتیکردەوە کە ئەو ئامانجەی هەبوو بێت"بابەتەکە ئەوە نییەو خۆی هەمیشە لەگەڵ نووسیندایەو ویستی ئەو مێژووە بنووسێتەوە".

فوئاد مەعسوم، لەدیمانەیەکی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستاندا، بەتووندی ڕەخنەی لەبڵاوکردنەوەی ئەو دیکۆمێنتانە گرت و گوتی" کەس مەلائیکەت نەبووە لەو شەڕەدا و دیکۆمێنتمان لەسەر هەموو کەس زۆرن". چاودێرێکیش پێیوابوو کە مەبەستی نەوشیروان مستەفا لە بڵاوکردنەوەیا لەو کاتەدا، بۆ ئەوەیە کە ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر رابردوو بە ڕەد و ڕەدکاری زەقبکاتەوە، لەو نێوانەش دا لیستی گۆڕان وەک لیستی یەکێتی بەرامبەر پارتی بناسێنێ بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکانی قاعیدەی یەکێتی.

محەممەد تۆفیق، هەموو ئەولێکدانەوەیە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ "بەهیچ شێوەیەک بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن نییە، هەندێک زانیاری هەیە پێویستە هەموو میللەت بیزانێت و شەفافییەت هەبێت، بەڵام خوێندنەوەی هەڵەی بۆ کرا".

فەرید ئەسەسەرد، بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان. ئاشکرای کرد کە نەوشیروان مستەفا، پێشتر ئەم کتێبەی نووسیبوووهەڵگیرتبوو لەکاتێکی گونجاودا بڵاوی بکاتەوە "کتێبەکە پێشتر نووسرابوو، کاک نەوشیروان زۆرجار وادەکات، زۆرشت دەنووسێت و هەڵیدەگرێت و پاشان لەکاتێکی گونجاودا، بەڕای خۆی، بڵاوی دەکاتەوە".

## ڕیپۆرتاژ



عەباس بەیاتی:
**140 وشکە**

رووداو - أفاق

عەباس ئەلبەیاتی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی (ئافاق) رایگەیاند کە ماددەی 140 میکانیزمێکی وشکی داناوەو بۆ چارەسەر کردنی پرسی کەرکووک دەست نادات. هەروەها دەڵێ "ئەو ماددەیە لە 2005ەوە دانراوە کەچی پرسی کەرکووکی هەر چارەسەر نەکرد، واتە ئەو ماددەیە نەخشەرێگایەکی پێچاوپێچی داناوە و سەرئەنجام لایەنەکانی دیکەی غەیری کورد رازی ناکات". بەیاتی گوتی نابێ هیچ لایەنێک لە کەرکووک چارەسەری خۆی بە زۆر بسەپێنێ یان ئەو لایەنەی لە بەغدا بەهێزە چارەسەر بەسەر کەرکووکدا بسەپێنێ.

سەفییە سوهێل، ئەندامی پەرلەمانی عێراق:

# هەندێ لە پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا وەک فەرمانبەر رەفتار دەکەن



سەفیە سوهێل، لەنێو بنەماڵەیەکی بەرهەڵستکاری رژێمی سەدام دا لەدایکبوو، لەگەڵ منداڵەکانی شای ئوردن دا خوێندوویەتی بەڵام هەمیشە لە نێو کار و ماندووبوون دایە. تاڵب سوهێلی باوکی راوێژکاری حوسێن بن تەلالی شای ئوردن بوو، تیرۆرکرانی باوکی لە ساڵی 1994 لە بەیروت پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان لوبنان و عێراقی پچڕاند. بەڵام ئەو بەردەوامبوو لەکاری سیاسی و ئێستاش لەگەڵ بەختیار ئەمینی هاوسەری، هەمیشە بە بەستنی کۆنفرانس لەسەر خراپی دیکتاتۆری و سوودبەخشی دیموکراسی دەیانەوێ قەناعەت بە عێراق بێنن کە بە دیموکراسی ژیانێکی خۆشتر قازانج دەکەن. سەفیە سوهێل، ئەندامی لیستی عێراقیەی عەللاوی بوو لە پەرلەمان و ئێستا سەربەخۆیە، بەڵام لەو هەڤپەیڤینەدا بە کورد دەڵێ مالیکی خۆی بە دۆستێکی ستراتیژی کورد دادەنێ و پشتی ناشکێنێ:

رووداو – هەولێر

**رووداو: کێشە و یەکتر تۆمەتبارکردنەکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان بەردەوامن، چارەسەرنەبوونی ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئیداری یان سیاسی؟**

**سەفیە:** ئێمە هەموو هێزو لایەنە عێراقییەکان رێککەوتنێکمان هەبوو کە لەنێو خۆماندا گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەین لە چوارچێوەی نەگەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەت، دابینکردنی مافی یەکسان بۆ هاووڵاتیان بەچاوپۆشی لە ئینتیمای نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە عێراقییەکان مافی ئەوەیان هەیە لەنێو خۆیاندا سامان و دەسەڵات بەش بکەن. رێککەوتنەکە لەسەر ئەو سیستمی حوکمڕانییەی هەڵمانبژاردبوو رێککەوتنێکی روون بوو، گەلیش هەموو لەریفراندۆمدا دەنگیان بۆ دا کە سیستمێکی فرەیی، پەرلەمانی، دەستووریی و فیدراڵییان دەوێ. بەڵام ئەوەی روویدا، ئەوەبوو لەجیاتی ئەوەی بچینە ناو دیالۆگی راستەقینەوە لەنێوان خۆمان، بەتایبەتیش ئەوانەمان کە لایەنگری ئەو گۆڕانەبووین، هەندێ گرووپی شۆڤێنی خزانە نێوانمانەوەو کەوتنە دنەدانی ئەو هێزانە لەدژی یەکدی کە دەبوو لایەنی سەرەکی بن بۆ گۆڕان و هەنگاونان بەرەو بنیاتنانی دیموکراسی، بەڕاستیش ئەوە زۆر مەترسیدارە.

**رووداو: ئەوانە تەنیا بەعسییەکان بوون؟**

**سەفیە:** هەندێکیان بەعسییەکان بوون و هەندێکیان گرووپی شۆڤێنی بوون، هەندێکیشیان ئەوانەبوون کە لەماناو نێوەڕۆکی سیستمی فیدراڵی و مافی دابەشکردنی سامان و دەسەڵات تێنەگەیشتوون. هەندێ لەو هێزانە لایەنگری سیستمی فیدرالیین، بەڵام کاتێک دەتەوێ بچییە نێو وردەکارییەکانەوەو بەیاسا رێکیانبخەی، تووشی سڵەمینەوە دێن، کەواتە تێگەیشتنەکە لاوازەو ئەوەش زەمینە خۆشکەرە بۆ دروستکردنی گرژی، ئەو گرژییەش وەک بەم دواییە بینیمان خرایە خزمەتی هەڵبژاردنەوە.

**رووداو: پەرلەمان لەو مەسەلانەدا بۆچی رۆڵی خۆی نابینێ؟**

**سەفیە:** پەرلەمان رۆڵی خۆی بینیوەو چەند لیژنەیەکی پێکهێناوە، هەوڵیداوە کێشەکان بەدیالۆگ چارەسەر بکات، بەڵام بەڕاستی ئەو سەرکردانەی لەنێو پەرلەماندان و نوێنەرایەتی قەوارە سیاسییەکان دەکەن، ناتوانن بڕیار دروست بکەن، لەهەندێ بڕیاردا کە پێویستیان بەگەیشتنە جۆرێک لە چارەسەر هەیە، پێویستمان بەشتێکە کە من ناوی دەنێم سەرکردایەتیکردنی سەرکردایەتی، پەرلەمان هەندێ جار دەگاتە شوێنێک کە ئیدی بێ توانایی بەدیاردەکەوێ. ئێستا مەسەلەی هەموارکردنی دەستوور لەگۆڕێیە، مەسەلەکە گەیشتووەتە شوێنێک کە ئیدی پەرلەمان ناتوانێ لەوە زیاتر بەرەو پێشەوەی ببات، ئەو بڕیارەی لەدەست نییە کە بتوانێ بیکات، سنووری دەسەڵاتەکەی ئەوەندەیەو تەواو.

**رووداو: تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لەهەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت لە کێشەی گرێبەستەکانی نەوتدا کاتێک بەوردی تەماشای هەڵوێستی هەریوولام کرد بۆم دەرکەوت وەزارەتی نەوتی عێراق هیچ پاساوێکی مەقبولی نییە بۆ رێگەگرتن لەناردنەوە دەرەوەی نەوتی کوردستان لە رێگەی تۆڕی بۆرییە نەوتەکانی عێراقەوە؟**

**سەفیە:** یەکەم جارە گوێم لەو قسەیە دەبێت، هیوادارم ئەو لێدوانەی ئەو جارێکی دیکە بەعەرەبی لەرۆژنامە عێراقییەکاندا بڵاوبکرێتەوە، چونکە من دەزانم بەشێکی زۆر لەئەندامانی حیزبەکەی خودی تارق هاشمی شتێکی دیکە دەڵێن. هاشمیش ئەگەر بۆ دەزگایەکی عەرەبی قسەی بکردبا بە شێوەیەکی دیکە قسەی دەکرد. ئەگەر بەعەرەبی بڵاوبکرێتەوە رۆژی دووەم بەیاننامەیەک دەردەکەن و دەڵێن مەبەستمان ئەوە نەبووەو ئەمە بووە. من لەگەڵ ئەوەی ئەو لێدوانەی بەڕێز تارق هاشمی بەرز دەنرخێنم، هیواخوازیشم ئەو وەک سەرۆکی یەکێک لە قەوارە گرنگەکانی ناو پەرلەمان و وەک جێگری سەرۆک کۆمار بێت بەو روونییەو بەزمانی عەرەبی لەگەڵ ئەندامانی حیزبەکەی خۆی هەمان شت بڵێ. خۆ ئەوە هەر تەنیا تارق هاشمی نییە کە بەشێوەیەکی روون و شەفاف لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەناکات، من بەرپرسم لەم قسەیەی خۆم، جگە لە هاوپەیمانیی کوردستان هیچ لایەنێکی دیکە لەسەر مەسەلەی نەوت بەروونی قسەی نەکردووە، ئەوانیدیکە لەژوورە داخراوەکاندا قسەدەکەن، بۆیەش هیچ لایەنێکی سیاسی گەورە لەوانەی کورسی زۆریان لەپەرلەماندا هەیە، یان نوێنەرایەتییەکی گەورەیان لەحکومەتدا هەیە، نەهاتوون دەرگای هەندێ مەسەلە بەجورئەتەوەو بەشێوەیەکی شەفاف لەگەڵ جەماوەری خۆیان و لەگەڵ گەلی عێراق بکەنەوە.

**رووداو: زۆر کەس پێیوایە زۆر لە ئەندامانی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی بەغدا ناچالاک و بێ توانان، رای تۆ چییە؟**

**سەفیە:** لەبارەی کارکردنی هاوپەیمانیی کوردستان لەبەغدا قسەی زۆرم هەیە، یەکەم: لەنێو ئەوانەی نوێنەرایەتی هاوپەیمانیی کوردستان دەکەن لەحکومەت بێت یان لەپەرلەمان، هەیانە بەڕاستی باشە، بەڵام بەگشتی پێموایە لەمەسەلەی نوێنەرایەتی کورددا لەبەغدا دەبێ چاوپێداخشاندنەوەیەک هەبێ. من زۆر راشکاوانە قسەدەکەم، جاری واهەیە شتێکی بچووک زۆر گەورە دەکرێ، لەشێوازی مامەڵەکردن، لەو زمانەی بەکاردێ، لە بەدواداچوون و لەدروستکردنی پەیوەندی و دروستکردنی هەڵوێستی هاوبەش، ئێستا قەوارەیەکی وەک هاوپەیمانی کوردستان دەبێ هەڵوێستی رۆشنی هەبێت لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە دیموکراسی و عەدالەتەوە هەیە، نەک تەنیا ئەو مەسەلانەی کە هەر پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستان و کوردەوە هەیە، ئەو بەپێی ئەو بەڵێنەی بەخەڵکی عێراقی داوە، دەبێ بڵێ لەپرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی بترازێ وەک شەریک قبووڵتان ناکەین، من پێشتر ئەوەم بەزیاتر لە بەرپرسێکی کورد گوتووە، بە بارزانی و تاڵەبانی و سەرکردەکانی دیکەشەوە، پێمگوتوون ئەو عێراقەی دەمانەوێ لەگەڵ لایەنەکانی دیکە حوکمی بکەین دەبێ عێراقێکی دیموکراسی بێ و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ و نوێنەرایەتی یەکسانی بۆ هەمووان دابین کردبێ، ئایا ئەمانە هەموو هەن، لەم مەسەلانەدا کەموکورتی گەورە هەبووە. من ناڵێم هەموو نوێنەرەکان خراپ بوون، بەڵام هەندێ جار لەهەڵبژاردنی کەسەکاندا هەڵەکراوە، هەندێ لەوانە ئەرکی سەرشانی خۆیان بەباشی رانەپەڕاندووە، هەندێکیان وەک ئەوەی تەنیا فەرمانبەرێک بن نەک خاوەنی مەسەلەیەک بەوجۆرە رەفتاریان کردووە. هەندێکیان لەڕووی پەیوەندی دروستکردنەوە سەرکەوتوو نەبوون و هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ کەس نییە، لەکاتێکدا ئەوە پێویستییەکی سەرەکییە، تۆ کە نەتوانی پەیوەندی دروستبکەی و کەسێکی گۆشەگیر بی چۆن دەتوانی کاریگەری پۆزەتیڤ لەسەر خەڵک دابنێی، لەبەرئەوە ئامۆژگاری من ئەوەیە کە چاوێک بەمەسەلەی نوێنەرایەتیدا بخشێننەوە. مەسەلەیەکی دیکەش هەیە کە ئەوە کێشەی هەموو عێراقەو دەبێ سەرکردایەتی کورد لای خۆیەوە وازی لێبێنێ، مەبەستم ئەو تێڕوانینەیە کە پێیوایە فەراشێکی حیزبی باشترە لە بەڕێوەبەرێکی بەتوانای ناحیزبی.

**رووداو: تارق هاشمی هەر لەو هەڤپەیڤینەدا باسی ئەوە دەکات کە ویستێک هەیە بۆ هێشتنەوەی کێشەکان بەچارەسەرنەکراوی و مەسەلەکەش بەهێزکردنی پێگەی حیزبە، دەڵێ بینیمان ئەو سیاسەتە لەم هەڵبژاردنەی دواییدا لەموسڵ کاری خۆی کرد؟**

**سەفیە:** ئەو قسەیە زۆر راستە، بەڵام تارق هاشمی خۆی و حیزبەکەشی بەشێکن لەو سیاسەتە. ئەو دەمگێڕێتەوە بۆ قسەکەی پێشوو، لەعێراقدا کەسایەتییەک نەبوو بتوانێ بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا بەرەوڕووی کێشەکان ببێتەوەو شەفافانە باس لەڕاستییەکان بکات، دەستەبژێر دەبێ بەشی ئەوە ئازایەتی تێدابێ کە وەختێک قسە بۆ گەل دەکات بەڕوونی قسەبکات.

**رووداو: لەگەڵ ئەوەی هەموو قەوارە سیاسییەکان بەوشێوەیە قسەدەکەن، بەڵام سەرئەنجام بینیمان مالیکی هەر لەشوێنی خۆیەتی و کەس بانگی نەکردە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی بۆیان روونبکاتەوە ئەسڵی ئەو کێشانە چین، ئایا بەڕاستی مالیکی بووەتە ئەو دیکتاتۆرەی نەتوانن بانگی بکەنە بەردەم پەرلەمان؟**

**سەفیە:** مالیکی تاکە کەسێکە کە رای خۆی بە ئاشکرا گوتووە، زیاتر لەجارێک گوتوویەتی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دەستوور، من لەهەندێ مەسەلەدا لەگەڵی ناکۆکم، بەڵام زۆر رێزی دەگرم، چونکە بەروون و ئاشکرا رای خۆی گوتووە. ئەوانیدیکە شتێک دەڵێن و بەجۆرێکی دیکە رەفتار دەکەن، ئەگەر بەڕاستی لەنێو پەرلەماندا رایەک هەبووایە دەربارەی پێویستیی لێپرسینەوە لەمالیکی پێموایە مالیکی دەهات، لانیکەم لەدوای هەڵبژاردن، پێش هەڵبژاردن کەمێک زەحمەت بوو دەنگی پێویستی بۆ کۆبکەیتەوە، چونکە پێشتر لەنێو پەرلەماندا نوری مالیکی هێندەی دەنگ هەبوو کە نەتوانی رای زۆرینە مسۆگەر بکەی، بەڵام دوای هەڵبژاردن هاوکێشەکە بەجۆرێکی دیکە گۆڕاوەو ئێستا هاوپەیمانێتییەکان گۆڕاون و هەندێ لەوانەی پێشتر لەگەڵی بوون ئێستا بوونەتە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئەو جددیەتە لەنێو پەرلەمان نییەو کەس ئامادە نییە ئەوە بکات، تەنانەت هاوپەیمانەکانیش.

**رووداو: هەندێک دەڵێن مالیکی مافی ئەوەی نییە بڵێ فڵان ماددەی دەستوور قابیلی جێبەجێکردن نییە، چونکە ئەو بەو سیفەتەی سەرۆک وەزیرانە، نوێنەری دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، کاتێک ئەو نوێنەری دەسەڵاتی جێبەجێکردنە قسەیەکی وا دەکات، ماناکەی ئەوەیە کە نایەوێ ئەو ماددەیە جێبەجێ بکات، کەواتە پەرلەمان مافی خۆیەتی لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات؟**

**سەفیە:** بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ مالیکی بکرێ دەبێ دەنگی پێویست کۆبکرێنەوە، ئەمە پێشتر نەبووەو ئێستاش ئەگەر هەبێ، گومانم هەیە مالیکی بۆ ئەو جۆرە بابەتانە بانگ بکرێ. من بەرپرسم لەم قسەیەی خۆم، مالیکی ئەگەر بانگێشت بکرێ بۆ پەرلەمان گومانم هەیە دەربارەی دوو مەسەلە پرسیاری لێبکرێ: کێشەی ماددەی 140و کێشەی یاسای نەوت و غاز. ئەگەر هاوپەیمانەکان بڕیار بدەن مالیکی دێت، بەڵام بۆ مەسەلەی دیکەی وەک ئاسایش و گەندەڵی و شتی دیکە، چونکە ویست و حەزو ئارەزوویەک نییە بۆ لێپرسینەوە دەربارەی ئەو دوو بابەتە لە دانیشتنێکی گشتیدا، چونکە هەستدەکەن بەوە لەبەردەم ئەو فکرو کولتوورە شۆڤێنییەدا کە ئەمڕۆ لەزۆربەی ناوچەکانی عێراق هەیە، دەدۆڕێن. بۆیە گومانم هەیە مالیکی لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ماددەی 140 هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ بکرێ، گومانیشم هەیە هیچ لێپرسینەوەیەک لەگەڵ مالیکی و وەزیری نەوت لەسەر مەسەلەی نەوت و غاز بکرێ، وەزیری نەوت ئەگەر لێپرسینەوەشی لەگەڵ بکرێ لەسەر سیاسەتەکانی دەبێت لەمەسەلەی نەوتدا، نەک لەسەر هەڵوێستەکانی بەرامبەر هەرێمی کوردستان. مەسەلەی لێپرسینەوە مەگەر تەنیا هەر رای هاوپەیمانیی کوردستان بێ، ئەوانی دیکە لەگەڵ ئەوەنین.

**رووداو: بەڵام هەندێک دەڵێن مالیکی بەهەڵوێستی توند بەرامبەر کورد رای شەقامی عەرەبی بەدەستهێناو بەپارەش هەندێ وەزیری کورد و سەرکردەی هەندێ لەحیزبە کوردییەکانی بێدەنگ کردووە؟**

**سەفیە:** نا ئەوە ناهەقییەکی گەورەیە وا بگوترێ بەرامبەر وەزیرەکانی کورد. بەڕاستی مالیکی لەو ناکۆکییانەدا یەکەم کەس و تاکە کەس نەبووە، هەموومان دەزانین لەنێو پەرلەمان کۆمەڵێک لایەن لەیەکتر کۆبوونەوە کە ناویان لەخۆنا گرووپی 22ی تەمموز، ئەو گرووپە بەپلەی یەکەم داوایان دەکرد دەستوور هەموار بکرێ. من بەرگری لەمالیکی ناکەم چونکە من لەحیزبی ئەو نیم و سەربەخۆم، بەڵام مالیکی کەسێکی تێکۆشەر بووەو لەکوردستان خوێندوویەتی و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کورد هەبووە، لەو بڕوایەشدایە کە پەیوەندی لەگەڵ کورد پەیوەندییەکی ستراتیژییە، رەنگە بەشێوەیەکی نامەقبول هەندێ رەفتاری کردبێ، وەختێک مەسەلەکان دەگەنە جددیەت باوەڕ مەکە مالیکی لەوجۆرەبێت کە ئێسکی کورد بشکێنێ، چونکە دەزانێ شکاندنی کورد واتە شکاندنی خۆی.

**رووداو: تۆ سەرەتا لەنێو لیستی عەللاوی بووی، هەندێ پێیانوایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و بۆ سەقامگیری و بنیاتنانی عەلمانیەت و دیموکراسی هاتنەوە سەرکاری عەللاوی تاکە چارەسەرە، رای تۆ چییە؟**

**سەفیە:** ئەیاد عەللاوی پیاوێکی نیشتمانپەروەرە، قورسایی و مێژووی خۆی هەیە، ئێستا ئێمە رامان هەرچییەک بێت، هەڵبژاردن هەیەو لەهەڵبژاردندا میللەت دیاری دەکات کێی دەوێ. بەڵام من پێموایە هەر سەرکردەیەکی سیاسی بگاتە هەر پلەیەکی بەرپرسیارێتی ناتوانێ بەتەنیا حوکمڕانی بکات، سیستمی حوکمڕانی لەعێراق دیارە کە بەشێوەیەکی تەوافوقی دەبێ و هەر بڕیارێکی چارەنووسساز هەبێ دەبێت رای هێزە سەرەکییەکانی لەسەربێ.

**رووداو: زۆرکەس دەڵێن هەقوایە کورد هەندێ کەسایەتی عەرەب بهێننە ناو لیستی خۆیانەوەو لەپەرلەمان بێت یان لەحکومەت ئەوانیش بەشداریکەن، ئەگەر پێشنیازێکی وا بۆ تۆ کرا، قبووڵی دەکەی؟**

**سەفیە:** لەهەر شوێنێک کارێک بدرێتە من بۆ عێراق دەیکەم، من سەر بەهاوپەیمانیی کوردستان نیم، بەڵام شانازی بەئینتیمای خۆمەوە بۆ کوردستان و بۆ بەغداو بەسرەش دەکەم، بەردەوام دەبم لەبەرگریکردن لەگەلی خۆم. ئەگەر ئێمە گەیشتینە ئەو قۆناخەی کە سەرکردە سیاسییەکان بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکان تەنیا بیر لەخەڵکی حیزبی نەکەنەوەو بەدوای خەڵکی بەتواناداد بگەڕێن، ئەوە مانای وایە ئێمە هەنگاوێکی گرنگمان بۆ ساڕێژکردنی برینە سیاسییەکان ناوەو هەنگاوێک لە بەشبەشانێ (محاصصة) دوورکەوتووینەتەوە. پێموایە سەرکردایەتی کورد پێویستی بەوەیە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بیر لەشەراکەتی راستەقینە بکاتەوە، هیوادارم کەشوهەواکە بەوجۆرە لەباربێت کە خەڵک بتوانن بەناوی عێراقەوە بەلیستی هاوبەش دابەزن و لەو کەسانەبن کە باوەڕیان بەدەستوور و بەکاری دیموکراسیانە هەیە. نازانم ئاخۆ بەتێڕوانینی کورد کاتی ئەوە هاتووە لیستی بەوشێوەیە تێکەڵ دروستبکرێ یان نا، بەڵام من هیوادارم بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئەوە ببینین.

## لەبەر کولتوری شۆڤێنی کەس لێپرسینەوە لەسەر کێشەی نەوت و مادەی 140 لەگەڵ مالیکی ناکات

داود باغستانی، کەسایەتی نزیک لە سەرکردایەتی PKK:

# PKK شێت نەبووە بچێتە باخچەی ئاژەڵان



داود باغستانی (فۆتۆ:رووداو)

**رووداو- هەولێر**

سیاسەتکاری کورد، داود باغستانی بەدووری زانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ماوەیەکی نزیکدا ئازاد بکرێ و گوتی "بۆ ئەوەی کەسێکی وەک عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئازاد بکرێ، پێویستە حکومەتێکی بەهێز لە تورکیا هەبێ، حکومەتی ئێستای تورکیا زۆر لەوە لاوازترە بتوانێ بڕیارێکی وا بدات". داود باغستانی کە چەندان جار لەگەڵ ئۆجەلان دانیشتووە پێش گرتنی دەڵێ "ئەو هەر بەر دەبێ، بەڵام بە دیاریکراوی نازانم کەی بەر دەبێ".

پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا لە 2009/3/29دا بەگەرمی باس لە پرۆژەی ئەمرە تەنەری بەرپرسی دەزگای میت دەکرا بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، کە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی چەکدانانی PKK بوو، بەڵام دوای ئەو هەڵبژاردنە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا زیاتربوون و هەڵمەتی گرتنی ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP دەستی پێکرد، بەڵام لێدوانی عەبدوڵڵا گیولی سەرۆک کۆمار بۆ پێویستی چارەسەری کێشەی کورد لە ساڵی 2009دا و پشتیوانیکردنی ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران لێی، هیوای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی باکووری کوردستانی ژیاندەوە.

داود باغستانی، کە کەسێکی نزیکی سەرکردایەتی PKK یە دەڵێ" لێدوانەکانی گیول هیچی نوێیان تێدانەبوو، بەڵام دوای سەردانی ئۆباما، تورکیا دەزانێ ئەمریکا چارەسەری کێشەکەی دەوێ، ئەو خەیاڵەیان پووچ بووە کە دەیان گوت هیلاری کلنتن دۆستی ئێمەیە و ئەوجارە بە کەیفی خۆمان دەکەین". باغستانی پێیوایە "مەسەلەی کورد لە باکووری کوردستان تەقیوەتەوە، نە عەسکەر دەتوانێ کۆنترۆڵی بکات نە سیاسییەکانی تورکیا".

باغستانی لەهەمانکاتدا پێیوایە PKKیش بەرامبەر تورکیا وەکو جاران هەڵسوکەوت ناکات و ئێستا "زۆر عاقڵانە" هەڵسوکەوت دەکات " ئێستا PKK دەڵێت ئێمە شەڕ خواز نین، ئامادەین بۆ ئاشتی، پیلانمان نییە لەگەڵ دوژمنانی تورکیا، نامانەوێ تورکیا پارچە پارچە بکەین، ئەوانە هەنگاوی زۆرگرنگن و PKKی بەهێزتر کردووە".

داود باغستانی ئاماژەی بەوەدا کە چەند هەوڵێک هەبووە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان شەڕی PKK بکات "تورکیا بە رێککەوتن لەگەڵ مالیکی دەیویست حکومەتی کوردستان لەگەڵ PKK شەڕ بکات، بۆ ئەوەی کورد لە بەغدا لاواز ببێ"، ئەو گوتیشی " لەو قۆناخەدا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان شەڕی PKK نەکات و هاوکاریشی نەکات، بۆئەوەی زیان لە بەرژەوەندی کورد نەدات و خۆیشی ئیحراج نەکات".

بەپێی لێدوانی عومەر میرانی، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا، لەسەرەتای ئەمساڵ دا پلانی ئەوەهەبوو، پرۆژەی ئاشتی بە چەکدانانیPKK دەست پێ بکات.

وەک چەندین ناوەندیش بڵاویانکردەوە، تورکیا دەیویست 150 سەرکردەی PKK ببرێنە ئوسترالیا و، ئامادەنەبوو لێبووردنی گشتیی بۆ گەریلاکانی PKK دەربکات، بەڵکو دەیویست تاماوەیەک بەبێ چەک لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان لە چەند کامپێکدا لە باشووری کوردستان دا کۆبکرێنەوە. بەڵام PKK ئەوە رەتدەکاتەوە، چەکدانان دەخاتە دوای گفتوگۆی سیاسی راستەوخۆ لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ باکووری کوردستان و ئازادکردنی ئۆجەلانەوە.

باغستانی هەر پرۆژەیەکی وا بە رەتکراوە دادەنێ لەلایەن PKKەوەو دەڵێ "ئەوە راست نییە، ئەو PKKیەی ئێستا لە چیایە ئەندامانی لە ماڵی باوکی خۆیان نانێک هەبوو بیخۆن، ئەوان شێت نەبوون کە دەستیان دایە چەک بەو چیایانە کەوتن، ئێستاش شێت نەبوون بە ئاسانی چەک دابنێن و بچنە کەمپەکانەوە و وەک ئاژەڵان پێیانبڵێن وەرن و ئەوانیش بڕۆنە باخچەی ئاژەڵان و خەڵک بێت سەیریان بکات، PKK کارێکی واناکات".

باغستانی پێیوایە، دوای گرتنی ئوجەلان PKK لەنێو نەچوو وەک هەندێ کەس پێشبینیان دەکرد، بەڵکو بەهێزتربووە "چونکە پێشتر بەهۆی بوونی ئوجەلان لە سوریا رەنگە ناچاربووبێ رەچاوی بەرژەوەندی سوریا بکات ئێستاش ئەوەش نییە، ئەوەتا DTP بوونی فراوانتربووە و ئۆباما و گیول پێشوازی لێدەکەن، ئەوەش پەیامێکە بۆ هەموو لایەک کە کورد لەباکووری کوردستان خاوەن نوێنەری ناوشارانیشن، هەرکەسێک بیەوێ کێشەکە چارەسەربێ دەتوانێ لەگەڵیان دابنیشێ".

باغستانی پێیوایە بوونی PKK هیچ ئیحراجییەک بەپێی یاسای نێودەڵەتی بۆ حکومەتی کوردستان دروست ناکات لە باشووری کوردستان " چونکە PKKلە ساڵانی هەشتاکانەوە لە باشووری کوردستانە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئەوە کێشەیەکە لەنێوان PKKو تورکیادا، ئەو تێیدا تەرەف نییە".







## ئەمریکا سەردانی کەمپی مەخموور دەکات

رووداو-DIHA

ژەنەراڵ براون، جێگری فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لەگەڵ بەرپرسی کاروباری کۆچبەران لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق سەردانی کەمپی پەنابەرانی باکووری کوردستانیان لە مەخمور کردو لەگەڵ ئاوارەکان کۆبوونەوە. دوای کۆبوونەوەکە، دەستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد کرد لەبارەی ژیانی ئاوارەکانی کەمپەکە. جێگری فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان رایگەیاند، لەو سەردانەدا گوێیان لە باسی ئەو زۆردارییە راگرت کە تورکیا بەرامبەر کوردی کردووە گوتی"هەرچییەکمان لە دەست بێ بۆ چارەسەری ئەم پرسە ئەنجامیدەدەین".

# گیول و قەرەیلان باسی چارەسەری گەرمدەکەنەوە

## پێشوازیکردنی عەبدوڵڵا گیول لە کۆشکی کۆماری لە حەسەن جەمال دوای سەردانی بۆ قەندیل جێگەی سەرنج بوو

**هێمن خۆشناو**
**تایبەت بە رووداو**

چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا جارێکی دیکە کەوتەوە رۆژەڤ، لێدوانەکانی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانی تورکیا و پەیامی موراد قەرەیلان لە رێگەی رۆژنامەنووس حەسەن جەمالەوە بۆ رای گشتی تورکیا، پرسی چارەسەکردنی کێشەی باکووری کوردستانی گەرمکردەوە.

هەفتەی رابردوو لەکاتی گەڕانەوەی لە پراگی پایتەختی چیک، عەبدوللا گیول سەرۆک کۆماری تورکیا، لەدیداری رۆژنامەنووساندا رایگەیاند"دەتانەوێ بە کێشەی کورد بڵێن تیرۆر، یان باشووری رۆژهەڵاتی یان کێشەی کورد، یان هەر ناوێکی دیکەی لێدەنێن، بەڵام کێشەی کورد کێشەی هەرە سەرەکی تورکیایە، سەت لە سەت پێویستە چارەسەر بکرێ، پێویستە دەرفەت لەدەست نەدرێ".

هەروەها رەجەب تەیب ئەردۆغان لە دیدارێکی رۆژنامەڤانیدا لەگەڵ عیسمەت بەرکان بەڕێوەبەری گشتی رۆژنامەی رادیکاڵ، ئاماژەی بەهەندێک خاڵی ئەرێنی کرد بۆ چارەسەری کێشەی کورد. بەرکان لەدوای دیداری لەگەڵ سەرۆک وەزیران لە گۆشە رۆژنامەییەکی رۆژنامەکەیدا نووسیویەتی "پێموایە ئەردۆغان وەڵامێکی ئەرێنی داواکارییەکەی ئەحمەد تورک، لەمەڕ داوای دانیشتن لەگەڵی دەداتەوە"

ئاکین بیردال، پەرلەمانتاری DTP بۆ (رووداو) گوتی لێدوانەکانی ئەو دواییەی گیول و ئەردۆغان ئەرێنین و گوتیشی "بۆ گەڕانەوەی متمانە، سەرەتا پێویستە ئۆپەراسیۆنەکان رابگیرێن و یەکەم هەنگاویش بۆ گەیشتن بەچارەسەری وەڵامدانەوەی سەرۆک وەزیرانە بۆ داواکاری DTP کە ئاساییبوونەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو پارتە".

PKK تائێستا چەندین جار ئاگربەستی یەکلایەنەی راگەیاندووە، بەڵام لە ماوەی دیاریکراوی ئاگربەستدا، چەندین جار هێرش ئەنجامدراوە، یان لایەنێکی نادیار ویستوویەتی بە رێگای هێرشکردنە سەر سوپا ئەو ئاگربەستە تێکبدات، ئەمەش وا دەکات کە هەمیشە لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارانە لەو قۆناغە هەستیارەدا بەگومان بن.

پرۆفیسۆر. دۆغو ئەرگیل، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەنقەرە، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) پێیوایە، "بەر لە چارەسەری پێویستە دەربارەی جۆری ئەو کێشەیە چەمکێک دەستنیشان بکرێت، چونکە تاوەکو ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو کێشەیە نییە"، هەروەها گوتیشی" تا ئەو ساتانە لەگەڵ کێشەکە خەریک نەبووین، بەڵکو لەگەڵ بەرپرسانی کێشەکە خەریکبووین. بۆ ئەوەی کێشەیەک چارەسەر بکرێت پێویستە پێناسەیەکی دیاریکراوی هەبێت، تیرۆریزم، هۆکاری چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد نییە، بەڵکو ئەنجامیەتی. بەڵام ئێمە ئەوەمان وەکو کێشەی تیرۆر داناوەو هەموو وزەو سەرچاوەکانی وزەمان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر خەرجکرد".

نووسەر ئومێد فورات، لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەی تەرەفی تورکی،باسی لە گرنگی سەردانەکەی حەسەن جەمال بۆ قەندیل کردووە و دەڵێ"پەیامی قەرەیلان زۆر گرنگ بوو، گرنگییەکەشی لەوەدا دەرکەوت کە سەرۆک کۆماری تورکیا حەسەن جەمالی بۆ کۆشکی جانکایا (کۆشکی کۆماری) بانگهێشتکرد، ئەمانە هەموو ئاماژەی ئەرێنین بۆ ئەو قۆناخە". هەروەها فورات دەنووسێت "شتێک نەماوە لەبارەی چارەسەری پرسی کورد نەگوترابێ، کێشەکە لەوەدایە پرسەکە چۆن دەخرێتە واری جێبەجێکردنەوە".

بەڵام د. دەیڤد رۆمانۆ، یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بواری لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی رۆدز لە ئەمریکا و، پسپۆرە لەکاروبارەکانی تورکیا، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) چوونی حەسەن جەمال بۆ قەندیل بە گرنگ نابینێ و دەڵێ" هەموو حکوومەت و دەزگایەکی زانیاری بەردەوام هەوڵدەدات دەرگای پێوەندی لەگەڵ دوژمنەکەشی واڵا بێت، هەروەکو سون تزووی نووسەر و فەرماندەی سەربازی بەنێوبانگی چین دەڵێ پێویستە دوژمنەکەشت وەکو خۆت بناسیت".

گفتوگۆیەکی ئازاد هەموو کەس فۆرمیلەکانی دەخاتەڕوو. لەدوای ئەمەش بەهەمووومان دەگەینە فۆرمیلەیەکی هاوبەش". ئالچی دەڵێ "ئەگەر سەرۆک کۆمار دەستپێشخەربێت و تا خاڵێکی دیاریکراو سازش لەنێوان رێبەرەکان بکات، ئەوا پەرلەمانیش چاو لەسەرۆکی فراکسیۆنەکانیان دەکەن. بەڵام ئەگەر ئەو گفتوگۆیانە لەبەردەم رای گشتی بکرێن، گفتوگۆی من یان تۆ دێتە ئاراوە. بەتەواوەتی پێویستە لەپشت دەرگا داخراوەکان بۆچوونە زۆر لێکدوورەکان لێک نزیکبکرێنەوە".

پرۆفیسۆر. دۆغو ئەرگیل، جەخت لەسەر بێدەنگکردنی چەکەکان دەکاتەوە بۆ گەڕانەوەی متمانە" متمانە بەیەکتر کردن لەگەڵ بێدەنگکردنی چەکەکان پەیدا دەبێت، چونکە هۆکارێک هەیە لە مرۆڤ دەکات بێ متمانەبێ. هیچ وڵاتێک رێگا نادات جگە لەهێزە چەکدارە فەرمییەکانی، لایەنێکی دیکە خاوەن چەک بێ. PKK بانگەشەی " بەرگری رەوا" دەکات، بەڵام ئەمەیان مایەی متمانە نییە. ئەو

### دەبێ PKK چەک دابنێ و تورکیاش وادەیەک بۆ جێبەجێکردنی داواکاریە شیاوەکان دیاری بکات

پرۆفیسۆر دۆغو ئەرگیل

بەهۆی شەڕی چەند ساڵەی نێوان کورد و سوپای تورکیا، متمانە بەیەکترکردن لە ئاستێکی زۆر نزم دایە، بە بێ گەڕانەوەی متمانەش، هەوڵەکان ئەنجامیان نابێ، هەردوو لاش چاوەڕێن، لایەنی بەرامبەر هەنگاوی یەکەم بنێ.

شەرەفەدین ئالچی سەرۆکی گشتی پارتی KADEP، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی رادیکاڵی تورکی، دەڵێت هەبوونی نیازی چارەسەری، کلیلی پرسەکەیە. بە پلەی دووەمیش بوونی ئیرادەی چارەسەریە. هەروەها دەڵێ "ئێمە ئێستا لە قۆناخی نیازی چارەسەری داین. پاشانیش لەچوارچێوەی رێکخراوە وادەیەک دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی داواکاریەکانی جێبەجێبکرێن و لەبەرامبەریشدا ئەو دەستبەرداری چەک دەبێت. بەڵام ئەگەر چەک بەکاربێنێت و بەردەوام بێت لەسەر کوشتن ئەوا بانگەشەکانی متمانەیان نامێنێت. دەوڵەتی تورکیاش پێویستە بۆ جێبەجێکردنی داواکاریە شیاوەکان وادەیەکی گونجاو رابگەینێت تا لەماوەیەکی دیاریکراو جێبەجێیان بکات".

بیرداڵ، دەڵێت بۆ گەڕانەوەی متمانە پێویستە حکوومەت پرۆژەی نەهێشتنی نا هاوسەنگی کۆمەڵایەتی- ئابووری لەهەرێمەکە جێبەجێبکات، لێبووردنی گشتی دەربکات، سیستەمێکی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە پەیڕەو بکات.

وەقفی لێکۆڵینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی تورکیا TESEV، لە تشرینی دووەمی 2008 راپۆرتی ساڵانەی خۆی لەژێر ناوی (نەخشەرێی چارەسەری پرسی کورد) بڵاوکردەوە. کە چەند پێشنیازێکی بۆ حکوومەت کردبوو گرنگترینیان کۆتایهێنان بە ئۆپەراسیۆنەکان، لێبووردنی گشتی، خوێندن بە زمانی زکماکی و داوای لێبوردن لە گەلی کورد لەبەرامبەر ئەو نەهامەتییانەی بەسەری هاتوون.

بروفیسۆر د.ئەحمەد ئاڵتان، خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی تەرەف، دەربارەی چارەسەری دەڵێت "سەرەتا پێویستە رەوشەکان ئاسایی بکرێنەوە، ناوە کوردییەکان بۆ گوندو شارەکان بگەڕێندرێنەوە، دەرکردنی لێبووردنی گشتی، هەڵوەشانەوەی ماددەی 66 دەستووریی کە پێناسەی هاووڵاتیبوون دەکات وتەنیا پابەندە بە ئەتنیکێک، کەمکردنەوەی بەربەستی هەڵبژاردن، بەنەزاکەتبوون بەرامبەر DTP کە لەناو هاووڵاتیانی تورکیا دوو ملیۆن و نیو دەنگی بەدەستهێناوە".

سیاسەتمەدارانی کورد گەشبینن بەرامبە ئەو لێدوانانەی لەلایەن بەرپرسی باڵاکاتی تورکیاوە لەبارەی چارەسەری پرسی کورد دەدرێت. هەروەها زۆر بە گەرمی پێشوازی لە پێشنیازی دروستکردنی ئەنجوومەنی عاقڵمەندان دەکەن بۆ چارەسەری پرسی کورد.

میتحەت سینجار، ئەکادیمی و سیاسەتمەدار بۆ (رووداو) دەڵێت "پێویستە سەرەتا سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیرو سەرۆک ئەرکان بێنە لای یەکترو هەلومەرجی لەبار برەخسێنن بۆ دەستبەرداربوونی PKK لە چەک، هەروەها پێویستە بە چەند قۆناخێک سیستەمی گوندپارێزی (جاشایەتی) هەڵبوەشێننەوە".

هاشم هاشیمی پەرلەمانتاری پێشوو، کە وەکو ئەندازیاری ئاشتی لە تورکیا بەناوبانگە، لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەی رادیکاڵی تورکی، جەخت لە گرنگی خستنە سەرپشتی هەموو دەرگاکان دەکاتەوە "پێویستە دەرگاکان بۆ دانوستان کراوەبن. من تەنیا ئەمەیان بۆ DTPنالێم، بەڵکو بۆ رێبەرو سیاسەتمەدارانی کوردیش دەڵێم. ئەگەر لەچیاکان بەهەزاران سیاسەتمەدار بمێننەوە پرسەکە چارەسەر نابێت".

ئۆرهان میرئۆغلۆ، نووسەرو سیاسەتمەداری کورد لەتورکیا، بۆ رادیکاڵ، ئەوەی بۆ چارەسەری پرسی کورد بۆ ئەو حکوومەتە رەخساوە بۆ حکوومەتەکانی پێش ئەو نەڕەخساوە، بۆ چارەسەری پرسەکە یەکێک لەتواناکارە هەرە گرنگەکان AKPیە ئەوەی تریان DTP، ئەوەی هەرە باشیشە هەبوونی هەردووکیانە لەناو پەرلەمان. ئەگەر بەهەردووکیان سووربن لەسەر چارەسەری و دینامیکیەکی بەهێز سازبکەن ئەوە دەتوانرێت هەر لەناو پەرلەمان پرسەکە چارەسەر بکرێ".



مەشعەل تەمۆ

### کەڕووبی بەلای کورددا دێت و رەزاییش هێرشدەکاتە سەر سەوزەکانی سوێد

# ریفۆرمخوازانی ئێران رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لای خۆیان رادەکێشن

**بیلال سەعید**
**تایبەت بە رووداو**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران، نوێنەرانی سێ گرووپی رۆژهەڵاتی کوردستان: رێکخراوی مافی مرۆڤ، ئیتحادییەی دیموکراتی خوێندکارانی کورد و بەرەی یەکگرتووی کورد، لەگەڵ مەهدی کەڕوبی، پاڵێواری ریفۆرمخوازەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران کۆبوونەوەو باسیان لە مافە پێشلێکراوەکانی کورد کرد لە ئێران کرد.

زیاتر لە 127 کەس خۆیان بۆ ئەوە تۆمارکردووە کە وەک کاندیدی خولی دەیەمی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران قبولبکرێن، کە لە نێویاندا چوار رکابەری سەرەکی هەن، ئەوانیش مەهدی کەڕوبی و میر حوسێن موسەوی لە ریفۆرمخوازەکان و مەحمود ئەحمەدی نەژاد و موحسین رەزایی لە موحافیزکارەکان. هەڵبژاردنەکە لە 2009/6/22 ئەنجامدەدرێ و 46 ملیۆن و 200 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە.

سەرەتای ئەو مانگە، نوێنەرانی ئەو سێ گرووپەی کورد لەگەڵ مەهدی کەڕوبی سکرتێری حیزبی ئیعتمادی میللی کۆبوونەوە و باسیان لە مافە پێشێلکراوەکانی کورد کرد. پێشتریش 55 کەسایەتی سیاسی و رۆشنبیری رۆژهەڵاتی کوردستان لە تارانی پایتەخت بەیاننامەکیان دەکرد و ئاماژەیان بە 6 خاڵ دابوو، ئەگەر هەر پاڵێوراوێک ئەو 6 خاڵە جێبەجێ بکات دەنگی پێدەدەن و داواش لە کوردانی رۆژهەڵات دەکەن دەنگی پێبدەن.

شەش خاڵەکەش بریتیبوون لە: دەستوور کە بەرزترین دەسەڵاتە لە وڵاتدا جێبەجێبکرێت، خوێندن بە زمانی دایک بۆ هەموو نەتەوەکان دەستەبەر بکرێت، هاووڵاتیان لە بەرامبەر یاسادا بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، کورد خۆیان پارێزگاکانی کرماشان، کوردستان، ئیلام، سنە و ئازەربایجانی رۆژئاوا بەڕێوەببەن، هەروەها ئەو چوار پارێزگا کوردییەی کورد کە بەهۆی شەڕی نێوان ئێران و عێراق دا تووشی زەرەری زۆر بوون قەرەبوو بکرێنەوەوخزمەتگوزاریزیاتریان بۆ بکرێت، دروستکردنی شورا لە شارۆچکەو لادێکان کە لە دەستووردا هاتووەو دەسەڵاتەکانیان دیاریکراوەو جۆرێک لە دەسەڵاتی لامەرکەزییان تێدا پەیڕەو بکرێ.

ئیجلال قەوامی، وتەبێژی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، کە یەکێکبوو لەوانەی لەگەڵ کەڕوبی کۆبووەوە، بە (رووداو) راگەیاند "ئێمە 15 پێشنیازمان خستە بەردەم کەڕوبی، هەروەها فریناز کەبودوەند خێزانی د.محەممەد سەدیق کەبودوەند، سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، کە ئێستا لە زینداندایە باسی خراپی بارودۆخی خراپی دوکتور کەبودوەندی کرد، کەڕوبیش بەڵێنیدا بەدواداچوونی کێشەی کەبودوەند بکات".

هەروەها موختار زاریعی، نوێنەری بەرەی یەکگرتووی کورد رایگەیاند کە ئەوانیش چەندین داواکارییان خستووەتە بەردەم کەڕوبی لەبەرامبەر پشتیوانیکردنی بۆ دەرچوونی بە سەرۆک کۆمار، کە گرنگترینیان چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان، رێگەدان بە چالاکی کۆمەڵایەتی جۆراو و جۆر، ئازادی زیاتر بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان، جێبەجێکردنی ماددە 15ی یاسای بنەڕەتی ئێران کە تایبەتە بە زمانی زکماکی نەتەوەکانی ئێران و هەروەها دروستکردنی دەزگای ئەکادیمی تایبەتی (فەرهەنگستان) بۆ زمانی کوردی.

بەو پێیەی خوێندکاران لە ئێران رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی لە ئێران. کەڕوبی لەگەڵ نوێنەری خوێندکارانی کوردیش کۆبووەوە. فەرشای دەستوور پوور، نوێنەری ئیتحادییەی دیموکراتی خوێندکارانی کورد، سەبارەت بە کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ کەڕوبی بۆ (رووداو) گوتی "سەرەکیترین داخوازی ئێمە بریتیبوون لە مافی بوونی نوێنەری رێکخراوی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەو کەسانەی کراونەتە نوێنەری خوێندکاران، کە بە خوێندکارانی ئەستێرەدار ناسراون، رەچاو نەکردنی مەزهەب و نەتەوە لەکاتی دەستنیشانکردنی نوێنەر لە هەڵبژاردنەکاندا"، ئەو نوێنەرەی خوێندکارانی کورد گوتیشی "لەوانەیە خوێندکارانی کورد بە فیعلی بەشداری هەڵبژاردن بکەن".

وەک بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ئاماژەیان پێدا مەهدی کەڕوبی لە وەڵامی داواکارییەکاندا گوتوویەتی " ئەگەر لە هەڵبژاردن سەرکەوتن بەدەستبێنم، تەواوی هەوڵەکانی خۆم دەخەمە گەڕ بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانتان، من زۆرتر کار دەکەم نەک قسە و دروشم گوتنەوە".

نوێنەرانی کورد کۆک نین لەسەر هەڵبژاردنی پاڵێوراوانی ئێران، بەڵام پێدەچێ زیاتر مەیلیان بەلای ریفۆرمخوازەکانەوە بێ، بەتایبەتی مەهدی کەڕوبی. لایەنگرانی مەهدی کەروبیش بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی کورد، هەر لەئێستاوە ئافیش و پۆستەرەکانی خۆی کە تێیدا لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دا تەوقە دەکات، بڵاودەکەنەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئیجلال قەوامی لە بارەی پشتیوانیکردنی پاڵێوراوەکانەوە گوتی "رێکخراوەکەی ئێمە پشتگیری لە هیچ پاڵێوراوێک ناکات، بەڵام نوێنەری رێکخراوەکانی دیکە پشتیوانی ریفۆرمخوازەکان دەکەن، بەتایبەتیش کەڕوبی و موسەوی". دوای ئەوەی موسەوی خۆی کاندید کرد، محەممەد خاتەمی خۆی کێشایەوە، وەک خۆی گوتی " بۆ ئەوەی دەنگی ریفۆرمخوازەکان پەرتنەبن".

کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵبژاردنی 22ی مانگ بەدەرفەت دەزانن، تا لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە فشار بخەنە سەر ئێران بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان. لە داواکانیشیاندا زیاتر مەسەلەی خوێندن بە زمانی کوردی و ئازادی زیاتر بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان زەقدەکەنەوە. وەک ئەو نوێنەرانە رایانگەیاند ویستویانە سەردانی موسەوی بکەن، بەڵام میر حوسێن موسەوی کاتی نەبووە.

ئەو جموجۆڵەی نێوان کوردو ریفۆرمخوازەکانی ئێران، بووەتە مایەی نیگەرانی موحافیزکارەکان. موحسین رەزایی کە سەر بە موحافیزکارەکانە دوای خۆ پاڵاوتنی بۆ سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند "وروژاندنی مەسەلەی نەتەوەکان لەبەرژەوەندی ئێران نییە و دەبێت هەموومان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار بین". هەروەها نابراو لە هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەڤانیشدا حیزبی سەوزی سوێدی بەوە تاوانبار کرد کە پشتگیری لە نەتەوەکانی ئێران دەکات و دەست لەکاروباری ناوخۆی ئێران وەردەدات بەمەبەستی پارچە پارچەکردنی ئێران.



مەهدی کەڕوبی

### یەکێتی ئەوروپا و رێکخراوە جیهانییەکان ناڕازین

# سیاسەتکار مەشعەل تەمۆ بە سێ ساڵ ونیو زیندان حوکمدرا





سیروان حەجی بەرکۆ
sirwan@amude.com

**رووداو- ئەڵمانیا**

" من باجی ئازادی قسەکردن دەدەم"، ئەمە قسەی مەشعەل تەمۆی سیاسەتکاری کوردە. تەمۆ دوای ئەوەی دادگا بڕیاری خۆی دەربارەی ئەو ئاشکرا کرد: سێ ساڵ و نیو زیندان.

دادگای یەکەمینی تاوانەکان لە دیمەشق سیاسەتڤان و چالاکڤانی مافی مرۆڤی تەمەن 51 ساڵی بە تۆمەتی " لاوازکردنی هەستی نیشتیمانی" و " بڵاوکردنەوەی بانگەشەی ناڕاست کە دەبنە هۆی رق نانەوە لەنێو گەل دا" تاوانبارکرد. مەشعەل تەمۆ لەبارەی ئەو تۆمەتانەی دادگا گوتی " ئەو تۆمەتانە سیاسی نین، بەڵکو ئەمنین و، لەچوارچێوەی یەک بیرکردنەوەیی بۆ کۆمەڵگەی سووری سەرچاوە دەگرن، کە لەهەمانکات دا هیچ زمانێکی یاساییان نییە".

مەشعەل تەمۆ، بەرپرس و گوتەبێژی فەرمی رەوتی دوارۆژی کوردی سوریا (تیار المستقبل)، کە لەساڵی 2005 دامەزراوە،لە سووریا وەکو بەرهەڵستکارێکی رژێمی سووریاو چالاکڤانی مافی مرۆڤ ناسراوە. خەبات و هەڵوێستەکانی تەمۆ بوونە هۆی ئەوەی لە 2008/8/15 لە نزیک شاری کۆبانێ لە رۆژئاوای کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئەمنی سوریا دەستگیر بکرێت.

بڕیاری دادگای دیمەشق دژی تەمۆ، توندکرنێکی تازەی بەرچاوی ئاستی چەوساندنەوەی کوردە لە سووریا، لەو پێنج ساڵەی دواییدا. لەدوای رووداوەکانی 12ی ئاداری 2004 لە قامشلۆ و راپەڕینی رۆژئاوای کوردستان، رژێمی سووریا سیاسەتێکی توند پەیڕەو دەکات. ئیبراهیم یوسف، رۆژنامەڤان و چالاکڤانی مافی مرۆڤ لەو هەڵوێستەی رژێم تێناگات. ئەو پێیوایە کە رژێم هەوڵدەدات" تۆڵەی خۆی لە کورد بکاتەوە، چونکە رووداوەکانی ئاداری 2004 لێدانێکی کوشندەبوون بۆ رژێمی سووریا، کە تا ئەوکات کورد نەیتوانیبوو بەو چریەوە رووبەڕووی رژێمی سوریا ببێتەوە" . یوسف لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) رووندەکاتەوە کە بە دەستگیرکردنی چالاکڤانانی کوردو چەوساندنەوەی کورد، سوریا دەخوازێ" کورد چاوترسێن بکات".

یەکێتیی ئەوروپا نیگەرانیی توندی بەرامبەر ئەو بڕیارەی دادگای دیمەشق دەربڕی و سەرۆکایەتی یەکێتیی ئەوروپا لە بەیاننامەیەکدا دووپاتی کردووە کە ئەوان پەیوەستن بە پشتیوانیکردن لە مافی گەلی سووریا سەبارەت بە ئازادیی رادەربڕین و مسۆگەرکردنی دادگاییکردنی دادپەروەرانە. چیک لەو بەیاننامەیەدا کە ئێستا سەرۆکایەتی یەکێتی ئەورووپا دەکات داوای لە سوریا کرد مشعەل تەمۆ و گیراوانی دیکەی رادەربڕین، ئازادبکات. هەروەها رێکخراوی ئەمنسی ئینتەرناشناڵ و چەند رێکخراوێکی دیکە بەتووندی ناڕەزاییان بەرامبەر بەو بڕیارەی سوریا نیشاندا.

بەتایبەتی لەو 12 مانگەی دواییدا، دەزگاکانی ئەمنی رژێمی سوریا کوردیان زۆر ئازار داوە. دەتوانین بڵێین رۆژێک تێناپەڕێت کە هاووڵاتییەکی کورد دەستگیر نەکەن، یان ئەشکەنجەی نەدەن یاخود لە کارو خوێندن دەرنەکرێ. دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاو فەرمانبەرانی دەوڵەت کە کوردن لە ئەنجامی چالاکیەکانیان لە بواری ئازادی رادەربڕین بە گواستنەوە بۆ شوێنی دوور لە شارەکانیان سزادران، لە کۆتایی نیسانیش سێ خوێندکاری کورد لە زانکۆی حەلەب دەرکران. ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی زانکۆ بڕیاریدا کە نابێت ئالان حوسێن، کاوە دێکۆو عەبدە رەمێ لەسەر خوێندنی باڵایان بەردەوام بن. هەرسێ خوێندکاری کورد رووبەڕووی ئەو سزایە گرانە بوونەوە، لەبەرئەوەی لە 12 ئاداری ئەمساڵ بەشداریان لە چالاکی وەستان بە بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە قوربانیانی کۆمەڵکوژی قامشلۆدا کرد، کە پێش پێنج ساڵ هێزەکانی حکومەت و عەرەبە شۆڤێنییەکان ئەنجامیاندا.

نووسەر ئیبراهیم یوسف،بڕیاری دژی چالاکڤانانی کورد وەکو بڕیارێکی" بێ پاساو" بەناو دەکات و دەڵێ:" لە کاتێکدا لەسەرانسەری جیهان کەم کەس لەسەر بیروڕای ئازاد دەستگیردەکرێن و سزا دەدرێن، سووریا درێژە بەو سیاسەتەی دەدات، ئەمەش لە بەرژەوەندی دەوڵەتدا نییە".

یوسف بەهۆی ئەو هەڵوێستەی دەوڵەت و دەزگاکانی بەداخەوە، بەڵام دەڵێ لەو کاتەی پارتی بەعس لە ساڵی 1963 دەسەڵاتی سووریای گرتووەتە دەست، ئەو حیزبە تەنیا بە چاوێکی ئەمنیانە تەماشای کێشەی کورد دەکات لە سوریا. ئەندامی کۆمەڵەی MAF ئاشکرا دەکات کە لەو کاتەوە" رژێمی سووریا وەکو پێویست سەیری کێشەی کوردی نەکردووە".

دوای ئەوەی رژێمی سووریا بەردەوام ئەندامانی پلە دوو و سێی پارتە کوردەکانی بەساڵان دەخستنە کونجی زیندانەوە، ئێستا دەستی بە گرتن و زیندانیکردنی بەرپرس و سەرکردەی ئەو پاتانە کردووە. ئیبراهیم یوسف ئەمە وەکو "رەوشێکی مەترسیدار" وەسفدەکات و دیاریکرد کە ئیتر هیچ کوردێک لەبەرامبەر رژێم هەست بە ئۆقرەیی ناکات. مەشعەل تەمۆ دەرهەق بەم رەوشە زۆر ئاگاداربوو، دەڵێ ئەگەر هیچ گۆڕانکارییەک نەیێتە ئاراوە، ئەو لە سێ ساڵی داهاتوو ناتوانێت هیچ شتێک بکات، بەڵام ئەو لە دادگا بەڕاشکاوانە گوتی" ئەو ژیان و ئازادی خۆی بۆ گەلی کوردو سوریا بەخت دەکات".

# کاروباری سیاسی

**عەبدوڵلا گیوڵ:**
**کێشەی کورد ئەندامێتی تورکیای لە یەکێتی ئەورووپا دواخست**



ڕووداو- UPI

سەرۆک کۆماری تورکیا عەبدوڵلا گیوڵ کە هەینی ڕابردوو بە سەردانێک گەیشتە دیمەشق بە کەناڵی "الدنیا"ی ڕاگەیاند، کە وڵاتەکەی "دەکرێ بەشداربێت لە پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی لە عێراقدا ئەگەر پێویستی کرد". هەروەها دووپاتیشیکردەوە کە بوونی کێشەی کورد ئەندامبوونی تورکیای لە یەکێتی ئەورووپا دواخست. لەهەمانکاتدا لەبارەی ناسنامەی کوردیشەوە گوتی"کورد لە سووریا سوورییین، لە عیراقیشدا عێراقین و لە تورکیاشدا تورکیایین".



## پسپۆری ئەمریکی دەیڤد ڕۆمانۆ:

# هاوپەیمانێتی ویەک لیستی پارتی و یەکێتی لە بەرژەوەندی ئیسلامییەکانە

**د. دەیڤد ڕۆمانۆ، یاریدەدەری پرۆفیسۆرە لە بواری لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ڕۆدز لە ئەمریکا و پسپۆرە لە بوارەکانی شەڕی گەریلایی، سیاسەتی ئیسلامی، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کورد و تورکیا و بارودۆخی پەنابەریتی لە جیهاندا.**

**لە ساڵی 2006 دا کتێبێکی لەسەر کورد بڵاوکردەوە بەناوی (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد)، چەندین توێژینەوەو ڕاپۆرتی لەسەر کورد و هەرێمی کوردستان ئامادەکردووە و یەکێک لەو توێژینەوە بەنێوبانگانەی کە لەسەر کوردستان ئەنجامیداوە، لەبارەی پارتە ئیسلامییەکانی کوردستان بووە کە لە ساڵی 2007 لەلایەن (سەنتەری جەیمزتاون)ی ئەمریکییەوە بڵاوکرایەوە.**

ڕووداو- هاوار عەبدولڕەزاق

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان لە چاوی خەڵک و دەزگا لێکۆڵینەوەییەکانی ئەمریکادا چۆن دەبینرێ؟**

**دەیڤد ڕۆمانۆ:** زۆرینەی خەڵکی ئاسایی ئەمریکی ئەوەندە زانیاریان لەبارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە. ساڵی ڕابردوو، قوباد تاڵەبانیم بۆ زانکۆکەی خۆمان بانگهێشت کرد بەمەبەستی قسەکردن لەسەر "عێراقەکەی دیکە"، زۆربەی قوتابییەکان و خەڵکی ناوچەکەش سەرسام بوون بەو زانیارییانەی لەبارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و

## زۆرینەی خەڵکی ئاسایی ئەمریکا زانیاریان لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە نییە

ئۆتۆنۆمی کوردی و، بۆچوونی جیاوازی کورد لە عێراق گوێیان لێبوو. تاڵەبانی وتارێکی زۆر جوانی پێشکێش کرد و کاریگەری لەسەر بۆچوونی زۆر لە ئامادەبووان کرد. هەندێ لە دەزگا لێکۆڵەرەوەکانی ئەمریکا، هێشتا نازانن بۆچی دەبێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ورياییەوە مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکات و بۆچی پێویستی بە هێزی پێشمەرگە هەیە و لەبەرامبەر بەغدادا پێداگری لە زۆر کاروباری ئاسایش. وا دیارە کە ئەوان هەر لە زووەوە مێژووی عێراقیان لەبیر کردووە، یاخود پێیانوایە تاکە هۆکاری چەوساندنەوەی کورد لە عێراقدا، سەدام حوسێن بووە، نەک بەهۆی ئەوەی کورد لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان دەچەوسێنرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە هەندێ پێشنیازدەکەن حکوومەتی مەرکەزی دەسەڵاتی زیاتر بێت و کۆنترۆڵی تەواوی لەسەر هێزەکانی ئاسایش و سوپا هەبێت (هەتا لە کوردستانیش) و دەسەڵاتی تەواوی بەسەر داهاتی نەوت و کۆنترۆڵکردنی شاری کەرکووک و ناوچەکانی دەوورووبەریدا هەبێ. ئەوانەی وەکو ئێمەشن کە سەردانی کوردستانمان کردووە (یەکەم سەردانم بۆ کوردستان لە ساڵی 1994 بوو)، هەوڵێکی زۆرمان داوە ڕوونی بکەینەوە بۆچی ئەو پێشنیازانە مەترسیدارن.

**ڕووداو: بۆچی داواکردنی کورد بۆ گەڕانەوەی ئەو شارو جێگانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە ڕژێمی بەعس کورد و تورکمانی لێدەرکردوون و عەرەبی لێ نیشتەجێکردوون، کە ئەوە لە دەستووری عێراقیشدا ڕێ پێدراوە، لەلایەن هەندێ دەزگای سیاسی ئەمریکی و میدیای ئەمریکی بە زیادەڕەوی کورد دادەنرێ؟**

**دەیڤد ڕۆمانۆ:** ئەمریکا سیستەمێکی فیدرالی مەرکەزی ڕێژەیی هەیە، زۆربەی ئەمریکاییەکان لەوە تێنەگەیشتوون بۆچی لە زۆرینەی وڵاتە فرە نەتەوەکاندا، کەمایەتییەکان پێویستیان بە دەسەڵاتی سەربەخۆ هەیە کە جیاوازبێت لە حکوومەتی فیدراڵی. هەروەها لەوە تێنەگەیشتوون کە سنوورەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان، لە دەرئەنجامی ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوەوە دروستبوون کە لە ساڵی 1991 کاتێک سەدام هێزەکانی لەو ناوچەیە کشاندەوە و بووە هۆی دروستبوونی ناوچەی دژە فڕین. لە هەمانکاتیشدا هەندێک ئەمریکی هەن ئەو مەسەلانە دەزانن، بەڵام بە ساکاری دەڕواننە ئەو کێشانە و بە چاوێکی ئەمریکی تەمەشای مەسەلەکان دەکەن، ئەمریکاش دەیەوێت بە زووترین کات عێراق ببێتە وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر، بۆ ئەوەی یەکسەر هێزەکانیان بکشێننەوە. گەورە بەرپرسانیش پێیاندەڵێن ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە کێشە دروست دەکات و ڕەنگە شەڕیشی لێ بکەوێتەوە، لەبەرئەوە ئەوانیش خۆیان لەو مەسەلەیە دوور دەخەنەوە.

هەروەها هەندێ نووسەر و ڕۆشنبیری ئەمریکیش هەن کە دەتوانین پێیان بڵێین "عەرەبیست"،ئەوانە زمان وکولتوری عەرەبییان خوێندووە و زیاتر قسە لەگەڵ عەرەب دەکەن و هاوسۆزن لەگەڵ عەرەب، ئەوانە بەبێ گوێدانە هیچ شتێک باوەشیان بۆ ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستی عەرەب کردووەتەوە، یاخود

تەواوی مەقپەیڤینەکە
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

دژی کوردی عێراقن لەبەرئەوەی هاوکاری حکوومەتی ئەمریکا دەکەن. بۆ نموونە ئەو ڕۆشنبیرانە بڕوای تەواویان بە مافی فەڵەستینییەکان و گەڕانەوەی ئاوارە فەڵەستینی و خاکی فەڵەستینی هەیە، بەڵام چەوساندنەوەی کورد و مافی چارەنووسی کوردیان ئەوەندە بەلاوە گرنگ نییە.

**ڕووداو: بڕیارە لە 2009/7/25 هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی پەرلەمانەکەی ئەنجامبدات، پێتوایە ئەوە ئەزموونێکی چۆن دەبێت بۆ کورد بەرامبەر جیهان؟**

**دەیڤد ڕۆمانۆ:** دڵنیا نیم لەمە، سیستەمی لیستی داخراو، بەردەوام ڕەخنەی توندی لێدەگیرێت، بە هەمان شێوەش هاوپەیمانێتی پارتی و یەکێتی و دابەزینیان بە یەک لیستی بواری هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن کەمدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنەکە بە ڕێکوپێکی بەڕێوەچوو و ئەنجامەکەشی ڕێزی لێگیرا، ئەوە هێمایەکی دیکە دەبێت بۆ سەرکەوتوویی خۆ بەڕێوەبردنی کورد.

## لیستی نەوشیروان مستەفا ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ دەنگدەران جگە لە لیستی ئیسلامییەکان

**ڕووداو: حیزبە ئیسلامییەکان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، لەگەڵ دوو حیزبی دیکە لیستێکی هاوبەشیان دروستکردووە، ئیسلامییەکان ئەوەیانکرد بۆ ئەوەی ئەزموونی حیزبی ڕەفا لە تورکیا و ئەزموونی جەزائیر بەسەریاندا دووبارە نەبێتەوە، دەترسان ڕۆژئاوا دژیان بوەستێ. پێتوایە حیزبە بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی ڕۆژئاوا ئیسلامییەکان چ شانسێکیان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟**

**دەیڤد ڕۆمانۆ:** ئەگەر پارتی و یەکێتی بەردەوام بن لەو هاوپەیمانێتییەی هەڵبژاردنیان، هەتا ئەگەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش بێت، ڕەنگە ئەمە لە بەرژەوەندی و بەهێزکردنی پارتە ئیسلامییەکان بێت، لەبەرئەوەی ئەوکات ئەوان بانگهێشت بۆ ئەوە دەکەن کە تاکە هێمای گۆڕان و ریفۆرمن، بەڵام لیستی نەوشیروان مستەفا کە ناوی گۆڕانە، ڕەنگە لەم حاڵەتەدا یارمەتیدەر بێت و ڕێگایەکی گونجاوی دیکەیە بۆ دەنگدەران. بەدڵنیاییەوە پارتی و یەکێتی دەبێ کارێکی سەخت بکەن بۆ ئەوەی وێنەی خۆیان لەچاوی دەنگدەران دا جوان بکەن و ئەوە پیشانی خەڵک بدەن کە سوورن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و خزمەتکردنی خەڵک. هەڵبژاردنیش بۆ ئەو مەبەستەیە، بۆ ئەوەی سەرکردە سیاسیەکان خزمەتی خەڵکی خۆیان بکەن.

نیگەران دەبم ئەگەر ئەو پارتە ئیسلامیانەی نێزیکی ئێرانن، ئەنجامێکی باشیان لە هەڵبژاردنەکان بەدەست هێنا. ئێران لە دڵەوە بەرژەوەندی کوردستانی عێراقی ناوێت و باوەڕیشم بەوە نییە کە پارە بدەیە ئافرەتێکی هەژار بۆ ئەوەی لەچک لەسەر بکات، یاخود چاپۆشیکردنی ئەو پارتانە لە خەتەنەکردنی کچان. بەدڵنیاییەوە من کەسێکی کراوەی ڕۆژئاواییم، لەبەرئەوە سروشتییە من هەمان بیروبۆچوونی کۆمەڵ و عەلی باپیرم نەبێت و تاکە شت کە من لەگەڵیان کۆک بم ئەوەیە کە دیموکراسی بەو مانایە دێت کە ئەوان ڕێگەیان پێدراوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی.

**ڕووداو: بەپێی ئەوەی شارەزاییەکی باشتان لە یەکگرتووی ئیسلامی هەیە، ئەگەر لە داهاتوویەکدا یەکگرتوو دەسەڵات بگرێتە دەست لە هەرێمی کوردستان، ئەو حیزبە چۆن ئیدارە و سیاسەت بەڕێوە دەبات؟**

**دەیڤد ڕۆمانۆ:** من ڕەشبینم، کاتێک چاوم بە سەرکردەکانی یەکگرتوو کەوت، خەڵکێکی زۆر باش و ڕێکوپێک بوون و لەسەر ئاستی تاکە کەسی خەڵکێکی خراپ نەبوون، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە سیاسەتەکانیان کراوەو لیبرال نییە و، بڕوام بەوە نییە کە تێکەڵکردنی سیاسەت و ئاین کارێکی باش و گونجاو بێت. ئایین بەشێکی گرنگی ناسنامەی خەڵکە و شتێکی تایبەتە، لەکاتێکدا سیاسەت یارییەکی پیسی ڕکابەرێتیی، هێز و ستراتیژیی ماکیاڤیلانەیە، بۆچی دەتەوێت ئەو دوو شتە تێکەڵاو بکەی، بەتایبەتی لەوکاتەی کە هەموو خەڵک سەر بە یەک ئایین نین؟ زۆربەی ئەوانەی کە یەک ئاینیشیان هەیە وەکو یەک پراکتیزەی ئاینەکە ناکەن و بەشێوەیەکی جیاواز دەڕواننە ئایینەکەیان.

**ڕووداو: پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی مالیکی کە کێشەی زۆری تێدایە پێتوایە بەرەو کوێ دەچن، شرۆڤەکارە عەرەبەکان دەڵێن ئۆباما لەسەردانەکەیدا بۆ بەغدا بە مالیکی گوت کێشەکانی لەگەڵ کورد چارەسەر بکات؟**

**دەیڤد ڕۆمانۆ:** مالیکی ئەو کارانە دەکات کە ئەو هەستدەکات دەسەڵاتی سیاسی ئەو بەهێز دەکەن، ئەمەش بەو مانایە دێت کە دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەنێت (ئەگەر پێی بکرێت) و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی پۆستی سەرۆک وەزیران لە بەغدا. سەرکردە کوردەکانیش پێویستە بە شێوەیەک یاری سیاسەت لە بەغدا بکەن کە خەڵکی وەکو مالیکی ناچار بکەن، پێویستی بە یارمەتی کورد بێت و ناچار بێت لەگەڵ کورد ڕێکبکەوێت. پێشموایە کە ئەوان ئەو کارە دەکەن و پێشبینیش دەکەم کە سەرکردە کوردەکان دووچاری تاقیکردنەوەی سەخت ببن لە داهاتوودا، وەک ئەوەی هاوینی ڕابردوو

## مالیکی ئەگەر پێی بکرێت دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نانێت

لە خانەقین بینیمان، پێویستیشە بگەنە ڕێگەچارەی ماماوەندی و هەموو کەسێکیش لە کوردستان لەگەڵ ئەوەدا بێت و تێبگەن لەوەی کە ئەو سازشانە پێویست بوون.

**ڕووداو: د.تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە دیدارێکیدا لەگەڵ (ڕووداو)دا دەڵێ حکومەتی مالیکی هیچ بیانوویەکی مەقبولی نییە کە ڕێ لە چوونە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەگرێ لە ڕێی بۆڕییە نەوتەکانی عێراقەوە، بەڵام ئەو کێشانە بۆ دەنگ کۆکردنەوە بەکاردەهێنێ، ڕای ئێوە چییە بەپێی لێکۆڵینەوەکانی خۆتان؟**

**دەیڤد ڕۆمانۆ:** بەخت یاوەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەی حکوومەتی عێراق هەستی بەوە کردووە پێویستی بە پارەیە، لەجیاتی ئەوەی کۆنترۆڵی "ئیفلاسی؟" بوونی خۆی بکات، بەتایبەتی لەسەر نرخی نەوت. ئێستا پێموابێت کێشەکە چارەسەر بووە و ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردی ڕێگەی پێدراوە، بەڵام کوردستان هەموو کات پێویستی بە هاوکاری بەغدا هەیە لەسەر مەسەلەی نەوت، لەبەرئەوەی بۆڕیە نەوتەکان بە عێراقی عەرەب، تورکیا و سووریادا تێدەپەڕن و کوردستانیش کەناری ئاوی نییە و دوورگە نییە.

## ڕووداو کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەخاتە سەر مێزی سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی عێراق

# عەلەییان: دەبێ هەموو عێراق دەنگ لەسەر چارەنووسی کەرکووک بدات

**میران حسێن**
**ڕووداو- بەغدا**

بەرپرسان و سیاسەتمەدارانی بەغدا بە دووری دەزانن کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا لەو خولەی پەرلەمان چارەسەر ببن، لەکاتێکدا نوری مالیکی لە تازەترین لێدوانیدا گوتی ئیدی بنەمای تەوافوق بەلاوە بنرێ، بەشێک لە سیاسەتکار و سەرۆک لیستەکانی پەرلەمانی عێراق ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە هەندێک لەلایەنە عێراقییەکان ڕەچاوی بنەمای تەوافوق ناکەن کە بەپێی دەستوور بنچینەی سیستەمی حوکمداری عێراقە. سەرەڕای پێکهێنانی پێنج لێژنەی باڵاو چەندین دیدار لەنێوان بەغدا و هەولێر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نیوانیان، بەڵام تا ئێستا کێشەکان چارەسەرنەبوون، لەکاتێکدا مالیکی لەبەردەم شاندی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دا گوتی دەست بە گفتوگۆ لەگەڵ هەولێر دەکەنەوە بۆ چارەسەری کێشەکان.

د.عومەر عەبدولسەتار کەربولی، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی ئیسلامی عیراق، پێیوایە ئەو کۆمەڵە خاڵە هاوبەشەی لەنێوان لایەنی کوردی و عەرەبیدا هەن، فاکتەری باشن بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکانی نێوانیان. ناوبراو لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند وەکو کێشەی نەوت، کێشەی ناوچە جێ ناکۆکەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ چارەسەر دەکرێن، دەبێ هەدوولا سازش بکەن، ڕاستە هەندێک لایەن زەرەرمەند دەبن لەچارەسەرکردنی ئەم کێشانە، بەڵام ئەمە لەبەرژەوندی گشتی عێراقدایە".

بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەوانەی پێشبینی دەکەن بەهۆی چارەسەر نەبوونی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان، شەڕ لەنێوانیاندا دروستببێ، د.عومەر گوتی "هیچ مەترسییەک لە ڕوودانی شەر لە نیوان هەردوولا لە ئارادا نییە، هەموو کێشەکان چارەسەر نابن، بەڵام لەساڵی داهاتوو لە پەرلەمانی نوێ چارەسەر دەکرێن".

هەندێک لایەنی عێراقی پێیانوایە کورد هۆکاری چارەسەرنەبوونی کێشەکانە و بەوە تۆمەتباری دەکەن کە دەست لە کاروباری ناوچە جێ ناکۆکەکان وەردەدات، لەکاتێکدا لایەنی کوردی دەڵێ هێزەکانی کوردستان لەئەنجامی بەشداری لە پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێم و لەسەر داوای بەغدا بۆ کۆنترۆڵی باری ئەمنی، هەروەها جگە لەوەش لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە ناوچەی دابڕاوی کوردستانن لەو شوێنانەن. ئوسامە نجێفی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق کە بەدوژمنێکی سەرسەختی داواکانی کورد ناسراوە، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "گەورەترین کێشەکانی نێوان هەردوولا کێشەی دەستێوەردانی هەرێمی کوردستان لە چەند ناوچەیەک کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، ئەوەی بەدیدەکرێ لایەنی کوردی بەشێوەیەکی ئیستفزازی بەدەر لە دەستوور هەڵسوکەوت دەکات"، گوتیشی "هیوادارین لە داهاتوودا لایەنی کوردی ئەو سیاسەتانەی بگۆڕێت، چونکە ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوەو دەبیتە هۆی دروستبوونی شەڕ لە نێوان حکومەتی ناوەندی وحکومەتی هەرێمی کوردستان".

خەڵەف علەییان سەرۆکی فراکسیۆنی ئەنجوومەنی دیالۆگی نیشتیمانی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت "نابێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکات کە ببێتە هۆی دروستبوونی حەساسییەت بۆ نەتەوەکانی دیکە، وەک هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزو هەندێک ناوچە بە زۆر بخەنە سەر هەرێمی کوردستان".

علەییان پێیوایە لایەنی کوردی سەرجەم مافەکانیان بەدەستهێناوە "بەڵام ڕازی نابین داوای زیاتر لەمافی خۆیان بکەن، وەکو داواکارییەکانیان دەربارەی کەرکووک و هەندێکی ناوچەی دیکە کە بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان چونکە ئەو ناوچانە موڵکی عەرەبن".

سالح موتلەگ، سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت پەیوەندی نێوان هەردوولا لە ئاستێکی خراپدایە، بەڵام پێشبینی دەکات کێشەکان چارەسەر بکرێن پاش ئەوەی هەردوولا سازش دەکەن" نابێت ئەو ناکۆکیانە بەردەوام بن، چونکە دەبنە هۆی لاوازبوونی هەردوولا". هەروەها لەو باوەڕەدایە پاش هەڵبژاردنی تازەی پەرلەمانی عێراق هەردوولا لە یەکتر نزیک ببنەوە و ماف و ئەرکی سەرجەم لایەنەکان دەستنیشانبکرێن.

فەوزی تەرزی ئەندامی لیستی سەدر، ئاماژەی بەوەدا کە شاندێکی لیستەکەیان هەفتەی ڕابردوو سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، بۆ لەیەک نزیککردنەوەی بۆچوونەکان و چارسەرکردنی کێشەی پارێزگای موسڵ، کە لیستی حەدبا کە ئەسیل نجێفی سەرۆکایەتی دەکات، ڕازی نییە لیستی برایەتی کورد کە 12 کورسی بەدەستهێناوە بەشداربکات لە ئیدارەی موسڵ، بەپێی بنەمای تەوافوق. هەندێک لە پەرلەمانتارانی عێراقی، سەرکۆنەی لیستی حەدبا دەکەن کە بنەماکانی تەوافوقی بەزاندووە، بەشێکیشیان بە مافی لیستی حەدبای دەزانن کە بە تەنیا حکومەتی پێکهێناوە.

د.عومەر عەبدولستار، دەڵێت "ئێمە دژی ئەوەین لایەنێک بە تەنیا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت،چونکە دژی بنەمای تەوافوقی نیشتیمانییە".

هەروەها عەلی ئەدیب کەسایەتی دووەمی حیز بی دعوەی ئیسلامی هاوڕایە لەگەڵ د.عومەرو دەڵێت "ئێمە دژی سیاسەتی قۆرخکردنی دەسەڵاتین، هەریەک لە لیستی حەدبا ولیستی برایەتی نەینەوا دەبێت کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و ڕێز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بگرن".

محەممەد جبوری، سەرۆکی لیستی سەربەخۆ لە پەرلەمانی عێراق، ڕەخنەی لە لایەن کوردی گرت لە پارێزگای نەینەوا "چونکە هیچ پاساوێکی نییە بۆ یاخیبوونی و بڕینی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارێزگا"، گوتیشی "لیستی حەدبا مافی ئەوەی هەیە بە تەنها حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام بارودۆخی عێراق نەگونجاوە، بۆیە دەبێت لەسەر بنەمای تەوافوق ئەو بابەتە چارەسەر بکرێت". جەلالەدین سەغیری ئەندامی پەرلەمانی عێراق و یەکێک گوتی "بەهۆی باردۆخی ئێستای عێراق ناتوانرێت ئاکامی هەڵبژاردنەکان بکرێتە بنەمایەک بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، بۆیە قۆرخکردنی دەسەڵات لە پارێزگای نەینەوا لەلای یەک لایەن مەترسی لێدەکەوێتەوە".

کەرکووک کێشە گەورەکەی نێوان بەغداو هەولێرە، کە ڕاپۆرتی بەیکەر –هاملتن بە "بەرمیلی بارووت" وەسفیکردووە، ئێستا ستیفان دیمستۆرای سەرۆکی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکەی بۆ چارەسەرکردنی داوەتە سەرکردەکانی عێراق و کوردستان، ڕاپۆرتەکە هەندێک لایەنی ڕازی و هەندێکیشیانی ناڕازی و توورە کردووە. هەرچەندە مادەی 140ی دەستوور ڕێگەچارەی کێشەی کەرکووکی داناوە، بەڵام لایەنەکانی عێراق پابەند نەبوون بە کاتی جێبەجێکردنەکەی و تەنانەت هەندێک لایەن فاتیحەیان بۆ گیانی ماددەکە خوێندووە.

فەوزی تەرزی، ئەندامی لیستی سەدر لە پەرلەمانی عێراق، بۆ (ڕووداو) دەڵێت "چارەسەرکردن و یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ئەوشارە دەبێت بەبەشداری سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو شارە بێت، بێ ئەوەی هیچ لایەنێک فەرامۆش بکرێت یان دوور بخرێتەوە". هەروەها جەلالەدین سەغیر، ئەندامی سەرکردایەتی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق، لەبارەی هەمان بۆ (ڕووداو) دەڵێ"باشترین ڕێگە چارەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140 ە".

خەلەف علەییان، کە وەک کەسایەتییەکی سوننەی دژ بە ماددەی 140 ناسراوە هەر لە سەرەتاوە،دەڵێ ئەو مادەیە لە ڕووی دەستوورییەوە ماوەی بەسەر چووە، بەڵام هێشتا دەکرێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ. ئەو دەڵێت چارەسەری کێشەکە پێویستی بە ڕێگەچارەی دیکەیە "دەبێت کێشەی کەرکووک لە ڕێگەی ڕاپرسییەک چارەسەر بکرێت کە لەسەرتاسەری عێراق ئەنجامبدرێت، نەک تەنها لەو پارێزگایە، چونکە دەبێت سەرجەم گەلی عێراق بەشداری بکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی ئەو پارێزگایە".



## مەولود باوەمراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:

# باشترە بوو چوار حیزبەکە لەگەڵ پارتی و یەکێتی بەیەک لیست دابەزن





**بەپێی ڕێککەوتنیان چوار حیزبەکە ئەگەر 21 کورسی بێنن، 10 کورسی بۆ یەکگرتووە، 8 بۆ کۆمەڵ و 2 بۆ سۆسیالست و 1 کورسی بۆ قەوارەی ئایندەی قادر عەزیز دەبێت . مەولود باوەمراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش ئەوە دەخاتەڕوو کە سەڵاحەددین محەممەد بەهادین لەگەڵ ئەوەدابووە یەکگرتوو بەتەنیا دابەزێت، بەڵام خۆی پێی باشبووە هەر چواریان ببنە هاوپەیمانی لیستی پارتی و یەکێتی، بەڵام لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەکی راستەقینەی داڕێژراو لەسەر بنەمای هەندێک بنەمای نیشتمانی بۆ پاراستنی کوردستان و چاکسازی نێوخۆیی.**

ڕووداو– هەولێر

**ڕووداو: بۆچی چوار حیزبەکە کاندیدیان نەبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟**

**مەولود باوە موراد:** سەرۆکی لیستەکە، مامۆستا سەڵاحەددین محەممەد بەهائەدین، بۆخۆی بۆچوونێکی وای نییە خۆی بپاڵێوێت بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ هیچ پاساوێک ئارەزو و ئیرادەیەکی وای نییە و حیزبی ئێمەش بیرکردنەوەیەکی وای نییە لەو قۆناخەدا بچینە ئەو مەیدانەوە، چوار حیزبەکە ئەگەر کاندیدیان هەبوایە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، لەبەرئەوەی مامۆستا سەڵاحەددین، سەرۆکی لیستەکەیە ئەو دەبوو، بەڵام ئەو خۆی نەپاڵاوت، لەبەرئەوە داوای لەو برادەرانە کردو گوتی پێمان باشە لەو قۆناخەی ئێستادا پاڵێوراومان نەبێت بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

**ڕووداو: باسی خۆ کاندیدکردنی محەممەدی حاجی مەحمود دەکرێت بۆ ئەوپۆستە، ئایا ئەوە لەکۆبوونەوەکانتاندا چۆن باسکراوە؟**

**مەولود باوە موراد:** لەکۆبوونەوەی هاوبەشی سەرکردەی چوار حیزبەکەدا باسکراوە، کاک محەممەدی حاجی مەحمود، ئارەزووی ئەوەی هەیە خۆی کاندید بکات. وەک شەخسی خۆی وەک هەر هاووڵاتیەکی کوردستان دەتوانێت خۆی کاندید بکات، بەڵام نوێنەر و کاندیدی لیستی چوار حیزبەکە نییە.

**ڕووداو:بەڕای تۆ بۆچی تاوەکو ئێستا رکابەرێکی ئەوتۆ نییە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟**

**مەولود باوە موراد:** کۆمەڵێک شت لەپشت ئەم بابەتەوەن، یەک لەوانە مێژووی کاک مەسعود، تواناو لێهاتوویی شەخسی خۆی و رەمزییەت و خەبات و کارکردنی، ئێستاش هەردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کۆماری عێراق سەرۆکایەتی لیستی کوردستانی دەکەن و خوا فرسەتی ئێمە بدات کەبتوانین مونافەسەیان بکەین. پارتی و یەکێتی پێکهاتوون کە کەسێکی دیکە ناپاڵێون بۆ سەرۆکی هەرێم، خەڵکانی دیکەش رەنگە ئامادەیی ئەوەیان نەبێت کە دەزانن براوە نین، دەنگەکانی ئەو بەهەدەر بدەن.

**ڕووداو: وەک لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە لە کۆبوونەوەکەی کۆیەدا بڕیارتدا لە سەرلیستی کاندیدکراوەکانی چوار حیزبەکە بۆ پەرلەمان بکشێیەوە، لەبەرچی؟**

### قسەکانی گۆڤاری گوڵان نا مەسئولانەن

**مەولود باوە موراد:** من سەرلیستی هاوپەیمانییەتییەکە نەبووم، ئەو باسەش لەئارادا نەبووە، ئەو باسە راگەیاندنەکان دروستیان کرد.

**ڕووداو: بەڵام تۆ لەناوکاندیدکراوەکاندا بووی بۆ پەرلەمان و کشایتەوە؟**

**مەولود باوە موراد:** لەناو لیستەکەی یەکگرتووی ئیسلامی بووم و کشامەوە.

**ڕووداو: لەبەرچی؟**

**مەولود باوە موراد:** پاش ئەوەی کۆتایی بەلیستی ناوی کاندیدەکانی یەکگرتووی ئیسلامی هات، گوتیان ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی زۆرە و چوار کەسە، هەندێک گیروگرفتیش لەناوچەکاندا هەیە بۆ رێکخستنی لیستەکە پێویست دەکات برایەک بکشێتەوە، منیش ئامادەی خۆم دەربڕی بۆ کشانەوە، پاشان، کشانەوەکەی منیان قبوڵ نەکرد و سەرکردایەتی بڕیاریدا هەر چوار بێت، بەڵام من نەگەڕامەوەو گوتم با برایەکی دیکە بێت.

**ڕووداو: بەپێی زانیارییەکان بەرامبەر 37 ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی شورای یەکگرتوو، تەنیا ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لەگەڵ ئەوەدا بوون کە یەکگرتوو بەلیستێکی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات، راستە؟**

**مەولود باوە موراد:** وەک خۆم ساخ نەبوومەتەوە، بەڵام ئەمیندار رای وابوو بەتەنیا دابەزین.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**مەولود باوە موراد:** پاش ئەوەی گرفت

### کورسییەکانی پارتی و یەکێتی زۆر کەمنابنەوە

بۆ حیزبی زەحمەتکێشان دروستبوو ئەمینداری گشتی قەناعەتی وابوو، رەنگە گرفت بۆ حیزبەکانی دیکەش دروستبکرێت، باشترە ئێمە بەتەنیا بین، بەڵام وەک خۆم لیستی چوار حیزبەکەم پێ باش بوو، بەڵام بەو شێوەی ئێستا نا.

**ڕووداو: واتە لەبەرئەوە نەبوو کە تۆ باوەڕت بەتێکەڵکردنی بەرەی ئیسلامی و عەلمانی هەیە؟**

**مەولود باوە موراد:** پشتگیری لەبەرەیەکی نیشتیمانی دەکەم و باوەڕم بەدابەشکردنی ئیسلامی و عەلمانی نییە، پێموایە دابەشکردنی ئیسلامی و عەلمانی لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا نابێتە هۆی جیاکردنەوەی سیاسی و بەرنامەی سیاسی، بەڵکو دەبێتە هۆی دابەشکردنی دینی و تەکفیری لێدەکەوێتەوە لەکۆمەڵگەدا، بۆیە زۆر دژی ئەو بیرکردنەوانەم کە هەندێ سیاسەتمەداری کورد هەیانەو پێیانوایە عەلمانی و ئیسلامی لەسەر بنچینەی بەرنامە یان پەیڕەو و پرۆگرام و پرۆژەیەکی سیاسییە، بەڵام وانییە، پێموایە دابەشکردنی عەلمانی و ئیسلامی دەبێتە هۆی دابەشکردنی کۆمەڵگاکە بەسەر دینی و بێ دینیدا، ئەمەش کارێکی خراپەو تەکفیری لێدەکەوێتەوە، بۆیە پشتگیری ئەوەمکرد ئەم لیستە دروست ببێت، بەڵام قەناعەتی دیکەم هەبوو کە ئەم لیستە چی بکات باشە.

**ڕووداو: لەگەڵ ئەوە نەبووی کە بەهاوبەشی لەگەڵ پارتی و یەکێتی دابەزن؟**

**مەولود باوەموراد:** پێموابوو ئەگەر دروستە مەترسییەک هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر دروستە کێشەکانی دەرەوەی لەسەر هەرێمی کوردستان ماون، هێشتا دەستوورێک لەهەرێمی کوردستاندا نییە، هێشتا کۆتایی بە شوێنەوارەکانی شەڕی ناوخۆ نەهاتووەو هێشتا وەزارەت ناتوانێت یەکبگرێتەوەو سنورەکانمان نا ئارامن، کۆمەڵێک گرفتمان لەپێشەو سەقامگیری تەواو و دڵئارامی تەواو لەم حکومەتی هەرێمەدا دروست نەبووە، پێموابوو باشتر وابوو چوار حیزبەکە هاوپەیمانییەتییەکیان لەگەڵ لیستی کوردستانی یەکێتی و پارتیدا بکردایە.

**ڕووداو: واتە تۆ پێت باش بوو، چوار حیزبەکە لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا یەک لیستیان دروست بکردایە؟**

**مەولود باوە موراد:** بەڵێ، بۆئەوەی بتوانن هەموو پێکەوە ئەو قۆناخە تێپەڕێنن و رێککەوتن لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ بکرێت، کە بکرێتە بەرنامەی حکومەت و پەرلەمان و بیکەنە بەرنامەی کاری سیاسی ئایندەو ببێتە پرۆتۆکۆلێکی نیشتیمانی کە هەموان پێکەوە کاری لەسەر بکەن، قەناعەتیشم وابوو لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا کورسییەک زیاد و کورسییەک کەم نەکرێتە گرفت، گرنگ ئەوەبێت لەسەر چی رێکبکەوین و بەراستی هاوپەیمانێتی بێت.

**ڕووداو: ئەم پێشنیاز و بیرۆکەیەت لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوودا خستەڕوو؟**

**مەولود باوە موراد:** نەخێر، کەئەزموونم کرد زانیم ئامادەییەک نییەو ئەو خەڵکانە هەموو ئەزموونی پێشوویان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا ناخۆشە و پێیانوایە کە پارتی و یەکێتی هەر ناوت لێوەردەگرن و ئیتر تۆ هیچ رۆڵێکت نییە لە بڕیاردان و بەشداریکردن دا، کە گفتوگۆم لەبارەی ئەم بۆچونەوە لەگەڵ دۆستانی خۆمدا کرد، ئەوان پێیانوابوو کە لیستی پارتی و یەکێتی لەسەر بنەمای رێککەوتنی ستراتیژی پێکهاتووە و ئێمە ناتوانین ببینە بەشێک لەو هاوپەیمانییەو ئەوانیش ئامادەیی ئەوەیان نابێت، تۆ وەکو هاوپەیمانێک وەربگرن.

**ڕووداو: رای زۆر بۆ پشتیوانیکردن لە بە تەنیا بەشداریبوون لەنێو قاعیدەی یەکگرتوودا زۆر دەبیستری، بۆ پێکهێنانی لیستی چوار حیزبەکە پرستان بەقاعیدەی خۆتان کرد؟**

**مەولود باوە موراد:** زیاتر لە 90%ی بەرپرسی مەڵبەندەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی لەگەڵ لیستی چوار حیزبەکەدا بوون و پێیانوابوو کە شەقامی کوردی و رای گشتی کوردی ئێستا چوار حیزبەکەیان لابووەتە حەقیقەت و لەجیابوونەوەماندا هەموو دەنگەکان پارچەپارچە دەبن و دەڕۆن، رەنگە پێشووتر ئێمە نوێنەری کۆمەڵێک دەنگی خەڵکی نارازی و بێزار و نیشتیمانی بووبین، بەڵام ئێستا برایانی لیستی گۆڕان هەن ولیستی دیکەش هەیە دەبێت ئێمەش بەتەنیا خۆمان نەهێڵینەوە، چونکە ئەگەر ئێمە بەتەنیا بین و کۆمەڵ بەتەنیا بێ، زیان لەدەنگە ئیسلامییەکان دەکەوێت و دەیکەیتە دوو بەشەوە، لیستی دیکەش هەبێت و تۆش بەتەنیا بیت زیان لەدەنگە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان دەدەی .

**ڕووداو: وەکو یەکگرتوو لەم هاوپەیمانییەدا باجی چیتان داوە؟**

**مەولود باوە موراد:** ناڵێم باجمان داوە، بەڵام دەبێت بیدەی، مەرج نییە باجەکەش مادی و کورسی بێت، باج لە بۆچووندا کەماوەیەکی زۆرە هەوڵی ئەوە دەدەی جوڵەیەکی نیشتیمانی

### ئێمە بۆ داکۆکیکردن لە هەندێ بەرژەوەندی لەگەڵ سۆسیالیست و زەحمەتکێشاندا کۆبووینەتەوە نەک نوێژە بەبارانە کردن

چاکسازی بخەیتەڕێ، جوڵەکەت خوازیاری دیموکراسی و ئازادی و کرانەوە بێت و بیرکردنەوەیەکی نوێ بخەیتەڕوو بۆ سیاسەت، رەنگە ئەمە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەو کەسانەی کەوا هاوپەیمان دەبیت لەگەڵیاندا نەگونجێت، بەڵام لەوانەیە برادەرانمان ئەوانەی هاوپەیمانن لەگەڵماندا لە هەندێک بیرکردنەوە بۆ کۆمەڵگە، بۆچونیان بۆ ئافرەت، بۆ ئازادی و چەمکەکانی دیکەی دونیا جیاوازبن، ئەوانیش دەبێت برێک تەنازول بکەن و ئێمەش هەندێک تەنازول بکەین. من بۆخۆم پێموایە ئەگەر چاومان لەئایندەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بێت، دەبێت زۆر پارێزگاری لەو بنەما فکریانە بکەین کە ئێمە هەمانەو حەرەکەتەکەش کەسەکانی دیندارین، نەک ببێتە حەرەکەتێک دینی کۆمەڵگە دابەش بکات.

**ڕووداو: محەممەدی حاجی مەحمود دەڵێت لەبەر هەڵوێستی یەکگرتوو لەسەر ژمارەی کورسییەکان، ئێمە کشاینەوەو گوتمان بەلیستی سەربەخۆ بەشداردەبین، بەڵام پاشان یەکگرتوو، گوتی هەڵەی ئێمە بووەو وەرن رێکدەکەوینەوە؟**

**مەولود باوە موراد:** نازانم ئەوەی کاک محەممەد دەیڵێت کەی بووە، بەڵام ئەگەر ساردی ئێمە هەبووبێت پەیوەستبووە بەکێشەی ناوخۆی زەحمەتکێشانەوە کە ئایا کاک قادر بەشێوەیەکی فەرمی دەتوانێت بەردەوام بێت و لەکۆمسیۆن مۆڵەتی ئەوەی دەدەن، چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد و دوای یەکلایی بوونەوەی کێشەکەش سەرکردایەتی ئامادەیی خۆی دەربڕی کە هەرچەند بۆ کاک قادر مابێتەوە گرفت نییەو با چوار حیزبەکە بەردەوام بن پێکەوە، لەبەرئەوەی چوارحیزبەکە لەنێو کۆمەڵگەدا رەمزیەتێکی بۆ دروست بووە، وڵاتانی دەرووبەر و ئەمریکا و بریتانیا چاویان تێبڕیوە لەبەرئەوە ئاسان نەبوو

### لەبەرئەوەی چوارحیزبەکە لەنێو کۆمەڵگەدا رەمزیەتێکی بۆ دروست بووە، وڵاتانی دەرووبەر و ئەمریکا چاویان تێبڕیوە لەبەرئەوە ئاسان نەبوو بکشێینەوە

لەلیستی چوار حیزبەکە بکشێیتەوە، ئەگەر ئێمەش کێشەمان هەبووبێت لەسەر دابەشکردنی کورسییەکان کێشەمان لەگەڵ برایانی کۆمەڵ دا هەبووەو ئەوەش هەر لەسەرەتاوە بڕیارماندابوو نەیکەینە کێشەو هەوڵی ئەوەبدەین جۆرێک لەهاوپەیمانێتی نوێ بخەینەڕوو کە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی فراوان بخەینە بەردەست هاووڵاتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکان، تاوەکو بتوانێت گەورەترین پانتایی دەنگ کۆبکاتەوە.

**ڕووداو: حیزبی شیوعی وچەند حزبێکی دیکە هاتوونەتەلاتان بۆ هاویمانێتی، بۆچی وەرتان نەگرتن؟**

**مەولود باوە موراد:** بۆ حیزبی شیوعی بەتەئکیدی زانیارییەکی وام نییە، بەڵام دوو حیزب هاتنە لامان، گوتمان ئەگەر هاوپەیمانەکانمان رازیبوون لاریمان نییە، بەڵام راستییەکەی پێمانوابوو ئەم چوار حیزبە بووەتە چوارچێوەیەکی ناسراوو زانراو، بۆ حیزبەکانی دیکەش ئەگەر رێگای هەر حیزبێک بکەیتەوە دەبێت رێگای دووەم و سێیەمیش بکەیتەوە، ئەم ژمارە زۆرەش ژمارەی حیزبەکان زۆر دەکات، بەبێ ئەوەی رێژەی دەنگەکان بگۆڕدرێت.

**ڕووداو: ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێت لە بەرئەوەی**

### لەبەر مێژوو و لێهاتوویی شەخسی کاک مەسعود رکابەری نییە

**کۆمەڵ و یەکگرتوو لەگەڵ سۆسیالست و زەحمەتکێشاندا هاوپەیمانیان کرد، بەشێکی زۆر لەئەندامانیان دەنگ بەئێمە دەدەن، پێشبینی شتی وا دەکەی؟**

**مەولود باوە موراد:** نەخێر، خەڵکێک هەیە ئیمانی بە دابەشکردنی بەرەی ئیسلامی و عەلمانی هەیە و پێیان وایە لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی دوور لەخواو دوور لەدیندا رۆیشتووین، راستییەکەشی بریتییە لە سادەبوون و تێنەگەیشتن لەپرۆسەی سیاسی و نەبوونی بەرنامەو ئامانجی سیاسی لەلایەن ئەورەوتانەوە. ئێمە بۆ ئەوە لەگەڵ سۆسیالست و زەحمەتکێشاندا کۆنەبووینەتەوە ئایین بگۆڕین و ئایدۆلۆژیا بگۆڕینەوە، بۆ ئەوە کۆنەبووینەوە نوێژە بارانە بکەین، تاوەکو ئەو بڕوای پێ هەبێت یان نا، بۆ ئەوە کۆبووینەتەوە داکۆکی لەکۆمەڵێک بەرژەوەندی بکەین کە لە پرۆژەیەکدا پێشکەشکراوە و لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکدایەو سیاسەتیش بریتییە لەبەرژەوەندی.

**ڕووداو: دەگوترێت ئەمریکییەکان لەچەند کەناڵێکەوە پەیوەندییان بەئێوەوە کردووە لەبارەی هەڵبژاردن، راستە؟**

**مەولود باوە موراد:** وەکو حکومەت ئاگام لێی نییە، بەڵام رێکخراوە ئەمریکییەکان و باڵیۆزخانەو کونسولخانەکانیان بەبەردەوامی پەیوەندییان لەگەڵ یەکگرتوودا هەیە، وەکو رێکخراوی IRI و رێکخراوی NDI و چەند رێکخراوێکی دیکە، بەڵام وەکو حکومەتی ئەمریکی بێن و گفتوگۆ لەسەر هەڵبژاردن بکەن ئاگام لێی نییە. دووشتم بەرێکی ئاگا لێیە، ئەمریکییەکان دەزانن لیستی چوار حیزبەکە هەیەو ئێمەش میحوەری ئەو لیستەین، ئەمریکییەکان زۆر بەدیقەتەوە چاودێری ئەو هەڵبژاردنەی هەرێمی کوردستان دەکەن و پێیانوایە ئەم قۆناخی هەڵبژاردنە قۆناخی ئاساییە و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ئەم هەڵبژاردنە سەنگی مەحەکی ئەو دیموکراتیەتەیە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد باسیدەکات، لەبەرئەوە زۆر بە وردی سەیر دەکەن و زۆر چاودێری خروقات دەکەن و زۆر لەوشتانە دەپرسن. ئێمە بوونی پەیوەندییەکە رەتناکەینەوە، دیموکراتەکان لە بیرکردنەوەی ئێمە بەرامبەر حکومەت و رۆژئاوا تێدەگەن، بەڵام هێشتا ئەوە ماوە کە ئەوان وەکو حیزبێکی سەربەخۆ لەئێمە تێبگەن کە تاوەکو چەند دەتوانین لەدەرەوەی هەموو تەیارە ئیسلامییەکان فیکری خۆمان لەهەرێمی کوردستاندا بەرهەم بێنین، ماوە ئەوەیان لەلا بسەلمێت.

**ڕووداو: بەهۆی لیستی نەوشیروان مستەفاوە، هەست ناکەن گرژی ئەم جارە بەرامبەر ئێوە کەمە؟**

**مەولود باوە موراد:** وا هەستناکەم گرژی ئەم جارە بەڕادەیەکی زۆر بێت و پێموایە جۆرێک لە ئۆقرەیی دەروونی و سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا هەیەو سەرکردایەتی سیاسی لەدڵەراوکێدا ناژی و پێشموایە دەسەڵات بەئاسانی خەڵکی بۆ هان نادرێت.

**ڕووداو: محەممەدی حاجی مەحمود، دەڵێ پێشبینی 35 تاوەکو 40 کورسی دەکەین بۆ لیستی چوار حیزبەکە، ئایا پێشبینی ئەو ژمارە دەکەن؟**

**مەولود باوە موراد:** پێشبینی بەڕێزیان پەیوەندی بەتێگەیشتنی خۆیەوە هەیەو، پێم وایە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە لە دۆخێکی ئازاد و ئارامدا بەڕێوە بچێت رەنگە ئەو چوار حیزبە 18 کورسییەکەیان بکەنە 25 کورسی.

**ڕووداو: یەکگرتووی ئیسلامی داوایەکی لەسەر گۆڤاری گوڵان تۆمارکردووە کە گوتبوی "یەکگرتوو و کۆمەڵ زیندانی عەقڵن"، وەک مەکتەبی سیاسی ئەو داوایە تۆمارکراوە یان وەک شەخس؟**

**مەولود باوە موراد:** دەزانم شتێکی وا هەیە، بەڵام نازانم کێ داواکەی تۆمارکردووە، گۆڤاری گوڵان قسەکانی نا مەسئولانەیەو لەجێگای خۆیدا نییەو بەشێکی زۆری موهاتەراتەو پەیوەستە بەریکلامی سیاسییەوە، حەیفە نووسەر لەپشت دەسەڵاتەوە پەلاماری خەڵکی دیکە بدات.

**ڕووداو: حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڵێن عەبدوڵڵا، لە راگەیێندراوێکدا بەپێی نووسراوی کۆمسیۆن و وەزارەتی ناوخۆ دەڵێن قەوارەی قادر عەزیز بەناوی (قەوارەی ئایندە) یە، بۆیە ئەو لیستە نابێت بەلیستی چوارحیزبەکە بەناو بکرێت، بەپێچەوانەوە پەنا دەبەنە بەر**

### کێشەمان لەگەڵ برایانی کۆمەڵ هەبوو لەسەر کورسییەکان نەک لەگەڵ سۆسیالیست

**دادگا، رای ئێوە لەوبارەوە چییە؟**

**مەولود باوە موراد:** پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردن پەیوەستە بەقەوارەوە، قەوارەکە بەناوی ئایندەوەیە، کاک قادر هەرگیز نەیگوتووە بەناوی حیزبی زەحمەتکێشان دادەبەزم، کێشەکە هی ناوحیزبی زەحمەتکێشانەو ئامادەیی ئەوەمان تێدانییە ببینە بەشێک لەوکێشانەو من پێموایە بەلیستی ئایندەش بەشداری کردووە لەلیستی چوار حیزبەکەدا.

**ڕووداو: پێتوایە یەکێتی و پارتی ئەمجارەش زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان دەهێنن؟**

**مەولود باوە موراد:** هەمان ژمارەی پێشوو ناهێنن، بەڵام زۆر کەمیش ناکات، نەک هەر دەتوانن حکومەت دروست بکەن، بەڵکو زۆرینەیەکی موریحیش دەهێنن.

| 1 تەن | | دینار | |
| --- | --- | --- | --- |
| $ 540 | | 118500 | $ 100 |
| $ 120 | | 160250 | € 100 |




# ئابووری

## 150کۆمپانیای ئێرانی دێنە هەولێر



**رووداو-هەولێر**
رۆژی 2009/5/18 لە هۆڵی پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر، پیشانگای دووەمی پیشەیی ئێرانی دەکرێتەوە، کە 150 کۆمپانیای ئێرانی لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری و خۆراک و تەکنەلۆژیا و ئاودێری و کەلوپەلی ناوماڵ و دامەزراندنی کارگە بەشداری تێدا دەکەن. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی راگەیاند، بازرگانانی ئێران نیازیان وایە دوای دوبەی قورسایی خۆیان بۆ وەبەرهێنان و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کاڵاکانی ئێرانی بخەنە سەر هەولێر، هەربۆیە بەو فرەوانییە بەشداری ئەم پیشانگایەیان کردووە، پیشانگاکەش لەژێر سەرپەرشتی ژووری بازرگانی ئازربایجانی رۆژئاوایە.

# حیزب لە جیاتی حکومەت پرۆژە ئەنجامدەدات

**رووداو-سلێمانی**
بەهۆی نەهاتنی بودجەی وەبەرهێنانەوە لەبەغدا، حکومەت توانای بڕیاردان لەسەر پرۆژە گەورەکانی نییەو، یەکێتی لەبری حکومەت پرۆژە لە پارێزگای سلێمانی دەکات و، بەرپرسانی یەکێتیش ئەوە رەتدەکەنەوە ئەوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بێت.

لە ماوەی نێوان 4/20- 2009/5/13 یەکێتی بڕیاری لەسەر ئەنجامدانی چەندین پرۆژە لەسەر حیسابی خۆیداوە، لەوانەش: دابینکردنی 10 ملیۆن دۆلار لەلایەن سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ سندوقی قەرزدان بەکەسوکاری ئەنفالکراوان، دروستکردنی 600 خانوو و لێدانی 100 بیری ئیرتیوازی لە گەرمیان، دروستکردنی 4 قوتابخانە بە 2 ملیۆن دۆلار لە سلێمانی، دروستکردنی 600 خانوو لە هەولێر بۆ خانەوادەی شەهیدان، دروستکردنی 4 هۆڵی وەرزشی و 10 خوێندنگەی دیکە لە سلێمانی.

بڕیاردان لەسەر ئەم پرۆژانە لەکاتێکدایە کە پێنج مانگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی نەهاتنی بودجەی وەبەرهێنان و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگەکان لەبەغداوە، نەیتوانیوە بڕیار لەسەر هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنان بدات. ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستا بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیان بۆ نەهاتووە نەیانتوانیوە بڕیار لەسەر هیچ پرۆژەیەکی نوێ بدەن. بەڵام وەزیری دارایی بەغدا هەفتەی رابردوو رایگەیاند بڕیاریانداوە دەست بکەن بەدانی 20%ی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگەکان.



### یەکێتی لەسەر بودجەی خۆی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام داوە

نوێنەری سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ کاروباری بازرگانی

حکومەتی کوردستان لەبەغداوە تەنیا 10% بودجەی 2009ی بەدەست گەیشتووە بەپێی گوتەی، بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی" ئەو پارەی لەبودجەی ئەمساڵ گەیشتووە بەشی مووچەی فەرمانبەرانیش ناکات".

عەبدوڵڵای حاجی سەعید، نوێنەری سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ کاروباری بازرگانی، رەتیکردەوە یەکێتی بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن و ریکلامکردن ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانە ئەنجامبدات "یەکێتی دەیەوێت خزمەت بکات و پێشتریش مەسەلەی هەڵبژاردن لە ئارادا نەبووە، یەکێتی لەسەر بودجەی خۆی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجامداوە".

کاتێک حکومەت پارەی نەبێت، دروستکردنی ئەو پرۆژانە لەلایەن یەکێتییەوەو بەتێچوونێکی زۆر گومان لای هاووڵاتیانی کوردستان دروست دەکات، کە دەبێت یەکێتی ئەو پارانەی لەکوێ بێت. (رووداو) لەبە دواداچوونێکدا، نەیتوانی هیچ بەرپرسێکی مەکتەبی دارایی یەکێتی وەربگرێت، بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار لەیەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "تەواوی بوودجەی ئەو پرۆژانە کە بڕیاری لەبارەوە دەدرێت، مەکتەبی دارایی یەکێتی دابینی دەکات، راستە ئەو حیزبە بودجەی مانگانەی هەیە لەحکومەت، بەڵام کۆمپانیای گەورەی هەیە کە داهاتی باش بەو حیزبە دەدەن".

مەکتەبی دارایی یەکێتی خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی نۆکانە، کە یەکێکە لە گەورەترین گرووپە کۆمپانیای کوردستان و لەبواری ئاوەدانکردنەوەدا کار دەکات.

محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، پێیوایە دروستکردنی پرۆژە لەلایەن حیزبەکانەوە هاوکارییەکە بۆ حکومەتی کوردستان "بودجەکە هی حیزبەکان بێت یان هەر هاووڵاتییەکی دیکە، لەسەر ئەرکی خۆی پرۆژەی خزمەتگوزاری بکات، حکومەت دەستخۆشی لێدەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە حکومەت پاڵی لێبداتەوەو پشت بەحیزب دەبەستێت".

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، ئاماژە بەوە دەکات کەوەکو پێویست بودجەی کوردستان لەبەغداوە نەهاتووە"بەڵام هەوڵیشمانداوە بەپێی ئەو بودجەیەی لەبەردەستدایە پرۆژە جێبەجێبکەین و نەوەستاوین".

هەرچەندە بەپێی گوتەی سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران "بەهۆی نەهاتنی پارەوە لەبەغدا پێدەچێت ژمارەی پرۆژەکانی حکومەت لەچەند مانگی رابردوودا کەمتر بێت"، بەڵام ئەوەی لەدەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی و پارتییەوە باس دەکرێت، ژمارەی پرۆژەکانی حکومەت زۆر زیادی کردووە، محەممەد قەرداخیش، هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە "جیاوازی ئێستاو سێ مانگ پێش ئێستا ئەوەبوو کە ئەو کارانەی حکومەت دەیکرد راگەیاندن وەک خۆی باسی نەدەکرد و ئەم پرۆژانەی ئێستا باس دەکرێن، هەیە تەمەنی چواردە ساڵەو هەشە تەمەنی شەش ساڵە".

عەبدوڵڵای حاجی سەعید، نوێنەری سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ کاروباری بازرگانی، هۆکاری دروستکردنی ئەو پرۆژانە لەلایەن یەکێتییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "خەڵک لەناوچە جیاجیاکان گلەیی ئەوەیان کردووە حکومەت وەک پێویست پرۆژەی نەبووە بۆ ناوچەکان و یەکێتیش کە لایەنێکی ئەساسی ئەو حکومەتەیە، بەپێویست و ئەرکی خۆی دەزانێت ئەو پرۆژانە لەسەر ئەرک و بودجەی خۆی دروست بکات".

# دیزاینی هەڵەی حکومەت جووتسایدی بەحرکەی دواخست

**سۆران بەهائەدین**
**رووداو-بەحرکە**

بارزان نور لەناو دوکانەکەیەوە سەیری پرۆژەی جووتسایدەکەی دەکرد و چاوەڕێی تەواوبوونی دەکات، بە قسەی بارزان کەمتەرخەمییەکی زۆر لە پرۆژەکەدا هەیە و ئاماژە بە بەردەم دووکانەکەی دەکات، کە خاکەکەی تەواو دابەزیوە "پێمگوتن خاکەکەی هەڵبگرن ئینجا پڕی بکەنەوە، بەڵام وایان نەکرد".

رەخنەکانی بارزان لە پرۆژەی جووتسایدی بەحرکەیە، کە درێژییەکەی 12 کیلۆمەترەو گوژمەی 6،5 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر.

### ئەگەر ئاگامان لێ نەبووایە بەڵێندەرەکە بەشەو جادەکەی بە بەرزی یەک مەتر بە یەک چین پڕدەکردەوە

سەپەرشتیاری حکومی پرۆژەکە

ئەو پرۆژەیە دەبووایە لە 2009/4/13 تەواو بکرایە، بەڵام بەهۆی هەڵەی دیزاین و ئاوەڕۆوە کاتەکەی بۆ 2009/8/1 درێژکراوەتەوە.

ئاواز عەبدولواحید بەڕێوبەری ناحیەی بەحرکە، هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکەی بۆ (رووداو) روونکردەوەو گوتی "هەرچەندە پرۆژەکە درابووە سێ کۆمپانیا تاوەکو زوو تەواو ببێت، بەڵام چەندین کێشەمان هاتە رێ، وەک باران بارین و رووخاندنی هەندێک دوکان و زیادکردنی ئاوەڕۆ کە پێشتر نەبوو، جگە لەوانەش لە هەموو هەولێر یەک تاقیگەی پشکنینی مادەکانی رێگاوبان هەیە، تا نۆرەمان گەیشتێ دواکەوتین".

هاووڵاتیانی بەحرکە گلەیی دەکەن کە چاوپۆشی لە کارەکانی بەڵێندەرەکە دەکرێت، وەک سدیق عوسمان، 25ساڵ، دەڵێت "بەتەواوی بێزاری بووین لە دواکەوتنی پرۆژەکە، تۆزو خۆڵ لەناوی بردووین، ئەوە 5 مانگە تەنیا قیرە کۆنەکەیان هەڵگرتووەو، رەسیفیان داناوە".

محەممەد شاکر، خاوەنی کۆمپانیای (ماء الذهب)، دواخستنەکە دەخاتە ئەستۆی حکومەت و پێیوایە کارەکانی حکومەت هەمووی هەڵە بووە بۆیە دواکەوتوون "دیزاینیان هەڵەبوو، ئێستا ئاوەڕۆیان بۆ زیادکردووە، مانگێکە کێشەیان چارەسەربووە". محەممەد رووی قسەی دەکاتە خەڵک و دەڵێت "خەڵکیش هیچ هاوکاریمان ناکات، بە ئۆتۆمبێل رێگەمان لێدەگرن، ئامادە نین رۆژێک دوکانەکەیان دابخەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی دیاریکراوی تازەدا تەواوی دەکەین".

ئەندازیار ژاڵە عەبدوڵڵا، سەرپەرشتیاری حکومی پرۆژەی جووتسایدی بەحرکە، هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئێستا بەدرێژایی 1200مەتر خەریکی دانانی ئاوەڕۆن، بۆیە ناتوانن لەو سایدە کاربکەن، جگە لەوەش "70رۆژ بەهۆی دیزاینی شەقامەکە لەناو بازاڕ دواکەوتین، چونکە ئەو دیزاینەی پێشتر بۆ ناو بازاڕ نەدەگونجا، بەهۆی بەرزی و نزمی خانووەکانەوە، ناچار بووین جادەکە لەسەر ئەساسی ماڵان دروست بکەین، 37 رۆژیشمان بۆ بەدواداچوونی ئیزافی وەرگرت". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوتی "60%ی پرۆژەکە تەواو بووە".



خەڵکی بەحرکە دوو رەخنە لە پرۆژەکە دەگرن: رەسیفەکانیان بەبێ ئەوەی ژێرەکەیان بپەستێنەوە داناون، جادەکە نەرمە (ئیسفەنج)ەو چارەیان نەکردووە.

ئەندازیار کەمال رەشید بەڕێوەبەری

### گرەنتی هەیە کە لەو جووتسایدەدا فێڵ نەکراوە

ئاواز عەبدولواحید

پرۆژەکە، ئاماژەی بەوەدا تەنیا 100مەتر نەرمە، بەڵام هێشتا سەب نەکراوە"یەک شوێنمان پێ بڵێن، ئیسفەنج بێت و سەبە کرابێت؟ خەڵک ئارامی لێ بڕاوە، هێشتا کات ماوە بۆ تەواوکردنی".

ئەندازیارێک بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو ماددانەی لە پرۆژەکە بەکاردەهێندرێن ناپشکنرێن. ئەندازیار ژاڵە عەبدوڵڵا هۆکاری ئەوەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە "دەتوانرێت پەلەبەرد یان تێکەڵە لە جادەکە بکرێت، ئەگەر پەلە بەرد دانرا، پێویستی بە پشکنین نییە". هەروەها ژاڵە رەتیکردەوە لێپرسینەوە لەکەمتەرخەمییەکانی بەڵێندەر نەکرێت و گوتی "رۆژ نییە، شەڕ لەگەڵ بەڵێندەر نەکەین، هەرگیز چاوپۆشی لێ ناکەین، نەمانهێشتووە یەک مەتر بە یەک چین پڕ بکاتەوە، ئەگەر ئێمە نەبووینایە زۆر شت دەکرا، بەشەو بە بەرزی یەک مەتر بەیەک چین پڕی دەکردەوە، بەڵام ئێمە بەردەوام چاودێری دەکەین، هەموو بەڵێندەرێک ئەگەر چاودێری لەسەر نەبێت کارەکانی بە نایاسایی دەکات".

بەڕێوبەری ناحیەی بەحرکە، داوای لە هاووڵاتیان کرد کە ئارام گربن. ئاواز عەبدولواحید لەوە دڵنیایە کە پرۆژەکە لەوادەی خۆی تەواو دەبێت و چاوپۆشی لەکاری بەڵێندەر ناکەن " گرەنتی هەیە کە لەو جووتسایدەدا فێڵ نەکراوە".



پرۆژەی جووتسایدی بەحرکە دواکەوتووە و خاوەن کۆمپانیاکە دەڵێ خەتای حکومەتە (فۆتۆ: رووداو)

# تونێلێک بۆ بەستنەوەی شەقامی سەد مەتری بە چل مەتری هەولێر دروستدەکرێ

**رووداو-هەولێر**
شەقامی سەد مەتری لە نزیک چوارڕیانی کاکەزیادەوە لەسەر رێی کۆیە، بە تونێلێک بە جادەی چل مەتری دەبەسترێتەوە و چەندین پردی پەڕینەوەش لەسەر شەقامی شەستمەتری دروست دەکرێن.

تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر رایگەیاند، کە لە سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر ساڵی 2009چەندین پرۆژەی جوانکردنی سیمای شار دەکرێن، وەک دروستکردنی بەرزەپردی دیکە لە شوێنە جەنجاڵەکان. لەمبارەیەوە گوتی"بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لە چوارڕیانی کاکە زیاد لەبەردەم نەخۆشخانەی رزگاری بە تونێلێک شەقامی چل مەتری بە سەدمەتری دەبەستینەوە، هەروەها چوارڕییانی زوبێر بیلالیش لە سەر رێگەی کەرکووک دەکرێتە تونێل".

جێگری پارێزگاری هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، کە بەم زووانە بودجەی پەرەپێدانی ساڵی 2009 دەگات، دوای دانەوەی قەرزی پرۆژەکانی2008، دەست بە پلانی 2009دەکەن. لەبارەی بڕی بودجە پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2009 تاهیر عەبدوڵڵا گوتی" بڕی بودجەی ساڵی 2009 خۆی لە 117ملیار دینار دەدات، ئەم بودجەیەش سێیەکی بودجەی 2008ە، کە 360ملیار دیناربوو". کەمبوونەوەی بودجەکەش بەهۆی کەمبوونەوەی داهاتی عێراقە لەبەر دابەزینی نرخی نەوت، کە کاریگەری زیاتری لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان هەیە، نەک لەسەر مووچە و بودجەی تەشغیلی.

لەبارەی کەمبوونەوەی پشتیوانی دارایی ئەمریکییەکانیش بۆ پرۆژەکانی تایبەت بە ژێرخانی ئابووری کوردستان تاهیر عەبدوڵڵا گوتی" ئەمریکییەکان پرۆژەی گرنگیان ئەنجامداوە، وەک پرۆژەی ئاوی خواردنەوە و نەخۆشخانە، کە هەندێکیان بودجەی هاوبەش بووە، بەڵام بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتە کۆمەکبەخشەکان ئێستا زیاتر بەرزکردنەوەی تواناکانە بۆ ئەوەی بەخۆمان گرفتەکانمان چارەسەر بکەین، عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندەو پێویستی بە راهێنان و مەشق و بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکانە". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێگری پارێزگار لەو بڕوایەدانییە، کە تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی ئەمریکا لە کوردستان لەمەودوا پرۆژەی دیکە جێبەجێ نەکەن" پلانی ئەوان ساڵانە مانگی 9رەزامەندی لەسەر دەکرێت، بڕیار وایە لەمەودوا هەندێ پرۆژە بە هاوبەشی جێبەجێ بکەین، بودجەیەکیشیان بۆ پاراستنی ئەو پرۆژانە تەرخانکردووە، کە پێشتر جێبەجێیان کردوون".

لەبارەی پلانی 2009ی پەرەپێدانی پارێزگاکانیش، جێگری پارێزگاری هەولێر روونیکردەوە" بەرنامەی ئێمە بۆ ساڵی 2009 تەواوکردنی پلانی ساڵانی پێشووە، کە جوانکردنی سیمای شار و کەمکردنەوەی گرفتی هاتووچۆیە، زیدەباری فرەوانکردنی شەقامەکان و زیادکردنی رووبەری سەوزایی لەناو شاروشارۆچکەکان".

### بودجەی ئەمساڵی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر 117ملیار دەبێت



لەبارەی کێشەی دواکەوتنی تێکدانی هەندێ خانووی گەڕەکی تەعجیلیش، کە بەرزە پردەکەی خەریکە تەواودەبێت جێگری پارێزگار گوتی" چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکی ئەو گەڕەکە پێویستی بە دادگایە، دەبێ لە رێگەی یاساوە قەرەبووی خاوەن موڵکەکان بکرێتەوە و نەخشەیەک دابنرێت، ماستەرپلانمان داناوە بۆ ئەوەی خاوەن موڵک پابەندبن بەو نەخشانە، دەبێ رووخساری دەرەوەی باڵەخانەکانی ناوەندی شار لەگەڵ تایبەتمەندی هەولێر و قەڵا و دەوروبەرەکەی گونجاوبن". جێگری پارێزگای هەولێر هەروەها ئاماژەی بەوەشدا، کە کرێچییەکانیش قەرەبوو دەکرێنەوە و گوتی"هەرچەندە خەڵکە کرێچییەکە لە رووی یاساییەوە هیچ مافێکیان ناکەوێ، بەڵام حکومەت وەک خەڵکی کەمدەرامەت و هەژار یارمەتیان دەدات، ئەمەش لە رێگەی دابینکردنی پارچە زەوی تایبەت بۆیان".

جێگری پارێزگار ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە پرۆژەی دووسایدکردنی رێگەی هەولێر-پردێ بەشێوەیەکی باش بەرێوە دەچێت، کە پرۆژەکە بە قەرزی بانکی نێودەوڵەتی دەکرێ و، کۆمپانیایەکی تورکی جێبەجێیدەکات، کۆتایی ئەمساڵ تەواو دەبێت.

لەبارەی جیاوزای کردن لە نێوان گەڕەکانی باشوور و باکووری هەولێر و تاهیر عەبدوڵڵا گوتی" ئێمە زیاتر بایەخمان بە گەڕەکەکانی خواروو و خۆرئاوای هەولێر داوە، باشترین بەڵگەش گەڕەکەکانی قەتەوی و سەرکارێز و مامزاوە و گردمحەممەد و شادی وبەهاری نوێ و دارەتووە، هەموو پرۆژەیەکیان بۆ جێبەجێکراوە، بەڵام پێکهاتەی جوگرافی هەولێر وا هەڵکەوتووە، کە کەرتی تایبەت پرۆژە سەرمایەگوزارییەکانیان پتر لەسەر رێگاکانی کەسنەزان و شەقڵاوە ئەنجامبدەن، بۆیە ئەو شوێنانە بەرچاوتر دیارن".





## وەزیرەکانمان لەبەغدا هەندێکیان زۆر باشن و هەندێکیشیان باشن

**د.رۆژ نوری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای ئەوەی لەکاتی کابینەی ئیبراهیم جەعفەریدا جێگری سەرۆک وەزیران بوو، ئێستا نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە بەغدا. لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات.**

رووداو-هەولێر

## مام جەلال دەبێتەوە سەرۆک کۆماری داهاتووی عێراق



### د. رۆژ نوری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# کارێکی خراپە ئەگەر سەرکردایەتی کورد رازیبێت کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ



**حەقە پێش ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە سەرۆکی حکومەت بچێتە لای کام حیزب، بیر لەوە بکرێتەوە کە کێ باشترین کەسە بۆ ئەو پۆستە**

**رووداو: کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر تاوەکو ئێستا زۆرن، بۆچوونێک هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی خەمخواردنێک نییە لەلایەن کوردستان و بەغداوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، رای تۆ چییە؟**

**د.رۆژ:** ئەو کێشانەی بە پلە یەک گرنگن مەسەلەی بودجە، نەوت، پێشمەرگە و ناوچە دابڕاوەکانە بە کەرکوکەوە. روانگەی لایەنی کوردی ئەوەیە کە ئەم گرفتانە لەسەر بنچینەی بنەمای شەراکەت چارەسەربکرێن، لایەنی بەرامبەر نایەوێت بەو شێوەیە چارەسەری بکات. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە تاوەکو ئێستا ئەو کێشانە چارەسەر نەکراون. چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە ئەوە پیشاندەدات کە ئاراستەیەکی زۆر بەهێز هەیە لە بەغدا کە بە ئاشکرا دژی جەوهەری دەستوورە کە دیموکراتی و هاوسەنگی و شەراکەتە، ئەو ئاراستەیەی کە دژی ئەو جەوهەرەی دەستوورە هەوڵدەدات کێشەکان بەو ئاراستەیەدا چارەسەرنەکەن، بەڵکو بیهێڵێتەوە تاوەکو ئەوەندە بەهێز دەبێت دەستوور بگۆڕێت.

**رووداو: بەڵام دیارە کە گۆڕینی دەستوور ئاسان نییە، چونکە ئەگەر سێ پارێزگا دەستکارییەکان رەتبکەنەوە دەستکارییەکان سەرناگرن، بۆچی مالیکی زۆر پێداگیری لەسەر گۆڕینی دەستوور دەکات؟**

**د.رۆژ:** ئەوان پێیانوایە ئەگەر ناوەند بەهێزبوو گرفتی خۆیان لەگەڵ سوننەدا چارەسەرکرد، دەتوانن هەندێک شت بچەسپێنن، ئەوە بۆچوونیانە. ئەو بۆچوونە دروست نییە، بەڵام هەیە و نوێش نییەو لەوەتەی عێراق دامەزراوە ئەو بۆچوونە هەیە کە حکومەتێکی ناوەندی بەهێزبێت ئەگەر سوننە بێت حوکمی شیعەو کورد بکات، ئەگەر شیعە بێت حوکمی کورد و سوننە بکات. بەداخەوە ئەو بۆچوونە هێشتا لەناو برا عەرەبەکان هێشتا ماوەو خەڵکێکی زۆریش پەیڕەوی دەکات، بەرادەیەک وای لێهات ئەو سیاسەتمەدارە عەرەبەی دوژمنایەتی کوردی دەکرد دەنگی زیاتری دەهێنا، لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا ئەمە تێبینی کرا.

**رووداو: مالیکی بۆ خۆی دەڵێت نەدەبا ئەو دەستوورە واژۆ بکەم، هەروەها دەڵێت مادەی 140 ناتوانێت کێشەی کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان چارەسەربکات، پێتوایە لەبەرئەوەی باوەڕی بە دەستوورەکە نییە هەر داواکردنێکی کورد لەمالیکی شتێکی بەتاڵ بێت؟**

**د.رۆژ:** لەو باوەڕەدا نیم مالیکی بە ئاشکرا بڵێت دەستوور دەبێت بگۆڕدرێت و نەدەبووایە واژۆی بکەم، چونکە مالیکی خۆی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دانانی ئەو دەستووردا و بەشداربوو لەدارشتنیدا. بۆنمونە جارێک من و ئەو بووبە موناقەشەمان لەسەر نوسینگەکانی هەرێم لە باڵیۆزخانەکاندا، من شێوەیەکم پێشکەشکردو ئەو گوتی ناکرێت لەهەموو باڵیۆزخانەیەکدا، نووسینگەی هەرێم هەبێ، پێمگوت تۆ شێوازێک پێشکەش بکە بزانم چی پێشکەش دەکەی، ئەوەی ئەو پێشکەشی دەکرد راستەوخۆ قبوڵمان کرد، چونکە لەوە باشتربوو کە بە قسە دەیگووت. ئەو کات مالیکی دووربوو لەپۆستی سەرۆک وەزیرانەوە و دژی رژێمی پێشوو بوو، بە پلەی یەکەم جەختی لەسەر مەزلومییەتی کوردو شیعە دەکرد و ئەو شتانەی کە ئەوکاتە بیری لێدەکردەوە ماون، بەڵام پۆست و دەسەڵاتی گۆڕاوە .تێبینی دەکرێ ئەوەی هاتووەتە سەر حوکم لە عێراق دا زۆر لەو بیر وباوەڕەی خۆی دوورکەوتووەتەوە کە سەرەتا هەیبووە. دەکرێت کاریگەری ئەوە لەسەر مالیکیش هەبێت. لەو باوەڕەدام کە تاوەکو ئێستا ناتوانێ بە ئاشکرا بڵێت ئەو دەستوورە باش نییەو دەبێت بگۆڕدرێت، ئەو لەگەڵ هەموارکردنی دەستوورە، ئەو هەموارەی کە هەموو لایەک پەسەندی دەکات.

**رووداو: رەخنەی ئەوە هەیە لە 60 باڵیۆزخانەی عێراقی کە کراونەتەوەو وەزیری دەرەوەش کوردە، کەچی تاوەکو ئێستا مەکتەبی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە ناو باڵیۆزخانەکاندا نییە، بۆچی نییە؟**

**د.رۆژ:** دەبوایە ئەوە بکرێ، بەڵام هۆکار زۆرن بۆ نەکردنەوەیان، یەکەم وەزارەتی دەرەوە یاسای نەبوو، کە بەپێی ئەو یاسایە بەشەکانی باڵیۆزخانە دیاری بکرێن و بەشی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە. ئەم یاسایە شەش مانگ پێش ئێستا دەرچوو، لەناو یاساکەدا ماددەیەک هەیە داوادەکات پارێزگاکانیش کە رێکنەخراون لەچوارچێوەی هەرێمێکدا ئەوانیش نووسینگەیان هەبێت، ئەوکات دەبێت لەهەر باڵیۆزخانەیەکی عێراقدا 16 نووسینگە بکرێنەوە، ئەوە یەکێکە لەو گۆڕانکارییانەی کە پێویستە لەدەستووردا بکرێت. ئەگەر نووسینگە بۆ هەرێمی کوردستان بکاتەوە و 16 نووسینگەش بۆ پارێزگاکان نەکاتەوە دەستوری جێبەجێنەکردووە. وەزیر و ئەنجومەنی وەزیران لە رەوشێکی ئاوادان، بەڵام ئێستا ئەوە لەئارادایە کە نووسینگەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی بکرێنەوە، لەوبارەوە رێککەوتن لەگەڵ وەزیری دەرەوەو سەرۆک وەزیرانی عێراق کراوە. بەڵام نووسینگەی پارێزگاکان جاریێ ناکرێنەوە تاوەکو چارەیەکیان بۆ دەدۆزرێتەوە.

**رووداو: وەکو جێگری سەرۆک وەزیران مامەڵەت لەگەڵ جەعفەری هەبوو، ئێستاش وەکو نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا مامەڵەت لەگەڵ مالیکی هەیە، دەتوانیت پێمان بڵێی کامیان بۆ کورد خراپتر بوون؟**

**د.رۆژ:** لەسەردەمی جەعفەریدا گرفتەکان وا گەورە نەبوون و وا نەهاتبوونە پێشەوە و گرفتی دیکە هەبوون، سەرقاڵی بابەتی ئەمنی و ناوخۆ بووین، ماوەکەشی کەمبوو ئەوەندە زۆر نەبوو کە هەموو لایەنەکانی دەرکەوێت. ئەو گرفتانەی ئێستا لەنێوان هەرێمی کوردستان و مالیکی دا هەن، ئەوکات نەهاتنە پێشەوە، تاوەکو جەعفەری ئەو سەفەرەی کرد بۆ تورکیا، پێش هەڵبژاردن. لەبەرئەوەی بەبێ ئاگاداری لایەنی کوردی بوو لە جەعفەری سارد بووینەوە، مالیکی بەو هۆیەوە بووە سەرۆک وەزیران کە لایەنی کوردی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا پێداگیری کرد کە جەعفەری نابێت ببێتەوە سەرۆک وەزیران و قبوڵ نەکرایەوە هەرچەندە ئیئتیلاف جەعفەری کاندید کردەوە کە جەعفەری هەڵنەبژێردرایەوە ناچاربوون کەسێکی دیکە بدۆزنەوەو کە هەموو لایەنەکان لەسەری رازیبن و ئەو گرفتانەی پێشتر دروستبوون ئەو نەیانکات. کە مالیکی هات راستوخۆ لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی 140ی بەو شێوەیە پەسەندکرد کە ئێمە نووسیمان بوو، پارەی بۆ تەرخانکرد و لیژنەکە کەوتە کار، بەڵام کە سەیری کرد رەوشی ئەمنی باش دەبێت و ناوی پەیدا کردووەو لە گۆڤاری نیوزویک دا بە هەژدەمین کەسی بەتوانا و بە دەسەڵاتی جیهان دانراوە، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە تۆزێک لە بۆچوونەکانی پێشووی پاشگەز ببێتەوە.

**رووداو: محەممەدی حاجی مەحمود، دەڵێ مالیکی گلەیی ئەوەی هەبووە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوایین جار چووەتە بەغدا، ئەو نەخۆش بووە، کەچی نە سەردانی کردووەو نە تەلەفۆنێکی بۆ کردووە، پێتوایە ئەو ساردیە ساردییەکی سیاسییە یان پەیوەستە بە شتە تایبەتییەکانەوە؟**

**د.رۆژ:** شتەکە سیاسەتە و پەیوەندی بەو شتە شەخسییانەوە نییە، مرۆڤێک سیاسی بێ، سەرۆک وەزیرانی وڵاتێک بێ شتی شەخسی بەلاوە دەنێ.

**رووداو: کە نەخۆش دەبێت لێی دەپرسییەوە؟**

**د.رۆژ:** ئەگەر پێم بکرێت بۆ لێی ناپرسمەوە، ئەو پیرۆزبایی نەورۆزم بۆ بنێرێ منیش کە نەخۆش دەبێت لێی دەپرسمەوە. جەنابی سەرۆکیش پێموانییە لێی نەپرسێت و، هەمیشە سڵاوی بۆ دەنێرێت و ئەحواڵی دەپرسێت. ئەوەی من دەزانم مالیکی بەنیاز بوو بێتە کوردستان، وەفدێکی حیزبی دەعوە دێت، بەنیازە خۆیشی بێت. ئێمە لەهەرێمی کوردستان بەرژەوەندیمان لەوەدایە کێشەکان چارەسەر بکەین، بەرژەوەندیمان لەوەدا نییە کێشەکان بەهەڵپەسێردراوی بهێڵینەوە، ئەوجا مالیکی بێت یان کەسێکی دیکە دەبێت لەهەوڵەکان بەردەوام بین.

**رووداو: پێتوایە مالیکی پێش هەڵبژاردن ئەو کێشانە چارەسەربکات، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان دا سوود لە کێشەکانی وەربگرێت بۆ دەنگ کۆکردنەوە؟**

**د.رۆژ:** مالیکی زیاتر لە سێ ساڵە سەرۆک وەزیرانەو تاوەکو ئێستا ئەو کێشانەی چارەسەر نەکردوون، لەبەر ئەوە بەدووری دەزانم، بە باشی و لە بنەڕەتەوە ئەو کێشانە چارەسەر بکات.

**رووداو: زۆر باس لە لاوازبوونی رۆڵی کورد لەبەغدا دەکرێت، پێتوایە رۆڵی کورد لاواز بووە؟**

**د.رۆژ:** رۆڵی کورد لە بەغدا لاوازترە لە چوارساڵ پێش ئێستا.

**رووداو: بۆچی؟**

**د.رۆژ:** لایەنەکانی دیکە بەهێزتربوون و شارەزایییان پەیدا کردووەو دەسەڵات زیاتر بەدەستی ئەوانە.

**رووداو:دەگوترێت یەکێک لەهۆکارەکانی ئەو لاوازبوونە ناشارەزایی و لاوازی نوێنەرانی کوردە لە بەغدا. ئەگەر سەرەتا لە پەرلەمانتارەکانەوە دەست پێبکەین پێتوایە وابن ؟**

**د.رۆژ:** کە سەدام رووخاو عێراقی نوێ هاتە کایەوە تاکە هێزێک کە بەرچاوی روون بوو چی دەوێت بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بوو، سەرکردایەتی کورد بە هەموو هێزیەوە چووە بەغدا، رۆڵێکی باڵای هەبوو لە دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق و نووسینەوەی دەستوور، زۆر بەهێزەوە دەستمان پێکرد، لایەنەکانی دیکە لاواز بوون و ئەزموونیان نەبوو، بەرچاویشیان بەو شێوەیە روون نەبوو، بەتێپەڕبوونی کات ئەم هاوکێشە گۆڕا، بەهۆی هەڵبژاردن و دروستبوونی حکومەتەوە بەهێزبوون و عێراق بەئاراستەی زۆرینەدا رۆیشت، کە ئەویش لایەنی دینداری شیعەیە، ئەمەش کاری لە پێگەی کورد کرد. مەسەلەکە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ یەک کەس یان دوو کەس کە لەپەرلەمان یان لەهەر دەزگایەکی دیکەی حکومەت کاردەکەن، راستە تا رادەیەک کاریگەری هەیە، بەڵام جەوهەی بابەتەکە ئەوە بوو کە باسمکرد. لە بارەی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا، هەرچەندە من ئەندامی پەرلەمان نیم و جێگاکەی خۆم بۆ برادەرێکی کوردی ئێزدی چۆڵکرد. لەپەرلەماندا ئەو فراکسیۆنەی کە چالاکو یەکگرتووەو توانای هەیە شت بسەپێنێت هاوپەیمانی کوردستانە، لە هەموویان باشتر دەوام دەکەن و لەوانی دیکە زیاتر شت دەزانن و لەوانی دیکەش چالاکترن، لێرەوە شتی دیکە دەبیستین، وا نییە. کەبچیتە ناوکارەکەوە پەرلەمانی عێراق بەبێ فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان ئیش ناکات، وەزیرەکانیشمان باشن و خەڵکی باشیان تێدایە.

**رووداو: لەهەموویان رازین؟**

**د.رۆژ:** ناتوانم بڵێم لەهەموویان رازی نیم، ئەگەر لەهەموویان رازی نەبین دەسەڵاتماندا هەیە بیانگۆڕین، تاوەکو ئێستا دیارە لەهەموویان رازین، بەڵام لەوانەیە هەمووی وەک یەک نەبێت کەسێک هەیە زۆرباشەو کەسێکی دیکە باشە، هەڵسەنگاندن بۆ وەزیرەکانی خۆشمان ئەوەیە کە هەندێکیان زۆر باشن و هەندێکیشیان باشن.

**رووداو: باسی ئەوە دەکرێت کە تاریق هاشمی رێگەی خۆی خۆشدەکات بۆ ئەوەی لە پاش ئەو هەڵبژاردنە بێتە سەرۆک کۆماری عێراق، پێتوایە پاش هەڵبژاردن ئەو پۆستە لەدەست کورد دەچێت؟**

**د.رۆژ:** بەدڵنیایەوە هەوڵدەدرێت، ئینجا تارق هاشمییە یان کەسێکی دیکەی سوننەیە یان شیعەیە، یان دەوڵەتی عەرەبی هەن هەوڵی ئەوە دەدەن سەرۆک کۆمار کورد نەبێت، بەڵام ئێمەی کوردیش هەوڵی ئەوە دەدەین سەرۆک کۆمار کورد بێت و، دەبێ کورد بێت. ئەگەر سەرۆک وەزیران کورد نەبێت دەبێت سەرۆک کۆمار کورد بێت. بەقەناعەتی من بۆ ئایندەش سەرۆک کۆمار کورد دەبێت و هەر مام جەلالیش دەبێت.

**رووداو: بەڕای تۆ ئێستا پێناسەی کردەیی عێراق چییە دەوڵەتێکی فیدراڵییە یان دەوڵەتێکی عەرەبییە؟**

**د.رۆژ:** نە ئەمیانە نە ئەویان، هێشتا شتێکی سەیرە لە نێوان هەردووکیاندا.

**رووداو: راپۆرتی دیمستورا بۆ کێشەی کەرکوک دراوەتە هەرێمی کوردستان و بەغدا، قسەیەک هەیە کە سەرکردایەتی کورد بەهۆی داوای ئەمریکاو بەریتانیا، پێشنیازی ئەوە قبوڵ دەکات کەرکوک بۆ ماوەی 5 ساڵ بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئەمە تاچەند راستە؟**

**د.رۆژ:** تەسەوری سەرکردایەتی کورد ئەوەیە کە پابەندین بە مادەی 140 دەستوور و، سوورین لەسەر ئەوەی مادەی 140 جێبەجێبکرێت و هەر هەوڵێک بەئاراستەی جێبەجێکردنی مادەی 140 و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بکرێت دەبێ بەدیل نەبێت بۆ مادەی 140 و دەبێ لەچوارچێوی رۆحییەتی مادەی 140دا بێت، ئەوە بۆچوونی سەرکردایەتی کوردە.

**رووداو: کورد لەکاتی بەهێزیدا نەیتوانی وابکات مادەی140 جێبەجێبکرێ، باوەڕ دەکەی ئێستا جێبەجێبکرێ؟**

**د.رۆژ:** قەناعەتم بەوە هەیە جێبەجێبکرێت، چونکە ئێمە خاوەن حەقین و دەبێت سوور بین لەسەری، لەبەرئەوە هەر سەردەکەوین، بەڵام چەندی پێدەچێت ئەوە حیسابێکی دیکەیە. مومکین نییە کورد واز لە کەرکوک بێنێت.

**رووداو: هەموو پێشهاتەکان وا پیشاندەدەن کە ئەگەری ئەوە هەیە کە سەرکردایەتی کورد بەو پێشنیازەی دیمستورا رازی بێت کە پێنج ساڵ هەرێمێکی سەربەخۆ بێت و دوای ئەوە راپرسی تێدا بکرێت؟**

**د.رۆژ:** نا، شتی وانییە .بەبۆچونی من کورد بەوە رازی نابێت.

**رووداو: ئەگەر رازیبوو، کارێکی باشە یان خراپ؟**

**د.رۆژ:** ئەگەر رازی بوو کارێکی خراپە.

**رووداو: ئەمجارە پارتی و یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی کوردستان کەسیان نەخستە لیستەکەی خۆیانەوە بۆچی، ئەوە تەحەدایە؟**

**د.رۆژ:** تەحەدا نییە. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی دوایی وای پیشاندا ئەوانەی لە لیستی هاوپەیمانیدا هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی بوون، پۆستی وەزیریان هەبوو یان بەهۆی ئەو لیستەوە هاتنە پەرلەمانەوە، ئۆپۆزسیۆن بوون و دژی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم دەنگیان لەهەموو کەس بەرزتربوو بۆ رەخنەگرتن و رەخنەگرتنێکی بنیاتنەریش نا، ئەگەر رەخنەکە بنیاتنەریش بێت مرۆڤ رەنگە سینگی فراوان بێت و قبوڵی بکات و سودی لێوەربگیرێت. پێش هەڵبژاردن زۆر لایەن هەڵوێستی خۆیان ئاشکراکرد، لەبەرئەوە هێرشێکی زۆر گەورەی ناعادیلانە هەبوو بەرامبەر پارتی و یەکێتی، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەمە پێویست بوو، پارتی و یەکێتی پلانێک پێکەوە دابنێن و بۆ ئەوەی ئەو هێرشەی لەسەریانەو لەسەر کێشەی هەرێمە پێکەوە بتوانن بەرەنگاری ببنەوەو وەڵامی بدەنەوە، ئەمەش بەوەستانەوە نا بەرامبەر لایەنە هێرشکارەکان. بۆ ئەوەی بسەلمێنین بۆ میللەتی خۆمان و هەموو دونیا، کە ئەمە دیموکراتییەتە، پارتی و یەکێتی پێکەوە دادەبەزن لە هەڵبژاردن دا، بزانین ئایا میللەت لەگەڵ پارتی و یەکێتیدایە یان لەگەڵ ئەوانی دیکەدایە، ئەم هەڵوێستە بۆ ئەوەیە. بەڵام ئەو هەڵوێستە ئەوە ناگەیێنێت کە سبەی پاش هەڵبژاردن پارتی و یەکێتی 70%ی دەنگەکانیان هێنا، هاوکاری لەگەڵ ئەو حیزبانەدا ناکەن و دووریان دەخەنەوە، ئەوەی بە کەڵک بێت و ئەوەی بیەوێت پێکەوە کار بکەین ساحەکە فراوانە.

**رووداو: پێشبینی دەکەن ئەوجارە پارتی و یەکێتی بەو لیستەی خۆیان بتوانن کورسییەکانی پێشووتریان بهێننەوە جگە لەوەی دایانبووە حیزبەکان؟**

**د.رۆژ:** بەڵێ.

**رووداو: بەڵام هەندێ کەس، لەوانە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیش، پێشبینی ئەوە دەکەن کە لیستی نەوشیروان مستەفا، نیوەی دەنگەکانی یەکێتی لە سلێمانی دەبات؟**

**د.رۆژ:** دەکرێ لیستەکەی کاک نەوشیروان دەنگ بهێنێت و دەکرێ لە هەندێک حیزبی دیکە زیاتر دەنگ بهێنێت، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کاک نەوشیروان ببێتە مونافسێکی جدی یەکێتی. من باسی پارتی ناکەم. بەڵام رای کۆتاییش بۆ خەڵکە، ئەوە دیموکراتییەتە.

**رووداو: تا ئێستا رێککەوتنی یەکێتی و پارتی تەواو روون نییە، پارتی لە بەرامبەر بوونی لیستی نەوشیروان مستەفا چ وەردەگرێت، پۆستی سەرۆکی حکومەت یان کورسی زیاتر لە پەرلەمان، ئێوە لەسەر چی رێککەوتوون؟**

**د.رۆژ:** من بۆچوونی پارتی دەڵێم، ترس هەبوو کاک نەوشیروان بە لیستێکی جیاواز دابەزێت بەشێک لەدەنگی یەکێتی بۆ ئەو دەچن، دەنگی پارتی بۆ ئەو ناچن، کە بەشێک لە دەنگی یەکێتی بۆ ئەو چوون، بەپێی ئەو دەنگەیە ئەگەر زۆربوو دەکرێت زیانەکەی زۆر بێت بۆ هاوپەیمانییەتی هەردوولا، ئەگەر کەمبوو دەکرێ زیانەکەی کەم بێت. ئەوە مەترسییەکە بوو. مەترسییەکە لەوەدا نییە کە ئایا کاک نەوشیروان بیباتەوە یان لایەنێکی دیکە، مەترسییەکە لەوەدابوو کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هاوسەنگییەک هەیە، ئەو هاوسەنگییە بووەتە هۆی ئەوەی گرفتی گەورەی هاوشێوەی رابردوو روو نەدەن و ئەو هاوسەنگییە وایکردووە بەبێ گرفتی گەورە تەجرەبەکە تاوەکو ئێرە رابکێشین، بەبێ ئەوەی تووشی ناخۆشی ببین، ئەو هاوسەنگییەش یەکێتی ریزەکانمانی راگرتووە چ لە ناو هەرێمی کوردستان و چ لەبەغداو شوێنی دیکە، بۆیە وەکو پارتی مەبەستی یەکەممان ئەوەبوو ئەو هاوسەنگییە رابگرین و گرفتی وای تێنەکەوێت سبەی لایەنێک بێت بڵێت زۆرینەم و دەبێت خۆم بە تەنیا حوکم بکەم، یان ئەوشێوە هاوپەیمانییەی کە ئێستا پرۆسەی سیاسی بەرێوەدەبات ئەمە هێزی نەماو بەلایەنێکی دیکە بیکات، چونکە روون نییە لایەنێکی دیکە چی دەکات. ئێمە دەزانین ئەو هاوپەیمانییەتییەی کە تاوەکو ئێستا هەمانبووەو بەوشێوەی کارمان پێکردووە زیاتر بۆ پێشەوەی دەبەین و تووشی زیانی ناکەین و رێنادەین بۆ دواوە بڕوات، بۆیە هەموو هەوڵێکمان وەکو پارتی بۆ ئەوەیە ئەو هاوسەنگییە بمێنێت، باوەڕم وایە ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ یەکێتیدا کراوە پارێزگارییەکی تەواو لەو هاوسەنگییە دەکات.

**رووداو: پێتانوایە لەبەرامبەر راگرتنی ئەو هاوسەنگییەدا، ئێوە وەک پارتی قوربانیتان داوە؟**

**د.رۆژ:** بەقوربانیدانی نازانم، مرۆڤ خزمەتی میللەتی خۆی بکات و رێگا لەگرفت ببڕێت ئەوە قوربانیدان نییەو ئەوە سیاسەتێکی راستەو، ئەنجامەکەی شەرتە کە بەدڵنیاییەوە لەبەرژەوەندی کورددایە.

**رووداو: لەکۆبوونەوەی دواییدا کە تۆش تێیدا بەشداربووی، دەگوترێ پارتی مەترسییەکانی بە ئاشکرایی لەگەڵ یەکێتی دا باسکردوون، لەوانە هاوپەیمانی پاش هەڵبژاردن و یان دەنگدان بە لیستی دیکە، لەبەرامبەر ئەوەدا یەکێتی ئەو ترسانەی لاداوەو گرەنتی پێداون، گرەنتییەکان چین؟**

**د.رۆژ:** ترسمان لەسەر خۆمان نەبووە، ترسمان لەسەر هاوپەیمانەکەمانە چونکە ئەو کێشەی گەورەی هەیە، ئەگەر هاوپەیمانەکەمان لاواز ببێت، ئەو هاوسەنگییەی کە هەیە تێکدەچێت. گرەنتی ئێمە ئەوەیە ئەو هاوسەنگییە تێکنەچێت

تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە (رووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

و ئەو رێککەوتنانەی کە کردوومانن و ئەو خەتەی دامانناوە لەسەری برۆین، هەموو ئەوانە گرەنتین کە ئەو هاوسەنگییە تێکنەچێت.

**رووداو: دەگوترێت هەڵوێستی کۆسرەت رەسوڵ تائێستا روون نییە، لەسەر هەڵوێست لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ لیستی نەوشیروان مستەفا و دابەشکردنەوەی پۆستەکان لەنێوان یەکێتی و پارتیدا، لەوبارەوە چ هەیە؟**

**د.رۆژ:** لە زمانی جەنابی کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رای ئێمە زۆر ئاشکرابوو یەکەم هەنگاومان ئەوەبوو داوامان لە یەکێتی کرد کە هەوڵبدات گرفتی ناوخۆیان چارەسەربکەن و جەنابی سەرۆک ئێستاش دەڵێت چی پێبکرێت دەیکات بۆ ئەوەی گرفتی ناو ئێوە چارەسەربکرێت و بەیەکگرتوویی بەشداری هەڵبژاردن بکەین، ئەمە بۆچوونی یەکەممانە. ئێمە ئەوە بەچارەسەرێکی باش دەزانین و هەر هەنگاوێک بنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی یەکێتی بە شتێکی خراپی نازانین، لە بەرژەوەندی هەموو ئەو هاوسەنگیانەدایە، قسەیەک لەولا دەکرێت فڵان وایگووت و ئەویتر وایگوت، ئەوە کاریگەری لە ئێمە ناکات، لە دواین کۆبوونەوەشدا کە کاک کۆسرەت ئامادە نەبوو، هیچ شتێکیشمان لێنەبیستووە کە موخالفی بۆچوونی دیکە بێت، ئاساییە هەر برادەرێکیان بەشێوەیەک بیر بکاتەوە.

**رووداو: سەعدی ئەحمەد پیرە، دەڵێت، رێککەوتووین کورسییەکانی پەرلەمان وەک یەک بێ و کاک مەسعود پاڵێوراوی هەردوولا بێت بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و، بەپێی رێککەوتنی ستراتیژی پۆستی سەرۆکی حکومەتیش پاش چوار ساڵەکەی پارتی بۆ یەکێتی دەبێت، ئەوە چۆنە؟**

**د.رۆژ:** وەک پارتی بۆچونمان وابوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت لە رێگەی خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، رێکەوتنمان لەسەر ئەوە کردووەو ئەوەش خاڵێکی باشە کە میللەت راستەوخۆ دوو ناوەندی بنەڕەتی بڕیار هەڵدەبژێرێت. پارتی قەت رۆژێک لەرۆژان لە رێککەوتنێک کە کردبێتی پاشگەز نەبووەتەوە، چونکە کە رێککەوتنێک دەکات بەقەناعەتەوە دەیکات، رێککەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵ یەکێتیدا کرد بە قەناعەتەوە کردمان و پابەندبووین پێیەوەو لەسەری رۆشتین، لەئەنجامیشدا ئەنجام لەبەرژەوەندی ئەو لایەنانەدا دەبێت کە پابەندن بە رێککەوتنەکانەوە.

**رووداو: واتە پۆستی سەرۆکی حکومەت بۆ کێ دەبێت؟**

**د.رۆژ:** دەتوانم ئەوەندە بڵێم حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ کە سەرکەوتنی زۆری هەیە و ئەو پێشکەوتن و رۆڵە باڵایەی ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت، بە باوەڕی من پێویستە پێش ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە سەرۆکی حکومەت بچێتە لای ئەو حیزب یان ئەم حیزبە، بیر لەوە بکرێتەوە کە کێ باشترین کەسە بۆ ئەوەی سەرۆکی حکومەت بێت، حەقە وا بیر بکەینەوە.

**رووداو: ئەم بیرکردنەوە لەناو هەردوو حیزبدا هەیە؟**

**د.رۆژ:** بە دڵنیاییەوە لەسەرکردایەتی هەردوولادا کەسانی وای تێدا هەن وا بیردەکەنەوە، چونکە ئێمە بەرەنگاری وەزعێکی ئاسان نابینەوە، مونافیسەکانمان زیاد دەبن و دەستتێوەردان لەکێشەی کورد دا زیاد دەبێت، دوژمنانی کورد هەوڵێکی توندتر دەدەن بۆ ئەوەی وەزعی کورد فەشەل پێبێنن و کورد سەرنەکەوێت، لەبەرئەوە ئەمە ناچارمان دەکات بیر لەوە بکەینەوە چی باشە ئەوە بکەین، کێ باشە ئەوە لەفڵان شوێن دابنێین. بۆ نمونە ئێستا ئەو رێککەوتنە لەسەر جەنابی کاک مەسعود، بەڵگەی ئەوەیە کە هەردوولا قەناعەتیان وایە سەرۆکێکی هەرێمی بەهێزیان هەبێت، بەهێز لە روانگەی یاساییەوە.

**رووداو: مەترسییەکی زۆر هەیە لەلایەن حیزبەکانی دیکەوە کە پارتی و یەکێتی فێڵ لە هەڵبژاردندا بکەن، چۆن تەماشای ئەو مەترسییەی حیزبەکان دەکەن؟**

**د.رۆژ:** بۆ ئەوەی ئەو قسەیە بنبڕ بکرێت، دوو شتمان کردووە کە لەوانەیە حیزبەکانی دیکە نەیانکردایە. یەکەم، سەرپەرشتیکردنی ئەم هەڵبژاردنە لە دەسەڵاتی کۆمسیۆنی هەرێمی کوردستان خۆی بوو، ئێمە بۆ ئەمجارە ئەو دەسەڵاتەمان لە کۆمسیۆنی هەرێم وەرگرتەوەو دامانە بەغدا، کە لایەنێکی بێلایەنەو لەبەغدا کاردەکات پێکەوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا کار دەکەن، ئەوەش ئەو نیازە پیشاندەدات کە تۆ ناتەوێت ئیستیغلالی ئەو وەزعە بکەی کە خۆمان راستەخۆ سەرپەرشتی بکەین. دووەم، لەهەموو شوێنێکەوە، لەدەرەوەو ناوەوە داوامانکردووە چاودێری بیانی بێن چاودێری هەڵبژاردن بکەن. لە قەناعەتیشەوە پێمان باشە ئەم هەڵبژاردنە لەهەموو هەڵبژاردنێکی دیکە باشتر بێت و کەمتر خروقاتی تێدا بکرێت، کاتی ئەوە هاتووە دیموکراتییەتییەکەمان زیاتر بچەسپێنین و بەهێزتری بکەین. بەڵام هەندێک لا هەر لەئێستاوە کە دەزانێت دەدۆڕێنێ دەڵێت وادەبێت، نا بابە وانابێت.

**رووداو: ساڵی 1994 لەکاتی هێوربوونەوەی کاتی شەڕی براکوژیدا، لەگەڵ فەلەکەدین کاکەیی وتارێکتان بە هاوبەشی بڵاوکردەوە، کە دەکرێت پارتی و یەکێتی ببنە یەک حیزب، ئێستاش باوەڕت بەوە ماوە کە دەکرێت پارتی و یەکێتی ببنە یەک حیزب؟**

**د.رۆژ:** باوەڕم بەوە هەیە، چونکە جەوهەری هەردوو حیزب ئەوەیە کە کورد بگەیێننە قۆناخێک کە قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆخۆی دروست بکات، شێوازی ئیشمان نزیکی یەکە، شێوازی رێکخستنمان نزیکی یەکە، راوبۆچونمان نزیکی یەکە، وتار وەک یەک دەنووسینەوە، ئێستاش هەردوولامان هەوڵدەدەین ئەو هاوسەنگییە رابگرین و هەردوولامان هەوڵدەدەین ئەزموونەکە بەرەو سەرکەوتن ببەین، رێککەوتنەکانمان لەنێواندایە، ئەگەر بەرێکوپێکی جێبەجێی بکەین دەکرێت پەیوەندیمان لەوە بەهێزتر بێت کە لە نێوان لقێک و لقێکی دیکەی یەک حیزبدا هەیە. هەموو ئەوانە بەرەو ئەوەن کە ئێمە بەرەو یەک دەنگ و یەک کار برۆین، ئەگەر یەک حیزبیشمان هەبێت هەر وایە.

**رووداو: پێتوایە بەو گرفتانەشەوە کە یەکێتی هەیەتی، ئەوە دەکرێت؟**

**د.رۆژ:** بەقەناعەتی من بەپلەی یەکەم هەر بەرەو حیزبێک دەڕوات، لەو باوەڕەدام لە ئایندەدا ببنە یەک حیزب.

**رووداو: لەو باوەڕەدای جەوهەر نامق بچێتە پاڵ لیستی نەوشیروان مستەفا؟**

**د.رۆژ:** جیاوازی زۆرە لەنێوان کاک نەوشیروان و کاک جەوهەردا، هەر کەسەو خەبات و مێژووی خۆی هەیەو بەجۆرێک بووە، ماندووبوونی کاک جەوهەر بەشێوەیەک بووە، ماندووبوونی کاک نەوشیروان بەشێوەیەکی دیکە بووە. لەو قەناعەتدا نیم کاک جەوهەر داخلی لیستی کاک نەوشیروان ببێت، کاک جەوهەر بە بۆچوونی من مێژوو و بۆچوون و باکگراوند و خەباتی پارتییە و، تەسەور دەکەم ئێستاش پارتییە.



## قوبادی کەنداوی فارس دروستدەکات

تایبەت بەرووداو
دەرهێنەری بەنێوبانگی کورد بەهمەن قوبادی بڕیاریداوە لە سێ مانگی داهاتوودا فیلمێکی سینەمایی بەنێوی (خلیج فارس) بۆ ئێران دروست بکات و وەڵامی ئەو لایەن و حکومەتانەش بداتەوە کە دەڵێن کەنداوی فارس بوونی نییەو کەنداوەکە ناوی (کەنداوی عەرەب)ە.قوبادی لەو پرۆژە نوێیەی خویدا چیرۆکی شوێنەوارناسێک دەگێڕێتەوە کە دوای 2 ساڵ لێکۆڵینەوە لە قووڵایی کەنداوی فارس، تەرمێک دەدۆزێتەوە کە یەکێکە لە هاوڕێیانی سەلمانی فارسی کە بۆ سەردەمی هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە. فیلمی (خلیج فارس) وەڵامی فەرمی فیلمی (الخلیج العربی)ە کە ناوەندێکی عەرەبی بەهاوکاری دەرهێنەرێکی بیانی دروستیکردووە. فیلمەکەی قوبادی، لەلایەن ڕێکخراوی کەلەپووری حکومەتی ئێران بەرهەم دەهێنرێت.

### لۆکە زاهیر: گەنجانی کوردستان دڵتان بەرامبەر یەکتر ڕەق نەبێ

# دەمەوێ دڵی گەنجان خۆشبکەم



جوانی و دەنگخۆشی یارمەتی سەرکەوتنی هونەرمەند دەدەن

نەوزاد چارلس
ڕووداو-هەولێر

"ڕاستە دڵم عەشقی تێدایە، بۆ ئەو کوڕەی لە دڵمایە، نەک بۆ کوڕێکی وەک تۆ، وا ئەزانێ عەشق وایە". ئەوە کۆپلەیەکە لە گۆرانییەکی ئەلبوومە تازەکەی کچە گۆرانیبێژی کورد لۆکە زاهیر، کە وا بڕیارە بەم نزیکانە بڵاو بکرێتەوە. لۆکە بەوە خۆی لە هونەرمەندانی دیکە جیا دەکاتەوە کە گۆرانی بۆ کوڕان دەڵێت.

لۆکەی زاهیری تەمەن 22 ساڵ، لە دایکبووی شاری سلێمانییە، لە 2001ەوە لە وڵاتی سویسرا نیشتەجێیەو لەوێ سەرەڕای کاری هونەری، خوێندکاری بواری دەروونزانییە.

لۆکە لەو ماوەیەدا گەڕایەوە کوردستان و ماوەی دوو مانگ سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەلبوومە تازەکەی بوو بە ناوی SMS، کە لە 10 گۆرانی پێکدێت. ئێستا سەرجەم کارە هونەرییەکانی ئەلبوومەکەی لە تومارکردنی دەنگ و مۆنتاژو میکس تەواو بوون و لە ژێر چاپکردن دایە. جگە لە ئامادەکردنی بەرهەمەکەی، دوو کلیپیشی لەگەڵ هەردوو هونەرمەندی گەنج هەڵدێر و میرە ئامادە کردوون و هەروەها دوو لە گۆرانییەکانی بەرهەمەکە تازەکەی کلیپ کردووە.



لۆکە گوتی لەو بەرهەمەدا ویستویەتی کار بۆ گەنجان بکات "لەو بەرهەمەدا جیاواز لە هونەرمەندانی دیکە، کارم لەسەر ئەو شتانە کردووە کە گەنج حەزی لێدەکات و هیوادارم بتوانم هەندێک لە خەمی گەنجان کەمبکەمەوە"، لە هەمانکاتدا حەزیکرد ئەو پەیامەش لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە بداتە گەنجانی کوردستان و گوتی "دەمەوێت ئەوە بە گەنجان بڵێم دڵیان ڕەق نەبێ بەرامبەر بە یەکتر".

لۆکە ناوێکی نوێی نێو بواری هونەری کوردییە لەکوردستان، ئەو پێیوایە لە کوردستان لۆکە ناوێکی نامۆیە، بەڵام لە دەرەوە خەڵک زیاتر لۆکە دەناسن، ئەو گوتی "ماوەی پێنج ساڵە لە دەرەوە خەریکی کاری هونەریم، لەوێ بەشداری ئاهەنگ و بۆنەکانم دەکرد، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیم بە خوێندن نەدەپرژامە سەر تۆمارکردنی بەرهەم".

لۆکە ئاماژەی بەوەشدا کە ساڵی 2006 دوو گۆرانی تۆمار کردووە، بەڵام بڵاوی نەکردوونەتەوە، ناوبراو هۆکاری بڵاونەکردنەوەی گۆرانییەکانی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی "دوو گۆرانییەکە پرۆفیشناڵ نەبوون، بۆیە بڵاوم نەکردنەوە، ناپرۆفیشناڵەکەشیان لە ئاوازەکەیاندا بوو".

ملیۆدی سەرجەم بەرهەمە تازەکەی لۆکە، لەلایەن هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر دانراون. لۆکە لەو باوەڕەدایە بەرهەمەکەی سەرکەوتوو دەبێت، ئەو دەڵێت "متمانەیەکی تەواوم بە سەرکەوتنی بەرهەمەکەم هەیە، چونکە ئاوازەکانی لەلایەن کاک هەڵکەوت زاهیرەوە دانراون، هۆنراوەکانیشی تازە بابەتن". ئەو ئەلبوومەی لۆکە چەند هەزار دۆلارێکی لێ خەرجکراوە، لۆکەش دەڵێ "هاوکاریکردنەکە وەک شتێکی تایبەتی و بێ بەرامبەر بوو".

لۆکە، لەمنداڵییەوە حەزی لە گۆرانی گوتن بووە، ئێستاش بە ئامانجێکی خۆی دەزانێ کە گۆرانی بۆ کوڕانی گەنج بڵێ، ئەوەش بە تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی خۆی لە هونەرمەندە کچەکانی دیکەی کورد دادەنێ "بۆیە من لەوانیتر جیاوازم". لۆکە دەڵێت "گەنجی ئێمە لە زۆر شت بێبەشن، منیش بەرهەمە نوێیەکەم بە ستایلێکی ڕۆمانسی و هەڵپەڕکێ و تەرەب تۆمار کردووەو دەمەوێت دڵی گەنجان خۆشبکەم".

لۆکە زاهیر، پێیوایە زۆر تایبەتمەندی هەن کار لە سەرکەوتنی هونەرمەند دا دەکەن، بەتایبەتیش ئەگەر کچ بێ. سەبارەت بەکاریگەری جوانی ڕووخسار بە پێکەنینەوە گوتی "بێگومان ئەگەر هونەرمەند جوان بێ دەنگی خۆش بێ و چالاک بێ، ڕۆڵی دەبێ لە سەرکەوتنی کارەکەی".

### من جیاوازم چونکە گۆرانی بۆ کوڕان دەڵێم

### لە کوردستان 2 ئافرەت نابینی بە ئازادی بجووڵێنەوە

ئەوەی بۆ لۆکە لەو سەردانەی بۆ کوردستان جێی سەرنج بووە ڕەوشی ژنان و کچانی کوردستان بوو. ئەو ڕەخنە لەو ڕەوشە دەگرێ و دەڵێ "دەچمە هەر شوێنێک دوو ئافرەت نابینی بە ئازادی بجووڵێنەوە، ئەو ئازادییەی لێرە هەیە بۆ ئافرەت ئازادییەکی داخراوە". لۆکە لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە بەڵێنی بە ژنان و کچانی کوردستان دا دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمە نوێیەکەی "کار بۆ بەرهەمێک دەکەم لەسەر ڕەوشی ژنانی کوردستان".

### دارین پۆپستارێکی کوردستانی - سوێدی بەدەنگێکی سیحراوی

# دارین: حەز دەکەم لە شارەکانی کوردستان کۆنسێرت ساز بکەم

ڕووداو — فرهنگ و هنر کردستان
دارین زانیار لەساڵی 1987 لە سوێد لەدایکبووە، بەڵام خێزانەکەی لەشاری سلێمانی باشووری کوردستانەوە چوونەتە سوێد و دایک و باوکی خەڵکی هەڵەبجەن، کاتی خۆی لەترسی ڕژێمی سەددام، چوونەتە ئەوروپا. دارین لە زۆر بەرنامە و کۆنسێرت دا ئاڵای کوردستانی بە سینگی خۆیەوە کردووە، تاکو نیشانبدات لە کوێوە هاتووە. دارین خۆی بە هاووڵاتییەکی کوردستانی — سوێدی دادەنێت.

دارین بۆ یەکەمجار بەشداری لە پێشبڕکێیەکی تەلەڤزیۆنی سوێد کرد بەنێوی (ئایدل idol)، ئەو پێشبرکێیە بۆ ئەو کەسانە بوو کە دەنگیان خۆشبوو، لەو پێشبڕکێیەدا نزیکەی 5000 کەس بەشداریان کرد، دارین بە دەنگە سیحراویەکەی، سەرنجی هەموانی ڕاکێشا و گەیشتە قۆناخی کۆتایی پێشبڕکێیەکە. دارین دوای ئەوە نێوبانگی دەرکرد و توانی چەندین خەڵات وەربگرێت، لەوانەش خەڵاتی پڕفرۆشترین ئەلبوومی ساڵ لە سوێد و چەندین خەڵاتی دیکەی دەزگا هونەرییەکان و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان و ڕادیۆکان. وردە وردە نێوبانگی دارین لە سەرتاسەری ئەوروپاو جیهان بڵاوبووەوە.

گۆرانی و کلیپەکانی لەزۆربەی کەناڵە جیهانییەکانی وەکو MTV و VIVA بڵاودەکرێنەوە و لەبارەی ئەو قسە دەکەن.

بەپێی ئامارێک، دەرکەوت لە مێژووی وڵاتی سوێددا تائێستا کەسێک نەبووە وەکو دارین لەرۆژنامەکان و تەلەڤزیۆنەکان زۆرترین باسی لەسەر بێت.

دارین سێ زمانی کوردی، ئینگلیزی و سوێدی بەباشی دەزانێت، بەڵام زۆربەی گۆرانییەکانی بەزمانی ئینگلیزین. دارین پێیوایە ئەو بەو زمانە زۆرتر دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دەوروبەری ببەستێ. بەڵام پێشی خۆشە بەزمانەکانی دیکەش گۆرانی بڵێت.

ئەو تائێستا 3 ئەلبوومی گۆرانی هەیە، چەندین خەڵاتی زێڕینی وەرگرتووە. دارین بە خۆی شیعر و ئاواز بۆ گۆرانییەکانی دادەنێت. ئەو لەنێو خەڵکی ئەوروپادا بەتایبەت خەڵکی سوێد، زۆر خۆشەویستە، بەشێوەیەک بەپێی ئامارەکان، نزیکەی 4 هەزار منداڵی سوێدی لەلایەن دایک و باوکیانەوە ناوی کوردی (دارین)یان لێنراوە.

دارین خوشکێکی لە خۆ گەورەتری هەیە بەنێوی (ڕۆزا).

دارین لەمنداڵییەوە توانیویەتی زۆربەی سەماکان فێرببێت، وەکو سەمای فانک، funk dance و لەمنداڵیشەوە گوێی لە گۆرانی و مۆسیقای هونەرمەندە گەورەکانی جیهان دەگرت و لاسایی ئەوانی دەکردەوە، لەوانەش لاسایی هونەرمەندانی جیهانی مایکل جاکسۆن و مادۆنا، کە وەکو خۆی دەڵێ "ئەو دوو هونەرمەندەم وەکو نموونەیەک بۆ پێشڤەچوونی کارەکانم هەڵبژاردووە".

ئەو حەزی لەوەیە درێژە بەکاری خۆی بدات تا ئەو کاتەی دەبێتە گەورەترین پۆپستاری جیهان و، لە دیدارێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی تیشک دا، بە زمانی کوردی گوتی، حەز دەکات لە شارەکانی کوردستان کۆنسێرت ساز بکات.

لەگالای کوردی 2005دا لە ستۆکهۆڵم، نازناوی کوردی ساڵی پێ بەخشرا . ئەو خەڵاتەش ساڵانە لەلایەن گرووپێکی لەکوردانی سوێد بەهاوکاری حکومەتی کوردستان دەدرێتە سەرکەوتووترین کوردی ساڵ.

ماڵپەڕی ڕەسمی دارین بەوشێوەیەیە : http://www.darin.nu، بۆ بینینی گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندە کوردە جیهانییە دەتوانن سەردانی سایتی www.youtube.com بکەن، تائێستا 450 کلیپی دارینی تێدایە.



له مێژووی سوێددا کەسێک نەبووە هێندەی دارین لە میدیا باسی بکرێت

### ڕوکەن ژ باکوور هاتییە دهۆکێ بستری:

# پشتی خەلکی حەز ژ دەنگێ من کری من ژی حەز ژ خۆکر

ڕووداو-دهۆک
دەنگبێژا نوی پێگەهشتی و گەنج کو ئەڤە ب تنێ دوو هەیڤە خوارنا دهۆکێ دخۆت و قەستا دهۆکێ کری، د هەڤپەیڤینەکێدا د گەل (ڕووداو) دا دیارکر کو هونەر ل هەولێر و سلێمانیێ ل دهۆکێ پێشکەفتیترە ژبەرکو ڕولێ عەشیرەتێ دناڤ دا یێ کێمە، بەلێ ل دهۆکێ هێشتا جڤاک وسا پێش نەکەفتییە کو ب هەمی ئەندام ڤە بەشداری ئاهەنگان ببن. لێ د هەمان دەمێ دا گۆت "ئەز گەلەک حەز ژ دهۆکێ دکەم و من دهۆک هەلبژارتییە ژ بەر جوانی و سروشتێ دهۆکێ و، سترانبێژێن دەنگخۆش ل دهۆکێ هەنە".

ڕوکەنجان، ل ساڵا 1988 ل جزیرتا بۆتان ژدایکبوویە، د ژیێ 13 سالیێ هەست پێدکەت کو دەنگێ وێ یێ خۆشە، پاشی د چەندین کونسێرت و ئاهەنگ و داوەتان دا د ستریت، وەکو ئەو دبێژیت "پشتی خەلکی حەز ژ دەنگێ من کر و گەلەک کەسان گۆت دەنگێ تە یێ خۆشە، من ژی حەز ژ دەنگێ خۆ کر".

ڕوکەن ئەڤە دوو هەیڤە ل دهۆکێ بوویە مێهڤان و شەڤانە ل کافیتیریا گەلیێ دهۆکێ ژ دەمژمێر 9-12 شەڤ د ستریت و گەنج و خێزان دبنە مێهڤانێن دەنگێ وێ و گوهداریا سترانێن وێ ب زمانێ کوردی و تورکی دکەن.

ڕوکەن، دبێژی وێ ستران ل باکوورێ کوردستانێ دگۆتن "ئەز ناڤاداربووم و خەلکی گەلەک حەز ژ دەنگێ من کر، بۆ دەمێ پتر ژ سالەکێ ئەز ژلایێ کەسەکی ڤە هاتمە خواستن بۆ سویسرا و من ل وێرێ چەندین کونسێرت و ئاهەنگ و شەهیان گێران، پاشی ئەز زڤریمە تورکیا و بۆ ماوێ 3 سالان ئەز نەخۆش کەفتم و من ستران نەگۆتن، ئەڤە دوو هەیڤە ئەز هاتیمە دهۆکێ و من جارەک دن دەست ب سترانا کر و هەتا نووکە من ئەژمارەکا سترانان گۆتینە و د کونسێرتێ سالڤەگەڕا گەردوون دا من ستران گۆتن گەلەک خێزان ئامادەبوون و حەز ژ دەنگ و سترانێن من کرن، نوکە ژی ئەز دچمە کونسێرت و داواتان لێ ئەوێن ب دلێ من نەبن ئەز ناچم، هەروەسا شەڤانە ئەز ل کافیتیریا گەلیێ دهۆکێ د سترم".

ئەو دبێژی "ئەز بۆ مالباتا خوە کاردکەم و ئالیکاریا وان دکەم"، ئەو دبێژە ئەو هاتییە ل دهۆکێ ب ستری و کلیپەکێ بۆخۆ چێبکەت. وێ بەری نوکە ل باکوورێ کوردستانێ بەرهەمەک چێکربوو و ل هەمی دەڤەران بەلاڤ بوو "بەلێ ئەو بەرهەم یێ ب دلێ من نەبوو، لەوما ئەز هاتمە ڤێرە دێ ل ڤان هەیامان بەرهەمەکی چێکەم، و ل هەمی کوردان را دیاری کەم". هەروەسا دبێژی، نها وێ هەلبەستەک ئەڤینی چێکریە ب ناڤێ (گولا مەحروم) کو بکەت ستران.

ڕوکەن هێشتا 21 سالییە، دبێژی "هێشتا من شوونەکریە و من ئەڤینی نەکریە، ئەڤینیا من هەمی بۆ کارێ منە، ئەگەر ئەز پیچەک پێشکەفتم پاشی دێ ئەڤینیێ کەم و هزر د شووکرنێ دا کەم".

ڕوکەن دبێژی تا نها وێ پەیوەندی دگەل سترانبێژێن دهۆکێ نینە، چونکە هەتا نوکە کەس پەیوەندی دگەل وێ نەکرینە و وێ ژی پەیوەندی ب کەس نەکریە. دیسان بەحسێ خۆ و هاتنا خوە بۆ شارێ دهۆکێ دکە و دبێژی "من دهۆک ژێ نەگرتیە بۆ بسترم، لێ دهۆکێ و خەلکێ دهۆکێ ئەز یا ژێگرتیم، ئەگەر هەولێر و سلێمانی ژی من بخازن دێ چم، لێ دڤێت جهەک ب دلێ من بیت".

### ئەگەر هەولێر و سلێمانیش من ب خازن ئەز دچم



# تاراوگە

## بەچاوی کراوەوە



**ڕووداو- هۆڵەندا**

پێشانگەیەکی تایبەت بەنێوی (بەچاوی کراوەوە) Mit offenen Augen بۆ شێوەکاری کورد کاوە کافرۆشی و شێوەکاری گەورەی ئۆستریایی هێرمان نیچ لە ڕۆژانی 28 -29/5/2009 لەڤیەننای پایتەختی ئەو وڵاتە دەکرێتەوە. ئەو پێشانگەیە چەندین تابلۆی خشڵی هونەری، پەیکەرتاشی، مۆدەی جل و مۆبیلی بچووکی تێدا نمایش دەکرێت، بەهاوکاری ڕێکخراوی هونەری نەمسایی (ئونیک ڤیلا) دەکرێتەوەو بڕیارە لەکۆتایی پێشانگاکە بەشێکی داهاتی فرۆشی کارە هونەرییەکانی بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان تەرخان بکرێت.

## وێنەکانی 35 ساڵی کوردستان لە هۆڵەندا بوونە کتێب

# هێخێنێر چیتر وێنەی کوردان ناگرێت



فۆتۆگرافەر هێخێنێر



گەشتێکی دوای ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان (فۆتۆ: هێخێنێر)



مەلا مستەفا و کۆمەڵێک پێشمەرگە لەساڵی 1973دا (فۆتۆ: هێخێنێر)

**ڕووداو- ئەمستەردام**

ڕۆژنامەنووس و فۆتۆگرافەری هۆڵەندی میخیل هێخێنێربە نووسینی کتێبێک کۆتایی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی هێنا سەبارەت بە کورد.

هەفتەی ڕابردوو لە هۆڵی دامەزراوەی هونەرە وێنەییەکانی ئەمستەردام SBK، وێڕای کردنەوەی پێشانگەیەکی وێنەیی، هێخێنێر کتێبەکەی خۆی ناساند کە بەرهەمی نزیکەی 35 ساڵ لێکۆڵینەوەیەتی سەبارەت بە کورد و کورستان. لە کتێبی ( کورد لە عێراق دا The Kurd Of Iraq)دا، ئەو ڕۆژنامەنووسە هۆڵەندییە پەنجا وێنەی فۆتۆگرافی کە لە کاتی سەردانە یەک لە دوای یەکەکانیدا بۆ کوردستان گرتوونی کۆکردووەتەوە. یەکێک لەو وێنانەی کە نێوبانگێکی جیهانیی پەیداکرد، وێنەی مەلا مستەفا بارزانییە لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا کە لە ساڵی 1973 دا گیراوە.

هێخێنێر یەکەمین دانەی چاپکراوی کتێبەکەی بەخشییە بورهان جاف نوێنەری حکومەتی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا. ئەوەش بە هۆی ئەو هاوکارییەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا، نوێنەری حکومەتی کوردستان پێشکەشی ئەو ڕۆژنامەنووسەی کردبوو لە کاتی سەردانەکانیدا بۆ کوردستان.

لە ساڵی 1973 دا کۆمەڵێک قوتابی هۆڵەندی بە سەردان دێنە باشووری کوردستان. هێخێنێر یەکێک دەبێت لەوانە و لەوکاتەوە تا هەفتەی ڕابردوو دۆزی کورد و دیمەنی کوردستان دەبنە جێی بایەخ و سەرنجی ئەو. ئەو ڕۆژنامەنووسە هۆڵەندییە کە بەو نزیکانە لە وتارێکدا بۆ (ڕووداو) سەبارەت بە ئەزموونی خۆی دەربارەی کورد دەنووسێت،بڕیاریداوە لەمەودوا خەریکی پرسێکی دیکەی جیهان بێت. هێخێنێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " پێموایە کاتی ئەوە هاتووە دوای ئەو هەموو ساڵانە خۆم بە بابەتێکی تازەوە مژول بکەم".

# زەردەشت بە پاسپۆرتێکی ساختەوە بووەوە پزیشک لە کەنەدا

**ڕووداو-کەنەدا**

دوای ئەوەی لە ساڵی 2003 بە پاسپۆرتێکی ساختە کە لەلایەن قاچاخچییێکەوە لە کوردستان دروستکرابوو، گەیشتە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی شاری ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا، مامەڵەکردنی باش و هەڵسوکەوتی بەرزی پاسەوانانی سەر سنووری کەندا، سەرنجی زەردەشت جافی ڕاکێشا.

بەپێچەوانەی کار بەدەستانی سەرسنوورەکانی وڵاتانی ئەوروپا کە زەردەشت ڕووبەڕووی ئەوانیش ببوەوە، کاربەدەستانی کەنەدی دەمودەست ساختەیی پاسپۆرتەکەیان ئاشکراکرد، بەڵام هەر بەڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ زەردەشت کرد.

یەکێک لە پاسەوانەکان بە زەردەشتی گوت "بۆچی هاتووی بۆ کەنەدا".

ئەویش وەڵامیدایەوە" لەبەرئەوەی وڵاتێکی ئازادە".

پاسەوانەکەش بە پێکەنینەوە پێیگوت"فەرموو بڕۆ، بۆچی دەترسێی؟".

لە دوای شەش هەفتە هاتووچۆ و گەڕان لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ، لە تورکیاوە بۆ جۆرجیا لەوێوە بۆ فەرەنسا و لەوێشەوە بۆ ئەڵمانیا.

بەخێرهاتنە گەرمەکە بۆ زەردەشتی 34 ساڵ، ڕەفتارێکی زۆر دڵخۆشکەربوو بۆ ئەو کە لە کوردستان پزیشک بوو.

لە بارەی ژیانی ئەوکاتی کوردستانەوە، زەردەشت جاف گوتی" لەبەرئەوەی کورد بووین، دووچاری هەموو ڕەگەزپەرستی وجیاوازییەک بووینەوە، خەڵک دەزانێت ئێمە کوردین، هەتا من بە ناوەکەمەوە ناسنامەم ئاشکرا دەبێت وخەڵک دەزانن من کوردم، ئەوان خەڵکیان ناچار دەکرد بچنە ڕیزەکانی حیزبی بەعسەوە و زمانی عەرەبی فێربن".

بەڵام ڕۆژە خۆشەکانی زەردەشت زۆریان نەخایاند، لەبەرئەوەی لە سەرەتای ساڵی 2004، ئەنجوومەنی پەنابەری وکۆچبەریی کەنەدی داوای مافی پەنابەرێتی زەردەشتیان ڕەتکردەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام لەناوچووە و سەددام دەستگیرکراوە.

زەردەشت هەوڵیدەدا لە کەنەدا بمێنێتەوەو ڕەوانەی نەکەنەوە، ئەو پرۆسەیەش نزیکەی چوار ساڵی خایاند. زەردەشت شەوانە لە بارێکی ئۆتاوا کاری دەکرد و بە ڕۆژێش وەکو یاریدەدەری توێژەر لە نەخۆشخانەی ئۆتاوا بە خۆڕایی کاری دەکرد. ئەو هەرگیز دەستبەرداری خەونەکەی نەبوو کە ڕۆژێک بێت کاری پزیشکی لە کەنەدا بکات، بەڵام دڵنیاش بوو لەوەی کە بەدەستهێنانی ئەو خەونە کارێکی ئاسان نابێت.

ناوبراو لە چەندین تاقیکردنەوەی تەندروستی دەرچوو، بەڵام نەیدەتوانی لە هیچ نەخۆشخانەیەک کار بکات، لەبەرئەوەی زەردەشت تاوەکو ساڵی 2007مافی پەنابەرێتی نەبوو.

لە ساڵی 2006، زەردەشت لە شاری ئۆتاوا نەما و چووە شاری هامڵتن، پاشان چووە تۆرنتۆ کە لەوێ کارێکی کارگێڕی لە نەخۆشخانەی سانت جۆزێف وەرگرت و بە یارمەتی سەنتەری نێودەوڵەتی پەروەردەی تەندروستی لە مانگی مارسی ڕابردوو توانی ببێتە کارمەند لە بەرنامەی تەندروستی زانکۆی مەکماستەر و هەر لە ئێستاشەوە بەشداری لە بەرنامەیەکی 12 هەفتەی مەشق و ڕاهێنان کردووە، بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ دەست بەکاربوونی وەکو پزیشکێکی فەرمی لە 1ی مانگی تەمووزی داهاتوو.



زەردەشت حەسەن جاف و سێنتیا لونگ ـ ی هاوڕێی (فۆتۆ: The star)

## پاسەوانەکە بە پێکەنینەوە پێیگوت "فەرموو بڕۆ، بۆچی دەترسێی؟"



لەمبارەیەوە زەردەشت جاف گوتی" زۆر حەزم لە ژیانی کەنەدایە، چونکە وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و لە هەمووشی گرنگتر وڵاتێکی عەلمانییە و یارمەتی هەموو خەڵکێکی جیاواز دەدات بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ئەم کۆمەڵگەیە ببێت".

**لە ڕۆژنامەی The Toronto Starی کەنەدییەوە 2009/5/11**

# تارا حەزی لێیە چاکترین بێ



تارا حەقیقی: لە سیمائیفێکت دا، شتی تازە بە ڕووخسارێکی کاریگەر پیشاندەدەین

**ڕووداو- هۆڵەندا**

یەکێک لە پێشکەشکارانی بەرنامەی (سیما ئێفێکت)ی کوڕەک تیفی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زۆر زۆر حەز دەکەین بەرنامەکەمان ببێتە باشترین پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی کوردی لە بواری کات بەسەربردن و ئینتەرتاینمێنت دا".

تارا حەقیقی، کە لەم هەفتەیەوە لە ئەورووپاوە بەشداری لە پێشکەشکردنی سیما ئێفێکتدا دەکات، باوەڕی تەواوی بەوە هەیە بەرنامەکەیان سەرکەوتوو دەبێت و دەڵێ "بیرۆکەی بەرنامەکە هی شۆڕەشڤان سدیق شەرۆ بوو، لە کاتی بیرکردنەوە دەربارەی چۆنیەتی دانانی پرۆگرامی کارەکان لە خۆمان دەپرسی ئایا چی تا ئێستا لە تەلەڤزیۆنی کوردیدا نەبینراوە؟ چ بابەتێک سەرنجی گەنج و پیر بە هەردوو شێوەزارەکەوە ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی سەیری بکەن؟".

سیما ئێفێکت لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: یەکەمیان تایبەتە بە گەنجانی کورد و ئاهەنگەکان و بۆنە و بابەتە تایبەتی و سەرنجڕاکێشەکان لە دەرەوەی وڵات. بەشی دووەم باسی ساتە خۆش و ناخۆشەکانی خێزانەکانی کوردە تاراوگەنشینەکان دەکات و بەشی سێیەمینیش بۆ پیشاندانی ئەو لایەنەی ژیانی هونەرمەندانە کە لە هەڤپەیڤینێکی ئاساییدا بینەر نایانبینێت.

سەبارەت بە ناوی بەرنامەکەیش تارا دەڵێت:" سیما بە مانای دەموچاو دێت و ئێفێکتیش واتە کاریگەری، بەو بەرنامەیە دەمانەوێت شتی تازە بە ڕووخسارێکی کاریگەر و مۆدێرن پیشانبدەین".

تارا حەقیقی لە هۆڵەندا گەورە بووە و نەوەی هۆزانڤانی کۆچکردووی کورد، حەقیقی یە کە خەڵکی شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەم زووانە هەڤپەیڤینێکی (ڕووداو) لەگەڵ تارادا دەخوێنیەوە.

## بەسەرهاتی لاوێکی کورد لە ئەڵمانیا

# حەسەن بەپارەی تاکسییەکەی باوکی گەیشتە ئەڵمانیا

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

هەندێک لە پەنابەران بۆ ئەوە دێنە ئەوروپا تا لە دەست شەڕو کوشتاری وڵاتەکەیان ڕزگار بن، هەندێکی دیکەشیان لەلایەن کەسوکاریانەوە ڕەوانە کراون بەو هیوایەی ڕۆژێک بێت پارەیان بۆ ڕەوانە بکەنەوە. ژمارەی منداڵانی پەنابەر لە ئەوروپا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندان کە زۆرینەیان خەڵکی عێراق و وڵاتانی ئەفریقیان.

بۆمبێک بووە هۆی ئەوەی منداڵێکی عێراقی ماڵی خۆی بەجێ بێڵێت و ڕوو بکاتە ئەوروپا و ئەمەی خوارەوەش بەسەرهاتی ئەو منداڵەیە کە چۆن گەیشتووەتە ئەڵمانیا. حەسەن، کە ناوی خواستراوی ئەو منداڵە تەمەن 15 ساڵەیە کە لەلایەن باندێکی قاچاچچی خرایە پشت لۆرییەکەوە و ڕەوانەی ئەڵمانیا کرا.

کاتێک حەسەن بۆ دواجار گەیشتە ئەڵمانیا، ئەو نەیدەزانی ئەو گەشتە دووروودرێژ و سەختەی بینیوویەتی بێ ئەنجام دەبێت یان نا؟ ئەو وەبیری دێتەوە کە لە شەوێکی درەنگدا لە خەو هەڵسێنراوە و قاچاخچیەکان بارە مرۆییەکەیان خستە پشتی لۆرییەکەوە کە بۆ گواستنەوەی ئەو پەناخوازانە بەکاریان دەهێنا. حەسەن و پەناخوازەکانی دیکە لەنێو پشتی لۆرییەکی تاریکدا کە تەنیا دەنگی مەکینەی لۆرییەکە دەهات بۆ چەند ڕۆژێک مانەوە. حەسەن تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە ئەوان لە نێو خاکی ئەڵمانیان و لە نێو دارستانێکدان. شەو بوو، کەشوهەواش زۆر ساردبوو، ئەوان هیچیان پێنەدەکرا تەنیا ئەوە نەبێت چاوەڕێ بن ڕۆژ ببێتەوە و دەست بکەنەوە بە ڕۆیشتنەکەیان.

بەرەبەیانی هەمان ڕۆژ، حەسەن و ئاوارەکانی دیکە بە دزییەوە خۆیان کردە نێو وێستگەیەکی شەمەندەفەرەوە. چوونە نێو شەمەندەفەرەکەوە و بۆ ماوەی دوو کاژێر لە ناویدا بوون، پاشان پۆلیس هات و داوای مۆڵەتی سواربوون و ناسنامەکانی کردن، بەڵام حەسەن هیچی پێ نەبووە.

ژمارەی هاتنی ئەو پەناخوازانانە بۆ ئەڵمانیا کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە لە ساڵی ڕابردوو زیادی کردووەو زۆرینەیان خەڵکی عێراق و وڵاتە هەژارەکانی ئەفریقیان، بەڵام تائێستا ئامارێک نییە دیاری بکات ژمارەی ئەو پەناخوازە منداڵانەی لە ئەڵمانیا دەژین چەندن، وەلێ چەند ڕێکخراوێکی تایبەت بە کاروباری پەنابەران ڕایانگەیاند کە ژمارەیان لە نێوان 3 بۆ 5 هەزار منداڵ دەبێ.

حەسەن لە گەڕەکێکی شاری میونخ خۆی دۆزییەوە، لە سەنتەری چاودێریکردنی منداڵانی ئاوارە. ئەو لەوێ لەگەڵ منداڵانی ئاوارەی وڵاتانی ئەفریقی و ئاسیایی دەژی کە تەمەنی بچووکترینیان 10 ساڵان دەبێت.

دوای سێ مانگ، ئێستا حەسەن لەگەڵ 11 منداڵی دیکەدا لە ماڵێکی تایبەتدا دەژی کە هەموویان لەبەر ناهەمواری بارودۆخی وڵاتەکەیان یاخود باوانیان ناردوویان، گەیشتوونەتە ئەم وڵاتە.

ڕۆژێکیان لە باکووری عێراق کە حەسەن خەڵکی ئەوێیە، باوکی حەسەن بانگی کوڕەکەی دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە کە دەیەوێت کارێکی گرنگی لەگەڵ باس بکات، حەسەن دەڵێ "تۆنی دەنگی باوکم زۆر جیدی بوو". باوکم پێیگوتم" تۆ کوڕە گەورەمی، دەبێ لێرە بڕۆی، لێرە کار نییە، تەنیا ترس و لەرز نەبێت، دەبێ عێراق بەجێ بێڵی". باوکی گوێی لە بیروڕای حەسەن نەگرت، ئەوە فەرمان بوو، ئەنجامنەدانیشی قبوڵ نەدەکرا.

حەسەن کوڕێکی درێژ و باریکە، لەژێر کڵاوەکەیدا، جۆرە جێڵێکی لە قژی داوە، کەهەمان ئەو جێڵەیە کە دەیڤد بێکهامی یاریزانی تۆپی پێی ئینگلیزی لە قژی دەدا.

حەسەن و منداڵە کوردەکانی ئەو سەنتەرە ئێستا سەرقاڵی خۆگونجاندنن لەگەڵ دابونەریت و کولتوری ئەڵمانی و ڕۆژانە وانەی زمانی ئەڵمانی دەخوێنن.

حەسەن لەلایەن باوکی پێیگوترابوو کە پێویستە "ئەڵمانی فێر ببی و کاریش بکەیت". ئێستا هیوای خانەوادەیەک لەسەر شانی حەسەنە. حەسەن بۆ کارێکی تایبەت ڕەوانە کراوە و دەبێ ئەنجامیبدات.

حەسەن هەتا ئێستا کەمێک زمانی ئەڵمانی فێر بووە و منداڵەکان لە نێو خۆیان گاڵتە بەیەکتری دەکەن کە تۆنی ئەڵمانییان زۆر باش نییە، بەڵام بەپێی قسەی مامۆستاکانیان، هەموویان ئاستی زمانی ئەڵمانیان زۆر باشە.

حەسەن هەفتەی جارێک، دوو جار بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ خانەوادەکەی دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئاستی زمانی ئەڵمانی بەرەو پێشەوە دەڕوات و خەمی ئەویان نەبێت.

حەسەن دەڵێت لە گوندەکەیان باسی ئەڵمانیایان دەکرد، هەموو کەس بە باشی باسیان دەکرد، لەبەرئەوەی مامی حەسەن وەختی خۆی هاتووەتە ئەڵمانیا و پاشان بووەتە پزیشک و لەنێو گوندەکەیان دەنگی داوەتەوە و ئێستا مامەکەی حەسەن لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا دەژی.

حەسەن دەڵێ هەر کە گوندەکەیان بارودۆخی تێکبچوایە، خەڵکی گوندەکە باسی مامیان دەکرد.

حەسەن خۆی ئێزدییە و گوندەکەیان کەوتووەتە نزیک شاری موسڵ کە ئەو ناوچەیەش لەو کاتەی شەڕی عێراق دەستی پێکردووە، ناوچەیەکی پڕ لە شەڕو کوشتار بووە.

باوکی حەسەن شۆفێری تاکسی بووە. تاکسیەکەی بە 7،500 دۆلار فرۆشتووە و پارەکەشی داوەتە قاچاچچیەک بۆ ئەوەی کوڕەکەی بگەیێنێتە ئەڵمانیا، ئەو پێیوابوو کە ئەمە سەرمایەگوزارییەکە بۆ داهاتوو، بەو هیوایەی کوڕەکەی خۆی پێدەگەیێنێت و پاشان دەتوانێ پارە بۆ ماڵەوە ڕەوانە بکاتەوە.

حەسەن زۆر حەز ناکات بە وردی باسی هاتنەکەی لە باکووری عێراقەوە بۆ ئەڵمانیا بکات، ڕەنگە قاچاخچیەکان هەڕەشیان لێکردبێت بەوەی باسی نەکات و نەڵێت کە ئەو و گرووپە ئاوارەی لەگەڵیدا بوون بە چەند ڕۆژ لە پشتی لۆرییەکەوە گەیشتنە ئەڵمانیا.

ئەو تەنیا بۆی هەبووە جانتایەکی بچووکی پێ بێت کە تیشێرتێک و دوو پانتۆڵ و چاکەتێکی تێدا بووە. لە یەکێک لە گیرفانەکانی پانتۆڵەکەیدا، کاخەزێکی پێ بووە کە ناونیشانی مامی بووە لە شاری دۆرتمۆند کە بلیتی ژیانی نوێی حەسەنی پێیە.

حەسەن بە شەرمەزارییەوە دەڵێت لە ڕۆژانی یەکەمدا، ئەو تەنیا لە جێگەدا پاڵکەوتووە و گریاوە. کاتێک ئەو منداڵانە دەگەنە ئێرە دووچاری ئەو کێشەیە دەبن کە زۆر بە زەحمەت ڕادێن لەگەڵ کولتوری ئەو وڵاتە و لە هەمانکاتیشدا ئەوەشیان بۆ ئاشکرا دەبێت کە چیدیکە ناگەڕێنەوە بۆ لای باوانیان و وڵاتەکەیان.

هەر لە ئێستاوە حەسەن دانیشتنی لەگەڵ کاربەدەستانی ئەو سەنتەرەدا ئەنجامداوە بۆ ئەوەی داهاتووی خۆی باس بکات و ئاشکرای بکات پلانەکانی داهاتووی چییە. ئێستا حەسەن قژی خۆی درێژ کردووەو چاکەتێکی لەبەردایە کە لەسەری نووسراوە "هێزی ئاسمانی ئەمریکا". حەسەن دەڵێ ئەو نایەوێ بچێتە شاری دۆرتمۆند و لەگەڵ مامی بژی، هەروەکو باوکی دەیویست. حەسەن دەڵێ ژوورێکی لە میونخ دۆزیووەتەوە و خۆشحاڵە بەوەی لەوێ بژی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دوو هاوڕێی کوردی دیکە لەنزیک ئەو دەژین.

مامۆستاکانیشی پێیان ڕاگەیاندووە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەتوانێ بچێتە قوتابخانەی ناوەندی و لەوێ ببێتە قوتابیەکی ئاسایی، حەسەن لەبارەی داهاتوویەوە دەڵێ " کە قوتابخانەم تەواو کرد، دەمەوێت سەرتاشخانەیەک دابنێم، بۆ ئەوەی بتوانم پارە بۆ ماڵەوە ڕەوانە بکەمەوە".

**لە گۆڤاری Spiegelی ئەڵمانییەوە**

# کاروباری ژنان

## مەهاباد لە رقی مێردەکەی خۆی سووتاند



ڕووداو-هەولێر
ڕۆژی 2009/5/13 لەگەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر، ژنێک بەناوی مەهاباد ڕەحمان عەبدوڵڵا، 20 ساڵ، لەداخی مێردەکەی خۆی سووتاند. مەهاباد لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت، لەبەر خراپی هەڵسوکەوتی مێردەکەم خۆم سووتاند. مەهاباد کە 60%ی لاشەکەی سووتابوو، سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمار کرد بوو. بەڵام ڕۆژی 2009/5/17 گیانی لەدەستدا و پۆلیسیش دەستی بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کردووە.

# لە سوێد هەڕەشە لە عالیە کراو لە کەرکووک درایە بەر چەقۆ



عالیە شوێنی چەقۆ لێدانەکەی نیشان دەدات

(فۆتۆ: ڕووداو)

**کارزان حەیدەر**
**ڕووداو-هەولێر**

دوای ئەوەی لە سوێد لەلایەن برازاکەیەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ، دەگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام لە شاری کەرکووک لەلایەن برازایەکی دیکەی دەدرێتە بەر چەقۆ و بریندار دەکرێ. ئێستا عالیە لە یەکێک لە هوتێلەکانی شاری هەولێر کەوتووەو داوا دەکات پەڕاوی کێشەکەی لە دادگای کەرکووک بگوازرێتەوە شاری هەولێر، چونکە لەو باوەڕەدایە لەهەولێر کێشەکەی ڕێڕەوی یاسایی خۆی وەردەگرێ.

عالیە میرزا، 52 ساڵ، ماوەی 25 ساڵە لە شاری ڤیستەرۆسی سوێد نیشتەجێیە و وڵاتینامەی سوێدی هەیەو 2 کچ و کوڕێکی هەیە. ئاڤێستای کچی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەریکی خوێندنی بزنسە. عالیە خۆشی توێژەری کۆمەڵایەتییە.

عالیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە ئەو لەگەڵ برازایەکی خۆی لە وڵاتی سوێد دووچاری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووەو هەڕەشەی کوشتنی لێکرا، هەرچەندە پۆلیسی سوێدی ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام دەڵێت برازاکەی بە ناسنامە و وەڵاتینامەی ساختەوە هاتووەتە سوید، بۆیە پۆلیسی سوێد تا ئێستا نەیتوانیوە دەستگیری بکات.

عالیە، کە لەهوتێلەکە چەند کەسێکی نزیکی پاسەوانی دەکەن، وردەکاری کێشەکەی لەگەڵ برازاکەی بۆ (ڕووداو) باسکردو گوتی "ئازاد، کوڕی زڕ برایەکەمە و 10 ساڵ لە سویسرا بوو، لەوێ کۆمەڵێک سەرپێچی کردبوو، دواتر بە ناسنامەی ساختە هاتە سوێد، بەڵام من هیچ پەیوەندییەکی پتەوم لەگەڵدا نەبوو".

ڕۆژی 2007/12/27 عالیە، کچە برایەکی خۆی بەناوی لانە داوەتی ماڵەوە دەکات و بۆ ئەوەی ئاهەنگی سەری ساڵ بەیەکەوە بگێڕن "بە ئاگاداری باوکی لانە هاتە لامان، بەڵام دوای نانخواردن ئازاد تەلەفۆنی کرد گوتی هەر ئێستا لانە نەنێریتەوە چی خراپە پێتدەکەین". کاتێک عالیە بە ئازاد دەڵێت پۆلیس ئاگادار دەکەمەوە، ئازادیش پێیگوت لانە بنێرەوە ئەگینا بەرچەقۆت دەدەم، تۆش و یاسای سوێد بە پێڵاوی خۆم نازانم".

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا، عالیە لەلای پۆلیسی سوێد سکاڵایەک لەسەر ئازاد تۆمار دەکات، بەڵام پۆلیسی سوێد نەیتوانی ئازاد بدۆزێتەوە، عالیە دەڵێت "ئەو بە ناوی ساختە هاتبووە سوێد، بۆیە پۆلیس نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە".

ڕۆژی 2009/3/31 عالیە لەسەر داوای چیای کوڕی دەگەڕێتەوە کوردستان "چیای کوڕم لە سوێد لە دایکبووە، زۆر حەزی لە کوردستانە، ماوەی ساڵێک بوو دەیگووت با بچینەوە کوردستان". عالیە سەرەتا دێتە هەولێر، بۆ ماوەیەک لە هەولێر دەمێنێتەوە و ڕۆژی 2009/4/25 دەچێتەوە ناو خزمو کەسەکانی لەشاری کەرکووک. هەمان ڕۆژ لەلایەن ئالانی برازای دەدرێتە بەر چەقۆ و بریندار دەکرێ.

عالیە باسی چۆنیەتی ڕووداوەکەی کردو گوتی "لەگەڵ برازێنم و کچەکەم لە ماڵەوە دەرچووین، بینیم ئالان لەسەری کۆڵان وەستابوو، دوای سڵاوکردن لێمپرسی چۆنە لێرە وەستاوی، گوتی چاوەڕێی دوو برادەر دەکەم دێنە لام، هەستم نەکرد نیازی باش نییە"، عالیە هەر کە چەند هەنگاوێک لە ئالان دوور دەکەوێتەوە، کەسێک لە دواوە قژی ڕادەکێشێت و دەیداتە بەر چەقۆ "ئالان ویستی چەقۆیەکە لە ملم بدات و بیبڕێ، بەڵام بەر دەموچاوم کەوت، یەکێکیشی لە دەستم دا، چەقۆیەکیش لە قۆڵم و یەکێکی دیکەش بەر سییەکانم کەوت، لە کۆڵان کەوتمە سەر زەوی".

دوای ڕووداوەکە ئالان ڕادەکات، بەو مەبەستەی خۆی بگەیەنێتە ئێران و لەوێش بچێتە دەرەوەی وڵات و بچێتە لای ئازاد، وەک عالیە گوتی "براکانی بەڵێنیان پێدابوو دوای جێبەجێکردنی پیلانەکە بچێتە ئێران و لەوێوە بە ماوەی 24 کاژێر بیگەیێننە ڤییەننا، بەڵام ئالان لە هەڵەبجە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراو تەسلیمی پۆلیسی کەرکووک کرایەوە". عالیە جگەلە برینەکانی خۆی، زۆریش بەو دڵتەنگە کە چیای کوڕی لەو کوردستانەی حەزی دەکرد ببینێ، ئەو ڕووداوە ناخۆشەی بینی "چیای کوڕم زۆر پەشۆکاوەو ترس دایگرتووە".

عالیە داوایەکی پێشکەش بە هەر یەک لە سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان کردووە، بۆ ئەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوەکەی لەشاری کەرکووک بگوازرێتەوە شاری هەولێر، کە پۆلیسی ئینتەرپولیش لە ئەورووپا و بەتایبەت لە وڵاتی سوێد بەدوای دەستگیرکردنی داڕێژەری پیلانی کوشتنەکەیەوەیە. بەنیازیشە پۆلیسی ئینتەرپوول لە شاری هەولێریش ئاگادار بکاتەوە.

# چەقۆی حەسەن سپڵی فاتیمەی دەرهێنا



**سۆران بەهائەدین**
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو-هەولێر**

بەهۆی ئەو چوار چەقۆیەی لەلایەن مێردەکەی لێیدرابوو نەیدەتوانی لەنێو جێگە هەڵبستێتەوە. فاتیمە بەدەنگێکی نزم و هەناسەسوارییەوە باسی نەهامەتییەکی ژیانی خۆی دەکرد "من ئیشم دەکرد مێردەکەشم پارەکەی لێوەردەگرتم و پیاسەی دهۆک و سلێمانی پێدەکرد". فاتیمە لە نێو ماڵەکەی خۆی لەسەر جێگە کەوتووە، جگە لەوەی 40 سانتیمەتر سکی دووراوەتەوە، سپڵیشی دەرهێنراوە.

فاتیمە خدر ئەحمەد، 35ساڵ، دایکی سێ کچ و دوو کوڕە و دەڵێت لە 20 ساڵی تەمەنی هاوسەرێتی لەگەڵ مێردەکەیدا زۆر نەهامەتی بینیوە، بەڵام لەبەر منداڵەکانی نەیتوانیووە لە مێردەکەی جیا ببێتەوە، تاوەکو دواجار لە ڕۆژی 2009/5/4، حەسەنی مێردی چوارچەقۆی لێدا، کە یەکێک لە چەقۆکان نزیکەی 10 سانتیمەتر چووەتە ناو جەستەی.

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، فاتیمە سکاڵای لە سەر مێردەکەی تۆمار کردووەو، فەرمانی گرتنیشی بەپێی مادەی 413 کە مادەی شەڕکردنە بۆ مێردەکەی دەرچووە، بەڵام ئەو هەڵاتووەو شوێنەکەی نادیارە.

فاتیمە 8 ڕۆژ لە نەخۆشخانە کەوت و، ئێستا ڕەوانەی ماڵەوەیان کردووەتەوە. ئەو لەنێو ماڵەکەی خۆیدا گوتی لەوەتەی شووی بەو پیاوە کردووە هەر بە هەژاری ژیاوەو کارەکەری ماڵان بووەو جارێکیش لە کاتی ئیشکردن غازی پێدا تەقیوەتەوەو ساڵێک لەسەر جێگە کەوتووە.

ماوەی سێ ساڵە خاڵی فاتیمە خانوویەکی بەخۆڕایی پێداون و تێیدا دەژین. فاتیمە ئێستا خزمەتگوزارە لە پارێزگای هەولێرو دەڵێت هایدەی کچیشی بە کرێ نان بۆ ماڵان دەکات. ئەو باسی هەڵسوکەوتی مێردەکەی کردو گوتی "ئەگەر ئەو لە ماڵەوە بێت ژیانمان دۆزەخە، دەبێ هەموومان بێدەنگ بین، تەلەڤزیۆن و قسە کردن و پێکەنین قەدەخە دەبێت"، هەروەها دەڵێت "مێردەکەم لەجیاتی ئەوەی هاوکاریمان بکات، بە زۆر پارەی لێ وەردەگرتین، پیاسەی دهۆک و سلێمانی پێدەکرد". ئەوە لەکاتێکدا وەک فاتیمە ئاماژەی پێدا، مێردەکەی نەخۆشی دەروونی هەبووەو پزیشکیش پێیگوتووە کە کەسێکی ڕارایە ئەگەر کار بکات چاک دەبێت.

دوای نیوەڕۆیەک کاتێک فاتیمە لەکار دەگەڕێتەوە دەبینێت، مێردەکەی بە تیرۆکی نانکردن لە کچەکەی دەدات و خەسووشی تەماشای دەکات، فاتیمە جگە لەوەی مێردەکەی دوور دەخاتەوە، قسەشی پێدەڵێت، خەسوی فاتیمە تەلەفۆن بۆ کوڕەکانی دەکات و ئەوانیش دێن قسە بە فاتیمە دەڵێن و براکەیان لەگەڵ خۆیان دەبەن، فاتیمەو منداڵەکانی ئەو شەوە هەر بە گریان بەسەر دەبەن.

دوای دوو ڕۆژ، مێردی فاتیمە دەگەڕێتەوە ماڵ، ئیدی کێشە گەورەکە لێرەوە دەستپێدەکات. کاتێک فاتیمە لە چێشتخانە دەبێ، سێوێک بۆ مێردەکەی دەشواتەوەو پێیدەڵێت کوێخا سێوێک ناخۆی، ئیدی هەر بەوەندە پیاوەکە بە چەقۆ بەردەبێتە گیانی فاتیمە "بە هەموو هێزی خۆی چەقۆیەکی لێدام، هاوارم کرد، هایدە هاتە ناوبژیوانمان، زۆر چەقۆی وەشاند، بەربوومەوە".

فاتیمە دوای بەربوونەوە دەبینێت مێردەکەی بەرەو ڕووی هایدە دەچێت، لە تاوان هەڵدەستێتەوە، ئاگای لەخۆی نییە بریندار بووە "گەزێکم لە دەستی مێردەکەمدا، چەقۆکە بەربووەوە، ئەویش هەڵات، کە سەیری خوارەوەم کرد، حەوشەکەمان هەموو بووەتە خوێن، وەک سۆندە خوێن لەسکم دەهات، ئیتر بێهۆشبووم".

هایدە دایکی دەگەیێنێتە نەخۆشخانە. فاتیمە دەڵێت "لە ترسی ئەو خوێنەی بینیم زیاتر لە کاژێرێک بێهۆش بووم"، پزیشکەکان سکی فاتیمە بە 5 تەقەڵ دەدورنەوە، فاتیمە لەبەر منداڵەکانی خێرا دەگەڕێتەوە ماڵ، بەڵام لەماڵ ژان دەیگرێت و بەپەلە دەیگەیێننەوە نەخۆشخانە "چەقۆکە نزیکەی 10 سانتیمەتر چووبووە ناو سکم، ئێستا سپڵم دەرهێندراوە، سکم بە 40 تەقەڵ دوراوەتەوە، ڕیخۆڵەشم بەر چەقۆیەکە کەوتووە".

هایدە، ئەوەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە کە ئەوە یەکەم جار نییە باوکی لێیان بدات، تەنانەت جارێکی دیکەش بەهۆی لێدانی باوکی، دایکی گەیێنراوەتە نەخۆشخانە "قسەم نەدەکرد لەبەر ئەوەی باوکمە، بەڵام ئەمجارە خوێنی دایکمی ڕژاند، ئەو بێتەوە ماڵ من دەڕۆم".

فاتیمە، لەلای پۆلیس سکاڵای لە سەر مێردەکەی تۆمارکردووەو باوەڕ ناکات کە پیاوەکەی نەخۆش بێت "بەزۆر دەستی دایکی پێ ماچ دەکردین، ئێستا براکانی دەڵێن شێتە، ئەگەر شێتە با یەکێک ببێتە کەفیلی لە منداڵەکانم نەدات و تەڵاقم بدات، ئەگەر ئاقڵیشە با دادگا مافم وەربگرێتەوە".

براکانی مێردی فاتیمە ئامادە نەبوون هیچ قسەیەک لەبارەی براکەیانەوە بکەن، تەنیا ئاماژەیان بەوەدا کە ئەو برایەیان نەخۆشی دەروونی هەیەو جارێک گوللەی بەوانیشەوە ناوە، بەڵام هایدە دەڵێت بۆچی باوکم بۆ هەموو شت ئاقڵە تەنیا لەبەرامبەر ئێمە نەبێت "بۆ نان خواردن و جلوبەرگ و خزم و کەسی خۆی هیچ عەیبی نییە، تا بەر دەرگا خزمەکانی خۆی بەڕێدەکات، کەچی کە کەسوکارێکی دایکم دێت ناهێڵێت دەرگا بکەینەوە، خاڵەکانم تا ئێستا نەهەتوونەتە ماڵمان، لەبەر دەرگا قسەیان لەگەڵ دەکەین".



**مێردەکەم لەجیاتی ئەوەی هاوکاریمان بکات، پارەی کاری من و کچەکەمی لە پیاسە خەرجدەکرد**

فاتیمە خدر، کە شوێنی چەقۆی مێردەکەی بە 40 تەقەڵ دووراوەتەوە

# پۆلیسی سوێدی ژیان لە دەست دایک وباوکی ڕزگار دەکەن

**ڕووداو-سوێد**

ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی ئاسایی "شەرەف کوژی و توندوتیژی" نییە. کچەکە کە ناوی ژیانە، لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە. هەردوو خۆشەویستەکە هێندە موسڵمانن کە لەلایەن مەلاوە مارە کراون، نەک لەلایەن دادگایەکی مەدەنی ڕۆژئاوا. ژیان تۆمەتبار نییە بەوەی بووەتە کەسێکی "ڕۆژئاوایی"، بەڵکو لەلایەن دایک و باوکییەوە تۆمەتبارە بەوەی دژی خواست و ویستی ئەوان هەڵسوکەوتی کردووەو بەقسەی نەکردوون.

خاڵێکی سەرنجڕاکێشی دیکەی ئەم کەیسە ئەوەیە شەش لە خزموکەسوکاری ژیان تۆمەتبار کراون بەوەی هەڕەشەی کوشتنیان کردووە و هەموو تۆمەتبارە سەرەکییەکانیش ژنن.

لەگەڵ ئەوەی خانەوادەی ژیان هەڕەشەی کوشتنیان لێکردووە، بەڵام ویستوویانە بە نهێنی کارەکە بکەن ئەمەش بە قسەی ژیان ڕێگر بووە لە ئەنجامدانی کوشتنەکەی.

ئێستا هەر شەش تۆمەتبارەکە لە شاری گۆتنبێرگی سوێد لەبەردەم دادگادان، بەهۆی ئەوەی هەڕەشەی کوشتنیان لە ژیان، تەمەن 19 ساڵ و ئازادی تەمەن 25 ساڵی خۆشەویستی کردووە. شەش تۆمەتبارەکەش پێکهاتوون لە دایک وباوکی ژیان، دوو پووری و دوو کوڕە مامی.

ئازاد و ژیان، کە بەهۆی مەترسی بۆ سەر ژیانیان ناوی ڕاستەقینەی خۆیان نییە، لە ڕێگای پەیوەندی ڤیدیۆییەوە بەشداری لە دادگاییکردنەکە دەکەن و تۆمەتبارەکان ڕێگەیان پێنادرێت ژیان ببینن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ژیان لەو کاتەی خۆی شاردووەتەوە، شێوەی خۆی گۆڕیووە و نایەوێت کەسوکاری بیناسنەوە و چاوەڕوانیش دەکرێت هێزەکانی پۆلیس لە دەرەوەی دادگاکە بە وردی چاودێری ئەو ناوچەیە بکەن.

تۆمەتبارەکان، لەسەر تاوانی توندوتیژی دایک وباوک دژی منداڵەکانیان، دادگایی دەکرێن و تۆمەتبارە سەرەکییەکانیش دایک و باوک و پوورەکانی ژیانن و هەمووشیان خەڵکی کوردستانی عێراقن.

## دایک وباوکی ژیان ویستوویانە کچەکەیان شوو بە ئامۆزایەکی خۆی بکات، کە تا ئێستا نەیبینیووە و نایناسێت

کەیسی ژیان و ئازاد یەکێکە لەو کەیسە تاک و تەرایانەی شەرەفکوژی کە خراوەتە بەردەم دادگا. لە هاوینی 2007، دایک وباوکی ژیان بۆیان ئاشکرا بووە کچەکەیان پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی کورد هەیە، لەو کاتەشەوە ژیانی ئەو کچە بە تەواوەتی گۆڕاوە و باوکی دەیباتە قوتابخانە و ڕێگەی پێنەدراوە بچێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی پوورێکی دوای نەکەوێت.

دایک و باوکی ژیان نەیانویستووە کچەکەیان شوو بە ئازاد بکات، کە ئەویش خەڵکی هەمان شاری بنەماڵەی ژیانە لە کوردستان، ئەوان ویستوویانە کچەکەیان شوو بە ئامۆزایەکی خۆی بکات، کە ژیان هەتا ئێستا نەیبینیووە و نایناسێت.

ژیان دەڵێ دایک و باوکی لێیان داوە و هەڕەشەی کوشتنیان لێکردووە و دوعایان لێکردووە و جنێویان پێداوە و پێیانوتووە "قەحبە" و بەڕەڵڵا. باوکی پێیگوتووە بە دەمانچەکەی دەیکوژێت و هەڕەشەشیان لێکردووە کە سەری ئازادیش دەبڕن، ژیان دەڵێت تاکە هۆکار لە نەکوشتنی ئەو لەلایەن خێزانەکەیەوە، ئەوەیە کە خەڵک بە پەیوەندی نێوان ئەو و ئازادی زانیوە.

ژیان و ئازاد دەیانویست بۆ یەکبن و هاوسەرگیری بکەن و ئازاد چەندین جار داوای دەستی ژیانی لە باوکی کردووە، بەڵام باوکی هەمیشە ئەو داوایەی ڕەتکردووەتەوە.

تۆمەتبارەکان، ئەو تاوانانە ڕەتدەکەنەوە و ڕایانگەیاند ئازاد، مێشکی ژیانی شتووشتووەو ئەو تەنیا بۆ مەبەستی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لە سوێد دەیەوێت ژیان بێنێت، بەڵام ئەوان نکۆڵییان لەوە نەکردووە کە هەوڵیانداوە کۆتایی بەو پێوەندییە بێنن، لەبەرئەوەی ئازاد لە ڕووی تەمەنەوە زۆر لە ژیان گەورەترە، هەروەها بێکارە و هەڕەشەی ڕەوانەکردنەوەی بۆ کوردستانیشی لەسەرە، بەڵام ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە هەڕەشەی کوشتنیان کردبێت.

پوورە تەمەن 21 ساڵەکەی ژیان بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە کە کەس نەیویستووە ئازاری ژیان یاخود ئازاد بدات و بیانکوژن و بنەماڵەکە بەوە ڕازی بووە ژیان شوو بە ئازاد بکات.

بەرپرسانی فەرمانگەی سۆشیالی سوێدی لە کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی ڕابردوو، ژیانیان لە بنەماڵەکەی جیاکردووەتەوە و لەژێر چاودێری خۆیان لە پەناگەیەک دایاننا و بۆ ماوەی دوو مانگ ڕێگەی پێنەدراوە ئازاد ببینێت، ئەمەش وای لە ژیان کرد لەو شوێنە هەڵبێت.

پاشان ژیان لەلایەن باوک ودایکی و دوو کوڕە مامیەوە دەدۆزرێتەوە و دایکی ژیان بە پێڵاو لێیداوە و بە بوتڵێکی شکاوەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە، بەڵام کاتێک پۆلیس دەگاتە سەر ڕووداوەکە، لێدانی ژیان کۆتایی پێدێت ودایک وباوک وکەسوکارەکەی دەستگیر دەکرێن.

خزم و کەسوکاری ژیان ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەنەوە و باوکی ژیان ڕایگەیاند کە ئەوەندە دڵخۆش بووە بە دیتنەوەی ژیان، لە باوەشی گرتووە و ماچی کردووە.

ژیان نەک تەنیا لە دەست بنەماڵەکەی هەڵاتووە و داوای پاراستنی ژیانی لە بەرپرسانی سوێدی کردووە، بەڵکو ژیان و ئازاد بەنهێنی لە لایەن مەلایەکەوە مارە کراون.

ژیان بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە کە دەیەوێت لەگەڵ ئازاددا لە شوێنێکی ئارام بژیت و ئەوەش دەزانێت کە ناتوانێت جارێکی دیکە بنەماڵەکەی ببینێتەوە، هەروەها ئازادیش ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە ژیانیان لە مەترسیدایە و کەسیش ناتوانێت بیانپارێزێت، تەنیا بەرپرسانی سوێد نەبێت.

ئێستا نزیکەی 100 کچ بە نهێنی لە ناوچەی Västra Götaland پارێزگاریان لێدەکرێ کە خەرجی ڕۆژانەیان 1500-3500 کرۆنە، لە دوای 2003وە ژمارەی پەناگەکانی پاراستنی کچان لە زیادبووندایە.

**لە ماڵپەڕی europenews.com وە 2009/5/12**

## بەزۆر بەشوودان ژیانی لە کوردستان تاڵکردووە

# ئاڤان لە درەنگانێکی شەودا لە کچەکەی جیاکرایەوە

**نەبەز محەمەد**
**ڕووداو-سلێمانی**

"لەو هەشت ساڵەی ژیانمدا، هەشت چرکە خۆشیم نەبینی، هەمیشە وەک زیندانییەک چاوەڕێی ڕۆژی ئازادبوونم دەکرد، تەنانەت ئەگەر بەمردنیش بێت". جوانی سەرنجڕاکێشی ئاڤان، ئەوی ڕادەستی ژیانێکی تاڵ کردو ئێستا بە بێوەژنی و لەچوارچێوەی ماڵە تاریکەکەی باوکیدا، دوور لە کچە تاقانەکەی دەژی.

چیرۆکی کوێرەوەری ئاڤان لەوێوە دەست پێدەکات کە باوکی ناچاری دەکات واز لە خوێندن بێنێت و لە درەنگانی ئێوارەیەکدا باوکی پێی ڕاگەیاند "ئەمشەو دێنە خوازبێنیت"، بێ ئەوەی خۆی ئاگادار و پێشتر پرسی پێکرابێت.

ئاڤان، 28ساڵ دانیشتووی شاری سلێمانی، کاتێک خوێندکاری پۆلی سێیی ناوەندی بووە، بەهۆی جوانییەکەیەوە ڕۆژ نەبووە لەلایەن کوڕانەوە داوای پەیوەندی سۆزداری لێنەکرێ "هاوڕێکانم پێیاندەگوتم جوانترین کچی"، گوتیشی "ئەمە وای لێکردبووم، وەڵامی ئەو کوڕانە نەدەمەوە کە داوای پەیوەندییان لێدەکردم". ئاڤان دەڵێ بەهۆی ئەو جوانییەوە، هەستم دەکرد کە مامۆستاو خزمەکانیشم نازی زۆریان دەکێشام.

بەپێچەوانەی ئەو کچانەی جوانی بە ژیانی پەلکەزێڕینە ئاساو حەسانەوەیان دەگەیێنێ، ئاڤان جوانیەکەی خۆی لێ دەبێتە ئەژدیهاو چارەنووسی خستە سەختییەوە" لە ماڵەوە دەترسان کە من بەهۆی جوانیەکەمەوە هەڵە بکەم و ئەوان شەرمەزاربن، بەڵام دەریان نەدەبڕی".

ئەو کاتێک لە قوتابخانە بووە، زۆر دڵخۆش بووە بەخوێندن" لە یادمە ئەو ڕۆژە کە لەقوتابخانە گەڕامەوە زۆر دڵخۆش بووم، باوکم پێیگوتم دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم". ئاڤان ترساوە لەوەی یەکێک لەو کوڕانەی بەردەوام داوای پەیوەندیکردنی ڕەتکردووەتەوە سیناریۆیەکی ناشیرینی بۆ دروستکردبێت وەک تۆڵەسەندنەوەو باوکی لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ بکات "زۆر دەترسام و سەدان لێکدانەوە کەوتنە مێشکمەوە". بەڵام باوکی پێیگوت دەبێ واز لەخوێندن بێنی " ڕاچڵەکیم و وەک هەواڵێکی دڵتەزێن بۆماوەیەک لەژێر باری قورسی دەروونی و نیگەرانیدا دەتلامەوەو تکاکردن بێ سوود بوو".

ڕۆژانی نێو چوار دیوارەکانی ماڵەوەو دابڕان لە خوێندن و هاوڕێ و هاوپۆلەکانی درێژە ناکێشن "هەمیشە دڵم تەنگ دەبوو بۆ لەدەستچوونی خوێندنم".

چەند جارێک مامۆستاو هاوڕێکانی دەچنە ماڵی ئەو کچە، کە ئێمە لەو ڕاپۆرتەدا ناوی ئاڤانمان لێناوە. مامۆستاو هاوڕێیەکانی دەیانویست بزانن هۆکاری لەناکاو دابڕانی لە خوێندن چییە.

دوو مانگ دوای ئەوەی ناچارکرا واز لە قوتابخانە بێنێت، ڕۆژێک باوکی ئاڤان لە بازاڕ دەگەڕێتەوەو دوای دانانی عەلاگەکانی دەستی و پشوویەکی کورت، بە زەردەخەنەیەکەوە کە تەنها خۆی دەیزانی چی لە پشتەوەیە، ڕوودەکاتە ئاڤان و دەڵێت "ئەمشەو دێنە خوازبێنیت". ئەو قسەیەی کە هەرگیز چاوەڕوانی نەبووە "هێزی خۆڕاگرتنم نەماو دڵم پڕبوو، ڕامکردە لای دایکم تاوەکو فریام بکەوێت و باوکم پەشیمان بکاتەوە، بەڵام دایکم هیچی پێنەکرا، ئاخر نەمدەزانی کێیە دەبێتە هاوسەرم".

دوای نانی ئێوارە زەنگی دەرگاکە، ئاڤانی هەژاند و هەستی بە پەیدابوونی تارمایی ئەو ترسە کرد کە چاوەڕوانی بوو، میوانەکان هاتن.

کۆڕی داواکردنی ئاڤان بەبێ هیچ بەشداری و بڕیارێکی خۆی کۆتایی هات و ماڵی داواکار دوای جێهێشتنی خەمێکی قووڵ بۆ ئاڤان، هەواڵێکی شیرین و خۆشیشیان بۆ کوڕەکەیان بردەوە "هەر دوو هەفتە دوای ئەوە زەماوەندی گواستنەوەم ڕێکخراو بوومە ژنی کوڕێک کە تەنها چەند ڕۆژێک پێش زەماوەندەکە بینیم".

هەرچەندە لەژێر کاریگەری و ئامۆژگارییە بەردەوامەکانی دایکیدا بڕیار دەدات کە خۆی لەگەڵ ئەو دۆخەو بڕیارەکەی باوکی ڕابێنێت، بەڵام مەینەتییەکانی کچێکی تەمەن 20ساڵ لەوێوەو لە دووتوێی کتێبی تەمەندا ڕیز دەبن و مەینەتییە تاڵەکان دەستپێدەکەن "تەنها دوو مانگی سەرەتا لەگەڵم باش بوو". بەدەم گریانەوە شوێنەواری هەموو ئەو لێدان و داخکردن و ئازارانە لەسەر جەستەی خۆی نیشانددا و نەگبەتییەکانی ژیانی خۆی لەگەڵ ئەو کوڕەدا دەگێڕێتەوە "شەوان درەنگانێک بەسەرخۆشی دەگەڕایەوەو هەموو هاتنەوەیەکیشی لێدانێکی خەستی منی بەدواوە بوو".

شەوێکیان هاوسەرەکەی ئاڤان دیسان بە سەرخۆشی دەگەڕێتەوەو بە ئاڤان دەڵێ من تۆم بە10هەزار دیناری سویسری لەباوکت کڕیوەو هیچ دڵم بە تۆ خۆش نییە "حەزی دەکرد بڕۆم و لەبەرچاوی ون بم"، گوتیشی "کە بووینە خاوەنی کچێک، دڵم بەوەخۆش بوو بەبۆنەی ئەو کچەوە لەگەڵم بگۆڕێت، بەڵام خراپتر بوو، هەموو ئاڵتونەکانی منیشی فرۆشت و خواردی و پارەی بۆ خەرجی نەدەداینێ و هەمووی بە خواردنەوە دەدا".

دوای هەشت ساڵ خۆڕاگرتن لەژێر ڕێژنەی عەزاب و دەردەسەرییەکانی ئەو جۆرە ژیانەدا، شەوێک هاوسەرەکەی لەگەڵ ئاڤان دەیکاتەوە شەڕو لەنیوە شەوێکی ساردی زستاندا دەرگاکەی لێدەخاتە سەرپشت و دەریدەکات "بڕۆ با چاوم بەچاوت نەکەوێتەوە، من کەسێکی دیکەم خۆش دەوێت نەک تۆ". ئاڤان دوای گێڕانەوەی ئەو ڕستەیەی هاوسەرەکەی گوتیشی "کچەکەی لێسەندمەوەو نەیهێشت لەگەڵ خۆم بیبەم و دەریکردم، منیش بەو شەوە هاتمەوە بۆ ماڵەوەو بۆ بەیانی لەدادگا لێی جیابوومەوە".



## گەنجێک باوکی خۆی دەسووتێنێ



رزگار کۆچەر - هەولێر

سەر لەبەیانی رۆژی 2009/5/16 لە گەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێر، گەنجێکی تەمەن 23 ساڵ، بەناوی (ژ.ر) باوکی خۆی سووتاند. ئەو باوکە، کە بە تەمەنە و کەمئەندامیشە، بەهۆی سووتانەکە بووەتە خەڵوز و کوڕێکیشی کە هەوڵیداوە باوکی رزگاربکات و ئاگرە بکوژێنێتەوە، بە سەختی سووتاوە و ئێستا لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسیە. نەقیب سەران، فەرماندەی پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر بە (ڕووداو)ی راگەیاند "پۆلیس تاوانبارەکەی دەستگیرکردووەو دانی بەتاوانەکەدا داناوەو گوتوویەتی دەبەیەک بەنزینی بە باوکیدا کردووەو سووتاندوویەتی".



لەیلا حەمید

leila.hameed22@gmail.com

# بووک مەنیج

رەدووکەوتن، "سەری دنیا خرا بوونە!"، بەڵام ئەگەر دنیا بەوە خرا بوویا دەبوا ئێستا ئاسەواریشی نەمابا، چونکە چەندین ساڵە ئەم دیاردەیە هەیە و رەنگە بشمێنێ. ئەم دیاردەیە نەک لەنێو کورد بگرە لە نێو زۆر نەتەوەی دیکەی وەک فارس و تورک و مەکزیکی و بەشێک لە رووسیەکانیشدا، رێگەیەکی هاوسەربوونە. بۆزانیاریشتان زاراوەی مانگی هەنگوینیش لەم شێوازە هاوسەربوونەوە سەرچاوەی گرتووە.

چۆن گەورە بە بچووک، بە شوودانی بەخورتی یان ژن بە ژنی هەیە و چاومان لەگەڵ بیستنی ئەم دیاردانە دەرناپۆقێن، هاوشێوەش نابێ بە بیستنی رەدووکەوتنی کچان دەممان ببێ بە تەڵەی تەقیو. دایە و بابە ئەگەر بزانن کچیان کوڕێکی دەوێ کە ئەوان پێی رازی نین دەستبەجێ یان کوڕێکی دیکەی لێ قیت دەکەنەوە یانیش ئەوەندە لە سەری دەکوتنەوە، کە داماوە تەمای شووکردنی لێ دەبڕێ یان رەنگە بیر لە رەدووکەوتن بکاتەوە. جاری وایە کوڕ و کچ، پشتڕاست لە رەتکردنەوەی داواکەیان، راستەوخۆ و بێ مەراسیمی داواکردن پلانی رەدووکەوتن دادەڕێژن. مەرجیش نییە هەردەم دایکو باوک هەڵە بن، رەنگە ئەوان بە هەر هۆیەکی بەجێ رازی بە هاوسەرێتییەکە نەبن، بەڵام پێویستە قەناعەت بە کچی خۆیان بێنن.

لە ئێران ئەم دیاردەیە بە هەرمێنە. لە بیرمە، لەئێران تەنانەت دایکی یەکێک لە هاورێکانم کە هێشتاش پیاوەکەی مابوو رەدوو کەوت. هەندێک لە رووداوەکان بەرواڵەت پێکەنیناوی و لەڕاستیدا تراژیدین. هاورێیەکی دراوسێیەکمان داوای لێ دەکا پێکڤە بچن کچێک هەڵگرن. وا دیارە ئەم هاورێیە پاشگەز دەبێتەوە و ناهێتە جێ ژوان. بۆیەش دراوسێکەمان کچەکە هەڵدەگرێ (لێی بەرنابێتەوە!) و پاش سێ مانگ تەڵاقیدەدا (بەریدەداتە خوارەوە!). کچێک کە پلان بۆ رەدووکەوتن دادەنێ ریسک لە سەر ژیان و داهاتووی خۆی دەکا.

چیرۆکی هۆمەر و بووک مەنیجم لە باوکم بیست. بووک مەنیج رەدوو هۆمەر کەوت، یان باشترە بڵێین هۆمەر بووک مەنیجی رفاند. هۆمەر گەنجێکی قۆز و بووک مەنیج چ بووک مەنیج! پیرێژنێکی قاچ تیرۆک کە بیست و چوار سەعاتی خوا لەنێو لەغاوە ئازوگوێز بە زارجوو بنیشتێکی زرت دەکا و لەبێهێزیا گشت کەلوپەلەکانی ماڵەوەی لە دەوروبەری خۆی کۆ کردووتەوە و لەجێوە بێ بزاوتن هەموو ئیشەکانی ماڵەوە دەکا. هۆمەر بووک مەنیجی بەشەو رفاندووە و پیرێژن ئەوەندە قوماشی نەرمی بەکولێجە وجلەکانییەوە دۆرییبووە تا هۆمەر دەستی بۆ بردووە لە خۆشیانا نەیزانیوە چ بکا کە کچێکی ئەوەندە نەرم و ناسکۆکەی بووەتە بەخت. بۆ بەیانی هۆمەر مەنیج دەباتە لای باوکی و تەنانەت باوکیشی لەبەر پیری پێی رازی نابێ. مەنیج بە سەر هۆمەردا ساخ دەبێتەوە و نازانم تا کەی پێکەوە هەڵدەکەن.

ئەگەر رەدووکەوتنی کچان مایەی شەرمە، خێزان یەکەم بەرپرسە لەم ئابڕووچوونە! و ئەگەر خێزان ئاستی هۆشیاریی نەگەیشتبێتە ئەو رادەیەی لە گەڵ کچی خۆیدا بە زمانی لوژیک بدوێ، ئەو رێکخراوانەی پارەیەکی مشە وەردەگرن لەبری وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و هیچ بە هیچ ناکەن تەواوی بەرپرسیارێتی ئەم نەنگیەیان لە ئەستۆیە و دەبێ مشوورێکی لێ بخۆن.

# ژنانی دهۆک وسلێمانی بۆ نمایشی جلوبەرگ دێنە هەولێر

**ڕووداو- هەولێر**

کە سەرنجت لە جلوبەرگی ئامادەبووان و ئەتمۆسفیری هۆڵەکە دەدا، هەستت نەدەکرد لە کوردستانی، یا لانیکەم واتدەزانی لە ئاهەنگێکی کوردی لە وڵاتێکی رۆژئاوایی. کاژێر 6 ی ئێوارە کە کاتی دەستپێکردنی پرۆگرامەکە بوو، هۆڵەکە تەنها چەند کەسێکی لێبوو کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، بەڵام زۆری نەبرد خەڵکێکی زۆر کە بەشی زۆریان ژن بوون بە جلوبەرگی مۆدەو کوردی هۆڵەکەیان پڕکرد.

ئێوارەی رۆژی 2009/5/14 لە هۆڵی ڤینۆسی شارۆچکەی عەنکاوەی سەر بە هەولێر، نمایشێکی دیکەی مۆدەو جلوبەرگی ژنان لەلایەن چەند مۆدێلێکی روسی ولوبنانی نیشاندرا، کە چەند ژنێکی کوردیش لە کەرکووکەوە بە نیشاندانی جلوبەرگی کوردی بەشدارییان تێداکرد.

ئەوە سێیەمجارە لەماوەی کەمتر لە دوو هەفتەدا، هەولێر نمایشی لەم شێوەیە بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام ئەوەی نمایشی ئەوجارەی لەوانیتر جیادەکردەوە پێشوازی گەرم و زۆری ژمارەی ئامادەبووان بوو، کە سەرەڕای ئەوەی نرخی بلیتەکان 30 دۆلار بوو، کەچی نزیکەی 500 کەس ئامادەبوون و هۆڵەکەش هەر بەشی ئەوەندە خەڵکەی دەکرد.

ڕێکخەری سەرەکی ئەم نمایشە، ژنێکی لوبنانی - ئەمەریکی بوو بەناوی لویزە دەرمۆ. لویزە ئەگەرچی یەکەمجارە سەردانی کوردستان دەکات، بەڵام هاوسەرەکەی کە کلدانییەکی عێراقییەو خەڵکی شارۆچکەی (تلکێف)ی سەربە

## بۆ هەموو قۆناخێک دەبێ خۆمان بگۆڕین



شیرین ئامێدی

پارێزگەی موسڵە و ئێستا خەریکی کاری بزنسە لە کوردستان. لویزە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو چاوەڕێی دەکرد ئەو خەڵکە زۆرە ئامادەی نمایشەکە ببێت "پێشبینی ئەو خەڵکە زۆرەم دەکرد، چونکە دەزانم خەڵکی ئێرە حەزییان لە شتی نوێ و تازەیە".

راز رەسول، کە چالاکڤانێکی بواری ژنانە و ماوەیەک لە ئەمەریکا ژیاوەو ساڵی 2003 گەڕاوەتەوە کوردستان، لەگەڵ گرووپێکی ژنان لە سلێمانییەوە بۆ بەشداری لەو نمایشە هاتبوونە هەولێر. راز لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی، بەنیازن هەمان نمایش لە شاری سلێمانی وکەرکووک رێکبخەن " بەڕاستی زۆر خۆشحاڵم کە ئەو ژمارە زۆرەی ژنان ئامادەی نمایشەکە بوون، هیوادارم لە سلێمانیش بەهەمان شێوە پرۆگرامێک رێکبخەین". راز ئەوە

## خەڵکی ئێرە حەزییان لە شتی نوێیە



لویزە دەرمۆ رێکخەری نمایشەکە

رەتدەکاتەوە کە هێشتا زوو بێت بۆ کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئەوەی پێشوازی لەم جۆرە چالاکییانە بکات و دەڵێ " کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی تایبەتە، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەکی کراوەیەو لەهەمانکاتداکۆنسەرڤەتیڤیشە، ژنی کورد تێکەڵەیەکە لە داخراوی وکرانەوە".

لە دەروازەی هۆڵەکەدا و بە زمانی عەرەبی تابلۆیەک هەڵواسرابوو، لێیی نووسرابوو " السيدة سفيرة السلام شرين اميدي"واتە "شیرین ئامێدی باڵیۆزی ئاشتی". شیرین ئامێدیش بەجلوبەرگی کوردی لە هۆڵەکەدا بوو، بەردەوام لە هاتوچۆدا بوو وپێشوازی لە میوانان دەکرد، شیرین بە (ڕووداو)ی راگەیاند کە لە ساڵی 2007 ەوە لەلایەن رێکخراوی یەکێتی فیدرالی ئاشتی جیهانییەوە بڕوانامەی باڵیۆزی ئاشتی پێدارەوە. ئامێدی لەبارەی رۆڵی لەو نمایشەدا ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی ئامادەبووان لە رێگەی ئەوەوە هاتوون " لەلایەن رێکخەرانی ئەو نمایشە وەکو باڵیۆزی ئاشتی پەیوەندی بە منەوە کرا و لێیانپرسیم ئەگەر کارێکی وا بکرێت سەرکەوتوو دەبێت یان نا،چونکە پێش ماوەیەک کارێکی لەو شێوەیە کرا و خەڵک زۆر پێشوازیان لێنەکرد، بەڵام من بە هۆی پەیوەندییە کەسییەکانم و بە هۆی ئەوەی ماوەی 16 ساڵ سکرتێری یەکێتی ئافرەتان بووم، بۆیە ئەو هەموو خەڵکە ئامادەبوون". ئامێدی هەروەها گوتی " ئەمرۆ دنیا پێشکەوتووەو کوردیش باوەڕی بە پێشکەوتن هەیە و باوەڕی بەوە هەیە کە بۆ هەرقۆناخێک دەبێ خۆی بگۆڕێت، بەڵام نابێ بە شێوەیەکی خراپ لاسایی خەڵک بکەینەوە".









# دلۆڤان دوو ملیۆن دیناری دایە هەژاران

**ئەردەلان گۆران**
**ڕووداو-هەولێر**

دوای ئەوەی بووە براوەی بەشی یەکەمی بەرنامەی "من جیاوازم"، لە کۆی ئەو 15 ملیۆن دینارەی لە بەرنامەکەدا وەریگرت، دلۆڤان دلێر، 2 ملیۆن دیناری لەو پارەیە بەسەر هەژاران دا دابەشکرد، هەروەها دەڵێت دوای نەشتەرگەری بۆ قاچەکانم هەر پارەیەکم بۆ بمێنێتەوە ئەویش دەدەمە هەژاران.

بەرنامەی من جیاوازم، کە بەرنامەیەکی تازەی سەتەلایتی زاگرۆسە، تایبەتە بەو کەسانەی بەهرەدارن و بەهرەکەشیان لە خەڵکی دیکە جیاوازە، لە بەشی یەکەمی بەرنامەکەدا، دلۆڤان دلێر و چەند بەهرەدارێکی دیکە گەیشتە قۆناخی فیناڵی بەرنامەکە، دلۆڤان توانی زیاتر لە 36 هەزار دەنگ بەدەستبێنێت و 15 ملیۆن دینارەکە حەڵاڵ بکات.

دلۆڤان دلێر کە تەمەنی 10 ساڵە و لە پۆلی چواری بنەڕەتی دەخوێنێ، نەخۆشی ئێسکە نەرمەی هەیە، لەبەرئەوەش دەتوانێ زۆر بە جوانی چەندین جووڵەی جۆراو جۆر بە جەستەی بکات، بەو جوڵانەش دلۆڤان توانی سەرنجی لیژنەی بەرنامەکە و خەڵک بۆخۆی رابکێشێ و بە 36 هەزار دەنگەوە پشتگیری لێبکەن، لیژنەی بەرنامەکەش دەنگی "بەڵێ"ی یەکەمبوونی بۆ بدەن.

دلۆڤان باسی چۆنیەتی بەشداریکردنی لە بەرنامەکەدا کردو گوتی "شەوێکیان لەبەردەم بەرنامەکە دانیشتبووین، سەیری بەرنامەکەمان دەکرد، منیش پێشتر هەندێک جولەی سەیرم دەکرد، بۆیە باوکم پەیوەندی بە ستافی بەرنامەکەوە کرد و باسی منی بۆ کردن، ئەوانیش گوتیان با بێ بەشداری بەرنامەکە بکات".

وەک سەرجەم بەهرەمەندەکانی دیکە، دلۆڤان قۆناخی یەکەم و دووەمی بەرنامەکە دەبڕێت و دەگاتە قۆناخی کۆتایی، لەنێو 15 بەهرەمەند توانی پلەی یەکەم بەدەستبێنێ.دلۆڤان ئێستا خۆی لە هەموو ئەو کەسانە بە جیاوازتر دەزانێ کە دەڵێن جیاوازین "من لە هەر هەموویان جیاوازترم، چونکە ئەو جوولەیەی من دەیکەم کەس ناتوانێ بیکات". دلۆڤان بە باوەڕبەخۆبوونێکی زۆریشەوە گوتی "جولەی زۆر جیاوازتریش دەزانم کە لەبەرنامەکە نەمکرد، بۆ نمونە دەتوانم جووڵەیەکی وا بکەم سەرم ون بکەم و خەڵک وا بزانێ سەرم پێوە نییە، زۆر جوڵەی دیکەش دەزانم".

سەبارەت بە راهێنانیش لەسەر ئەو جولانە دلۆڤان دەڵێت "زۆر دەمێکە ئەو جۆرە جوڵانە بەرجەستەم دەکەم، کە چوومە بەرنامەکەش هیچ راهێنانم نەکردو زۆر متمانەم بەخۆم هەبوو، دڵنیابووم من زۆر جیاوازم و کەسیش ناتوانێ کێبڕکێی من بکات و پلەی یەکەمیش بەدەستدەهێنم".

زۆربەی ئەوانەی سەیری بەرنامەکەیان دەکرد، دلۆڤانیان بە شایەنی یەکەمی بەرنامەکە دەزانی. زۆرکەس دەڵێ ئەو پشتیوانییەی لە دلۆڤان کرا لە سۆنگەی بەزەیی پێداهاتنەوەی بووە، بەڵام دلۆڤان ئەو بۆچوونە رەتدەکاتەوەو بۆچوونێکی دیکەی هەیە "کەس بەزەیی بە مندا نەهاتووەتەوەو من بە بەهرەکەی خۆم توانیم دەنگ بهێنم".

دلۆڤان زیاتر لە 36 هەزار دەنگی هێنا، بەڵام ئەو یەک دەنگیشی بە خۆی نەداوە، هەرچەندە سیمکارتی هەیە، بەڵام هاندی نەبووە سیمکارتەکەی بخاتە سەر و دەنگ بەخۆی بدات.

سەبارەت بەوانەی دەنگیان بۆ داوە، دلۆڤان دەڵێت "باوکم بایی 40 دۆلار دەنگی بۆ داوم، خەڵکی زاخۆ و دهۆکیش دەنگی زۆریان بۆ دابووم، لە هەولێریش لە پێشانگای ئۆتۆمبێلان دەنگیان بۆ دابووم".

دلۆڤان نازانێ چۆن باسی ئەوکاتە بکات، کە پێیان راگەیاند ئەو براوەی یەکەمی بەرنامەکەیە "بەڕاستی هەستم بە خۆشییەکی زۆر زۆر کرد"، دلۆڤان گوتیشی "دوای بەرنامەکە خەڵکێکی زۆر دەستخۆشیان لێکردم و وێنەیان لەگەڵ گرتم، مامۆستاکانیشم داوای شیرینیان لێکردم".

لەو 15 ملیۆن دینارەی دلۆڤان وەریگرت، وەک پێشتر بڕیاری دابوو 2 ملیۆن دیناری بەسەر هەژاران دا دابەشکرد و، ئێستا 13 ملیۆن دیناری بۆ ماوەتەوەو بە نیازە نەشتەرگەری بۆ قاچەکانی بکات، بەڵام وەک دلێری باوکی گوتی نەشتەرگەرییەکەی لەئێران پێویستی بە 30 ملیۆن دینارەو لێرەش 15 ملیۆن دیناری تێدەچێ، بەڵام ئامادەنین لێرە نەشتەرگەری بۆ بکەن، دەترسن




## داوا لە سەرۆکی حکومەت دەکەم بەر لەوەی دلۆڤان بکەوێتە ناو جێگە یارمەتیمان بدات نەشتەرگەری بۆ بکەین

باوکی دلۆڤان

نەشتەرگەرییەکەی لێرە سەرکەوتوو نەبێ.

باوکی دلۆڤان گوتیشی "دلۆڤان هەر لەزگماکەوە نەخۆشی ئێسکە نەرمەی هەیە، دکتۆرەکان دەڵێن ئەگەر تا تەمەنی 15 ساڵی نەشتەرگەری بۆ نەکرێ لە پەلوپۆ دەکەوێ، بۆیە داوا لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەر لەوەی دلۆڤان بکەوێتە سەر جێگە یارمەتیمان بدات، تا لە دەرەوە نەشتەرگەری بۆ بکەین".

دلۆڤان زۆر لە بەرنامەی (من جیاوازم) رازیبوو، بەتایبەتیش لیژنەی هەڵسەنگاندنی و گوتی "ئەوان بۆ من زۆر زۆر باش بوون"، ئەوەی زیاتر تاموچێژی دابووە ئەو بەرنامەیە ئەو قسە خۆشانە بوون کە دکتۆرە بەلقیس ئاراستەی کوڕانی دەکرد، ئاخۆ ئەگەر دکتۆرە بەلقیس بە دلۆڤان بڵێت شووت پێدەکەم رازی دەبێت؟ دلۆڤان بەشەرمەوەو دواتر بە نەرمە بزەیەک دەڵێت "وەکو دایکی خۆم سەیری دکتۆرە بەلقیس دەکەم".



## کەس بەزەیی بە من نەهاتووەتەوە و بە بەهرەکەم پلەی یەکەمم بەدەستهێنا

دلۆڤان

# فەقێیەکانی پاکستان سەدان هەزار کەسیان ئاوارە کرد





**رووداو- هۆڵەندا**

ئۆپەراسیۆنی سوپا لە گەلیی سوات دژ بە گرووپی تالیبانی پاکستان بەردەوامە . بە هۆی ئەو شەڕ و ئۆپەراسیۆنەوە سەدان هەزار هاووڵاتی سڤیل ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە. بۆ بە هاناوەچوونی ئەو رەوشە، سەرکردەکانی پاکستان داوای هاوکارییان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەو رۆژەوە کە ئۆپەراسیۆنی پاکستان دەستی پێکردووە تا ئێستا 800 هەزار کەس دەربەدەربوونە و لە ئۆردووگاکان نیشتەجێبوونە. هەروەها لەشەڕدا دەیان سەرباز و چەکداری تاڵیبان کوژراون، بە پێی راگەیاندنی حکومەت 850 چەکداری تاڵیبان کوژراون.

هەروەها مەزەندە دەکرێ کە زۆر لە خێزانە ئاوارەکان چووبنە لای خزم و ناسیاوەکانیان لە ناوچەکانی دیکە . لەبەر ئەوە مەزەندە دەکرێ ژمارەی ئاوارەکان زیاتربێ. تائێستا کەس ناتوانێ بڵێ ئایا ئەو ئاوارانە کەی دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان. ئەو ئاوارانە کە ماڵ، ئاژەڵ و کاری خۆیان بەجێهێشتووە، ئێستا بەشی هەرە زۆریان لە نێو چادردا دەژین. ئەوان ناوێرن بیر لە گەڕانەوە بکەنەوە. ئەو ماڵ و گوندانەی چۆڵکراون لەلایەن تالیبان و هاوپەیمانانیانەوە داگیر دەکرێن.

سوپای پاکستان هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەکە بە تانک و چەکی قورس لە پاڵ فڕۆکە و هەلیکۆپتەر درێژە پێدەدات.

بزوتنەوەی تالیبانی پاکستان، کە زۆربەی ئەندامەکانی سەر بەرەگەزی پشتونییەکانن و پێش رووخانی رژێمی تالیبان لەریزی تالیبانی ئەفغانستاندا بوون. بزووتنەوەی تالیبانی پاکستان لە 13 گرووپ پێکهاتووە کە بەیتوڵڵا مەحسود، رێبەرایەتی دەکات و پێگەکەی لە باشووری وەزیرستانە لەسەر سنووری ئەفغانستان. مەحسود کە لە ئایاری ئەمساڵ ئەمریکا 5 ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆ هەرکەسێک کە زانیارییەک بدات ببێتە هۆی دەستگیرکردنی یان گرتنی، دوای ئەوەی حکومەتی لەساڵی 2007دا بە تیرۆرکردنی بەنازیر بۆتۆی سەرۆکی پارتی گەل تۆمەتباری کرد نێوبانگی دەرکرد. تالیبانی پاکستان لە دۆڵی سوات، کە ئێستا کەوتووەتە بەر هێرشی سوپای پاکستان لەلایەن سەرکردەیەکی ناوچەیی بەناوی فەزلولڵاوە فەرماندەیی دەکرێ.

### کارەساتی مرۆیی بەردەوامە

ژمارەی ئەو کەسانەی پەنایان بۆ ئۆردوگای ئاوارەکان بردووە لە زیادبوونێکی بەردەوامدایە، پێداویستیەکانی نیشتەجێبوونیشی تا دێ زیاتر دەبێت. ئەو ئۆردوگایانە لەشارە خێوەت پێکدێت کە لەنێو دەشتە پانەکان دا دروستکراون . لەو ئۆردووگایانەدا ئاو کەمە، ئاودەست بە رادەی پێویست نین . مەحرەمیەت نەماوە، تیشکی خۆر پێستی مرۆڤەکان دەسوتێنێ . پلەکانی گەرما هەر لە ئێستاوە بە رۆژ دەگاتە 40 پلە، یەک دارستانیش لە ناوچەکەدا نییە. پلەی گەرما لەنێو خێوەتدا بەتینتریشە، چنەکان کە بەردەوام لە ژێر خێوەتدا حالیان زۆر پەرێشانە.

### هاوار بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان

سەرۆکی پاکستان ئاسف عەلی زەرداری، دەڵێ ئەو کەسانەی کەوتوونەتە بن باری ئەو تەنگژە مرۆییە لە یەک ملیۆن کەس زیاترن. زەرداری بۆ هاوکاری بانگەوازێکی ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. زەرداری دوای سەردانەکەی بۆ واشنتن، لە نیویۆرکدا لەگەڵ سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مۆن دانیشت. سەرۆک وەزیری پاکستان خواستی خۆی بەم جۆرە خستەڕوو:"ئێمە رووی داوامان لە جیهانە، چاوەڕوانین مرۆڤایەتی ئاوڕ لەو کارەساتە بداتەوە. داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو مرۆڤایەتی دەکەین هاوکاریی ئەو خەڵکە لێقەوماوە بکەن کە ئاوارەبوون ".

هەرچەندە لەو شەڕەدا زیاتر خەڵکی سڤیل زەرەر دەبینن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشی هەرە زۆری ئاوارەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنە، پێیانوایە سوپای حکومەت لەسەر حەقە .بەڵام ئەگەر ئۆپەراسیۆنەکە درێژە بکێشێ و خەڵکی سیڤیل زیانی گەورەتریان پێبکەوێ، سوپای پاکستان پشتیوانیی خەڵکی ناوچەکە لەدەستدەدات.

# دوای 66 ساڵ لە دادگە رزگاری نەبوو






**رووداو–ئەڵمانیا**

جۆن دیمیانیوک کە لە 1920/4/3 لە ئۆکرانیا لەدایکبووە، پاسەوانی سەربازگە و ئەو تەنوورانەی نازیەکان جوولەکەکانیان لە پۆلەندا و شوێنەکانی دیکەدا سووتاند، بەبەشداریکردن لە کوشتنی هەزاران جولەکە تۆمەتباکراوە، بۆیەش لەسەر داوای دادگای فیدراڵی ئەمریکا لە ئەمریکا دەرکرا و درایەوە دادگای ئەڵمانیا.

جۆن دیمیانیوک وەک خۆبەخشێک لە ئۆردوگاکانی نازییەکان پاسەوانی کردبوو، بەڵام ئەو دەڵێ نازیەکان ناچاریان کردبوو، بچێتە ریزەکانیانەوە. ئەو کە ئێستا لە تەمەنی 89 ساڵیدایە، دوای ئەوەی پشکنینی بۆکرا و دەرکەوت بە فڕۆکە سەفەرکردنی و زیندانیکردنی نابێتە هۆی ئەشکەنجەدانی، نێردرایەوە ئەڵمانیا.

ئیڤان نیکۆلاییڤیچ دیمیانیوک، لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو چووبووە ئەمریکا لەگەڵ خێزانەکەیدا و لەبواری پیشەسازی ئۆتۆمبێل دا لە ئۆهایۆ کاریدەکرد. دیمیانیوک لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە ئەمریکا دەستگیرکراو مافی هاوڵاتیبوونی ئەمریکای لێسەندرایەوەو درایە دادگای ئیسرائیل، پاش ئەوەی ناوی لەلایەن ئەو شاهێدانەی لە ئۆردووگاکانی سووتاندنی جوولەکەکان رزگاریان ببوو، درایە دادگا . دیمیانیوک لەکاتی دادگاییکردنی لەدادگا لە ئیسرائیل لەساڵی 1988 بە سێدارەدان سزادرا. بەڵام دادگای باڵای ئیسرائیل ئەوی ئازادکرد بەهۆی هەبوونی گومان لە ناسنامەکەی . بەمشێوەیە ئازاد کراو گەڕایەوە ئەمریکا.

دوای ئەوەی دیمیانیوک جارێکیتر گەڕایەوە ئەمریکا مافی هاوڵاتیبوونی پێدرایەوە، بەڵام ئەمجارە لە ئەڵمانیا رووبەڕووی دادگاییکردن بووەوە. ناوەندی لێکۆڵینەوەی تاوانی نازیەکان لە شاری لویگسبۆرگ، بڕیاری دادگایکردنی دیمیانیوکی دا. بەڵام ئەو دەڵێ نازییەکان ئەویا بە زۆر کردووەتە پاسەوانی ئەو ئۆردووگایانە.

دوای ئەوەی دیمیانیوک درایەوە ئەڵمانیا، ئیسرائیل دڵخۆش بوو. سەرۆکی ناوەندی سیمۆن ویزنتاڵ، ئەفرایم زورۆف کە پسپۆری تاوانی دژ بە جوولەکەیە، گرتنی دیمیانیوک وەکو " رۆژێکی دڵنەوایی بۆ دادوری" ناودەنێت و دەڵێ "ئەو کەسەی لەنێو ئۆردوگای سۆبیبۆر دا لەساڵی 1943 لەنێوان مانگی ئادارو ئەیلول لە کوشتنی 29 هەزار کەس بەرپرسیارە، ئێمە زۆر دڵخۆشین بە دەستگیرکردنی . بڕیاری بەرپرسانی ئەمریکاو ئەڵمانیا شایەنی رێز لێنانە".

تا ئێستا دیار نییە کە دیمیانیوک کەی حوکم دەدرێت. سەرەتا بۆ حوکمدانی راپۆرتێکی پزیشکی لەبەرچاو دەگیرێت. ئەگەر بەگوێرەی راپۆرتەکە ئاستەنگێک لەبەردەم حوکمدانی نەبێت، دانیشتنەکانی دادگاییکردنی دەست پێدەکەن.

# وەزیری سەرخۆش دەستی لەکار کێشایەوە

**رووداو-ئەڵمانیا**

وەزیری ناوخۆی ئۆکرانیا یوری لوزینکۆ، لەبەر ئەوەی سەرخۆش بوو و لە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرتی ئەڵمانیا گێچەڵێکی دروستکرد، دەستی لەکارکێشایەوە. ئەو وەزیرە ئۆکرانیە بۆ ماوەیەک لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانیاوە دەستگیرکرا.


یولیا تیمۆشینکۆ، سەرۆک وەزیری ئۆکرانیا

دوای ئەوەی وێنەکەی بەشێوەیەکی ناشرین لەلایەن میدیاوە بڵاوکرایەوە، وەزیر یوری لوزینکۆ گوتی " دوای ئەو رووداوە ناتوانم کاری خۆم بەشێوەیەکی کاریگەرانە ئەنجامبدەم"، لەبەر ئەوەش دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکێشی سەرۆک وەزیرانی ئۆکرانیا یولیا تیمۆشینکۆ کرد. لوزینکۆ هەرچەندە لە کاتی بەرگری لە خۆکردنیدا لە پەرلەمان دا گوتی، ئەو سەرخۆش نەبووە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن داوای دەست لەکارکێشانەوەی ئەوی کرد.

لە 2009/5/4 دا وەزیری ناوخۆی ئۆکرانیا، یوری لوزینکۆ لەگەڵ کوڕە 19 ساڵییەکەی دەیویست لە کیێڤ بچێتە سیئۆلی پایتەختی کۆریای باشوور . فڕۆکەکەیان لە ئەڵمانیا لە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت ترانزێتی هەبوو. شۆفێری فڕۆکەکە لەبەرئەوەی ئەو باوک و کوڕە هەردووکیان سەرخۆش بوون، نەیویست ئەوان سواری فڕۆکەکە ببنەوە. لەبەر ئەوەی وەزیر و کوڕەکەی دەوروبەری خۆیان نارەحەت کرد و ئاڵۆزییان دروستکرد، بەرپرسانی فڕۆکەخانە هاتنە ناو کێشەکەوە، بەڵام ئەوان گوێیان بە کەس نەدا. لەبەر ئەوە هێزە ئەمنییەکانی فڕۆکەخانەش هاتنە نێو کێشەکەوەو. لوزینکۆ و کوڕەکەی مۆبایلەکانی خۆیان گرتە سەری پۆلیسەکان و دەستیان بە شەڕ کرد لەگەڵ پۆلیسەکان دا. دواتر پۆلیس هەردووکی دەستگیر کردن و ماوەیەک لە بنکەی پۆلیسی فڕۆکەخانە وەستاندنی.



وەزیری ناوخۆی ئۆکرانیا یوری لوزینکۆ

لە لێکۆڵینەوە پزیشکییەکاندا دەرکەوت 3 پرۆمیل ئەلکهول لە خوێنی کوڕی وەزیردا هەیە. دوای ئەوەی کاریگەری ئەلکهول لەسەریان تەواوبوو، پۆلیسی ئەڵمان رێی پێدان لە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت دەرکەون.

# شارێکی بەلجیکی هەفتەی رۆژێک گۆشت ناخوات





**رووداو- بەلجیکا**

شاری گینت لە بەلجیکا ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی ببێتە یەکەمین شاری گۆشت نەخۆر (ڤەجیتیریان) لە جیهاندا و گۆشتی تێدا نەخورێت.

ئامانجی ئەو پرۆژەیە ئەوەیە، زیانەکانی گەرمبوونی گەردوون و گۆشت خواردن کەم بکەنەوە.

رۆژی گۆشت نەخواردن لە هەفتەی رابردووەوە دەستی پێکرد. بەو بۆنەوە لەو رۆژەدا فەرمانبەرانی دەوڵەت و شارەوانی لەو رۆژەدا خۆراکی بێ گۆشت و زیاتر سەوزە دەخۆن.

بەرپرسانی شاری گینت بەم جۆرە دەیانەوێ سەرنج رابکێشنە سەر کاریگەریی ئاژەڵ و باڵندە بۆ سەر دەوروبەر.

نەتەوە یەکگرتووەکان پێیوایە بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەکان یەکێکە لە هۆیە سەرەکییەکانی تێکچوونی ژینگە و تیکچوونی ئاوهەوا. ئەو گازانەی دەبنە هۆی گەرمبوونی گەردوون، لە پێنجیان یەکێکیان لەو ئاژەڵانەوە دەردەچن.

گینت کەوتووەتە رۆژئاوای بەلجیکا و، شارێکی گەشتیاری و دیرۆکییە. دانیشتووانی شارەکە 250 هەزار کەسن. زانکۆیەکی گەورە لەو شارەدا هەیە. ئەو شارە یەکێکە لە شارە ناسراوەکانی ئەوروپا لە رووی گەشتیارییەوە.

بە گوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی شاری گینت بەرپرسانی شار و سیاسەتڤانەکانی شاریش لە نێو ئەو خەڵکەی لە هەفتەی یەکەمدا دەستیان لە گۆشت خواردن هەڵگرت، هەن.

لە مانگی ئەیلوول دا لە قوتابخانەکانیشدا داوا لە خوێندکاران دەکرێت لە هەفتەیەکدا رۆژێک وەک رۆژی گۆشت نەخواردن رابگەیێنن و تێیدا گۆشت نەخۆن.

بە سایەی ئەو پرۆگرامە، ئەو زیانەی شاری گینت لە ژینگەی دەدات کەم دەبنەوە و رووبەڕووی قەڵەوی دەبنەوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە بەلجیکا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە قەڵەوبوون زۆر بە فراوانی تێیدا بڵاوبووەتەوە.

لە چوارچێوەی رۆژی گۆشت نەخۆریدا، نەخشە بۆ ئەو دووکان و چێشتخانانە دروستکراوە کە بەرهەمی رووەک و سەوزە پێشکەش دەکەن. هەر لە ئێستاوە 90 نەخشە بڵاوکراونەتەوە.



# کوڕانی بەنگلادیشی شەیدای کچانی کوردستانن

ئەردەلان گۆران
ڕووداو-هەولێر

ماوەی 2 مانگە کچە کوردێکی شاری هەولێر دڵی تەنبیر کەریموڵڵای داگیر کردووە، بۆیە ئەگەر ڕۆژێک تەنبیر ئەو کچە کوردە نەبینێ دەڵێت "شەو خەو ناچێتە چاوم". تەنبیر کە لە کۆمپانیایەک کار دەکات، دوای تەواوبوونی کارەکەی، دەچێتە ژوورەکەی خۆی و بەرامبەر وێنەی کچە کوردەکە دادەنیشێ.

تەنبیر کەریموڵڵا، 22 ساڵ، ماوەی دوو ساڵە لە بەنگلادیشەوە هاتووەتە کوردستان و تەواو شارەزای داوونەریتی کورد بووە، ئەو لە بەرنامەیدایە چەند پیاوماقوڵێکی کورد لەگەڵ خۆی بباتە داخوازی کچەکە، تەنبیر دەڵێت "ئەگەر چەند کەسێکی گەورە ببەمە داخوازی کچەکە، دڵنیام کەسوکارەکەی ڕازی دەبن، بەڵام ئەگەر خۆم بە تەنیا بچم هیچ حیسابم بۆ ناکەن". تەنبیر بیری لە کاری دوای ئەگەری ڕازینەبوونی کەسوکاری کچە کوردەکەش کردووەتەوە و دەڵێ "ئامادەم شەڕ لە پێناو ئەو کچە کوردە بکەم، زۆر خۆشمدەوێ، حەز دەکەم ببمە زاوای کوردان".

تەنبیر دەڵێ ئێستا پەیوەندییەکی سۆزداری قووڵی لەگەڵ ئەو کچەدا هەیە و، دەڵێ حەز دەکات ئێواران دەستی بگرێت و پیاسەی لەگەڵ بکات" بەڵام کەسوکاری لێناگەڕێن بێتە دەرەوە، ئەگەر لەگەڵ منیش بێتە دەرەوە، هەر دەیکوژن".



کوڕانی بەنگلادیشی حەز دەکەن لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی تێکەڵ ببن و ژن و ژنخوازیان لەگەڵدا بکەن، کوڕانی کوردیش ئامادەن ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچێکی ئەسیوپی یان فلیپینی پێکبێنن.

نیعمەت عەبدوڵلا، 24 ساڵ، کە خەڵکی بەنگلادیشەو دوو ساڵە هاتووەتە کوردستان، زۆر سەرسامە بە کچانی کوردو هەر بۆیەش حەز دەکات ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچێکی کورد پێکبێنێ و تێڕوانینێکی زۆر باشی هەیە بۆ کچانی کورد و دەڵێ "کچی کورد زۆر بە ئەخلاق و ویژدانن". بەڵام ئەوەی بووەتە گرفت لەبەردەم هاتنە دی خەونی ئەو کوڕە بەنگلادیشییە باری دارایی و داو ونەریتی کوردییە "پارەم نییە ژنی پێ بهێنم، ئەگەر پارەشم هەبێ، زەحمەتە کورد کچ بدەنە ئێمە".

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی کەمی هێزی کاری ناوخۆ، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی بیانی لە وڵاتانی بەنگلادیش، ئەسیوپیا و فلیپین ڕوویان لە کوردستان کردووە و لە کۆمپانیا و بازاڕو فەرمانگەکانی حکومەت کار دەکەن. ئەوان جیا لە کارکردن حەزدەکەن لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی تێکەڵ ببن و حەزیان لە ژیانی کوردستانە، بۆیە زۆریان داوا دەکەن حکومەتی کوردستان مافی مانەوەی هەمیشەییان پێبدات.

وەک ئەو کرێکارانە باسیدەکەن، تا ئێستا چەند کچێکی ئەسیوپی و بەنگلادیشی لە کوردستان، ژیانی هاوسەرییان لەگەڵ کوڕانی کورد پێکهێناوەو زۆر لە هاوسەرەکانیان ڕازین.

ئابارەش نیگاتۆ، 27 ساڵ، کچێکی ئەسیوپییە و ماوەی 2 ساڵ هاتووەتە کوردستان، ئەو زۆر دڵخۆشە بە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستان، هەر بۆیە ئامادەیی تێدایە شوو بە کوڕێکی کورد بکات. ئابارەش نیگاتۆ، باسی لە کچە هاوڕێیەکی خۆی کرد کە ژیانی هاوسەری لەگەڵ کوڕێکی کورد پێکهێناوەو دەڵێت "کەسوکاری کچەکە زۆریان پێخۆشبوو کە کچەکەیان شووی بە کوڕە کوردێک کردووە". ئەحمەد حەسەن، کە خاوەنی ئەو کۆمپانیایە نیگاتۆ کاری تێدا دەکات دەڵێت "نیگاتۆ کچێکی زۆر ڕێکوپێک و خاوێنە، حەز دەکەم مێردێکی کوردی بۆ ببینمەوەو ئەویش هەتا هەتایە لای من کار بکات".

## ئەگەر پارەشم هەبێ زەحمەتە کورد کچ بدەنە ئێمە

نیعمەت عەبدوڵڵا، کرێکارێکی بەنگلادیشی

بەڵام کچانی کورد کەمیان ئامادەن، شوو بە کوڕێکی بەنگلادیشی بکەن، ئەویش بەهۆی جیاوازی ڕەنگ و داوونەریتەکانەوە. سۆزان، کە تەمەنی 20 ساڵە و قوتابی زانکۆیە دەڵێت "لەو باوەڕەدا نیم پیاوێکی بەنگلادشی ببێتە خۆشتەویستم یان ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێکبێنم چونکە لە ڕووی داوونەریتییەوە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا ناگونجێت".

بەڵام شاهیبە عەلی 24 ساڵ، کە خەڵکی ئەسیوپیایە و دوو ساڵە لە کوردستان دەژیت بە پێچەوانەی سۆزان ئامادەیە شوو بە کوڕە کوردێک بکات "ئەگەر پیاوێکی کورد داوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لە من بکات زۆر بە شانازییەوە داواکارییەکەی پەسەند دەکەم، خێزانەکەی منیش زۆر پێ خۆشحاڵ دەبن". شاهیبە باسی لە هاوڕێیەکی خۆی کرد کە ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا ژیانی هاوسەری لەگەڵ کوڕە کوردێک پێکهێناوە "زۆرجار سەردانی دەکەین و مێردەکەشی زۆر ڕێزمان دەگرێت".

مستەفا سابیر، سەرۆکی بەشی بایۆلۆژی لە کۆلیژی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت لە ڕووی بایۆلۆژییەوە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەو کرێکارە بیانیانە زۆر ئاساییە.

بەپێی هەندێ سەرچاوەی مێژوویی، زۆر لە میللەتان لە سەردەمە کۆنەکاندا بۆ چاککردنی ڕووخسار و تێکەڵی، بە کاروان ژن و کوڕیان لەگەڵ گەلانی دیکە ئاڵوگۆڕ کردووە.

بەڵام ئەو مامۆستایەی زانکۆ بەدووری زانی ئەو هاوسەرگیریانە کاریگەری هەبێ و گوتی "بە یەک حاڵەت یان 10 حاڵەتی هاوسەرگیری ڕەنگی کۆمەڵگەیەک ناگۆڕێت".

کورد خاوەن ڕەنگێکی گەنمی و کەمێکیش سپییە، بەڵام بەنگلادیشی و ئەسیوپییەکان ڕەشپێستن، سەبارەت بەو ڕەنگە ئەو منداڵەی لە ئەنجامی هاوسەرگیری بەنگلادیشییەک و کوردێک پەیدا دەبێ، سەرۆکی بەشی بایۆلۆژی گوتی "ڕەنگی منداڵەکە زیاتر دەچێتەوە سەر ئەوەی کە ڕەنگەکەی زاڵە، ڕەنگە نە ڕەش نە گەنمیش دەربکەوێت و ڕەنگی سێیەم لە ئاکامی هەردوو ڕەنگەکە دروست ببێت".



# کەپڵەکانی زانکۆ داوای جێ ژووان لەحکومەت دەکەن

نەبەز محەمەد
ڕووداو-سلێمانی

گۆران نوری، هەر لە ئێستاوە خەمی پشووی هاوینەیتی، چونکە بەهاتنی پشووی هاوینەی زانکۆ ئەو ماڵئاوایی لە کەپڵکەی دەکات "هەر لە ئێستاوە شین بۆ ئەو ڕۆژە دەکەم کەماڵئاوایی لە کەپڵەکەم دەکەم ئەویش وەکو من وایە".

ئەو قوتابییانەی لەماوەی 4 ساڵی خوێندنی زانکۆ بوونەتە خاوەن کەپڵ، نیگەرانن لە تەواوبوونی وەرزی خوێندن، چونکە دەڵێن جێهێشتنی زانکۆ تەنها جێهێشتنی هاوڕێکان و کەشوهەوای ڕۆمانسیانەی نێو زانکۆ نییە، بەڵکو دەبێت بای بای لەکەپڵەکانیشیان بکەن، گۆران دەڵێت "کارەساتە بتوانی بەرگەی ئەو هەموو یادگارییە جوانانەی 4 ساڵی زانکۆ بگریت".

بە لای سۆزی تەمەن 27ساڵ، هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە کە "بە کەپڵەکەت بڵێی خوات لەگەڵ". باشترین شوێن تاوەکو ئێستا سۆز خۆشەویستەکەی خۆیی تێدابینیوەو نیازەکانیان تێدا گۆڕیوەتەوە زانکۆ بووە، سۆز هەر لە ئێستاوە دەبێت خۆی بۆ جێهێشتنی زانکۆ ئامادە بکات. ئەو کچە خوێندکارە چاوەکانی پڕ دەبن لەفرمێسک و دەڵێ، ئێرە باشترین شوێنی ژووان بوو، چونکە لە هەر جێگەیەکی دیکە دابنیشیت، سەتان تۆمەتت دەخەنە پاڵ "ڕاستە زانکۆ شوێنی فێربوونە، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە بەشێوەیەک هەڵکەوتووە، کە خوێندکار ناچارە لە تەنیشت فێربونەوە پەیوەندی سۆزداریش گرێبدات". سۆز داوا لەحکومەتی دەکات "جێژووان" بۆ ئەڤینداران دروستبکات تاوەکو لەوپەڕی بێخەمی و سەربەستیەوە بەیەک بگەن.

توێژەران و شارەزایانی بواری پەروەردەیی بوون بەدوو بەشەوە لەبەرامبەر ئەو پەیوەندییە بەرفراوانە سۆزدارییەی لەنێو زانکۆدا دروست بووەو هەندێک بە زیان بۆ پرۆسەی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری ناوی دەبەن و هەندێکیش پێیانوایە پەیوەندی نێوان زانکۆو خوێندکار پتەوتر دەکات و کەشێکی ڕۆحی باشتریان پێدەبەخشێت.

هیوا یاسینی کۆمەڵناس لە هەردوو تێڕوانینەکەوە ئەو دۆخەی زانکۆ دەخوێنێتەوەو دەڵێ هۆکاری ئەو دڵتەنگییەی کە بەدیدەکرێت لەلای زۆربەی قوتابیانی زانکۆ بەهۆی تەواوبوونی زانکۆیە، چونکە تەواوبوونی دەوامی زانکۆ واتە دوورکەوتنەوە لە هاوڕێ و خۆشەویستان.

هاوکات ئەو کۆمەڵناسە گوتیشی "ئێستا زانکۆ بووەتە جێگایەک بۆ خۆشەویستی، کە بەداخەوە زانکۆ شوێنی زانست و زانیارییە نەک دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی".

ناوبراو ئامۆژگاری کەپڵەکانیش دەکات کە "پێویستە هەموو کەسێک بزانێت هەموو سەرەتایەک کۆتایشی هەیە،خۆ ناکرێت ئیدی تۆ هەر لە نێو زانکۆ دا بمێنیتەوە".

سامان ڕەحمان، زۆر خۆشحاڵە کە توانیویەتی سەرکەوتوانە خوێندن لەماوەی ئەو چوارساڵەدا تەواو بکات، بەڵام ئەوەی سامان نیگەران دەکات بردنەوەی بڕوانامەیەک و جێهێشتنی خۆشەویستەکەیەتی "ئیتر وەک جاران نایبینم و هەموو بەیانییەکیش لەبەردەم دەرگای زانکۆدا سڵاوی لێنا کەم". ئەوەی دەردی ئەو خوێندکارەی زانکۆ سەختتر دەکات، ئەوەیە ماڵیان لەدەرەوەی شارەو ناتوانێ وەک هاوڕێ شارنشینەکان جارجارە لەبازاڕو شوێنە گشتیەکان ژوان بۆ یار ڕێکبخات و ببینێت "ناچارم بەزووترین کات بچمە خوازبێنی، تا لەم تەنهاییە ڕزگارم بێت و بە خۆشەویستەکەم بگەم و 4 ساڵ خۆشەویتی بکەمە خەرمان و بەیەکجاری پێکەوەبین".

لەئانوساتی ئەنجامدانی ئەو ڕاپۆرتەدا، سێ قوتابی کچ بەتەنیشت یەکەوە دانیشتوون، شەوبۆ کە یەکێک لەو خوێندکارانەیەو هەر لەئێستاوە پرسەی دابڕان لەخۆشەویستەکەی گەرمکردوە، گوتی "زانکۆ هەموو شتەکانی جوانە، هەر لە پیاسەو هۆڵی خوێندن و تەنانەت خۆشەویستیەکەشی زۆر جوان و پڕ بەهایە".

دوو هاوڕێکەی شەوبۆ کە زۆر بە خەمبارییەوە کەوتبوونە دالغە لێدان، شەوبۆ چیرۆکەکانیانی ئاشکرا کردن و گوتی یەکێکیان دوو ساڵ کوڕێکی هاو کۆلێژەکەی خۆشدەویست، بەڵام دواتر لەیەک جیابوونەوە،ئەوی دیکەشیان 2 ساڵە کوڕێکی خۆشدەوێ، بەڵام کوڕەکە ڕازی نەبوو"، کچە داماوەکە هاتە قسەو گوتی "نەمتوانی دڵی ڕازی بکەم و کاتەکانیش لەدەستچوون".

بەپێچەوانەی هاوڕێ ئەڤیندارەکانییەوە، ڕۆشنا کەمال ڕای وایە ناکرێت قۆناخی زانکۆ تەرخان بکرێت بۆ کەپڵ کەپڵێنێ و خۆیان بۆ لەدەستچوونی کاتەکان نیگەران بکەن، ڕۆشنا دەڵێت "خۆشەویستیشم هەیەو ئەو دڵتەنگیەش بەسەرخۆم ناهێنم و خۆشیشم دەوێت".

هیوا یاسین توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێ، ئێستا مۆبایل هەیە، کەپڵەکان دەتوانن لەو ڕێگەیەوە بەردەوام پەیوەندی بەیەکەوە بکەن و ژووانی دەنگی بگرن.



کچێک: ڕاستە زانکۆ شوێنی فێربوونە، بەڵام خوێندکار ناچارە لە تەنیشت فێربوونەوە، پەیوەندی سۆزداریش ببەستێ

# "دەستبردن بۆ کچان کەمبووەتەوە"

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو — هەولێر

مریەم کچێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زیاتر جلی مۆدە دەپۆشێت، هەرچەندە ئەوە ناشارێتەوە کە زۆرجار تووشی تانە لێدان بووەتەوە، بەڵام گوتی هیچ جارێک تووشی دەستبردنی گەنجان نەبووەتەوە لە نێو بازاڕدا. مریەم لەبارەی تیر و توانجی کوڕان بە بزەیەکەوە گوتی"کوڕی وا هەیە دوای سەیرکردنێکی زۆر، بۆ دەربڕینی ئەو هەستەی لەناخی دایە دەڵێ: جوانی، بۆیە بەمەیان دڵگران نابم، بەڵام هی وا هەیە زۆر بێ ئەدەبانە شتی نەشیاو دەڵێت".

مریەم، 24 ساڵ، کە زۆر دڵگرانە بەو هەڵسوکەوتەی گەنجان، دەڵێت "گەنجان بەم هەڵسوکەوتەیان نیشانیدەدەن کە خاوەنی هیچ فەرهەنگ و بەهایەکی ئەخلاقی نین". هەروەها گوتیشی"کچ ئازادە چ جۆرە جلوبەرگێک دەپۆشێت، ئەو کەسانەی ناتوانن لەبەرامبەر پۆشینی جلێکی نیمچە ڕووت ئارامبگرن، ئەوانە نەخۆشن و پێویستە سەردانی پسپۆری دەروونی بکەن".

هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا دیاردەی دەستبردن بۆ ژنان و کچان لەنێو بازاڕەکانی شاری هەولێر بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بەڵام تا ئێستا بەتەواوی بنبڕ نەبووە. پۆلیسەکانیش نکۆڵی لەبوونی ئەم حاڵەتانە ناکەن و دەڵێن هیچ هەفتەیەک نییە چەند کەسێک بەتۆمەتی دەستبردن دەستگیر نەکەن.

ڕۆژانە دەیان گەنج لەبەردەم بازاڕی سیروان و بەردەم ساردەمەنییەکان دەبینرێن لە نێو بازاڕی هەولێردا، بەشێکیان هەر بۆ سەیرکردنی کچان دێنە بازاڕ. ڕەوەند،19ساڵ، یەکێکە لەو گەنجانە وەک خۆی ئاماژەی پێدا هاتنی بۆ بازار بووەتە بەرنامە و هیچ کاتێک ناتوانێت بەبێ پیاسەی ئێوارانی بازاڕ بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو گەنجە ڕەتیکردەوە لەو جۆرە گەنجانە بێت کە دەست بۆ کچان بەرێت، ڕەوەند گوتی "کەی مۆدیلی دەستبردن ماوە، هەر کچێکم پێ جوان بێت بەدوایدا دەڕۆم و هەوڵدەدەم ژمارەی تەلەفۆنەکەمی پێ بدەم، ئەگەر وەریشی نەگرت چەند تەعلیقێکی لێدەدەم". لەبارەی سوود و تاموچێژی ئەو تانەلێدانەش ڕەوەند دەڵێت "جاری وا هەیە سوودی هەیە، جاری واش هەیە تووشی چەند جنێوێک دەبم".

هەندێک لەپیاوە بەتەمەنەکان پێیانوایە هۆکاری سەرەکی دەستبردنی گەنجان و پیاوە پیرەکان بۆ کچان و ژنان لەنێو بازاڕدا دەگەڕێتەوە بۆ خودی ژنان و کچان "جلی وا لەبەر دەکەن پیاو شێت دەبێت".

مزەفەر قاسم،32 ساڵ، دوکانی فرۆشتنی جوانکاری ئافرەتانی لەنێو بازاری گەورەی شاری هەولێر هەیە و گەواهیدەری زۆر لەو حاڵەتانەیە، ئاماژە بەوەدەدات چەندین جار لەبەردەم دوکانەکەی شەڕە بابوجی نێوان کچان و ئەو کەسانە دەستیان بۆ دەبەن، بینیوە. گوتیشی "زۆربەی ئەوانەی ئێستا بەدوای ئەو کارەن پیاوی پیر و هەرزەکارانن، زۆر جاریش کاتێک پۆلیس دەستگیریان دەکات هەزار سوێندو قورئان دەخۆن کە ئەوەیان نەکردووە".

بۆ بنبرکردنی دیاردە ناشیاوەکان و پاراستنی ئارامی نێو بازاڕ، فەرماندەی پۆلیسی ڕێکاری نزیکەی 45 پۆلیسی بۆ ڕێکخستنی نێو بازاڕی شاری هەولێر تەرخانکردووە و، ڕۆژانە لەکاژێر هەشت و نیوی بەیانی تا ڕۆژئاوابوون چاودێری جموجۆڵی هاووڵاتیان و ڕەوشی نێو بازاڕەکانی شار دەکەن.

مولازمی یەکەمی پۆلیس بەختیار وەلی، فەرماندەی پۆلیسی ڕێکاری ناو شاری هەولێر، لەبارەی بوونی دیاردەی دەستبردن بۆ ژنان و کچان دەڵێت "ئەم دیاردەیە بەرەو کەمبوون چووە، بەڵام هیچ هەفتەیەک نییە چەند کەسێک بەو تۆمەتە دەستگیر نەکەین، ئەوکەسانەی دەستگیریش دەکرێن، تەمەنیان لە 15 ساڵییەوە دەست پێدەکات تا 60 ساڵی".

## هیچ هەفتەیەک نییە چەند کەسێک کە تەمەنیان لە 15 تا 60 ساڵییە لەسەر دەستبردن بۆ ئافرەتان دەستگیر نەکەین

فەرماندەی پۆلیسی ڕێکاری ناو شاری هەولێر

لەبارەی ژمارەی پیاوە بەتەمەنەکان، بەختیار وەلی ئاماژە بەوە دەدات کەوا ئامارێکی تەواویان لەبەر دەست دانییە، بەڵام زۆرجار پیاوی بەتەمەنیان لەسەر دەستبردن بۆ ئافرەتان دەستگیر کردوون، جاری واش هەبووە زیاتر لەسێ جار دوای بەندکردنی هەمان کاری کردووەتەوە. ئەو ئەفسەرەی پۆلیس هەروەها گوتیشی "هەرکاتێک پۆلیسی ڕێکاری دیاردەیەکی لەم شێوە ببینێ ئەو کەسانە دەسگیردەکات، ئەگەر ژنەکە داوای تۆمارکرد دۆسیەکەیان ڕەوانەی بنکەی پۆلیس دەکەین، ئەگەر نا بەنووسراوێک ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی دەکەین، ئەوانیش بۆ ماوەی 5 ڕۆژ بەندی دەکەن".

پسپۆرانی دەروونی هۆکاری ئەو ڕەفتارە دەگێڕنەوە بۆ لەبەرکردنی جلوبەرگی وروژێنەری ژنان و چەپاندنی سێکسی گەنجان.

یوسف عوسمان، پسپۆری دەروونزانی، باس لەو پاڵنەرانە دەکات کە دەبنە هۆی ئەوەی گەنج و پیاوەکان دەست بۆ ئافرەت ببەن و دەڵێ "خۆ ڕازاندنەوەی کچان و دەرخستنی شوێنە وروژێنەرەکان و بوونی سەرچاوەی وروژێنەری وەک مۆبایل و ستەلایت و ئینتەرنێت و هەندێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وا لەگەنج دەکەن کۆنترۆڵی خۆی پێنەکرێت". یوسف عوسمان، بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە پێیوایە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە هەوڵبدەن لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و قوتابخانەکان هۆشیاری بۆ گەنجان بڵاوبکەنەوە "لەڕێگەی مزگەوتەکانیش ئامۆژگاری پیاوە بە تەمەنەکان بکەن".





## نەخێر ئێوە هەڵەن

**چلوورە هەردی***

لــە ژمــارە 55ی (ڕووداو)ی، ڕۆژی دووشەممە2009/5/11 ڕاپۆرتێک لەژێر ناوی (ئـەو ژنانەی بە تاوانی شـەرەف دەکوژرێن کەسوکاریان نایاننێژن) بڵاوکراوەتەوە. بابەتەکە باس لە کێشـەی نەناشتنی ئەو ئافرەتانەی بەناوی شەرەفەوە دەکوژرێن دەکات. هەرچەندە ئەم بابەتـە پەیوەندی بە یـەک دوو لایەنی پەیوەندیدارەوە کردووە، کە دەڵێت"تائێسـتا هچ ڕێکخراوێکی ئافرەتان نەچووەتە ناو کەیسی ئەو جۆرە ژنانە، ئـەوەی کرابێ تەنیا هەوڵی تاکەکەسی بووە".

بۆ ئـاگاداری (ڕووداو) و خوێنەرانی، ئێمە کـە ڕێکخراوێکی ئافرەتیـن، دەمێکە کارمان بۆ ئەمە کردووە. ماوەی سـاڵێک لەمەوپێش بەدواداچوونمان بۆ ئەو تەرمانە کرد، تا بزانین کـێ دەیاننێژێ و لە کـوێ دەنێژرێن. بۆمان دەرکەوت، کە شارەوانی زۆرینەی ئەم تەرمانە دەنێژێت، بەڵام بەداخـەوە زۆربەیان لە نزیک تیرۆریستەکانەوە نێژرابوون. ئەمەش کارێکی زۆر نامرۆڤانەیە. چونکە ئافرەتێک بەبێ تاوان کوژراوە، چۆن دەبێت لەگەڵ تیرۆریسـت یان پیاوکوژێکـدا بنێژرێت. هەر بۆیـە داوامان لە شارەوانی کرد، پارچە زەوییەکمان بۆ تەرخان بکات. بە سوپاسەوە شارەوانی پارچە زەوییەکی بە ڕووبەری (200مەتر دوجا) لە (قەبرستانی شارەوانی) بۆ ئەم مەبەستە و بەبێ بەرامبەر دا بە سەنتەرەکەمان تا کاری پێویستی بۆ بکەین و لەمەودوا ئەو تەرمانە لەوێ بنێژرێن.

ئەم پارچـە زەوییە دیوارێکمان بە دەوریدا کردووە و ماوەیەکە کاری بۆ دەکەین تا مۆڵەت وەربگرین، هەر کاتێـک تەرمێک دۆزرایەوە و کەس وەرینەگرتەوە، لەو شـوێنەدا کە ناوی تایبەتی بـۆ هەڵبژێـردراوە دەینێژین. بۆیە داواکارین کاتێک بابەتێک لەسـەر مەسەلەی ئافرەت بڵاودەکرێتەوە ناشێ گشتگیری بکرێت، تەنها کاتێک دەتوانرێت کە پەیوەندی تەواو بە هەموو ڕێکخراو و دامودەزگا تایبەتییەکانی بەو مەسەلەیە کرابێت..

***بەڕێوەبەری سەنتەری خاتووزین بۆ پرسی ئافرەتی کورد**

## هاووڵاتیان دوودڵن

# وەزارەتی ئەوقاف دەیەوێت پارەی زەکات و سەرفیترە کۆبکاتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

بە بڕیاری وەزیری ئەوقاف، لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەیەک کە زەکات و سـەرفیترەی هاووڵاتیان لە سـندوقێکدا کۆبکرێتەوەو پاشـان لەڕێگەی لیژنەیەکەوە بەسـەر خەڵکی هەژاردا دابەشبکرێت، یان ئەو پرۆژانەی پێبکـرێ، کەخزمەت بـە بەرژەوەندی گشتی دەکەن.

مەریـوان نەقشـبەندی، گوتەبێژی وەزارەتـی ئەوقـاف، ڕایگەیانـد ئەو پارەیـەی کۆدەکرێتەوە بـۆ وەزارەتی ئەوقاف نییـە و بەو پێیـەی زەکات لایەنێکی شـەرعییە بۆیـە وەزارەتی ئەوقاف لەناو پرۆژەکەدایە، گوتیشـی "وەزارەتی ئەوقاف دەتوانێ هاوکار بێ و لیژنەیەکی دارایی پارەکە کۆبکاتەوە و دابەشی بکات".

بەپێی ئـەو بەدواداچوونەی لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە کراوە دەرکەوتووە سـاڵانە هاووڵاتیان لانیکەم 20 ملیۆن دۆلار وەک زەکات و سەرفیترە دەدەنە هاووڵاتیانی هەژار. مەریوان نەقشبەندی پێیوایە "ئەگەر ئەم پارەیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەسەر هەژارانی کوردستاندا دابەشـبکرێت، نـەک ڕادەی هەژاری یەکجار کـەم دەبێتـەوە، دەتوانرێت چەندین پرۆژەی ستراتیژیشی پێبکرێت و لەو زەلیلکردنـەی خەڵک ڕزگارمان دەبێت کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەژارێک یان نەخۆشێک پیشاندەدرێت بۆ ئەوەی هاوکاری بکرێ".

گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، گرنگی ئەم پـرۆژە لەڕوانگـەی ئاینییەوە بۆ ئـەوە دەگەڕێنێتەوە کە هاووڵاتیان لەو گومانە ڕزگاریان دەبێت کە زەکاتەکەیان داوەتە خەڵکی شیاو یاخود نا، چونکە خەڵکانێک هەیە زەکات دەدات و نازانێت ئەو کەسەی پێیداوە شیاوە یان نا.

ئەگەر پرۆژەکە سەر بگرێت، بەپێی ئەوەی پلانکراوە ژمارە حیسـابێکی بانکـی تایبەتی بـۆ دەکرێتەوە، بەڵام بەهۆی لاوازی سیسـتمی بانکداری لە کوردسـتان، نەبوونـی متمانە ڕەنگە هاووڵاتیان ئامـادە نەبن پارەی زەکات و سەرفیترە لە بانک دابنێن. وەزارەتی ئەوقافیـش هەمـان گومانـی هەیە و وتەبێـژی وەزارەت دەڵێت "گومانمان هەیە پرۆژەکە سـەرکەوتووبێ، چونکە بەرپرسـەکانمان متمانەیـان بە بانک نییە، ئینجا چۆن هاووڵاتییەکی ئاسایی دەچێت پارەی خێر لە بانک دادەنێت".

گوتەبێـژی وەزارەتـی ئەوقافیش پێیوایە "ئەم پرۆژە هەنگاوێکی گرنگە و وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی سـەیری دەکەین و کورد وەکو هەموو دەوڵەتان و نەتەوەکانـی دیکـە سـوود لەئاین وەردەگرێـت، زۆربەی ئـەو دەوڵەتانە بەهۆی ئاینەوە بوونەتە خاوەن دەوڵەت و بەرژەوەندی گرنگ".

مەلا عومەر حەسـەن، پێش نوێژو گوتارخوێنی مزگەوتی ڕەشـاد موفتی، ئـەم پرۆژەیە بـە پرۆژەیەکی زۆرباش دادەنێت و دەڵێت بەپێی دەقە ئاینیەکان پێویسـتە زەکات لـە دەوڵەمەندەکان وەربگیرێت و بدرێتە هـەژاران، ئەگەر نەشیاندا دەبێ حکومەت لێیان بستێنێ. ئەو قسـەیەی ئـەو مەلایە دەیکات، تاڕادەیەک بە سیستەمی باجی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەچێت، کە بنچینەی ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاوا پێکدێنێ.

لەبـارەی دانانـی ئەو سـندوقە، مەلا عومەر حەسـەن گوتی "سندوقی زەکات و سەرفیترە لەڕوانگەی ئاینییـەوە پەسـەندە، ئـەو پارەیە کۆبکرێتەوەو لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ باوەڕپێکراو لەلایەن خەڵکەوە بەسـەر هەژاراندا دابەشبکرێت، یان لەپرۆژەیەکی خێرخوازیـدا وەک نەخۆشـخانەو قوتابخانـەو مزگەوتدا خەرجبکرێت کە خزمەت بەهەمووان دەگەیێنێت".

وتارخوێنی مزگەوتی ڕەشاد موفتی، پێیوایـە ئەم پرۆژەیە بۆ ڕێکخسـتنی زەکاتە، لـە ڕوانگەی ئاینییەوە گرنگی خۆی هەیە "جاری واهەیە موسـڵمان زەکات دەداتە کەسێک کە پێی ناشێت، بەڵام ئەو کەسـانەش کە ئەم سندوقە بەڕێوەدەبەن پێویستە کەسانی شارەزا و پسپۆڕبن و جێگەی متمانەو ئومێدی خەڵـک بن، ئەگـەر واش نەبن خەڵک خۆی زەکاتەکە ناداتە دەستیان".

موسا محەممەد، پسپۆڕی ئابووری، لەبـارەی ئەو پـرۆژەوە دەڵێت زەکات و سـەرفیترە بنەمایەکـی گرنگن بۆ سەرمایەگوزاری لەکوردستان و هەروەها دەڵێت ساڵانە 6 ملیۆن دۆلار تەنیا وەکو سەرفیترە لە کوردستاندا دەدرێت. ئەو پسـپۆڕەی بواری ئابـووری، ئەوە بە هەڵـە دەزانێت کە لەو پـرۆژەوە پارە بدرێتە خەڵکی هەژار "ئەگەر ئەو پارەیە بەشـێوەکی ڕێکوپێک لە سندوقێکدا کۆبکرێتەوە و دەستەیەکی سەربەخۆی پـاک و پسـپۆڕ سە ر پە ر شــتی بکات، ئەو سندوقە گرنگییەکی گەورەی دەبێـت بـۆ کەمکردنەوەی هـەژاری، بەڵام نەک بـەوەی پارە بدرێتە هەژار، بەڵکو ئەو سـندوقە قەرزبداتە گەنجان و هەژاران بۆ کارکردن و دروسـتکردنی هەندێک پرۆژەی سەرمایەگوزرای بۆ ئەو کەسانەی کە هەژارن و کارییان نییە، تاوەکو لەو پرۆژانەدا کار بکەن".

هاووڵاتییـان ڕای جیاوازیـان هەیە و بەشـێکیان پشـتگیری دەکـەن و بەشێکیشـیان متمانەیان بەو پرۆژەیە نییە. وەلید ئیبراهیم،31 ساڵ، پشتگیری پرۆژەکە دەکات و دەڵێت "ئەگەر پارەکە لای حکومـەت کۆبکرێتـەوە کاتێـک دەدرێتە هاووڵاتییەک کاریگەری لەژیانی هاووڵاتیان دەکات، ئەوە شتێکی چاکە"، گوتیشی "ئەگەر ئەو بانکەی پارەکەی لێدادەنرێت جێی متمانە بێ، من ئامادەم پارەی زەکات و سـەرفیترە لە بانکەکە دابنێم".

بـەڵام هونـەر جەمال، 27 سـاڵ، پشتگیری پرۆژەکە ناکات و هۆکارەکەشی بـۆ نەبوونی متمانـە بـە بانکەکان گەڕاندەوەو گوتی "پێم باش نییە پارەکە بدرێتە بانکـەکان، بەڵکو خەڵک خۆی ڕاستەوخۆ بیداتە هەژاران، هەژار زۆرن و دەیانناسین، کەمن پارەکەم بدەم دەزانم داومەتە کێ، بەڵام پارە لەبانک دانانێم لەبەری ئەوەی نازانم دەدرێتە کێ".



وەزارەتی ئەوقاف (فۆتۆ: ڕووداو)

## پرسەنامە

شەوی 2009/5/16 سۆران سەعدی، برای هاوکارمان سەلام سـەعدی، لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا لەهەولێر گیانی لەدەستدا. دوای ناشتنی لەهەولێر، مەراسـیمی پرسەکەی ڕۆژی دواتر لە مزگەوتی (شارەوانی) لەسلێمانی دەستپێکرد.

بەو بۆنەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هاوکارمان سـەلام سەعدی و بنەماڵەکەیان دەکەین و، نزاکارین لە یەزدان، خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و، دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

ڕووداو

## ڕای شەقام

### پێویستە کابینەی ئایندە گەندەڵی نەهێڵێ



**ڕووداو-هەولێر**

**سـیروان فەرەج محەممەد، 24ساڵ، قوتابی قۆناغی چوارەمـی کۆلێـژی زمانـی زانکۆی سـەلاحەددینە، بەپێویستی دەزانێت حکومەت کار لەسەر ئاشتکردنەوەی گەنجان بکات و گەندەڵی لە وڵات نەهێڵێت.**

**ڕووداو: پێت باشـە کابینەی نوێی حکومەت گرنگی بەچی بدات؟**

**سیروان:** ڕێگە بۆ گەنج خۆش بکات بگاتە دەسەڵات و تواناکانی ئەکتیڤ بکات.

**ڕووداو: ئەمساڵ حکومەت بە ساڵی کشتوکاڵی داناوە، پێتوایە گۆڕان لە ژیانی دێهاتییەکان ڕوویدات؟**

**سیروان:** باشترە ناویان بنابووایە ساڵی هاوردن،چونکە سەوزەو میوەشمان هاوردەیە.

**ڕووداو: پێتوایە کابینەی نوێ بتوانێ شەڕی گەندەڵی بکات؟**

**سیروان:** گەندەڵی خەڵکی لە حکومەت تووڕەکردووە، بۆیە دەبێت حکومەتی ئایندە گەندەڵی نەهێڵێ و حیزب لە حکومەت جیا بکاتەوە.

**ڕووداو: داواکاریت لە کابینەی ئایندە چییە؟**

**سیروان:** کەسانی شیاو بکاتە بەرپرس.

### هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ باشترە



**ڕووداو-سلێمانی**

**داریوش شـاهۆ، تەمەن 18ساڵ، دوکاندارە لە بازاڕی سـابونکەرانی سـلێمانی، پێیوایە سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان لەمـاوەی چوارسـاڵی کاری خۆیدا کەمتر بایەخی بەگەنجان داوە.**

**ڕووداو: پێت باشـە کە خەڵک ڕاستەوخۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرێ؟**

**داریوش:** بەڵێ، چونکە دەبێت خەڵک خۆی سەرۆک و نوێنەرەکانی هەڵبژێرێت.

**ڕووداو: لەو بڕوایە دای سـەرۆکی ئێسـتای هەرێمی کوردستان جارێکیتر دەربچێتەوە؟**

**داریوش:** هێشـتا زووە قسە لەسـەر دەرچوونەوەی بکرێت، چونکە هێشتا هەڵبژاردن نەکراوە.

**ڕووداو: کارەکانی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی ڕابردوو چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**داریوش:** ناکرێت بڵێین هیچی نەکردووە، بەڵام هێشتا زۆر کاری دیکـە مابوو بیکات، کەمیش تێکەڵی خەڵک بوو، زۆرکەم بایەخی بە داخوازی گەنجان دا.

**ڕووداو: پێـت باشـە ئەمجـارە سـەرۆکی هەرێمی کوردستان چی بکات؟**

**داریوش:** بـەدوای ئەو کارانەدا بچێـت کە بڕیاریان لەسەردراوەو جێبەجێنەکراون.

## دەڵێن مووچەکە کەمە

# پێشمەرگەی ئەیلول چوار مانگە مووچە وەرناگرن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

مـاوەی پێنج مانگـە دەزگای ئەیلـول مووچەی پێشمەرگە و هاوکارانی شۆڕشـی ئەیلولی ڕاگرتووەو پێشمەرگەکانی ئەیلولیش دەڵێن ئەگەر مووچەکەیان بۆ زیاد نەکرێ چیتر ئامادەنین ئەو مووچە کەمە وەربگرن. بەرپرسـی دەزگای ئەیلولیـش دەڵێـت زیادکردنی مووچەکەیان لە دەسەڵاتی سەرکردایەتی حیزبدایە.

سەعید ڕەسوڵ، 73 ساڵ، کە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بـووە، ئەو حکومەتەی ئێسـتا بە بەرهەمی شۆڕشـی ئەیلـول دەزانێ و گلەیی ئـەوەی کرد، کە مانگانەکـەی تەنیـا 90 هەزار دینـارەو چوار مانگە مووچەی وەرنەگرتووە "ئێمە خەباتمان کرد تا لەسایەی ئەو حکومەتەدا بحەسێینەوە، نەک وەک سواڵکەرێک سـەیرمان بـکات و مووچەیەکی کەممـان پێ ڕەوا نەبینێت". بەپێی ئامارێکی دەزگای ئەیلول کە دراوەتە (ڕووداو) نزیکـەی 26 هەزار پێشـمەرگە و هاوکاری شۆڕشـی ئەیلول ناویان لـە دەزگای ئەیلول هەیە و مووچە وەردەگرن، کە پێشـمەرگەکان مووچەیان 90 هەزار دینارەو هاوکارانی شۆڕشی ئەیلولیش مووچەیان 40 هەزار دینارە.

حاجی عەبدوڵڵا سێبیرانی، کە یەکێکە لە هاوکارانی شۆڕشی ئەیلول دەڵێت "حکومەت پشتگوێی خستووین، ئەوانـەی کاتی خۆی ئێمەیان بە گرتن دەدا و دوژمنی پارتی بوون، ناویان لەسەرەوەی لیستی پێشمەرگەکانی ئەیلـول نووسـراوە". حاجـی عەبدوڵڵا گوتیشـی "ئێمە نالێین پارەمان بەسـەردا بڕژێنن، بەڵکو وەک پێشمەرگەیەک ڕێز لە خەباتمان بگرن، دەنا ئەو پارەی دەدرێتە هەموو پێشمەرگەکانی ئەیلول ناکاتە مووچەی مانگێکی دوو پەرلەمانتار".

بڕیاری بڕینـی موچەی ئەوانـەی دوو مووچەیان هەیە، پێشـمەرگەو هاوکارانی شۆڕشـی ئەیلولیشی گرتووەتـەوە، بەڵام ئەوان گلەیی ئەوە دەکەن کە ئەو پارەیەی بەناوی ئەیلولەوە وەریدەگرن ڕێزلێنانە نەک مووچە، بۆیە دەڵێن نابێت ببڕدرێت.

عومەر ئیسماعیل، کە ماوەی 13 ساڵ پێشمەرگەی شۆڕشـی ئەیلول بووە و لـە هەمانکاتدا فەرمانبەری حکومەت بووەو خانەنشـین کراوە، ئێستا مووچەی ئەیلولی بـڕدراوە، ناوبراو گوتی "شـوێن نەماوە لەو کوردستان دژی حکومەتی عێراق شەڕم تێدا نەکردبێ، بەڵام حکومەتی کوردستان مانگانە 90 هەزار دیناری پێ ڕەوا نەبینیم بەبیانوی ئەوەی مووچەی خانەنشینیم هەیـە، مووچەکـەی لێبڕیـم". گوتیشـی "دەتوانم ناوی ئەو کەسـانە یەکە بە یەکە بهێنم کە یەک ڕۆژ پێشمەرگایەتیان نەکردووە، مووچەو زەویان بە ناوی شۆڕشی ئەیلول وەرگرتووە".

ساڵح عەلی ئەمین، ناسراو بە حەمە پاڵ، ئەندامی دەستەی باڵای دەزگای شۆڕشی ئەیلول و بەرپرسی لقی سلێمانی دەزگای ئەیلول، هۆکاری دواکەوتنی مووچەی پێشمەرگەی ئەیلولی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی "مـاوەی چوار مانگـە لەسـەر داوای زیاتر لە2000 پێشـمەرگە کـە داوای زیادکردنی مووچـە دەکەن، مووچەمان وەرنەگرتـووە، ئامادەش نین ئەو مووچە وەربگرین تا بۆمان زیاد نەکرێت". ناوبراو گوتیشـی "داواکارییەکەمان گەیشتووەتە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر داواکە پەسـەند بکرێ، ئەوانـەی مووچەیان 40 هەزار دینار بوو دەبێتـە 75 هەزارو ئەوانەی 90 هەزاریـان وەردەگرت مووچەکەیان دەبێتە 130 هەزار دینار".

قادر قادر، بەرپرسی دەزگای ئەیلول، ڕەتیکردەوە، کە مووچەی هیچ کەسێکیان ڕاگرتبێ و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوان داوای زیادکردنی مووچەکەیان کردووە، ئێمەش دیراسەتی داواکەیان دەکەین، بۆیە مووچەکەمان ئێستا ڕاگرتووە". سەبارەت بەزیادکردنەکەش ناوبراو گوتی " سەرکردایەتی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات زیادی دەکات یان نا".

سـەبارەت بە بوونی کەسـانێک کە بەشدارییان لە شـۆڕش نەکردبێ وەک پێشـمەرگە و هاوکار، لە دەزگاکەیان، قادر قادر بە تووڕەبوونەوە گوتی "ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن ڕاست ناکەن، چونکە هەموو کورد ئەوەی خاوەن کەرامەت بێت، جگە لە بەکرێگیراوان، ئەوکات پێشمەرگە بووە".



**بۆ لێکۆڵینەوە لە داوای زیادکردنی مووچەکەیان، ئێستا ڕامانگرتووە**

بەرپرسی دەزگای ئەیلول

# قیستی مانگانە بە هانای مووچەخۆرانەوە دێت

**ئەردەلان گۆران**
**ڕووداو-هەولێر**

ئەگەر پێشانگەکانی کەلوپەلی ناو ماڵ، بە قیست کەلوپەلیان نەدابووایە دیار، ئەو هەرگیز وا بە ئاسانی نەدەبووە خاوەن ماڵ و دەبوایە چەند مانگێک ئاهەنگی هاوسـەرگیرییەکەی دوابخات، بەڵام ئێسـتا بە قیستی مانگانەی پێشانگەکان ناوماڵێکی ئاسایی کڕیوە.

دیار عەبدوڵڵا، کە کرێکاری شـارەوانییە و ماوەیەکـە ژنی هێنـاوە، مانگانە بڕێک لە مووچەکەی دەداتە ئەو کۆمپانیایەی کەلوپەلی نێو ماڵی بە قیسـتی مانگانە لێکڕیوە، دیار گوتی "کاتێک ویستم ژیانی هاوسەری پێکبێنم ئەو پارەیەم نەبوو، ناوماڵ بکڕم، کەسـیش نەبوو یارمەتیم بدات، بۆیە زۆربەی ناوماڵەکەم بە قیستی مانگانە کڕیوە".

لە ماوەی چەند سـاڵی ڕابردوودا دیاردەی قیسـت وەک دیاردەیەکی تـازەی ئابووری لەنێو کۆمەڵگەی کوردی سەریهەڵدا، ئەمەش دەرفەتێکی باشـی ڕەخساند بە تایبەتی بۆ مووچەخۆران و ئەو کەسانەی داهاتیان کەمە تا لەڕێگەی قیستی مانگانە بتوانن ناوماڵ، یان هەر پێداویستییەکی دیکەی ژیان بکڕن.

زۆربـەی پێشـانگەکانی ئۆتۆمبێـڵ و کەلوپەلی نێو ماڵ، لە ڕێگەی ڕێکلامەکانەوە مژدەی خۆش دەدەنـە کەم داهاتەکان، کە کەلوپەلەکانیان بە قیستی مانگانە دەدەن. لە زۆربەی پێشەنگاکانی نێو ماڵ پشتگیرییەکی فەرمانگەیەک بۆ فەرمانبەران و دانی 40%ی پارەی پێشەکی بەسە بۆ ئەوەی ببیتە خاوەن نێوماڵێکی ڕێکوپێک و کێبڕکێی دەوڵەمەندان بکەی.

دیار عەبدوڵڵا، دوای ئەوەی پشتگیرییەکی شارەوانی بۆئەوپێشانگەیە بردووە کەکەلوپولی لێکڕیوە، 40%ی پارەی کەلوپەلەکانی داوەو بەڵێننامەیەکیشی پڕ کردووەتەوە کە مانگانە 60 دۆلار لە قەرزی کۆمپانیاکە بداتەوە. ئەو پشـتی بە مووچەی مانگانەکەی بەستووە، بۆیە ئەگەر مانگێک مووچە وەرنەگرێ ڕەنگە لەگەڵ خاوەن کۆمپانیاکە تووشی کێشە ببێت "ئەگەر قیستی مانگانەکەم دوا بکەوێت خاوەن پێشەنگا گوشارم دەخاتە سەر".

زۆربـەی ئەوانەی تـازە دەچنـە ژیانی هاوسەرییەوە پەنا بۆ کڕینی کەلوپەل دەبەن بە قیسـتی مانگانـە و پێیانوایە قیسـتی مانگانە ئاسانترین و باشترین یارمەتیدەریانە. بەتایبەتیش ئەوانەی خاوەن داهاتێکی کەمن.

خالیـد عەبدولڕەحمـان، کـە کارمەندی دەزگایەکی ڕاگەیاندنە، قیسـتی مانگانە بە باشترین چارەسـەر دادەنێ بۆ ئەوانەی تازە دەچنە ژیانی هاوسەرییەوە "قیستی مانگانە زۆر لەبـارە، چونکە نیوەی کۆمەڵگەی ئێمە باری داراییان باش نییە، بەتایبەتی ئەوانەی تازە دەچنە ژیانی هاوسەری، ناتوانن بە یەکجار تەواوی پێداویستییەکانیان دابین بکەن".

خالیدیـش وەک زۆربـەی خەڵک حەزی چووەتە تاخم قەنەفەیەک کە نرخەکەی 1000 دۆلار بووە، بـەڵام ئەو بڕە پارەیەی نەبووە، بۆیە ناچار بە قیسـت کڕیویەتی، ئەو تەنیا 400 دۆلاری داوەو، ئێسـتا مانگانە 60 دۆلار دەداتەوە قیستی تاخم قەنەفەکە.

کۆمپانیای دیـوان، کە کەلوپەلی نێو ماڵ دەفرۆشـێ و لە هەر سێ شارەکەی هەرێمی کوردستان لقی هەیە، یەکێکە لەو کۆمپانیانەی کەلوپەل بە قیست دەفرۆشێ و بۆ هاووڵاتییانی ئاسایی بە 7 قیست پارەکەیان لێوەردەگرێتەوە، بەڵام بۆ کەسوکاری شەهیدان و بوک و زاوا بە 11 قیست پارەکەیان لێوەردەگرێتەوە.

عەبدولڕەحمـان جەمیـل، خاوەنـی کۆمپانیای دیوان، ئامانجی کۆمپانیاکەیان لەبارەی فرۆشـتنی کەلوپەل بەقیست بۆ (ڕووداو) ڕوونکـردەوەو گوتی "هەرچەندە مەبەستی ئێمە لەو کارە بازرگانی و قازانجـە، بـەڵام دەمانـەوێ تا ڕاددەیەکیش هاوکاری ئەو کەسـانە بکەین کە داهاتیان کەمە".

هەروەها ناوبراو ڕەتیکردەوە بەهۆی قیستەوە زیادە بخەنە سەر کەلوپەلەکان، گوتیشی "قیستەکانمان زۆر دوورو درێژن، بەتایبەتی بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەوانەی تازە چوونەتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە، بە 11 مانگ قسـتەکەیان لێوەردەگرینەوە". عەبدولڕەحمان جەمیل دەڵێ تا ئێستا هیچ کێشە لەسـەر دواخستنی قیست لەنێوان ئـەوان و هاووڵاتیـان نەبـووە، هەمووان قیستەکانیان دەدەن.

ئابووریناس ئیدریس ڕەمەزان، مامۆستا لـە کۆلیـژی بەڕێوەبـردن و ئابـووری زانکۆی سەلاحەددین، بەشێک لە هۆکاری پەیدابوونـی دیاردەی کەلوپـەل کڕین بە قیسـت دەگەڕێنێتـەوە بـۆ چاولێکـەری چینـی هـەژار لە چینی دەوڵەمەند "ئەوانـەی داهاتیان کەمە حەز دەکـەن وەکو کەسـانی دەوڵەمەند بژین، بەڵام پارەی حازریان نییە ئەو کێبڕکێیە بکەن بۆیە پەنا دەبەنە بەر کڕینی کەلوپەل بە قیستی مانگانە".

ناوبـراو گوتیشـی "قیسـتی مانگانە هاوسـەنگییەک لەنێوان داهات و خەرجی دروستدەکات، لە هەمانکاتیشدا بۆ چینی کەمداهات دەرفەتێکی باشە تا بە کاتێکی کەمتر بە ئارەزووەکانی بگات".



ڕووداو

هەمە





## مەم و زین دەبنە هۆڵەندی

**نەوزاد چارلس / ڕووداو- هەولێر**

مایکل لیزین بێرگ، مامۆستای زانکۆی ئەمستردام، کە ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانی چیرۆکی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانییە بۆ سەر زمانی هۆڵەندی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئێستا بەشێکی زۆری ئەو چیرۆکەی کردووەتە هۆڵەندی و دەڵێ "من لەساڵانی نەوەدەکانەوە تێکەڵاویم لەگەڵ میللەتی کورد هەیە و کولتوور و ئەدەبیاتەکەشی باش دەناسم". مایکل زۆر شاعیری کورد دەناسێ و دەڵێ "لەئەحمەدی خانییەوە بگرە تا مەلاجزیری و جگەرخوێن و چەندین شاعیری کورد، ئەو کاتەش مەم و زینی ئەحمەدی خانیم خوێندەوەو زۆر حەزم کرد بۆ زمانی هۆڵەندی وەریبگێڕم". ئەو مامۆستا هۆڵەندییە بڕیایداوە دوای تەواوکردنی وەرگێڕانەکەی، لەکتێبخانەکانی هۆڵەندی بڵاویبکاتەوە و گوتیشی "بڕیارمداوە دوای ئەوە کار لەسەر بەرهەمی شاعیرانی دیکەی کورد بکەم".



# کوڕێک دڵی تارا ڕەسول دەشکێنێ

**نەوزاد چارلس**
**تایبەت بەڕووداو**

هونەرمەند تارا ڕەسـول لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) باسی لەوەکرد کە ئێستا سەرقاڵی خوێندنە و دەڵێ "من ئێستا لەسەر بودجەی حکومەتی سوێدی دەخوێنم، بۆیە خۆم بە قەرزداری ئەوان دەزانم".

تارا کە تەمەنی 34 ساڵەو ئێستا لەسوێد نیشتەجێیە، لەژیانی هاوسەری خۆیدا پەیوەندی لەگەڵ گەنجێکی موزیکژەن بەنێوی فەرهاد پێکهێنابوو "ئێمە بەبێ عەشق یەکترمان هەڵبژارد و ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێنا، دوای ئەوەی ساڵ و نیوێک پێکەوە بووین، تێگەیشتین بۆچوونمان لەیەک جیاوازە، بۆیە لەیەکتر جیابووینەوەو دەستبەرداری یەکتر بووین".

تارا کەسێکی کەمخۆرەو خواردنی قورس ناخوات، بەڵام دەڵێ کاتێک دەگەڕێتەوە کوردستان "خواردنی قورس بەزەلاتەوە دەخۆم". تارا کە 5 براو خوشکێکی هەیە، وەکو خۆی باسیکرد کەسێکە دوور لە کاری هونەری، هاوڕێی شەخسی زۆر کەمە "چونکە زۆربەی هاوڕێی شەخسیەکانم ئاستەنگیان بۆ دروستکردووم، بەڵام لەکاری هونەریش نزیکترین هاوڕێم هونەرمەند زەکەریایە". لەبارەی کاتی کچێنی خۆیدا، یەکەم خۆشەویستی کوڕێکی گیتارژەن بووە و وەکو خۆی دەڵێ تائێستا دوو کەس داوای خۆشەویستیان لێکردووە و دەڵێ "من داوام لە کوڕێک کرد، بەڵام ئەو دڵی شکاندم".

**زەکەریا نزیکترین هونەرمەندی هاوڕێمە**

## دڵی بۆ شەقڵاوە تەنگە

# هێڤی: موحسین حەزی لێدەکردم

**تایبەت بە ڕووداو**

هێڤی کە زۆر حەزی لە یاپراخە و، شەقڵاوەیەکی لەئەڵمانیا دروستکردووە، کەچی هێشتا دڵی بۆ شەقڵاوە تەنگە.

خانمە هونەرمەندی دوورە وڵات هێڤی لەلێدوانێکی بۆ (ڕووداو) باسی لەژیانی تایبەتی خۆی کرد کە چۆن ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، دەڵێ "هاوسەرەکەم کە ناوی (موحسین)ە دوای ئەوەی لە هەولێر یەکترمان بینی، موحسین زۆری حەز لەوە بوو پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ ببەستێت، بۆیە پەیوەندیم لەگەڵ بەست و بووینە هاوسەر".

هێڤی کە 11 ساڵە لەگەڵ هاوسەر و دوو منداڵەکەی لەئەڵمانیا دەژیت، وەکو خۆی گوتی ڕۆژانە خەریکی کاری هونەرییەو جگە لەوەش کاروباری فرۆشگایەکەیان لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕادەپەڕێنن.

هێڤی کە خەڵکی شارۆچکەی شەقڵاوەیە، زۆر حەزی لەخواردنی یاپراخەو مانگێ 3-4 جار ئەو خواردنە لێ دەنێت، هەروەها دەڵێ "بۆ ئەوەیماڵەکەم بە شەقڵاوە بچێت، حەوشەی ماڵەوەم پڕ کردووە لە دارو گوڵ، بەڕاستی زۆر دڵتەنگی شەقڵاوەم".

دوایین بەرهەمی هێڤی کە لەساڵی 2007 بەنێوی هاوار بڵاوبوویەوە، ئێستا خەریکی ئامادەکردنی بەرهەمێکی نوێیە بەڵام هێشتا بڕیاری لەسەر نەداوە کە چەند گۆرانی بێت و ناوی چی بێت.



# هاوتا ئەسعەد دەڵێ غەدرم لە کوردستان کردووە

**ڕووداو ـ هەولێر**

گۆرانیبێژ هاوتا ئەسعەد لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند گۆرانییەکی تازەی بەنێوی (ئەی کوردستان هەموو غەدرمان لێکردووی) تۆمار کرد.

ئەو گۆرانییە لەهۆنراوەی ئیسماعیل محەممەدە، ئاوازی لەلایەن هاوتا دانراوەو دەڵێ "ئەو گۆرانییەم لەگەڵ کەژێی کچم و محەممەدی کوڕم تۆمار کردووە". گۆرانی (ئەی کوردستان هەموو غەدرمان لێکردووی) لە ستۆدیۆی کۆمپانیای مەڵتی میدیا کاری دەنگی بۆ ئەنجامدراوە.

هاوتا لەبارەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکە دەڵێ "لەو گۆرانییەدا باس لەوە دەکەم کە هەموومان قەرزداری کوردستانین، بۆیە گۆرانییەکەش بەو نێوە ناونراوە". ئێستاش هاوتا بە هاوکاری چەند دەرهێنەرێک خەریکی دروستکردنی کلیپن بۆ ئەو گۆرانییە بۆیە وەکو هاوتا گوتی کلیپەکە دەچێتە قالبی کورتە فیلمێکەوە.

لەکاتی هێرشی ئیسرائیل بۆسەر شاری غەززە لە فەلەستین لەسەرەتای ئەمساڵەوە، هاوتا ئەسعەد وکەژێی کچی سروودێکیان بۆ شارەکە خوێند کەبەردەوام لە تەلەڤزیۆنەکانی یەکگرتوو وکۆمەڵ پەخشدەکرا و بووە جێی ناڕەزایی میدیای کوردی.



# دلێر گەرمیانی 3000 دۆلار لە پارتی ویەکێتی خەرج دەکات

**ڕووداو ـ هەولێر**

گۆرانیبێژ دلێر عەبدولقادر کە بەدلێر گەرمیانی ناسراوە، خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بۆ یەکێتی و پارتی کە بڕیارە لە پەرلەمان و پارێزگای هەولێر کلیپی بۆ بکات.

گەرمیانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئێستا خەریکی ئامادەکردنی گۆرانییەکە بۆ پشتگیریکردنی لیستی پارتی ویەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و گوتی "پارتی و یەکێتی، لەبەر ئەوەی خزمەتی زۆری ئێمەیان کردووەو پرۆژەی خزمەتگوزاری زۆریان بۆ کوردستان ئەنجامداوە، منیش وەکو هاووڵاتییەکی کورد گۆرانییەکیان بۆ دەڵێم تاکو هاندەرێک بم بۆ ئەوەی خەڵک بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بچن و دەنگیان پێبدەن". جگە لەوەش گوتی "تا ئێستا هەر داواکارییەکم لەیەکێتی و پارتی کردبێ بۆیان جێبەجێکردووم، ئەوەش هانیدام ئەو گۆرانییە بڵێم، ناشڵێم دژایەتی لیستەکانی دیکە دەکەم بەڵام هەر هاووڵاتییەکی کورد ئازادە لەڕادەربڕین".

هۆنراوەی ئەو گۆرانییە لەلایەن خودی دلێر گەرمیانییەوە دانراوەو ئاوازەکەشی لەلایەن (هۆگر سەعید)ە، وەک گەرمیانی گوتی "بڕیارە ئەو گۆرانییە لە پەرلەمان و پارێزگای هەولێر و پارکەکان کلیپ بکەین، زیاتر لەو شوێنانە کە خزمەتگوزاری بۆ ئەنجامدراوە". دلێر لەبارەی خەرجی گۆرانییەکەش گوتی "گۆرانییەکە بە کلیپەوە زیاتر لە 3000 دۆلاری تێدەچێت و لەسەر ئەرکی خۆم دەبێت".



# بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

خۆتان بۆ گۆڕانێکی گرنگ ئامادە دەکەن، ئەو کارانەی بێ ئەنجام مابوونەوە وەرچەرخانێکی باش بەخۆیانەوە دەبینن، دووشەممە و سێشەممە بۆ کارەکانتان باش نییە بەڵام لە چوارشەممەوە هەست بە ئاسوودەیی زیاتر دەکەن.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

پێویستە زیاتر بڕواتان بە خۆتان بێت، وا باشە لە هەوڵدانتان بۆ بەشی باشتر ئەو کارانەی ئێستاتان لەدەست نەدەن، باشترین کاتە بۆ چارەسەری کێشەی نێوان ئێوە و هاوبەش و هاوسەرەکانتان ئەگەر کێشەیەک هەیە.

### گا
Apr 20–May 20

ئەم هەفتەیە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، بەڵام لە ڕۆژانی چوارشەممە و پێنجشەممە پەستانێکی زۆری دەروونیتان لەسەر دەبێت بەبێ هۆیەکی دیاریکراو. هەینی بۆتان باشە.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

ئەم هەفتەیە زۆر باش دەبێت، لایەنی سۆزداری لەگەڵ خێزان یان هاوسۆزەکانتان پێشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێت، دووشەممە و سێشەممە باشترین کاتی بەختەوەری و ئاسوودەییتانە.

### جمک
May 21–Jun 21

ڕۆژی هەینی ئەم هەفتەیە و شەممە هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەن، بەڵام ڕۆژەکانی دیکەی هەفتە بۆتان باشە، لە ڕۆژی هەینی ئەم هەفتەیە بەدواوە کە تیشکی خۆر دێتە بورجەکەتان ئاسوودەییتان بۆ دەگێڕێتەوە و دەچنە کەشێکی نوێ لە ژیان.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

دووشەممە و سێشەممە دەتوانن سەرقاڵی ئەو کارانە بن کە پەیوەندی بەماڵ و خێزانەوە هەیە، بەڵام چوارشەممە و پێنجشەممە دوو ڕۆژی زۆر گرنگن بۆ سۆزداریتان، بە گرنگییەوە لێی بڕوانن.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

لەبەرئەوەی کۆتایی بە گەڕانەوەی زوحەل هات، لەئێستاوە لایەنی فیکریتان باش دەبێت و ئەو پەرش و بڵاوییەی جارانتان نامێنێت، کاتێکی باش دەبێت بۆ بڕیاردان و بەدواداچوونی کارەکان.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

ئەوانەتان کە لە هەوڵێک نشوستی هێناوە دەتوانن لەم هەفتەیە بەدواوە هەوڵەکانتان بەگەڕ بخەنەوە، بەربەستەکان تێکدەشکێن و فرسەتی باشە هەنگاوێک لە کارەکان بچنە پێشێ.

### شێر
Jul 23-Aug 22

لەم هەفتەیە بەدواوە دەتوانن باری دارایتان ڕێکبخەنەوە، ئەوانەتان کە پەستانی داراییان لەسەرە کار بۆ قەرەبووی دەکەنەوە.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

کارەکان بە ڕەوتی ئاسایی خۆیاندا دەڕۆن، پێویست بە خۆماندووکردن و بیرکردنەوەی قووڵ و غەمناکی ناکات، داهاتوو بە گەشبینی خۆتان گەش دەبێت و بە ترس و دڵەڕاوکێ کارەکان زیاتر ئاڵۆزدەبن.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

ئەو بێ بەرنامەییەی جاران هەتانبوو کۆتایی دێت چونکە کۆتایی بە گەڕانەوەی زوحەل هات لە بورجەکەتان و دەتوانن ڕێکخستنێکی نوێ بکەن لە ژیانتان.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

پێویستە هەنگاوەکانتان زیاتر ورد بکەنەوە، بیر لە بڕیارەکانتان بکەنەوە بەتایبەت ئەو شتانەی کاریگەری تەواو لەسەر ژیانتان دادەنێ. چوارشەممە پارەتان چنگ دەکەوێت.

### بەگشتی :

- لەم هەفتەیەدا گۆڕانی زۆر دێتە پێشێ، چونکە ڕۆژی 2009\5\16 هەسارەی زوحەل کە خەڵکانێک لێی ترساون لەگەڕانەوە کۆتایی دێت، لە ئێستا بەدواوە کارەکان ڕێک دەکەونەوە و ئەو پەرش و بڵاویەی جاران نامێنێت و باشە قەرەبووی ماوەکانی پێشوو بکەینەوە، ئەگەر کارێکیشمان خراپ کردووە ئێستا دەتوانین ڕاستی بکەینەوە.
- هەسارەی عەتارد ئێستا بەگەڕاوەیی لە بورجی گای خاکییە، کەواتە ئێمە ناتوانین کۆنترۆڵی بیرکردنەوەکانمان بکەین و خێرا دەچینە خەیاڵی قووڵ، لە ناخماندا کەللەڕەقی و ڕق بەرامبەر بە شتەکان و کەسەکان سەر هەڵئەدات و هەندێک جار هەر لە خۆمانەوە شکی خراپ دەخەینە سەر هاوڕێ و ئازیز و کەسەکانمان کە دوورن لە ڕاستییەوە.
- هەر ئەم هەفتەیە هەسارەی خۆر دەچێتە بورجی دوانە، بۆیە چەندین هەواڵ لە نێو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە کە سەرچاوەکانی نادیارن و بنەمای ڕاستیان زۆر لاوازە. هەر ئەمەش وا دەکات هەموو خەڵکان بەجوان و سەرنجڕاکێش بکەونە بەرچاوانمان.

# فیلمی کوردی بنێرن بۆ لەندەن

**ڕووداو– لەندەن**

ڕێکخەرانی (6)ەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن داوا لە دەرهێنەرە کوردو ناکوردەکان دەکەن بۆ بەشداریکردن، بەرهەمەکانیان بۆ بنێرن و دوا مۆڵەتیش 2009/7/15یە.

بۆ بەشداریکردن لە شەشەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، ڕێکخەرانی فێستیڤاڵەکە داوا لە هەموو دەرهێنەرە کوردەکان و ناکوردەکان دەکات کە فیلمیان دەربارەی کورد سازکردووە، کارەکانیان بنێرن بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی ئەمساڵی فیلمی کوردی لەلەندەن کە بەمزووانە کات و شوێنی فێستیڤاڵ ڕادەگەیێنرێت.

فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، فیلمی درێژخایەن، بەڵگەنامەیی و کورتەفیلمیش کە وەرگێڕانی ئینگلیزییان لەسەر بێت پەسەند دەکات. هاوکات لەگەڵ ئەو فێستیڤاڵە دووەمین پێشبڕکێی (یەڵماز گوونەی بۆ کورتە فیلم) لەلەندەن ساز دەکرێت. بۆ زیاتر زانیاری سەردانی ماڵپەڕی سەرەکی فێستیڤاڵەکە بکەن.

www.lkff.co.uk

LONDON KURDISH FILM FESTIVAL

# هۆگر هۆڵەندییان سەرسام دەکا



**ڕووداو–ئەمستەردام**

گەنجێکی کورد بە گۆرانی و ڕاپ توانی تا قۆناخی پێش کۆتایی بەرنامەی بە نێوبانگ و پڕجەماوەری ( هۆڵەندا بەهرەمەندی پەیدابوون)ی کەناڵی 6- SBSی هۆڵەندی بڕوات.

هۆگر محەممەد کە قوتابی کۆلێژی یاسای زانکۆی ڕۆتەردامە، یەکێکبوو لەو گەنجانەی کە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا بەشێکی زۆری هۆڵەندییەکانی بە گۆرانی و ڕاپەکانی سەرسام کردبوو. ئەو کە لە قۆناخەکانی پێشوودا هەمیشە دەنگی هەر سێ ئەندامی دەستەی دادوەری دەهێنا، لە قۆناخی پێش کۆتاییدا ناچار بوو بەرنامەکە جێبهێڵێ.

هۆگر کە تەمەنی نۆزدە ساڵە، جگە لە گۆرانی گوتن دانسیش دەکات. ئەو لە پانزدەساڵییەوە دەستی کردووە بە کاری هونەری و گۆرانییەکانی زۆرتر ئەڤیندارین و بە ئینگلیزین. هۆگر لەو بارەیەوە دەڵێت "زۆر بە شکسپیر کاریگەرم".

لەسەر پرۆفایلی دیگیتاڵیی هۆگر لە ماڵپەڕی هایڤسدا دەیان نامەی گەنجانی هۆڵەندی دەبینرێن کە بێ ئەوەی بیناسن بە داخەوەن کە ئەو گەنجە بەرهەمەندە کوردە بەرنامەکەی جێهێشتووە.

# مەلا ئۆباما دەڵێ شیعە کافرن



**ڕووداو– BBC**

پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی مەککە ڕەتیکردەوە شیعەکانی عەرەبستانی سعودی بچەوسێنرێنەوەو گوتیشی مەلاکانی شیعە کافرن.

شێخ عادل کلبانی پێشنوێژو وتارخەێنی مزگەوتی مەککە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی عەرەبی تەلەڤزیۆنی BBC لەبارەی ئەوەی ڕای چییە بەرامبەر ئەو مەلا سوننیانەی شیعە بەکافر دەزانن گوتی " لەوانەیە بەکافرکردنی هەموو شیعەکان جێی هەڵوەستە بێت، بەڵام مەلاکانیان بەبێ هیچ جیاوازییەک کافرن".

کلبانی کە لەبەر ئەوەی ڕەشپێستەو بەبنەچە خەڵکی ئەفریقایە زۆرجاران خۆی بە ئۆباما دەچووێنێ، دەڵێ " ناتوانم بە کەسێک بڵێم موسڵمان ئەگەر بزانێ ئەبوبەکری سددیق کێیەو بە کافری بزانێ یان نکۆڵی لەوە بکات ئەبوبەکر ئەسحابەی پێغەمبەر بووە، ئەو کەسەی ئەو بیرکردنەوەیەی هەیە کافرە جا شیعە بێت یان سوننە".

ئەم لێدوانەی مەلای مەککە بووە جێی ناڕەزایی شیعەکان و پەرلەمانی عێراقیش هەفتەی ڕابردوو بە زۆرینەی دەنگ، پێشنیازێکی پەسەندکرد کە داوا لە حکومەتی عێراق دەکات داوایەکی یاسایی لەدژی عادل کەلبانی تۆماربکات.

# شەوکەت لەکەرکووک کیک ئۆف دەکات

**تایبەت بە ڕووداو**

دەرهێنەری سینەمایی کورد، شەوکەت ئەمین کە دوایین بەرهەمی سینەمایی خۆی بەنێوی Kick off واتا دەستپێکردن تەواو کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو فیلمە زیاتر باسی وەرزش دەکات".

شەوکەت ئەمین زیاتر لەبارەی فیلمەکەی دوا گوتی " Kick off باسی وەرزش لەشاری کەرکووک دەکات، ئەویش لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو". وەکو دەرهێنەری ئەو فیلمە ئاماژەی پێدا، فیلمەکە بە سیستەمی H وێنەی گیراوەو فیلمێکی (35 ملم)یە. گوتیشی تاکو ئێستا چەندین بانگهێشتنامەی بۆ هاتووە لەدەرەوەی وڵات "یەکەم بانگهێشتنامە لە دوبەیەوە بۆم هاتووە، بەڵام هێشتا بڕیارم نەداوە بچم، چونکە بڕیارە یەکەمجار لە ژاپۆن نیشانی بدەم".

ئەو فیلمە لەسەر بودجەی حکومەتی ژاپۆن و کۆمپانیای کۆڕەک و کوردستان تیڤی و چەند لایەنێکی دیکە بەرهەم هاتووە، ئەکتەرانی وەکو شوان عەتوف، گۆڤار ئەنوەر، ڕۆژان حەمەجەزا بەشداریان تێدا کردووە.



رامیار مەحموود - کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

# هۆکارەکانی فەلاقەکردنی پۆلیس لە هەرێمی کوردستاندا

سۆسیۆلۆگی بەنێوبانگی عێراقی عەلی وەردی، لە خوێندنەوەیەکیدا بۆ کۆمەڵگەی عێراقی ئاماژەی بۆ شەڕێکی هەمیشەیی کردووە لە نێوان گەڕەک و گەڕەک، خێڵ و خێڵ، شار و شار. مەسەلەی شەڕ و رق و توندوتیژی شتێکی زانراوە لە کوردستان. ئالۆزی و ئاستەنگی ئەو کێشەیە وایکردووە کە لەپاڵ دادگاشدا مەکتەبی تایبەت بە چارەسەکردنی ئەوکێشانە تائێستاش گرنگی خۆیان هەبێت و توانای ئەوەیان هەبێت بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاو بە ئاگردا بکەن . هەرچەندە هەندێک کەس بوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەری کێشەو شەڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گرنگ نازانن و بە کۆسپی بەردەم دەسەڵاتی یاسایی لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ئەگەر کەسێک بە وردی سەیری نەخشەی کۆمەڵایەتی و کولتوری کوردستان بکات تێدەگات ئەو دەزگایە بایەخی ئیجابی خۆی هەیە لە وەستاندنی خوێن رشتنی خێزان و بنەماڵەکاندا .

بێگومان منیش پێمخۆشە هەتا بکرێت یاسا حوکم بکات و دەبێت دواجار هەموو شتێک بە ئامانجی زۆرترین دەسەڵات بۆ حوکمی یاسا بێت. کیشەی شەڕ لە وڵاتی ئێمە ئەوەیە زۆر بە ئاسانی ڕوودەدات، لە زۆر وڵات خەڵک بۆ کاژێرێک یەکتر پر جوێن دەکەن،بەڵام نایگەیێننە دەست وەشاندن و لێدانی فیزیکی .وەک یاساناسان باشتردەزانن هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ بە هێزی دەزگای سزادان. لاوازی دەزگای سزادان یەکێکە لە هۆیە سەرکییەکانی بڵاوبوونەوەی تاوان و شەڕ لە وڵاتی ئێمەدا. لەو بڕوایەشدام هەموو کەسێک لە منداڵییەوە ئامۆژگاری دەکرێت خۆی لە شەڕ بە دووربگرێت، یەکەم رێگای خۆ دوورخستنەوە لەشەڕ لە وڵاتێکدا کە یاسای نەبێت بریتییە لە ترسنۆکی، چونکە تا ترسنۆک بیت، کەمتر شەڕت تووش دەبێت. دووەم شت دەبێت هەندێک هاوڕێی ئازات هەبن بۆ هەندێک حالەت، من بەش بە حاڵی خۆم لە منداڵییەوە لەوە تێگەیشتوم بوونی هاوڕێی ئازا گرنگە. هەر لە قۆناخی سەرەتاییەوە هاوڕێی ئازام هەبووە و لە بارودۆخی سیاسیشدا هاوڕێی ئازام هەیە.

هەروەک گوتم لاوازی دەزگای سزادان کاریگەری زۆری هەیە لە سەر بڵاونەبونەوەی شەڕ. بەڵام ئایا فەلاقەکردنی پۆلیس هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆچی؟ ئەگەر نموونەی لێدانی مولازم ئومێد وەربگرین یان سوکایەتیکردن بە پۆلیس وەک حاڵەتی منداڵەکەی عیماد ئەحمەد. هەموومان دەزانین دەتوانین لە پۆلیس بدەین و وەک ئەوەی چۆن دەتوانین لە هەرکەسێکی دیکە بدەین، بەڵام ئەو هۆکارە چییە وا دەکات ئەو شتەی کە نابێت رووبدات روودەدات، ئایا خەڵک بە چاوێکی کەمەوە تەماشای پۆلیس دەکەن و بنکەکانی پۆلیس سیمبولێکی گرنگی جێبەجێکردنی یاساو هێز نین؟ بە بڕوای من ئەم مەسەلەیە پەیوەندییەکی زۆری بە شێوەی سیستەمی سیاسی حوکمڕانییەوە هەیە و تەنها راڤەکردنی دروست بۆ فەلاقەکردنی پۆلیس ئەوەنییە هێزی پۆلیس لەخەڵکی کەم دەرامەت دروستکراون و دەرامەتێکی ئابووری گەورەیان نییە کە بژێوییەکی سەربەرزیان هەبێت. بەڵکو فاکتەرێکی سیاسی لە پشت فەلاقەکردنی پۆلیسەوەیە ئەویش فاشیزمە یاخود پاشماوەو کولتوری فاشیزمە کە تێیدا پۆلیس دەبێتە دەسەڵاتێکی کارتۆنی، چونکە لە هەموو دەوڵەتێکدا سوپامان هەیە کە ئیشی پاراستنی دانیشتووانی سنوورێکی جوگرافی دیاریکراوە بەرامبەر بە دوژمنی دەرەکی. هەروەها پۆلیسشمان هەیە کە ئیشی جێبەجێکردن و چەسپاندنی یاسایە لەنێو سنوری دەوڵەتدا، بەڵام لە وڵاتی (شێوە فاشستیدا )، مەبەستم لە فۆرمی شێوە فاشستی بریتییە لە فۆرمێکی کۆمەلایەتی و سیاسی راڕا لە نێوان خۆساخکردنەوە لە نێوان دیموکراسی و فاشیزمدا . لە هەلومەرجی فاشییانەدا ئەوە پۆلیس نییە کە کۆنترۆلی هێمنی کۆمەلایەتی دەکات و یاسا دەچەسپێنێت بەڵکو میلیشاو دەزگای ئەمنییە تایبەتییەکانن کە ئارامی دروستدەکەن . لەم روانگەیەوە منداڵەکانی حامیدی حاجی غالی و عیماد ئەحمەد و محەممەدی حاجی مەحمود، چەند تاوانەکەشیان گەورەیە، بەڵام بە دیوێک لە دیوەکاندا قوربانیشن چونکە پەروەردەی بارودۆخێکن کە پۆلیس تێیدا هێزێکی کارتۆنییە لە چاو میلشیاو دەسەڵاتی بەرپرسە حیزبییەکاندا. من لێرەدا مەبەستم نییە ئەو پرسیارەی ئەرستۆ بهێنمە پێشەوە سەبارەت بەوەی ( حوکمرانی چاکترین کەس یان حوکمرانی چاکترین یاسا) لەو روانگەوە یاسا نا فلیکسەبڵەو جیاوازی ناکات لە نێوان دوو کەس کە دزی بکەن، یەکێکان هەژار بێت ئەویتریان دەوڵەمەند بێت . بۆیە مەبەستم ئەوەنییە ئەم دوو منداڵە تاوانبار نین و دەبێت وەک بەشێک لە بارودۆخێکی سیاسی سەیر بکرێن کە لە کوردستان هەیە، بەڵکو دەبێت ئەم رووداوە دەرسێکی گرنگ بێت بۆ ئێمە کە تەنها ئەگەری راستەقینەی دووبارە نەبوونەوە رووداوی لەو شێوەیە بریتییە لە دەسەڵاتی راستەقینەی پۆلیس نەک میلیشیاو هێزی چەکدار و کەسی خاوەن نفوزی عەشایری. بەڵام دەسەڵاتی راستەقینەی پۆلیس بەرهەمی بوونی دادپەروەری و حوکمکردنی یاسایە. مەبەستی من لە دادپەروەری هەردوو رەهەندە سیاسی و پێوانییەکەیە . لایەنە پێوانەییەکەی دادپەروەری ئەو یاسا وستاندارد و پێوانانەیە کە جێبەجێکردنی دەسەلات لە خۆی دەگرێت و مەبەستیشم لە رەهەندی سیاسی دادپەوەری پەیوەندی نێوان حکومەت و تاکەکەسە . بەڵام لە وڵاتێکدا دەتوانین قسە لەسەر بوونی یاسا بکەین، یاسا بوونی هەبێت . گرنگترین مەرجی بوونی یاسا ئەوەیە کە دەبێت یاسا یونیڤێرساڵ بێت واتە دەبێت هەموو کەسێک بگرێتەوە، تەنانەت ئەوانەش کە حوکمڕانی دەکەن و ئەوانەش کە یاسا دادەنێن و ئەوانەش کە یاسا جێبەجێ دەکەن.



مەهاباد قەرەداخی
mahabad03@hotmail.com

# فێمۆکراتی

## دیدێکی هاوچەرخ بۆ گۆڕان لە سیاسەتی کوردستان دا

هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان لە زۆر رووەوە، لە خوولی رابردوو جیاوازتر و سەرنجراکێشترە . لە خوولی رابردوودا، چەندین حیزب و قەوارە پێکەوە هاوپەیمان بوون، کێبەرکێیەکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو، بەڵام ئەمجارە کێبەرکێ گەرموگوڕە و چلویەک قەوارە لە مەیدانن، لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە هەر هەموویان گۆڕانیان دەوێت و بەڵێنیانداوە ئەنجامی بدەن!

لیستی جیا کە هەرسێ کەسێک دەتوانن دروستیبکەن، پاش تۆمارکردنی قەوارەکەی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، وایکرد دروستکردنی هەم ئاسان بێت و هەمیش ببێتە جۆرێک لە مۆدێل. چەندین گرووپی گەنج لیستی تایبەتیان هەبوو، دەدرا بەگوێی ژنانیشدا لیستی تایبەتیان هەبێت، دواتریش پرسیار دەکرا بۆچی ژنانیش لیستی جیایان بۆ خۆیان پێک نەهێنا؟! ئەم پرسیارە، لە چەند شوێنێکەوە لە ئێمەش دەکرا، بۆیە تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە، بە پێویست دەزانم و هاوکات تیۆری فێمۆکراتی دەخەمەڕوو، کە دیدێکی هاوچەرخە و بۆ کوردستانی ئێمە دەبێتە مایەی گۆڕان.

ژنانی یەکسانیخواز بۆ ئەوە تێدەکۆشن کە جیاکاری و هەلاواردن نەمێنێ و مافە زەوتکراوەکانی مێینە وەدەستبهێننەوە. یەکێک لە ئامرازەکانی خەباتی ژن بۆ وەدەستهێنانەوەی مافەکان، کارکردنە لە نێو کایەی سیاسەتدا، چونکە یەکێک لە ئەکتیڤترین کەناڵەکانی خەباتی هاوچەرخە. هەڵبژاردن و مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ ناوەندێکی بڕیاردان، میکانیزمێکی سیاسەتە لە سیستەمێکی دیموکراسیدا پیادە دەکرێت و دەبێ هاووڵاتی بە (نێر و مێ)وە بتوانن سوودمەند بن لێی. دیموکراتییەک، ئەگەر توێژێک بێبەش بن لێی، دەبێتە کەموکوڕی. فێمینیزم لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەدا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بۆیە موتوربەکردنی فەلسەفەی ژنانە لەگەڵ بیری دیموکراتیدا، فێموکراتییەکی نایاب پێکدەهێنێت، کە تێیدا هاووڵاتی هەست بە خۆی دەکات و شانازی بە مرۆڤبوونی خۆیەوە دەکات، لە هاوکێشەیەکدا کە هەردووکیان پارسەنگی یەکترن، نەک هەست بە (بەنێر و مێ)بوونی خۆیان بکەن، کە لە ئەنجامیدا هاوسەنگی کۆمەڵگە لەبار دەبرێت و لاسەنگی دێتە ئاراوە.

بە بڕوای من ژن پێویست ناکات لیستی خۆی جیا بکاتەوە لە پیاو، چونکە سیاسەت حەمام نییە تا بەشی پیاو و ژنی جوودا بێت. خەبات بۆ یەکسانی لەپێناو هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤسالارییە، کە تێیدا توخمەکان بێلایەن بکرێن و توانا و شایستەیی مرۆڤەکان ببنە پێوەر، کەواتە هیچ پێویست بەو دیوارو بەربەستانە ناکات لە نێوان ئەم دوو بوونەوەرەدا هەڵبچنرێت نە لەسیاسەت و نە لە بوارەکانی دیکەدا.

دانانی لیستێکی جیا بە ناوی لیستی ژنان، یان کچان، یان خانمان و هەر ناوێکی دیکە کە گوزارە لە توخمی پاڵێوراوەکان بکات، دەبێتە هۆیەک بۆ تۆخکردنەوەی پێوەری جیاکاری جێندەری، واتە رەوایەتیدان بەو پێوەرە کە کولتووری پاتریارکی داهێنەریەتی. خەباتی ئافرەت خۆی بۆ سڕینەوەی ئەو جۆرە پێوەرو جیاوازیانەیە، نەک تۆخکردنەوە و رەوایەتیپێدانی. تەنانەت لە حکومەتیشدا، دانانی وەزارەتێک بۆ ژنان یان بۆ کاروباری ژنان تۆخکردنەوەی جیاوازی جێندەرییە. ئەگەر وەزارەتێک پێویست بێت بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی مرۆڤ، پێویستە ناوی وەزارەتی یەکسانی بێت، نەک وەزارەتی کاروباری ژنان و ئافرەتان!

لە راستیدا نە لیستێکی جیای ژنان، نە وەزارەتێکی تایبەت بە ئافرەتان دەتوانن بارودۆخی ئافرەتی کوردستان بگۆڕن. ئەوەی کە رەوایە و دەتوانێ کاریگەرانە بارودۆخی کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان بەتایبەتی بگۆڕێت، ئەوەیە کە ژنان لە هەموو شوێنێکدا پێویستن و دەبێت بە کردەوە (نەک تەنها بە ناو) لە هەموو ئەو شوێنانەدا بوونیان هەبێت. تەنها بەم شێوەیە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دێتە بەرهەم و دیموکراسی مانای پڕاوپڕی خۆی دەدات.

ئەوەی سەرنجی پانتایی سیاسەتی کوردستان بدات، هەست بە کەموکوڕی پیادەکردنی دیموکراتی دەکات. ئافرەتانی کوردستان لە دەرەوەی کەوانەی سیاسەتدان، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆریان ئەندامی حیزبەکانیشن. ئەم دۆخە رامانی ئێمە دەوروژێنێت و بەو ئەنجامەمان دەگەیێنێت، کە راستە ئافرەت ئەندامی حیزبە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە فیکر و فەلسەفەی خۆی تێکەڵ بە فیکر و فەلسەفەی حیزبەکەی بکات. فێموکراتیزەکردنی دیموکراتی، لەم قۆناغەدا دەبێتە ئەرکێکی بنەڕەتی ژنانی نێو حیزب و رێکخراوەکان.

زۆر جار دەبینین و دەبیستین، لە وەڵامی ئەو رەخنانەی کە لە سەرکردایەتی حیزبەکان دەگیرێن بۆ نەبوونی ئافرەت لە سەرکردایەتیدا، گلەیی ئەوە دەکەن کە ژنان خۆیان ئارەزووناکەن بەشداری سیاسەت بکەن!

ئەم قسەیە ئەگەر راستییەکیشی تێدا بێت، هۆی ئەوەیە کە ژنان هەست بە ئاسایش ناکەن لە نێو مەیدانێکدا کە بە درکەزی و تەلبەندی داوونەریت و نۆرمی دواکەوتووانە تەنراوە. حیزبەکان دەبووایە لە کاڵکردنەوەی ئەو نۆرمانەدا رۆڵیان هەبووایە، وەلێ زۆرجار لە تۆخکردنەوەی ئەو نۆرمانەدا کارا بوون. بۆ نموونە: تۆ تەماشای راگەیاندنی هەر هەموو حیزبەکان بکە، هەروەها ئەو راگەیاندنانەی کە ناوی خۆیان ناوە ئازاد و رەخنە لە حیزبەکان دەگرن، هی هەردوو لایان، دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، تەلەڤیزیۆنەکان و رادیۆکان و رۆژنامەکان و گۆڤارەکان، بزانە جگە لە بابەتی تایبەت بە خێزان، یان تایبەت بە کێشەکانی ژنان و هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی دیاریکراو،کە ژنی تێدا بەسەردەکەنەوە، هیچ بەرنامەیەکی سیاسی یان ئابووری یان کلتووری هەیە کە ژنی تێدا بەشدار بکەن!؟

ئەمە عەقڵی رۆشنبیر و راگەیاندنکارەکان بێت بە حیزبی و ناحیزبییەوە، بە راست و چەپەوە، بە عەلمانی و مەزهەبییەوە، چ چاوەڕوانییەکت لە خەڵکی کەم خوێندەوارو نەخوێندەوار دەبێت. ئەی ئایا لە بارودۆخێکی وادا لیستی جیای تایبەت بە ژن شانسی سەرکەوتنی هەیە؟

زۆر جار دەبیستین، مخابن لە هەندێ ژن خۆشیانەوە دەبیستین کە سیستەمی کۆتا و رێژەی 25% بۆ ژنان لە دەستووری عێراقدا دژی بنەمای یەکسانییە! ئەمە هەرگیز وا نییە، بۆ کۆمەڵگەیەکی وەک ئێمە و هاوشێوەکانی سیستەمی کۆتا دەتوانێت لایەنی کەمی مافە سیاسییەکانی ئافرەتان دەستەبەربکات. بەهۆی ئەم سیستەمەوەیە کە ئافرەتان ناچار نابن هەردەم لە سفرەوە دەست پێبکەن تا بەرەو ئامانجی یەکسانی خەبات بکەن.

پارتی و یەکێتی لە کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا ئەو رێژەیان بۆ 30% بەرز کردەوە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە ئەمە هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێشەوە و بەرەو گۆڕان بوو، بە مەرجێک پێوەرەکانی دانی کورسییەکانیش هاوچەرخ و پێشکەوتوو بێت. کوردستان بەم هەنگاوە، هەنگاوێکی گەورە پێش عێراق کەوت.

پرسیارێکی دیکە خۆی دەسەپێنێت، ئایا ئەگەر سیستەمی کۆتا 30% ی بۆ ژن دەستنیشان نەکرابا، قەوارەکان ژنیان بەسەر دەکردەوە؟ ئایا ئەو قەوارەیەی کە تەنها کورسییەک بەدەستدێنێت،ئامادەیە ئەو کورسییە بۆ ژنێک تەرخان بکات و بیکاتە نوێنەری قەوارەکەی؟ ئایا ئەو قەوارەیەی کە خۆی لە پارتی و یەکێتی بە گۆڕانخوازترو باشتر دەزانێت ئامادەیە لە لیستەکەی خۆیدا 35 یان 40% ی کاندیدەکانی ژن بێت؟ ئەم پرسیارانە تەنها بە کردار وەڵام دەدرێنەوە و دەبنە پێوەری گۆڕانخوازی هەر یەک لە قەوارەکان.

بە بڕوای من، دیسانەوە ئەو پاساوە دەکرێت بە وەڵام کە ئافرەتان خۆیان نایێن و خۆیان توانایان نییە! پێویستە ژن ئیدی رێگە بەم پاساوە نەدات و ئارەزووی خۆی و توانای خۆی رابگەیێنێت. لەگەڵ ئەو هەموو جیاکاری و بەربەستانەشدا، ژن پێویستە رووبەڕووی ئەو واقیعە دژوارە و ئەو کولتوورە هەژارە ببێتەوە و بە تەحەداوە بەشداری سیاسەت بێت و خۆیشی تێدا بسەلمێنێت. پێویستە ژن کات بۆ سیاسەت تەرخان بکات، نەک تەنها بیەوێت بەهۆی ژنبوونەوە پایەی پێبدرێت. لەم قۆناخی گواستنەوەیەدا، ژنانیش پێویستە بیر لە گواستنەوەی قۆناخی خەباتی خۆیان بکەنەوە بۆ قۆناخێکی پێشکەتووتر. ئامرازە کۆن و کلاسیکەکان، بۆ ئەمڕۆ دەست نادەن. سیاسەت هونەر و زانستە، مەیدانی سیاسەت شانۆیەکە چەندین گەمەی سەرنجڕاکێشی لەسەردەکرێت. هەر یەک لەو یارییانەش قانوونی خۆیان هەیە و مەرجە بیزانێت. ئەم بێژەیە نەک بۆ ژن، بۆ پیاویش وایە، پیاویش پێویستە فێری قانوونەکانی بێت، ئینجا ببێتە سیاسەتکار.

ژنانی کوردستان بۆ ئەوەی خۆیان لە پەراوێزی ژیانەوە بگوێزنەوە بۆ ناوەندی ژیان، پێویستە خاوەنی زمانی خۆیان بن، خاوەنی فەلسەفە و رامانی خۆیان بن، فێری دروستکردنی کۆد و کردنەوەی کۆدەکانی زمان و رامان بن.

یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم ژنانی کوردستان ترسە، ئەو ترسەی کە نەیهێشتووە ئازاد بن. ترس عیزرائیلی ئازادیە. ژنانی کوردستان پێویستە ترسیان بشکێت، چونکە بەربەستێک لە ترس و تۆقین گەمارۆی دەروونیانی داوە، بۆیە وەک پێویست نایێنە مەیدان.

قەوارە سیاسییەکان پێویستە راستگۆیانە دەرفەت بۆ ژن دروست بکەن، ژنانیش پێویستە راستگۆیانە سوود لە دەرفەتەکان وەربگرن. ئافرەتان پێویست نییە بۆ لیستی جیاواز قەوارەیان هەبێت، بەڵام قەوارە بەو مانایەی کە هاودەنگییەک لەنێوان هەموو ژنانی ئەکتیڤ و ئازا، ژنانی نووسەر و رووناکبیردا هەبێت، دەتوانن ببنە هێزێکی وا کە حسابێکی جیدی و راستییان بۆ بکرێت.



یودیت نیورینک*
Jneurink@trouw.nl

# بە هیوای قەڵایەکی نوێ بۆ کورد

" ئەوانە هیچ ناکەن، هەموو پارەکەیان خستە باخەڵی خۆیان". ئەوە مقۆمقۆی خەڵکی ئەو بازاڕەیە کە دەکەوێتە ژێر قەڵای هەولێر. کە ئەو خەڵکە سەیری سەرەوەی خۆیان دەکەن، کۆمەڵێک دیواری نیوە چاککراوە دەبینن کە دیوی ناوەوەیان رابردوویەکی لەبیرکراوی هەیە.

کۆنە قەڵا، کەوتووەتە چەقی پایتەختی کوردانەوە. بەڵام لەو 300 خانووەی کە لەودیوی دیوارەکاندا هەن زۆربەیان خەریکن دەڕووخێن. ئەوەش شتێکی تازە نییە و ساڵەهایە ئاوایە.

لەو دیوی دیوارەکانەوە ئەوەی بەر لە هەر شتێک سەرنج رادەکێشێ ئاوەڕۆ و تانکییە ئاوێکی گەورە و مزگەوتێکە کە زۆر بە ناشیرینی بە چیمەنتۆ سواخ دراوە. بەشێکی ئەو خانووانەی کە رووخاون لەلایەن سوپایەکی پشیلەوە داگیرکراون، ئەوانە ئەو خانووانەن کە سێ ساڵ لەمەوبەر دانیشتووانەکەی دەرکران. ئەو دانیشتووانەی لە ساڵانی هەشتا و نەوەتەکانەوە لێرە دەژیان و زۆر جار بە چوار ماڵبات یەک خانوویان هەبوو، بەوەش زیانێکی گەورەیان گەیاندبووە کۆنە خانووەکان و دەبووایە ئێرە چۆڵبکەن تا سەر لە نوێ چاککردنەوەیان ئاسانتر بێت.

لە گۆشەیەکی قەڵادا چەند باڵەخانەیەک نۆژەنکراونەتەوە بۆ سەنتەرێکی فەرەنسی و مۆزەخانەیەکی رایەخ. پشیلەکان لەبەردەم مۆزەخانەکەدا دەیکەنە شەڕ لەسەر ئەو خواردنەی کە بەڕێوەبەری مۆزەخانە لۆلان سیپان رۆژانە بۆیان دادەنێت. سیپانیش پێدەچێ بە پەرۆش بێت بۆ چارەنووسی خانووە چۆڵکراوەکان. ئەویش پێیوایە کە جگە لە کردنەوەی ماڵپەڕێک کاری دیکە زۆر کەم کراوە. سیپان دەڵێت: " بڕیار وابوو چوار ملیۆن دۆلار تەرخانبکرێت بۆ نۆژەنکردنەوە". ئەو بیستوویەتی کە وا بڕیارە دوای نۆژەنکردنەوە سەدو پەنجا ماڵ بێنەوە ناو قەڵا و شوێنی تایبەتیش تەرخان بکرێت بۆ چالاکی رۆشنبیری." ئێرە پێگەیەکی گرنگی دەبێت بۆ کەرتی گەشتیاری کە خەریکە دەکەوێتە سەرپێ. میدیای نێوخۆییش هەوڵیاندا سەرنجی لایەنە پەیوەندیدارەکان رابکێشن بۆ ئەو راستییەی کە لێرە کاری وا ناکرێت، بەڵام هەوڵەکەیان بێهوودە بوو".

بە پێی مەزەندەی دارا یەعقوبی :" پاش شەش مانگی دیکە دەست دەکرێت بە کاری بەرچاو". گەورەترین کێشە ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی کار لەسەر ئەو پرۆژەیە دەکەن پێشتر دەبێت راهێنانیان پێبکرێ. بە تایبەتیش کرێکارەکان، چونکە ئێستا کەم کەس هەیە لە کوردستان وەک جاران کاری دیواردانان بزانێت. لە کاتی کارکردندا دەرگای قەڵا ئاوەڵا دەمێنێتەوە بۆ میوانان و گەشتیارانیش بە هۆی رێبەرێکەوە لە ناو قەڵادا دەگەڕێنرێن.

بۆ ئەوەی رەخنە و گلەییش کەم بکرێتەوە، دە خانوو کە زۆر زیانیان پێکەوتووە هەڵبژێردراون و لە ئێستاوە دەستکراوە بە چاککردنەوەیان. بەڵام هێشتاش نادڵنیاییەک زاڵە. ئەو پارەیەی کە هەیە زۆر کەمە بۆ پرۆژەیەک کە چەند ملیاردێکی تێدەچێت. یەعقوبی دەڵێت:" قۆناخی یەکەمی پرۆژەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە جێبەجێکراوە". بەڵام بە بڕوای ئەو خەرجیی گشتیی پرۆژەکە زۆر لەوە زیاترە. " دەمانەوێ لەگەڵ یونسکۆ کۆنفرانسێک بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانیی دارایی ببەستین. بۆ پرۆژە تایبەتییەکانیش سندوقی کۆمەککۆکردنەوەی جیا دادەنێین".

سەبارەت بە دانانی ناوی قەڵای هەولێر لە لیستی میراتی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کەمێک ناکۆکی هەیە، چونکە ئەوە رێسای زۆر توند دادەنێت کە بە هۆیانەوە پرۆژەی نۆژەنکردنەوە سەختتر دەکات.

هیچ گومانی تێدا نییە کە بەشێکی قەڵا دەبێتە ناوەندێکی گەشتیاری گرنگ کە هوتێلی چکۆلە، باڵەخانەی گەشتیاری، کافێ و ناوەندی روناکبیریی تێدادەبێ. یەعقوبیش لەوە دڵنیایە کە: " قەڵا دەبێتە ناوەندێکی گەشتیارڕاکێشەر بۆ کوردستانی عێراق".

***بەرپرسی سەنتەری میدیای سەریەخۆ لە کوردستان.**

***ئەم وتارە بە هۆڵەندی بڵاوکراوەتەوەو، لەسەر داوای نووسەر کراوەتە کوردی.**



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# کوردی کەڕ

دەسەڵاتی کوردی لە رادیۆ دەچێ، هەر قسە دەکات و گوێ ناگرێ. زۆر جاریش لە تەلەڤزیۆن دەچێ، هەر نیشاندەدات و هیچ نابینێ. بە دەسەڵاتی کوردی دەڵێی گەندەڵی و ناعەدالەتی هەیە، کەچی دەڵێن کوا بەڵگە، تۆ تەماشای ئەو پێڕابواردنە بکە. لە کن دەسەڵاتی کوردی ئەوە بەڵگە نییە کە بەرپرسێک سێسەت قاتی داهاتەکەی سامان کۆدەکاتەوە، لای ئەوان ئەوە بەڵگە نییە هەرچی قۆنتەراتی ئەم وڵاتە هەیە شەبەحێکی ناو حیزبێکی دەسەڵاتداری لە پشتەوەیە، ئەوە بەڵگە نییە کوڕانی ئەمان و خزمانی ئەوان، سەرجەم پرۆژەکانیان بە دەستەوەیە، ئەوە کەی بەڵگەیە وەزیرێک با هیچ بەرهەمێکیشی نەبێ، لێ کەس پێی نەڵێ لەل، توخوا ئەمە کەی بەڵگەیە وا وادەی حکوومەت تەواو دەبێ و هێشتا خەڵکی کوردستان ناوی نیوەی وەزیرەکان نازانن و دەموچاوی هەندێکیان هەر نەدیوە. کوا بەوە دەوترێ بەڵگە، بازرگانی دەرمان و قۆنتەراتچی رێگاو بان و خاوەنی بەنزینخانە و هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان و ڤێلا باڵەخانەکان هەر ئەوانن.

کام مووچە سێ ڤێلا و مەزرەعەیەک و کۆمەڵێک ژن و لەشکرێک پاسەوانی پێ دابین دەبێ؟ قوربان دەزانن ژمارەی ئەو پرۆژانەی قیمەتیان ملیۆنانە و تەندەریان نییە چەندە؟ پرۆژەی کوردی پێویستی بە ئەرکی ئاشکراکردنی تەندەر نییە، شێر و خەتێکی بەسە.

دەزانن بۆچی کۆمپانیایەکی یەک تۆزقاڵ بەپارە نایێتە کوردستان؟ ئاخر کۆمپانیاکانی دونیا، ئەوانەی ناوی خۆیان هەرزان فرۆش ناکەن، چونکە ئامادە نین بەرتیل بدەن، چونکە رازی نابن پرۆژەیەک بە سەت ملیۆن وەربگرن و بیستی سەرف بکەن، بۆیە تا ئێستا کۆمپانیایەکنەهاتووەتەکوردستان کە لە دونیادا ناسراو بێت. تۆ بزانە، یاسای وەبەرهێنان لە کوردستان هەر ئەوەندەی ماوەی دوو ژنیش بۆ وەبەرهێن بێنێت، کەچی لە بێ پارە بترازێ، پیاوێکی ماقووڵ رووی تێنەکردووین.

هەموو حکوومەت خۆی بە (داماک)ەوە هەڵدەکێشا، ئەها داماکی داماو، نەک هەر هەرەسی هێنا، بەڵکو پارەی خەڵکیشی لایە و نایداتەوە. مەچنە دوبەی، هەر لێرەوە سێرچێک لە ئینتەرنێت بکەن بزانن پرۆژە گەورەکانی داماک لە ئیمارات لە چەشنی (دۆلفین تاورز) و (بزنس بەی) چییان بەسەر هاتووە، (بورج الجوهرە) یەکەمین پرۆژەی داماکە لە سعودییە پتری 9 مانگە لە وادەی خۆی دواکەوتووە و خەڵکی ئەوێ داوای پارەکانیان دەکەنەوە، کەچی لای ئێمە هەندێ بەرپرسی بێئاگا، هێشتا خۆیان بە ملیارە وەهمییەکانی داماو لە کوردستاندا با دەدەن.

ئەگەر قەولە کوردستان ئاوەدان بێت، ئەگەر بڕیارە وڵاتمان خۆش بوێت و پشتی تێنەکەین، ئەوە گەندەڵی و ناعەدالەتی لە کوردستان بەڵگەی ناوێت، تەنیا پێویستی بە چاوێکە ببینێت و گوێیەک ببیستێت.



نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# هەڵبژاردنەوەی بارزانی

گومان لە دەرچوونەوەی مەسعود بارزانی نییە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان. چونکە لەلایەک وێناچێت هیچ رکابەرێکی بەهێزی ئەوتۆی هەبێت لەسەر پۆستەکەی، لەلایەکی دیکەوە لە زۆر کەسیشم بیستووە دەڵێن "ئامادەنین دەنگ بدەین بە لیستی پارتی ویەکێتی، بەڵام بێ دوودڵی دەنگ بە بارزانی دەدەین".

وەک راگەیێنراوە تا ئێستا دوو (کەمال) خۆیان وەک کاندید بۆ پۆستەکە راگەیاندووە کە د.کەمال میراودەلی نیشتەجێی ئینگلستان و د.کەمال سەید قادر دانیشتووی ئۆستریان، بەڵام بەپێی مەرجەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کاندیدی پۆستەکە دەبێ دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.

لەوچوار ساڵەی بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە، بە هۆی دەرهاویشتەکانی شەڕی نێوخۆو یەکنەگرتنەوەی تەواوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەیتوانیوە وەک پێویست لە ئاستی نێوخۆدا بەتەواوی دەسەڵاتەکانی لە نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بەکاربهێنێ، هەر بۆنموونە کە بارزانی دووساڵ لەمەوبەر بریاری هێنانەخوارەوەی ئاڵای عێراقی لە کوردستاندا تا ماوەیەکیش دوای دەرچوونی بڕیارەکە، داوودەزگەکانی یەکێتی فەرمانەکەیان جێبەجێنەدەکردو سووربوون لە سەر هەڵدانی ئاڵای رژێمی بەعس.

بەڵام لە ئاستی نەتەوەیی وکوردستانیدا، بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رۆڵێکی جێی رەزامەندی هێزونێوەندو لایەنەکانی کوردستانی گێڕاوە.چ لە ملنەدانی لە ئاست هەڕەشەو گوڕەشەکانی تورکیا و ئامادەنەبوونی لە بە "تیرۆریست" ناساندنی PKK سەرەڕای گوشارەکانی تورکیا وئەمەریکا، یان لە لێدوان وهەڤدیتنە رۆژنامەوانییەکانی کە هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە سەربەخۆیی مافێکی رەوای نەتەوەی کوردەو داواشی لە تورکیا وسوریا وئێران کردووە کێشەی کورد بەشێوازێکی ئاشتییانە چارەسەر بکەن.

دیارە سیستەمی پەرلەمانی لە سیستەمی سەرۆکایەتی (کە هەنووکە کوردستان پەیڕەوی لێدەکا) دیموکراتیترە، بەڵام بەمەرجێک پێکهاتەکانی پەرلەمان پێکهاتەی کۆنزەرڤەیتڤ ودژی ئازادی نەبن، ئەگینا هەڕەشەکانی ئەو سیستەمە پەرلەمانییە بۆ سەر دیموکراسی هیچی کەمتر نییە لە سەرۆکایەتییەکی تاکڕەو. ساڵی رابردوو دیتمان چۆن پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسایەکی رۆژنامەگەری پەسەندکرد کە کۆت وبەندێکی زۆری خستبووە سەر کاری رۆژنامەگەری وبووە جێی رەخنەی زۆری میدیای نێوخۆو دەرەوە، تا خۆشبەختانە بارزانی یاساکەی رەتکردەوەو بەدەستکارییەوە رەوانەی پەرلەمانی کردەوە.

پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان،لە رووی سیاسیی وقانوونییەوە پۆستێکی گرنگە بۆ ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی کوردستان، بۆیە پێویستە گرنگی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەکەمتر نەزانین لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی. بارزانی وەک چۆن بەمەرجی ئەوەی لە رێگەی دەنگدانی گشتییەوە بێت، بە خۆکاندیدکردنەوەی رازیبوو، لە گەڵ دەرچوونەوەشی، پێویستە سەنگ و هێزێکی پتر لەوەی ئێستا بە پۆستەکە بدات، بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە تەواوی سەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستان بێت.






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# نیشتمان، نیشتمانی خۆیانە!

## وریابن ئەگەر یەک فەلەستینی خوێن لە لووتی بێ دەیخەنە ئەستۆی کورد

دەمێکە، لە سەردەمی سەددام حوسێنەوە و لە دوای ئەنفالەوە دەنگۆی ئەوە هەیە فەلەستینیە ئاوارەکان لە (شمال العراق) نیشتەجێ بکرێن، بەڵام سەددام حوسێن جورئەتی نەکرد یا بۆی هەڵنەکەوت ئەو کارە لە دژی کورد ئەنجامبدا! عەبدولحەلیم خەددامی وەزیری دەرەوەی سووریا لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا دانی بەوە دانا کە پلانی نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان لە (شیمالی عیراق) باسکراوە. بەڵام عەرەفات رازی نەبوو چونکە دەیویست فەلەستینی بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، نەک لە ئاوارەییەکەوە بۆ ئاوارەییەکی دیکە بچن. ئێستا، دوای لەکۆڵبوونەوەی سەددامی کوردکوژ، ئێمەی کورد بە ویستی خۆمان نەک بە زۆری زۆردارەکی و بە پیلانی داگیرکەر و دوژمن، لە جیاتی سەددام و خەددام، بە ناوی دۆستایەتی و مرۆڤایەتییەوە ئەو نەخشەیە جێبەجێدەکەین و تەڵەکە بە ملی خۆماندا دەتەقێنینەوە و بە دەستی خۆمان وەک مین لە (هەرێم)دا دەیانچێنین و نیشتەجێیان دەکەین. وەنەبێ ئەو پیلانەش لە بەر خاتری فەلەستینییەکان داڕێژرابێ، نا، بەڵکو لە سەر داوای دەوڵەتە عارەبەکان، بارێکی قورسی سەر شانی ئیسرائیل سووک دەکەین و رێی تێدەچی بەرانبەر ئەو دڵگەورەییەی کورد هەندێ لە بڵندایەکانی جۆلان بدرێنەوە سوریا و ئەوەش لە تاریکایی مێژووەوە پیشەمانە. دەمانەوێ کێشەیەکی گەورە کە کێشەی نیشتەجێکردنی ئاوارە فەلەستینیەکانە لە کۆڵ ئیسرائیل بکەینەوە، تا دەروازەی گەڕانەوەی جۆلان بۆ سووریا واڵا بێ. لە لایەکی دیکەشەوە، دەمانەوێ بیسەلمێنین بۆ مەسەلەی فەلەستین بیست هێندەی بیست دەوڵەتی عارەب دڵسۆزین، کەچی دادمان نادا و هەر خیانەتکار و پیاوی ئیسرائیلین!

بەڵێ دێن، فەلەستینیەکان لە (باکوور)ی بەرەڵا و بێخاوەنی خۆیان نیشتەجێ دەکرێن و رێزیان دەگیرێ و وردە وردە دەبنە خاوەن ماڵ و دەسەڵات و لە ئەنجامدا بە پەیژەی گەمەی مار و پەیژەی کورددا هەڵدەگەڕێن و دەگەنە سەرەوە و ئێمەش دەرخواردی مارەکە دەدرێین و دەگەڕێینەوە یەکەم خانە، ئەوجا هاوار دەکەین: ئەی کوڕە گیان لە سەر دەستەکانی کورد! ئەی ئەوانەی چۆکتان بە سەددام حوسێن دادا و بەفر بە ئیرادەتان گڕی گرت، لێیاندەن و دەست مەپارێزن! خەرمان بەرەکەت!

باشە بەرپرسە باڵا قسەڕۆیشتووەکان! ماڵی خۆتانە و بە ئاویدا دەدەن یا ئاگر یا دەیدەنە فەلەستینی، مەیلی خۆتانە. نیشتمانێکی بێخاوەنە و دەیدەنە فەلەستینی یا تورک یا هەر کەس و لایەکی دیکە کاسبی بە خوێن و ئابڕووی کوردەوە دەکا، خۆتان سەرپشکن و ناشوکری نەبێ کورد وەک میللەت کەڕ و کاسە، بەڵام داوایەکی کەرکووکییانەی کاریکاتێریمان هەیە: لەو بەرەکەتەی کە دەیاندەنێ، هەر بەرماوەیەک کە لە بەریان دەمێنێ، هەر کۆنە کراس و دەرپێیەک کە لێیان زیاد دەبێ، هەر کولانە سەگێک کە بەکاری ناهێنن، هەر پەڕە پانکەیەک کە پێیان ناوێ، هەر شێرە بۆڕییەک کە فڕێی دەدەن، هەر سنگە خێمەیەک کە لێیان بەجێ دەمێنێ، بیدەنە کەسوکاری ئێمەی دۆم و قەرەجی کەرکووک کە لە دوای رمانی بەعس و هاتنی بەعسێکی دیکەوە لە یاریگاکەی کەرکووک کەوتوونە. یان بیاندەنە ئەو کەرکوکییانەی نیازتان وایە خانووە تەجاوزەکانیان، وەک گەڕەکی جمهوری ساڵی 1963 بە سەردا برمێنن. ئەوانە، کە هەمیشە ئاوارەن، هەموو شتێکیان پێدەوێ. زۆر لەوانە، دوور لە رووی سوورتان، کەسوکار و پاشماوەی ئەنفالی بەعس و شەڕی ناوخۆی ئێوە و هەڵخەڵەتاوی حیزبەکانی خۆتانن. ئەوانە، لە بەرئەوەی کوردن، دەبێ جارێ وس بن و دەمیان داخەن تا فەلەستینییەکان نیشتەجێدەکرێن و رەحەت دەبن!. ئەو کەرکووکییانە، برا و خوشک و دایک و منداڵ و باوکی منن و وەک مەڕ و بزن چەقۆیان لە سەرە و بە سەدەقەی سەری ئێوە چوون و دەچن. چەقۆی بەعس و چەقۆی ئێوە و چەقۆی سوننە و چەقۆی شیعە و چەقۆی تۆرانییەکانیان لە سەرە و کە پروشکە خوێنیان لە خۆپیشاندان دا بەر بکوژانیان دەکەوێ، بڕۆن داوای لێبووردن لە بکوژەکانیان بکەن و بڵێن: نەفام بوون نەیانزانی! جلە خوێناویەکانیان بە سەر ئێمەدا بدەنەوە. خەجاڵەت خۆم! خوێنمان بەر پێڵاویان و پێڵاوتان کەوت! چەقۆ و کەوا و چاکەت و پێڵاویان بە خوێنی ئێمە پیس بوو و بۆیان قەرەبوو بکەنەوە! سەد بەرابەر.. هەزار بەرابەر، بۆیان قەرەبوو بکەنەوە.

ئێمەی کوردی کەرکووک، هی ئەوەین بازرگانی بە خوێنمان و نەوتمان و ئابڕومانەوە بکەن وکچەکانمان بفرۆشنە یانەکانی میسر، بەڵام فەلەستینی، تاجی سەرمان و سەرتانن!

هەر ئەوە ماوە وەک عارەبە ژنەکەی هاواری کرد وا موعتەسەما، ئێمەش هاوار بکەین وا سەددداما! بە داخێکی زۆر گرانەوە کە رۆژی کوردتان بەم رۆژە گەیاند و خەنی لە خۆتان کە هێندە دڵسۆزی فەلەستین و فەلەستینیەکانن! با جارێ ئێمە وس بین. ئەدی جەنابی مام جەلال و کاک وشیار زێباری، وایان بە رۆژنامەوانە کوردەکان نەگوت؟! ئەوەی بتوانێ لە ناو سەد رۆژنامەوانی بیانی و بێگانەدا ئاوها رۆژنامەوانی لاوی کورد ترشکێن بکا، بۆچی فەلەستینییەکان لە بری کەرکووکییەکان نیشتەجێ ناکا؟! چی ماوە پێمان قووت نەدرێ و قووت نەچێ؟!

بەڵام هاتنی فەلەستینی بۆ کوردستان مینێکی ترسناکە و ئەنجامی پێچەوانەی دەبێ، چونکە لە وڵاتی ئێمەی ئیسرائیلی دووەمدا، ئەگەر فەلەستینییەک خوێن لە لووتی بێ، کورد دەکەنە هۆکار و لە ناو جیهانی عارەبیدا، ئەوەندەیتر ریسوامان دەکەن. ئەمە، گەمەکردنە بە ئاگر و با خۆمانی لێ دوور بگرین. ئەم گەمەیە بە بێ مەترسی بوایە قەت مالیکی رێی دەدا وا سووک و ئاسان، بە بێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری خۆیان، وەک ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ بین، رەفتار بکەین؟!



کلاس نوردمارک*
classe_nk@hotmail.com

# کورد ژنی کردنە سەرۆک شارەوانی

روون و ئاشکرایە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا لە 29 ئاداردا، پارتی سەر بە کورد DTP بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا. لەوەی کە پێشتر زۆرینەی دەنگەکانی لە 56 شارەوانی هەبوو، ئێستا لە 99 شارەوانی زۆرینەی دەنگەکانی بردووەتەوە و لە هەموو تورکیاشدا، سێ ملیۆن دەنگی بەدەستهێناوە، ئەمەیش جێگەی خۆشحاڵییە. لەو پانزدە ژنەی کە بوونە شارەدار، سیانزدەیان سەر بە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTPن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئەو پارتە لەڕووی یەکسانییەوە زۆر لە پێش پارتەکانی دیکەی تورکیاوەیە.

بەئاشکرا دەرکەوت کە هەڵسەنگاندنەکانی پارتی دەسەڵاتدارAKPهەڵەبوون، چونکە ئەو پارتە پێش هەڵبژاردنەکان، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە کێشەی کورد زیاتر کێشەیەکی ئابوورییە و هەوڵی ئەوەیدا لە رێگەی دابەشکردنی خواردن و شتی دیکە لەنێو دانیشتووانی کورد دا، دەنگی کوردان بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام ئەنجامی هەڵبژارنەکان ئەوەی دەرخست کە کورد، سیاسیانە و نەتەوەییانە دەنگیان دا، نەک ئابووریانە.

ئەمەش بەو مانایە دێت، کە AKP لە هەڵسەنگاندنەکانیدا هەڵەی کرد. رەنگە شتێکی پۆزەتیف ئەوەبێت کە ماوەیەک پێش ئێستا کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی بە زمانی کوردی کرایەوە. ئەمەش هاویشتنی هەنگاوێکە تا کورد بتوانن بە زمانی خۆیان لە کەناڵێکی فەرمیدا، قسە بکەن، سەرەڕای ئەو سانسۆرەی کە هەیە.

لە سەرەتای مانگی نیساندا، سەرۆک کۆماری ئەمریکا باراک ئۆباما، سەردانی تورکیای کرد و هەروەها سەرۆکی DTP، ئەحمەد تورکی بینی، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە کێشەی کورد دەبێت بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت. ئەوە یەکەمین جارە لە مێژوودا، سەرۆک کۆمارێکی ئەمریکی لەگەڵ سەرۆکی پارتێکی سەر بە کوردان لە تورکیا دابنیشێت. شتێکی چاکە کە ئۆباما نیشانیدا دەیەوێت هۆگری کێشەی کورد بێت، جێگەی خۆی بوو کە یەکێتیی ئەورووپا، ئاشکراتر خۆی بۆ کێشەی کورد و کەمینەکان لە تورکیا تەرخان بکات، تا پرۆسەی خۆبەستنەوەی تورکیا بە یەکێتی ئەورووپاوە بەردەوام بێت و حاڵی کەمینەکان لەو وڵاتە بەرەوە باشتر بچووایە.

لەوچەندحەفتەیەی‌دوای‌هەڵبژاردنەکان، دەوڵەتی تورکیا و سووپای ئەو وڵاتە دەستیان بە هەڵمەتێک کردووە دژی DTP و بەگوێرەی زانیارییەکان زیاتر لە 500 ئەندام و لایەنگری ئەو پارتە گیراون. دیارە وەک هەمیشە گرتنی ئەو خەڵکانە بە بەهانەی پەیوەندیان بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، گرێدەدەن. بەڵام بە قسەی نوێنەرانی DTP، راستییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەت دەیەوێت سزای کورد بدات لەبەر ئەوەی دەنگیان بەوان داوە، بە تایبەتیش تارەدەیەکی باش هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ئارام بەڕێوە چوون. جێگری سەرۆک وەزیری تورکیا، جەمیل چیچەک وتویەتی کە سەرکەوتنی کورد هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورک و دەبێت هەڵوێست وەربگرن، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو کوردانە بەهۆی ئەوەی کە دەنگیان بە DTP داوە، سزا دەدرێن و دەگیرێن.

شتێکی تراژدییە کە هێشتا لە تورکیا هەڵمەتی لەوجۆرە بەڕێوە دەچن.سوێد و یەکێتی ئەورووپا دەبێت راشکاوانە دەنگی خۆیان دژی ئەو هەڵمەتانە بەرز بکەنەوە، دەنا بێدەنگی ئێمە لەلایەن تورکیاوە وا لێک دەدرێتەوە کە گلۆپی سەوزمان بۆ تورکیا هەڵکردووە و راوەدوونانی ئەندامانی DTP درێژەی دەبێت. راستییەکەی، دڵمان دەخوازێت کە ئەمڕۆ تورکیا وەکو ئەندامی یەکێتی ئەروپا ببینین، بەڵام کاتێک ئەوان بەو شێویە هەڵسوکەوت دەکەن، وا هەستدەکرێت کە ئەندامێتی تورکیا، هێشتا زۆر زۆر دوورە.

*** کلاس نوردمارک، جێگری سکرتێری نێونەتەوەیی پارتی سۆسیالدیموکراتی سوێدە، بەرەزامەندی خۆی (رووداو) ئەو وتارەی بە کوردی بڵاودەکاتەوە.**

پەیامی رووداو

# ئاگاتان لە وڵات بێ

لەم هەفتەیدا قسەکانی دیپلۆماتکارێکی رۆژئاوایی و سەرمایەدارێکی کوردستان لەبارەی‌هەڵبژاردنەکانی کوردستانەوە جێی سەنج بوون، بۆ من، کە لە دوو دانیشتنی جیادا لێم گوێ لێبوون، هەردووکیان بە هەستیارییەوە لێیان دەڕوانی، هەریەک لە روانگەیەکەوە. دیپلۆماتکارە فەرەنسییەکە بۆ پیوانی ئاستی دیموکراسی کوردستان لەگەڵ قسەی بەرپرسانی کوردستان دا، سەرمایەدارەکەش بە نادیاری بەرنامەی کارگێڕی و شێوەی کاری لیستە ئۆپۆزسیۆنە تازە دەرکەوتووەکان.

لە ساڵی 2005 دا کە کوردستان و عێراق پێکەوە کەوتنە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، عێراق لەبەر تەقینەوە زۆرەکانی، چاوی جیهانی خستبووە سەر باری ئەمنی خۆی نەک دیموکراسییەکەی، بەڵام ئەمساڵ جیهان شایەتیەکی باشیدا بۆ عێراق، لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان دا. تاقیکردنەوەی کوردستان هێشتا لە عێراق قورسترە، چونکە پرۆسەکە لە کوردستان دا کۆنترە، دەبێ بیسەلمێنێ دیموکراسی کوردستان بنج گرتووتر و لە بەغدا باوەڕدارترە بە دیموکراسی.

بەپێی زانیاری ورد، ئەمریکا و وڵاتە رۆژئاواییەکان جگە لە پەیوەندی فەرمی حکومی، جگە لە پارتی و یەکێتی، بەردەوام پەیوەندییان لەگەڵ لیستەکانی دیکەش دا هەیە، هەرچەندە پەیوەندییەکی رانەگەیێندراو بێ، بۆیەش ئەگەر باش بەڕێوەچوونی پرۆسەکە قورساییەکەی لە ئەستۆی دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کوردستان دا بێ، ئەوا ئەستۆی لیستەکانی دیکەش خالی نییە لە بەرپرسیارێتی ناشرین نەکردنی کوردستان.

بەگشتی چاوی جیهان لەکاتی هەڵمەتی پروپاگەندەو دەنگ خستنە ناو سندوقەکانی هەڵبژاردن دا لەسەر کوردستان دەبێ، پێویست ناکات ئۆپۆزسیۆن بە ئیستفزازکردن و دەسەڵاتیش بە پێشێلکاری، وێنەی کوردستانی ئارام لە پێش چاوی جیهان رەش بکەن، بەڵکو بەرپرسیارێتییە نیشتمانییەکە جوانکردنیەتی. بۆیە لە کوردستانیش هەقە، چەندین منداڵ وەک منداڵە کوێتییەکان، دروشمی " لەململانێی نێوخۆییتاندا ئێمە لەنێو نەبەن"، بەرزبکەنەوە.

**ئاکۆ محەممەد**



تاریق کارێزی
tshkarezy@yahoo.com

# ئەم جارەیان با پەرلەمانتارانی کوردستان کوردی بزانن

گواستنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە رێی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە کارێکی چاکە، ئەو بینەرەی بخوازێ لەبارەی ئەو یاسا تازانەی لە وڵاتدا دەردەچن ئاشنایەتی پەیدا بکات، یان بەو هەموارەی بەسەر یاساکانی ئێستای کوردستاندا دێت ئاگادار بێت، گواستنەوەی دانیشتنەکان بۆ ئەو کارێکی باشە.

هەرچەندی رووبەری ئاشکرایی بە دانیشتنەکانی پەرلەمان بدرێ، بەڵگەی ئەوەیە کە سیستەمی سیاسیی کوردستان بەرەو دیموکراسی و روونکاری (شەفافیەت) هەنگاو دەهاوێت.

زۆر جار وەک هاووڵاتییەکی کوردستان حەزم کردووە بە دیار دانیشتنێکی پەرلەمانەوە دانیشم، بەڵام هێندەی نەبردووە تاقەتم چووە و پێم نەکراوە تا سەر گوێ لە تێکەڵەیەکی، بە گوێ و ویژدان قورسی، هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی رابگرم. من دڵنیام کەسێک کوردییەکی باش بزانێت، باوەڕی پێدەکەم کە زمانانی دیکەش بە رەوانی فێر بێت. ئیدی تێکەڵکردنی دوو زمان شتێکە جێی پرسیار و سەرسوڕمان!پاشان ئاخۆ لە چ پەرلەمانێکی دیکەی دنیادا پەرلەمانتاران بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن؟ پەرلەمانی کوردستان یاسا بۆ خەڵکی کوردستان دەردەکات، ئەو خەڵکەش بەشی هەرە زۆری کوردە و کوردیزانە. کەواتە بە عەرەبی قسەکردن یان دروستتر بڵێین تێکەڵکردنێکی بێزەوەرانەی هەردوو زمان لە گفتوگۆکانی پەرلەماندا دەبێ چ پاساوێکی هەبێت؟ سەیر ئەوەیە تاکە یەک ئەندامی عەرەب لە پەرلەمانی کوردستاندا نییە، کەچی رێژەیەکی زۆر لە قسە و گفتوگۆکانی نێو پەرلەمان کوردییەکی خراپی بە عەرەبی موتوربە کراوە. ئێمە 58 پەرلەمانتاری کوردمان لە پەرلەمانی عیراقدا هەیە و کوردییش زمانێکی فەرمیی عێراقە و هیچ رێگرییەک نییە لە بەردەم پەرلەمانتارێکی کورد لەوێدا بە کوردی قسە بکات، کەچی گفتوگۆ و ئاخاوتنەکانی نێو پەرلەمانی عێراق سەرلەبەری عەرەبییە.

ئەگەر پاساوی بە عەرەبی یان بە تێکەڵەی عەرەبی و کوردی قسەکردن لە پەرلەمانی کوردستان ئەوە بێت کە هەندێ لە پەرلەمانتارانی کوردستان کوردییەکی باش نازانن، باشە بۆچی سەرۆکایەتیی بەڕێزی پەرلەمان خولێکی فێربوونی کوردییان بۆ ناکاتەوە؟

پاساوێکی دیکەش ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەو یاسایانەی بۆ پەرلەمان دێن، رەشنووس و پرۆژەکان بەعەرەبی ئامادەدەکرێن. برا دەکرێ بڕیار و یاساکانی پەرلەمان نەک هەر بە کوردی و عەرەبی بن، بەڵکو دەکرێ بە ئینگلیزی و زمانی دیکەش بن، بەڵام ئاخۆ ئەرکی پەرلەمانی کوردستان نییە کە کوردی بکاتە زمانی نووسینی یاسا؟ بۆچی ئێستا زمانی کارگێڕی و حکومەت هەمووی کوردی نییە لە کوردستاندا؟ سەیرە ئەگەر کەسێک لەم سەردەمەدا باوەڕی وا بێت کە نووسینەوەی یاسا بە کوردی رەنگە زەحمەت بێت. هەر بەم کوردییەی کە باسی دەکەین دەیان کتێبی فەلسەفە و زانست لەم چەند ساڵەدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە. زاراوەکانی یاساش لە زاراوەکانی فەلسەفە و زانستەکان زەحمەتتر نین.

پێشنیاز دەکەم لەبەر خاتری شکۆی ئەو دەزگایەی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات، بۆ خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی خەڵکانێک بن کوردی بزانن. دەشکرێ هەر لە سەرەتاوە خولێکی فێربوونی کوردی بۆ ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە کوردی باش نازانن بکرێتەوە.

بەڕاستی کارێکی نالایەقە پەرلەمانی کوردستان نەتوانێ یاساکانی وڵاتمان بە کوردی بخاتە بەر گفتوگۆ.

# مەلا سەرنووسەری سزا دا

**رووداو– سۆران**

دادگای کەتنی سۆران لە دانیشتنی رۆژی 2009/5/17دا بڕیاری سزادانی دارایی بە بڕی 1ملیۆن دینار بە سەر (ئیسماعیل ئیبراهیم)ی سەرنووسەری هەفتەنامەی (زاری کرمانجی)دا سەپاند، لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک کە تێیدا نووسرابوو 50 ملیۆن دینار لەو پارەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نۆژەنکردنەوەی بارەگای سۆرانی کۆمەڵی ئیسلامی تەرخانیکردووە لە مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسـلامی لە سـۆران ونبووە. لەسەر ئەوە مەلا مەڕوان بەرپرسی مەڵبەند، سکاڵایەکی لەسەر سەرنووسەری (زاری کرمانجی) تۆمارکرد. ئیسماعیل ئیبراهیـم لە لێدوانێکدا بـۆ (رووداو) سەبارەت بڕیاری دادگا گوتی " داوای پێداچوونەوە (تمیز)ی بڕیاری دادگا دەکەم ".



# دلۆڤان دلۆڤانە

**تایبەت بە رووداو**

دوای ئـەوەی لە دوا قۆناخی بەرنامـەی (من جیاوازم)، دلۆڤـان دلێر پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و 15ملیۆن دیناری بردەوە، 2ملیۆن دیناری بەسەر هەژاراران دابەشکرد. دلۆڤان زیاتر لە 36 هەزار دەنگی هێنا، بەڵام ئەو یەک دەنگیشـی بە خۆی نەداوە، سـیمکارتی هەیە، بەڵام هاندی نەبووە سـیمکارتەکەی بخاتە سـەر و دەنگ بەخۆی بدات. دلۆڤان بۆ (رووداو) ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەو دەنگانە باوکی بایی 40دۆلار مەسجی ناردووە.

لەبارەی دکتۆرە بەلقیسیش، دلۆڤان دەڵێ" وەکو دایکی خۆم سەیری دکتۆرە بەلقیس دەکەم". جێگەی سـەرنج بوو دووەمی بەرنامەکـە کـە منداڵێکـی کچ بوو بەناوی شێوە شێرکۆ، دوای راگەیاندنی بردنەوەی دلۆڤان توورە نەبوو و گوتی" پیرۆزبایی لە دلۆڤان دەکەم".

13 »



# هانی بە نان و ماستیش رازییە



**رووداو– هەولێر**

کچـە گۆرانیبێژ هانی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەرنامەی FREE تەلەڤزیۆنی کۆڕەک تیڤی ئاشکرایکرد کە زۆر حەزی لە نان وماست و نانەقەیسییە.

هانی کە خەڵکی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی و سیدیەکیشی هەیە بەنێوی (شـەو تا بەیانی)، گوتی " لە کوردسـتان زۆر حەزم لەنان و ماستە و ئەگەر بە میوانداری چوومـە ماڵێـک حەزدەکەم هـەر نان وماستم بۆ بێنن". هانی ئێستا سەرقاڵی ئەنجامدانی بەرنامەی کۆڕەک ستارە لە Korak TV.


Rudaw
Rudaw readers kn

**خاوەنی ئیمتیاز**: کۆمپانیای رووداو
**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن**: نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
**سەرنووسەر**: ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
**جێگری سەرنووسەر**: سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
**بەڕێوەبەری نووسین**: سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
**نوێنەری ئەورووپا**: هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
**دیزاین**: عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی ... شەقامی ... گای سلێمانی 07501130997
ناونیشان: هەولێرـ بەرامبەر نیوستی Tel: 0750 488 5696 daw.net



SORAN MEDICAL CENTER

بۆ یەکەمین جار

## چارەسەری خلیسکانی بڕبڕەکان (انزلاق الفقرات) بە لێزەر

سەنتەری پزیشکی سۆران لە پێشهاتێکی تازەدا دەبێتە ناونیشانی چارەسەری نەخۆشییە سەختەکان و بەبێ نەشتەرگەری و بێهۆشکردن خلیسکانی بڕبڕەکان چارەسەر دەکات

لەم هەفتەیەدا پزیشکی ناسراوی ئێران دکتۆر حەمید وەتەندۆست پسپۆڕ لە بواری چارەسەری شکست و جومگەکان دەگاتە هەولێر

خێرایی و بێ ئازاری و دڵنیایی کۆدی سەنتەری پزیشکی سۆرانە بۆ نەخۆشییەکانی ئێسك و جومگە بە لێزەر

لە سەنتەری پزیشکی سۆران توانای پزیشکی و ئامێری پێشکەوتوو بڵندگۆن







بۆ جێگرتن و زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارانە بکەن:
کۆڕەك: 07507240399 ئاسیاسێل: 07708365909 ئاریا فۆن: 0662593833
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی پزیشکان ـ کۆڵانی دووەم ـ کۆمەڵگەی پزیشکی سۆران



## فرصة عمل في ... دلتا للاتصالات

تعلن شركة دلتا للإتصالات (وكيل شركة كورك تليكوم والوكيل المعتمد لنوكيا في العراق) عـن حاجتها لموظفين مـن كلا الجنسين وبالإختصاصات التالية:
★ مدير ★ حسابـات ★ مبيعات(مسؤولي ومندوبي مبيعات) ★ صيانة
★ إعلام وتسويق ★ مخـازن ★ خدمة الزبائن (customer care).
و بخبرة لاتقل عن سنتين والرواتب مجزية وحسب الكفاءة فعلى مـن يرغب في التقديم إرسال سيرته الذاتية مرفقة بصورة على العنوان البريدي التالي:
job_delta@yahoo.com

## هەلی کار لە ... دلتا بۆ گەیاندن

کۆمپانیای دلتا بۆ گەیاندن ( بریکاری کۆمپانیای کورەك تیلیکۆم / بریکاری باوەرپێکراوی نۆکیا لە عێراق) پێوستی بە کارمەند هەیە لە هەر دوو رەگەز لەم بوارانەی خوارەوە:
★ بەرێوەبەر ★ ژمێریاری ★ فرۆشیاری ★ چاککردنەوە ★ کۆگا
★ راگەیاندن و بازارگێڕی ★ خزمەتگوزاری.
بەمەرجێ شارەزاییان لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت، هەرکەسێك مەبەستێتی (C.V) کەی بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرێت :
job_delta@yahoo.com



# Awamedica
*Committed to Quality*

کارگەی ئاوامێدیکا بۆ دروستکردنی دەرمان







*Awamedica is a new drug manufacturing company situated in Erbil. Awamedica is committed to quality in manufacturing, packaging and testing our products to meet or exceed regulatory authority requirements of Current Good Manufacturing Practices (cGMPs). We are producing effective medicines that make a real difference for patients. Good ideas depend on good people and we want to recruit qualified and competent people. Join us and make a difference - in the world of healthcare and for your own career.*

## Vacancies

Awamedica has the following exciting and challenging vacant posts:
- Pharmacists for departments of Manufacturing, Marketing, Packaging, Quality Control and Warehouse (9 persons)
- Graduates from College of Science - Chemistry department (strong in Analytical Chemistry) for Quality Control (12 persons)
- Graduates from College of Science - Biology department (experienced in QC) for Quality Control (1 person)
- Mechanical Engineers for Maintenance and Manufacturing (20 persons)
- Electrical Engineers for Maintenance and Manufacturing (2 persons)

Computer experience is required. We are seeking for people who are flexible, disciplined, result oriented and willing to learn and work with the latest technology in drug manufacturing according to WHO guidelines.

You will work with an experienced international team. Our main language in the factory is English. The working days are Sunday-Thursday 08:00 am to 5:00 pm.

Last day of application is 1st June 2009. Application form, (please download it from www.awamedica.com), together with complete CV should be submitted to Awamedica, Peshawa street or sent by e-mail to vacancies@awamedica.com. For further information please call us at +964 750 711 37 37 between 09:00 am to 5:00 pm.

## هەلی کار

ئاوامێدیکا پێویستی بە چەند کارمەندێك هەیە لەم بوارانەی خوارەوە:
- دەرمانساز بۆ هەریەك لە بەشەکانی دروستکردن و مارکێتینگ (Marketing) و پاکێت کردن و کۆنترۆڵی جۆری و کۆگای دەرمان (نۆ کەس)
- دەرچووانی بەشی کیمیا - کۆلیژی زانست بۆ بەشی کۆنترۆڵی جۆری ، بە مەرجێك لە بەشی کیمیای شیکاری (Analytical Chemistry) زانیاری باشی هەبێت و کاری کردبێت (دوانزە کەس)
- دەرچووی بەشی بایۆلۆجی- کۆلیژی زانست بۆ کارکردن لە بەشی کۆنترۆڵی جۆری بە مەرجێك لە بواری کۆنترۆڵی جۆری کاری کردبێت (یەك کەس)
- ئەندازیاری میکانیك بۆ چاکردنەوەو بە کارخستنی ئامێرەکانی ناو کارگە (بیست کەس).
- ئەندازیاری کارەبا (دوو کەس)

تێبینی:
- کارگەی ئاوامێدیکا بۆ دروستکردنی دەرمان سەر بە کەرتی تایبەتە.
- لە هەموو خاڵەکانی سەرەوە هەڵگرانی بروانامەی دکتۆرا وماستەر ئەولەویەتیان دەبێت.
- پێشکەشکار دەبێ شارەزایی تەواوی هەبێت لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر.

ئێمە ئەگەڕێین بە دوای خەڵکانێك کە بە توانا ولێهاتوو وئامادەباش بن بۆ فێربوون وئیشکردن بە تە کنەلۆژیای نوێ لە بواری دروستکردنی دەرمان بە پێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO .

تۆ لەگەڵ تیمێکی نێودەوڵەتی پسپۆڕ وشارەزا کاردەکەیت. زمانی سەرەکی لە کارگەکەمان ئینگلیزی دەبێت. کاتەکانی ئیشکردن لە 8:00 ی بەیانی تا 5:00 ی ئێوارە دەبیت.

بۆ بەدەستهێنانی فۆرمی دامەزراندن وزانیاری زیاتر ئەتوانی سەردانیماڵپەرەکەمان بکەیت www.awamedica.com یان پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی +9647507113737 بکەیت لە 9:00 ی بەیانی تا 5:00 ی ئێوارە.

دوا بەروار بۆ پێشکەشکردنی فۆرمی دامەزراندن 1ی حوزەیرانی 2009

Awamedica, Peshawa street, P.O. Box 0116-49, Erbil, Iraq, www.awamedica.com, info@awamedica.com